حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان
بەشی کوردی

# باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە ئەزموونی شیعریی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دا

نامەیەکە
محمد عزیز نصرالله

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت
پ.د. علی طاهر حسین

(٢٧٢٢)ی کوردی
(٢٠٢٢)ی زایینی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (**باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە ئەزموونی شیعریی لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)**، لە لایەن خوێندکار (محمد عزیز نصرالله)، بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د. علی طاهر حسین

سەرپەرشت

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / / ٢٠٢٢

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی  دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە
بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /   / ٢٠٢٢

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:   /   / ٢٠٢٢

ناو:
ئەندام
ڕۆژ   /   / ٢٠٢٢

ناو:
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ   /   / ٢٠٢٢

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو: پ.ی.د. شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ   /   / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی باوکم.
- دایکی میهرەبانم.
- هاوسەری ژیانم.
- جگەرگۆشەکانم ( شێنێ، شالاو، ئاسیا، ڕاستگۆ).
- خوشک و برا و هاوڕێ خۆشەویستەکانم.

**سوپاس و پێزانینم بۆ:**

- زۆر بەڕێز (پ.د. علی طاهر حسين)، کە زۆر بە دڵسۆزی و لێبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی لە ئەستۆگرت.
- ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان
- بەڕێزان سەرۆک و بڕیاردەری بەشی کوردی.
- بەڕێزان مامۆستایانی بەشی کوردی.
- بەڕێزان کارمەندانی ( سەرۆکایەتی بەشی کوردی، خوێندنی باڵا، کتێبخانەی کۆلێژی زمان)، کە پێمانەوە ماندوو بوون.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: لەبارەی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیاوە** | ٤ |
| ١/١) لەبارەی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیاوە | ٤ |
| ١-١/١) چەمک و پێناسەی ئایدیۆلۆژیا | 5 |
| ٢-١/١) ڕەهەندی سیاسی ئایدیۆلۆژیا | ١٢ |
| ٣-١/١) ڕەهەندی فەلسەفی ئایدیۆلۆژیا | ١٩ |
| ٢/١) پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا | ٢٦ |
| ١-٢/١) پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا | ٢٦ |
| ٢-٢/١) ئەدەب لە ڕوانگەی ڕیالیستەکانەوە | ٣٠ |
| ٣-٢/١) ئەدەب لە ڕوانگەی پەرناسەکانەوە | ٣٣ |
| ٤-٢/١) بۆچوونی سێیەم | ٣٦ |
| ٣/١) پەیوەندی شیعر و ئایدیۆلۆژیا لە ڕوانگەی بیرمەندانەوە | ٣٧ |
| ١-٣/١) هیگڵ | ٣٨ |
| ٢-٣/١) مارکس | ٤٠ |
| ٣-٣/١) سارتەر | ٤٣ |
| ٤-٣/١) تێری ئیگڵتۆن | ٤٩ |
| ٥-٣/١) لۆکاش | ٥٢ |
| **بەشی دووەم: ئەدەبیاتی مۆدێرن وەک پەنای ئایدیۆلۆژیا** | ٥٦ |
| ١/٢) ئەدەبی نوێ و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا | ٥٦ |
| ١-١/٢) ئەدەبی جیهانی | ٥٧ |
| ٢-١/٢) ئەدەبی ئینگلیزی | ٦٠ |
| ٣-١/٢) ئەدەبی ڕوسی | ٦١ |
| ٤-١/٢) ئەدەبی عەرەبی | ٦٣ |
| ٥-١/٢) ئەدەبی فارسی | ٦٥ |
| ٦-١/٢) ئەدەبی تورکی | ٦٧ |
| ٢/٢) ئەدەبی کوردی و ئایدیۆلۆژیا | ٦٨ |
| ١-٢/٢) ئەدەبی نوێی کوردی و ئایدیۆلۆژیا | ٧٥ |
| ٢-٢/٢) گروپی ڕوانگە | ٨٩ |
| ٣-٢/٢) گروپی کەرکووک- کفری | ٩٦ |
| ٣/٢) نیشاندانی قۆناغی فیکری و پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی و دەستنیشانکردنی ئەنتۆلۆژیای شیعریی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر). | ١٠١ |

| | |
|---|---|
| ٢/٣-١) لەتیف هەڵمەت | ١٠٢ |
| ٢/٣-٢) عەبدوڵڵا پەشێو | ١٠٩ |
| ٢/٣-٣) ڕەفیق سابیر | ١١٦ |
| **بەشی سێیەم: شیعری ئایدیۆلۆژییانەی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)** | ١٢٣ |
| ١/٣) جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا لە شیعری (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) | ١٢٣ |
| ٣/١-١) ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی | ١٢٣ |
| ٣/١-٢) ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی | ١٢٦ |
| ٣/١-٣) ئایدیۆلۆژیای سیاسی | ١٢٩ |
| ٣/١-٤) ئایدیۆلۆژیای حیزبی | ١٣٣ |
| ٣/١-٥) ئایدیۆلۆژیای ئایینی | ١٣٥ |
| ٣/١-٦) ئایدیۆلۆژیای مرۆڤدۆستی | ١٣٧ |
| ٢/٣) بابەتی فۆرم و ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدیۆلۆژی لە ڕووی هونەرییەوە | ١٣٧ |
| ٣/٢-١) زمان لە شیعرەکانی هەر سێ شاعیردا | ١٣٨ |
| ٣/٢-١-أ) ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی | ١٤١ |
| ٣/٢-١-ب) ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی | ١٤٨ |
| ٣/٢-١-پ) ئایدیۆلۆژیای سیاسی | ١٥١ |
| ٣/٢-١-ت) ئایدیۆلۆژیای ئایینی | ١٥٥ |
| ٣/٢-١-ج) ئایدیۆلۆژیای حیزبی | ١٦٠ |
| ٣/٢-١-چ) ئایدیۆلۆژیای مرۆڤدۆستی | ١٦١ |
| ٣/٣) ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدیۆلۆژی | ١٦١ |
| ٣/٣-١) مۆسیقای شیعریی | ١٦٢ |
| ٣/٣-١-١) مۆسیقای ناوەوەی شیعر | ١٦٣ |
| ٣/٣-١-١-أ) دوالیزمی دژیەک | ١٦٣ |
| ٣/٣-١-١-ب) دووبارەکردنەوە | ١٦٧ |
| ٣/٣-٢) زمانی شیعریی | ١٧٢ |
| ٣/٣-٢-أ) زمانی ئاسایی | ١٧٣ |
| ٣/٣-٢-ب) لێڵی لە واتای زمانی شیعریدا | ١٧٥ |
| ٣/٣-٣) ڕەمز | ١٧٨ |
| ٣/٣-٤) وێنەی شیعریی | ١٨٢ |
| ٣/٣-٤-أ) لێکچواندن | ١٨٣ |
| ٣/٣-٤-ب) خواستن | ١٨٤ |
| ئەنجام | ١٨٧ |
| لیستی سەرچاوە | ١٨٩ |
| پوختە | ١٩٨ |

| | |
|---|---|
| ملخص البحث | ١٩٩ |
| Abstract | ٢٠٠ |

# پێشەکی

باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعردا لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە جیاوازە، ئەمەش پەیوەندی بە ئاستی (ڕۆشبیری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری...هتد)، ئەو نەتەوەیەوە هەیە، باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعری کوردیدا، لە ڕوانگەی دوو هۆکاری سەرەکییەوە لێدەڕوانین، کە یەکەمیان، درەنگ دەرکەوتنی پەخشان و بوونی شیعر وەک تاکە کەناڵی ڕادەربڕین، دوومیان، ئەو بارودۆخە تایبەتییەی میللەتی کوردە، کە بە درێژایی مێژوو هەستی بە ستەم و نادادی کردووە، کە بەرانبەری کراوە، ئەم دوو هۆکارە وادەکات، کە ڕەنگدانەوە و باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعری کوردیدا بەرچاوتر بێت، کە بەپێی سەردەم و گۆڕانی بارودۆخەکانیش ئاستی باڵادەستییەکەیش دەگۆڕێت.

**١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەمان بە ناونیشانی: باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە ئەزموونی شیعریی (لەتیف `هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دایە.

**٢/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گرفتی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لە گەڕان بە شوێن دۆزینەوەی ئاستی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعردا لە لایەک، دیاریکردن و جیاکردنەوەی ئەو باڵادەستییە بەپێی جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیاکە لە لایەکی ترە، کە بۆ چارەسەر و دۆزینەوەی ئەم حاڵەتانەش شیعری هەریەک لە (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)مان بە نموونە وەرگرتووە.

**٣/٠) میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

لە لێکۆڵینەوەکەماندا بۆ خستنەڕووی لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە و نیشاندانی ئایدیۆلۆژیا لە ئەدەبی کۆن و نوێشدا میتۆدی (مێژوویی)مان پەیڕەوکردووە، بۆ لایەنی پراکتیکی و بۆچوونە بەدەستهاتووەکان، سوودمان لە میتۆدی (وەسفی-شیکاری) وەرگرتووە.

**٤/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە بۆ ئەو گفتوگۆ و بۆچوونە جیاوازانەی لەسەر پەیوەندی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا هەیە دەگەڕێتەوە، کە دوو بۆچوونی تەواو پێچەوانە و هەریەکیان ئەویتریان بەتەواوەتی ڕەتدەکاتەوە، هیچ جیاکارییەک لەنێوان جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیادا ناکرێت، سەبارەت بە باڵادەستیی کە لە شیعرەکەدا هەیە.

**٥/٠) سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

سنوری لێکۆڵینەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست)دایە، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی و سەرهەڵدانی بیری چەپ لە کوردستان لەو کاتەدا، دواتر شیعری هەرسێ شاعیر (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)مان بە نموونە وەرگرتووە بە تایبەت ئەو دەقانەی، کە ئایدیۆلۆژیایان لێ دەخوێندرێتەوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی دەقەکانی شاعیرانی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان سوودمان لە سەرجەم دیوانە شیعرییەکانیان بینیوە.

**٦/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیش کراوە بە چەند تەوەرێکەوە، لە کۆتایشدا ئاماژەمان بەو سەرچاوانە داوە، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارمانهێناون، جگە لە ئەنجام و پوختەی لێکۆڵینەوەکە، کە بە هەر سێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) نوسراوە:

**بەشی یەکەم:**

لەم بەشەدا لەژێر ناونیشانی (لەبارەی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)وە، هەوڵمانداوە هەر یەک لە ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و ئەو پەیوەندی و تێکەڵاوییەی، کە هەیانە لە ڕوانگەی بۆچوونە جیاوازەکانەوە باسبکەین، بەشەکەش سێ تەوەری لەخۆ گرتووە:

تەوەری یەکەم:

لەم تەوەرەدا چەمک و پێناسەی ئایدیۆلۆژیا خراوەتەڕوو، هەروەها لە هەردوو ڕەهەندی سیاسی و فەلسەفییەوە باسی ئایدیۆلۆژیا کراوە.

تەوەری دووەم:

لە تەوەری دووەمدا پەیوەندی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا، هەروەها ئەدەب لە ڕوانگەی ڕیالیست و پەرناسەکان خراوەتەڕوو، لە کۆتای ئەم تەوەرەشدا ئەو بۆچوونەش خراوەتەڕوو، کە ڕوانگەیەکی جیا لە ڕیالیستەکان و پەرناسەکانە، بە بۆچوونێکی نێوەندگیر دادەنرێت.

تەوەری سێیەم:

لە تەوەری سێیەمدا ڕوانگەی چەند بیرمەندێکی وەک: (هیگڵ، مارکس، سارتەر، تێری ئیگڵتۆن، لۆکاش)، دەربارەی پەیوەندی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا باسکراوە.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا لەژێر ناونیشانی ( ئەدەبیاتی مۆدێرن وەک پەنای ئایدیۆلۆژیا)، باسی ئەو بارودۆخە تایبەتە دەکات، کە ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا زیاتر لەیەکتر نزیکدەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە بۆ سێ تەوەری لەخۆ گرتووە:

تەوەری یەکەم:

لەم تەوەرەدا لەژێر ناونیشانی ( ئەدەبی نوێ و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا)، بە کورتی باس لە ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی نەتەوەکانی وەک: ( ئینگلیزی، ڕوسی، عەرەبی، فارسی، تورکی) کراوە.

تەوەری دووەم:

لە تەوەری دووەمدا باس لە پەیوەندی ئەدەبی نوێی کوردی و ئایدیۆلۆژیا کراوە، هەروەها باسی گروپەکانی (ڕوانگە، کەرکووک-کفری) کراوە،

تەوەری سێیەم:

لەم تەوەرەدا نیشاندانی قۆناغە فیکری و شیعرییەکانی هەریەک لە ( لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵلا پەشێو، ڕەفیق سابیر) خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:**

لە بەشی سێیەمدا لەژێر ناونیشانی: شیعری ئایدیۆلۆژییانەی ( لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵلا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دا بۆ سێ تەوەر بەم شێوەیە دابەش بووە:

تەوەری یەکەم:

لە تەوەری یەکەمدا باسی جۆرەکانی شیعری ئایدیۆلۆژیا وەک شیعری ( نەتەوایەتی، نیشتیمانی، سیاسی، حیزبی، ئایینی، مرۆڤدۆستی) کراوە.

تەوەری دووەم:

لەم تەوەرەدا باسی بابەتی فۆرم و ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدیۆلۆژی لەڕووی هونەرییەوە کراوە، بۆ ئەمەش بەپێی جۆرەکانی شیعری ئایدیۆلۆژیا هەڵسەنگاندنەکە کراوە.

تەوەری سێیەم:

لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی ( ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدیۆلۆژی)، شیعرەکان لەڕووی (مۆسیقای شیعریی، زمانی شیعریی، ڕەمز، وێنەی شیعریی)ەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.

## ١/١) لەبارەی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیاوە:

پەیوەندی و کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا بەسەر دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بە تایبەتی، گفتوگۆ و مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، هەندێک بۆچوون ئەم پەیوەندییە بە ئاسایی و ئەرک و ڕۆڵی دەقی ئەدەبی بەگشتی لەوەدا دەبینن، کە پابەندبێت، دەقی ئەدەبی و پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیاوە دەکرێت ڕۆڵی تەواوکارانە بۆ یەکتر بگێڕن، بۆچوونی تریش هەیە وای دەبینێت، نەک ئەو پەیوەندییە تەواوکارانە نییە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو جۆرە دەقەدا هەیە، کە پێیانوایە ئەو دەقەی لەناو هزر و ناخی نووسەردا گەشە دەکات زۆر جیاوازترە لەو دەقەی، کە لەسەر زەمینەی ئایدیۆلۆژیا گەشە دەکات، چونکە ئەوەی لە قووڵایی ناخی نووسەردا سەوز دەبێت و پێدەگات بەرهەمی بیر و ئەندێشەیەکی قووڵ و ئەزموونێکی دوور و درێژە، بەردەوام لە هەوڵی گۆڕانکاری و خۆ نوێکردنەوە و داهێناندایە، بەڵام ئەوەی لەسەر زەمینەی ئایدیۆلۆژیا دروست دەکرێت بەرهەمی ڕووداوەکانی ڕۆژانەیە، لە هەوڵی پاراستنی بۆچوون و دنیابینییەکی چوارچێوەدار و دیاریکراودایە و زوو دەپوکێتەوە، گرنگی دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆ و مشتومڕە بە درێژایی مێژوو درێژ ببێتەوە، بەئاسانیش بۆ بۆچوونێکیان ساغ نەبێتەوە، بۆچوونەکەی تریش مەیدانەکە چۆڵ نەکات، کەواتە ئەوە ڕۆڵ و پێگەی دەقە ئەدەبی و شیعرییەکانە لە کاریگەرییان لەسەر ناخ و دەروونی مرۆڤ و تەنانەت ئاڕاستەکردنیشی، کە هەر فیکر و ئایدیۆلۆژیا و تەنانەت ئایینە ئاسمانییەکانیش قسە و بۆچوونیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە و هەبووە، هەروەک ئایینی ئیسلام لەڕێگەی قورئانەوە هەڵوێستی سەبارەت بە دەقە شیعرییەکان، تەنانەت بەرانبەر شاعیرانیش دەربڕیوە، لە کۆی (١١٤) سورەتی قورئان سورەتێک، کە لە ڕیزبەندی (٢٦)هەمیندایە بەناوی شاعیرەکانەوەیە (الشعراء) هەر وەک لە ئایەتی (٢٢٤-٢٢٧) لەسورەتی (الشعراء) دەفەرموێت: { وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ (٢٢٤) أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وادٍ يَهِيمُونَ (٢٢٥) وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ ما لا يَفْعَلُونَ (٢٢٦) إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيرًا وَانْتَصَرُوا مِنْ بَعْدِ ما ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ (٢٢٧).}

بە هەمانشێوەش لە فیکر و فەلسەفە و دەستەڵاتە باڵادەستەکانی دنیایشدا قسەکردن لەسەر ئەدەب و شیعر بەردەوام بووە، هەروەک نزیکەی (٤٠٠) ساڵ پێش زایین، (ئەفلاتون) لە بەشی دەیەمی کتێبی (کۆمار)دا، بە ناونیشانی (تیۆری هونەر)، لە گفتوگۆی لەگەڵ (گلاوکۆن)دا، دەڵێت: ((کەواتە ئێستا دەکرێت بە بێ دواخستن هێرشی بۆ ببەین و لە ڕیزی وێنەکێشەکانی دابنێین، چونکە ئەویش وەکو وێنەکێش بەرهەمی وا دێنێتەکایەوە، کە لە ڕووی درککردن بە حەقیقەتەوە لاوازن و سەروکاریان لەگەڵ بەشێکی مێشکی مرۆڤدایە، کە ئەویش پوچەڵە و پەیوەندی بە بەشە پاکەکەی مێشکەوە نییە، کەوایە مافی خۆمانە، کە ڕێگە نەدەین بێتە ناو ئەو شارەی حەزمان لێیە بە شێوەیەکی نایاب بەڕێوەی ببەین...دەکرێت بڵێین کە شاعیری لاساییکەرەوە هەروەک ئەو کەسە خراپە وایە، کە دەستەڵاتداریتی شار دەسپێرێتە دەست خراپەکاران و ئەویش خەڵکی پاک لەناودەبا و تۆوی خراپەکاری لە ناخی

خەڵکدا دەچێنێت و تەنها بەشە ناپاکەکەی مێشکی ڕازی دەکات)). (ئەفلاتون، ٢٠٠٦، ٤٩٣). دواجار ئیمپراتۆرییەت و دەستەڵاتە گەورەکانی دنیا، کە لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیا دروست بوون وەک: (یەکێتی سۆڤییەت، چین...هتد)، لەسەر ئەم پەیوەندییە قسەی خۆیان هەبووە.

## ١-١/١) چەمک و پێناسەی ئایدیۆلۆژیا:

"ئایدیۆلۆژیا (Ideology) واتە زانستی بیر، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە: ئایدیۆ واتە بیر، لۆژی واتە زانست، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا سیاسەتمەدار و فەیلەسوفی فەڕەنسی (ئەنتوان دیستوت دوتراسی١٧٥٥-١٨٣٦)، یەکەم کەس بوو لە کتێبی (ڕەگەزەکانی ئایدیۆلۆژیا لە ساڵی (١٨٠١)دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، پێیوایە ئایدیۆلۆژیا ئەو زانستەیە، کە لە ڕاستی، یان ناڕاستیی ئەو بیرانەی لای خەڵکی هەن دەکۆڵێتەوە". ( ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٤ )، کەواتە مەبەستی (ئەنتوان دیستوت دوتراسی) لە ئایدیۆلۆژیا زانستی هزرەکانە، یاخود ئەو زانستەیە، کە توێژینەوە لەبارەی ڕادەی دروستی، یان نادروستی ئەو بیروباوەڕانەی کۆمەڵانی خەڵک هەڵیانگرتوە دەکات، ئەو تیۆر و گریمانانەی لەسەر بونیاتدەنرێت، کە لەگەڵ عەقڵانیبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە دەگونجێت،

"زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە دوو برگە پێکهاتووە: ئایدیۆ واتە ئامانج، هزر، بیروباوەڕ، خەیاڵ، لۆژی واتە ناسین، کۆی وشەکە واتە زانستی بیروباوەڕ، لەڕووی زاراوەیشەوە ڕوانینێکی تایبەتە، کە مرۆڤ بەرانبەر کایە و بوارەکانی ژیان هەیەتی، وردترین پێناسەیەک، کە کرۆک و ڕاستیی و ڕۆڵی بنەمای ئایدیۆلۆژیا لەخۆدەگرێت ئەوەیە، کە ئایدیۆلۆژیا بەردەوامبونی غەریزەکانی ناو مرۆڤە".
( شەریعەتی،٢٠١٧، ٢١٤).

سەدەی نۆزدەیەم ئەو سەدەیە بووە، کە ئایدیۆلۆژیا تیایدا گەشەی کردووە و بەناوی سەدەی ئایدیۆلۆژیا دەناسرێت. "بە تێپەڕبوونی کات زاراوەی ئایدیۆلۆژیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە جیاتی زانستی بیروڕاکان، مانای کۆمەڵێک بیروڕا و هزری سەبارەت بە مرۆڤ، کۆمەڵگە و جیهانی لەخۆگرتووە". (حداد،١٩٩٩، ٤٧). واتە چەمکی ئایدیۆلۆژیا، بێجگە لە مانا یەکەمەکەی مانای دیکەی وەرگرتووە.

لەهەمانکاتیشدا ئایدیۆلۆژیا بە مانای دیکەی بە دوو شێوە بەکاردەهێندرێت، کە "بە مانای سنورداری وشە، کە لە چەمکە سەرەتاییەکەی نزیکترە و تەنها ئایدیۆلۆژیاکان، یان بیروڕا و هزرە توندڕەوەکان، وەک (ناسیۆنالیزم، سۆشیالیزم، فاشیزم، کۆمەنیزم...هتد،) دەگرێتەوە، بەمانای فراوانی وشە هەر جۆرە تیۆرییەکی نوێکار و ئاڕاستەدار، یان هەر هەوڵێک بۆ نزیکردنەوەی زانستی سیاسەت لە کۆمەڵە بیروڕایەک دەگرێتەخۆی، بەدەربڕینێکی دیکە ئایدیۆلۆژیا لەمانای گشتی خۆیدا هەر جۆرە قوتابخانەیەکی سیاسی دەگرێتەخۆی، ئەگەر توندڕەو بێت وەک (کۆمەنیزم و فاشیزم)، یان میانڕەو بێت وەک (لیبرالیزم) ، هەروەها چەشنە جیاجیاکانی فیکری سۆشیالیستی". (محەمەد، ٢٠٠٩، ٩).

"زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە وشەی یۆنانی (idea)، کە پێش ئەوەی مانای هزر بدات، بە گەلێک مانای دیکە هاتووە وەک: ڕوخسار، وێنە، وێنەی نموونەیی...، وشەی لۆجیا (logia)، بۆ دیاریکردنی هزر و

بیری زانستییە، واتە پرۆگرامی زانیاریی یان هزریی دەگەیەنێت، ئەم وشەیە پێکهاتووە لە وشەی یۆنانی (logos)، هەروەها ئەم وشەیە لە چاوگی (legein)نەوە وەرگیراوە بەمانای گفتوگۆ، یان هەڵبژاردن دێت"، ( وهبە، ١٩٨٥، ٣٣)، یان دەوترێت "زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە وشەی لاتینی ئایدیا، کە بە مانای بیر، یان ڕا و زەین، وەرگیراوە، ئایدیۆلۆژیا زانستێکی بەرپرسیارە، زانستێکە، کە ئامانجەکەی خزمەتە بە مرۆڤایەتی و پاراستن و پشتیوانی لە مرۆڤ و ڕزگارکردنی زەینی مرۆڤ لە دەمارگیریی، ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دەستەڵاتی عەقڵ ڕازیبێت". (غولامەرزا، ٢٠٠٣ ، ١١٦).

"ئایدیۆلۆژیا زانستی هزرەکانە، کە کۆمەڵێک بیر و هزری تایبەتە بە گروپێک لە یەک سەردەمدا، کە ئامانجی خۆیان بۆ غەیری خۆیان پەسن دەکەن و دەیناسێنن بە شێوەیەک، کە لە بەرانبەردا ئەوان نەتوانن ڕەتیبکەنەوە بەرگریی بکەن". (معین،١٣٥١، ٢١٨)، بەڵام دواتر زاراوەی ئایدیۆلۆژیا پێناسەیەکی بەرفراوانتری بۆ کرا، بەگشتی ئەو بیرکردنەوە و تیۆرانەن، کە بە کردەوە هەوڵدەدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی تایبەت، تەنها پشت بەلایەنی تیۆری نابەستن.

ئایدیۆلۆژیاکان جگە لە ڕاڤە و شیکردنەوەی جیهان، هەوڵدەدەن جیهان بگۆرن، "لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئایدیۆلۆژیا پێناسەیەکە بۆ سیستمە فیکری، فەلسەفی، ئایینەکان، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کاریگەرییان لەسەر دیاریکردنی ڕێباز و کردەوە و هەڵوێستی لایەنگرەکانیان، لەمەڕ پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هەیە". (غولامەرزا، ٢٠٠٣، ١١٦).

دواتر زاراوەی ئایدیۆلۆژیا لە بوارەکانی فیکر و فەلسەفە و سیاسەتدا بە مانای جیاجیا بەکارهات، بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات، مانای ئەرێنی و نەرێنی وەرگرتووە، لە نێوانی ئەو پێناسە جیاواز و جۆراوجۆرانەی، کە بۆ ئایدیۆلۆژیا هەیە بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن:

١. پەیڕەوێکی بیروباوەڕی ڕامیارییە.
٢. کۆمەڵێک لە بیروباوەڕی ڕامیاری جێبەجێکراوە.
٣. بیروباوەڕی چینی باڵادەستە.
٤. دنیابینی چینێک، یان دەستەیەکی کۆمەڵایەتییە.
٥. ئەندێشە ڕامیارییەکان، کە هێما و دەرخەری سود و کەڵکی چینایەتی، یان کۆمەڵایەتین.
٦. باوەڕێک، کە گەیەنەری ئاگایی درۆینەیە لە نێوان چەوسێنەران، یان زوڵملێکراواندایە.
٧. ئەو بیروباوەڕانەی پەیڕەوکەرانی دەباتە ناو بونی کۆمەڵایەتی، دروستکەری هەستێکی ئینتیمای گشتییە.
٨. کۆمەڵێک بیروباوەڕی دانپیانراو، کە ڕێپێدراوبوونی شێوازێک، یان پەیڕەوێکی ڕامیاری بەکارهێنراوە.
٩. ڕێبازێک/ (ئاینێک، یاسایەک)ی ڕامیاریی فرەلایەن و بەربڵاوە، کە خوازیاری پاوانکردنی زانین و درکی ڕاستییەکانە.
١٠.کۆمەڵێک بیروباوەڕی ئامانجدار و زۆر ڕێکوپێکە. (رایگان، ١٣٦٣، ٣٣٣).

بە پێی ئەم پێناسە جیاوازانە دەربارەی وشەی ئایدیۆلۆژیا لە کۆتایدا ئەوە ئاشکرایە، وشەی ئایدیۆلۆژیا، (ئەنتوان دیستوت دوتراسی ١٧٥٤،١٨٣٦) لە ماوەی شۆڕشی فەڕەنسادا هێناییەکایەوە، بۆ یەکەمجار لە (١٧٩٦) ئاشکرا بوو، لە دیدی (دوتراسی)یەوە، ئایدیۆلۆژیا ئاماژەیە بە زانستی بیروباوەڕە تازەکان، کە زاراوەکە لە دوو وشە: ئایدیا، لۆژی، دروستکراوە.

(دوتراسی)، کە لە سەردەمی ڕۆشنگەری بەهرەمەند بوو، باوەڕی هەبوو زانینی سەرچاوەی بیروباوەڕەکان بە دروستی لەتوانای ئەم زانستەدایە و لەو باوەڕەدابوو، کە "ئایدیۆلۆژیا ئەو زانستەیە، کە لە هەمان شوێن و ئاستی باوەڕپێکراوی زانستییەکانی تردایە وەک ژیانناسی (بایۆلۆژی)، زیندەوەرناسی، بوێرانە ئەوەی ئاشکراکرد، کە ئەم زانستە دەتوانێت بە تەواوەتی بەدواداچوون بۆ سەرچاوەی بیروباوەڕەکان بکات و ساغیشیان بکاتەوە، لەم ڕووەوە ئایدیۆلۆژیای بە شاهی زانستەکان ناساند"، (البیطار،١٩٨٠، ٢٤٦)، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییە زۆرەی لە ئایدیۆلۆژیا دەکرا، ئەم واتا ڕەسەنەی زاراوەی ئایدیۆلۆژیا بەو کاریگەرییە بەکارهێنانی کەم بووەوە و زیاد لە واتایەکی وەرگرتووە، ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە زانستی بیرۆکەکان، بوارەکەیشی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بیرۆکەکان و ماناکان، تایبەتمەندیی و یاساکانی و پەیوەندییەکانی بەو نیشانانەی، کە گوزارشتیان لێدەکات، توێژینەوە لە بنچینەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی وەکو (دیستوت دوتراسی) وێنایکردووە، هەروەها بە شیکار و گفتوگۆی ئەو بیرۆکە کۆنکرێتییانە دەوترێت، کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن.

"ئایدیۆلۆژیا لە زۆر ڕووەوە پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵناسی، یان بە ناسینەوەی زانستییەوە هەیە، ئایدیۆلۆژیا لە مانای ئاسایی و سادەیدا ئاماژەیە بە زانستی بیروباوەڕ، یان باوەڕناسیی، ئەم زاراوەیە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە واتای نەرێنی و تانە و تەشەری دەگەیاند، (ئایدیۆلۆژیست) بە کەسێکی خەیاڵپەروەر ئەژماردەکرا، کە بە هزرێکی دوور لە واقیعی خۆی دڵخۆشدەکرد". (اندروهی وود،١٣٨٧، ٣١). "ئایدیۆلۆژیا لای (مارکس) بریتییە لە هۆشیارییەکی ساختە دەربارەی ڕاستییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، نەزانینێکی کۆکراوەیە ئەندامانی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەشداری تێدادەکەن، دەربارەی ڕاستییەکی مێژوویی، کە بە چینێک پەیوەستە". (محەمەد، ٢٠٠٩، ١١)

دواتر نزیکەی هەمان واتای ئایدیۆلۆژیا لە قوتابخانەی (مارکس) هاتووە، بە شیکردنەوەی فەلسەفە-کۆمەڵناسی، بە تێکەڵکردنی بابەتەکان (مارکس) بڕیاریدا، کە ئایدیۆلۆژیای بە هۆشیاری ساختە بەرانبەر دانایی داناوە، مەبەستی لە ئاگایی، یان هۆشیاری ساختە ئەوەیە، کە کەسێک دواکاری هۆشیارییە، بەڵام لە ڕاستی و دروستی نائاگایە، نێوانی ئایدیۆلۆژیا و زانستی تەواوەتی و ڕاستی جیاوازە، زانستەکان و هۆشمەندانی حەقیقەت، کە هەمان زانستە ئاگادارییان هەیە، کە حەقیقەتی ڕاستی دنیا و پارێزراویی لە ژێر کاریگەریی چۆنیەتی باری دارایدایە، "بە بۆچونی (مارکس) زانست گرنگ و جێگەی بایەخە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا لە بەرانبەر زانست پێچەوانەیە، کەواتە زانست و ئایدیۆلۆژیا هەردوکیان دوو وتەی ناسراون، یەکەمیان زانستی حەقیقەت، دووەمیان زانستی فریودەرە، بەم شێوەیە، یان بەپێی ئەم ڕیزبەندییەیی قوتابخانەی (مارکسیزم) لە نێوان زانست و

ئایدیۆلۆژیا دژایەتی هەیە، هەرچەندە ئەمە پێناسەی تەواوی ئایدیۆلۆژیا نییە، ئایدیۆلۆژیا تەواو پێچەوانە و هاوشێوەی ئاگاییە، بەڵام نائاگاییە، خزمەتکاری بەرژەوەندییە، ڕەوایی بە دەستەڵات دەدات، گرێدراوە بە هێز، سیفەت، شۆڕش و هەڵگەڕانەوە، تەواو پێچەوانەی بیر و هۆشە بەبێ بەڵگە بڕوبیانو هێنانەوەی گونجاو بۆ بەرژەوەندی، ئایدیۆلۆژیا پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە ژیری مرۆڤەوە هەیە، بە بەستنی دەست و چاو و ژیریی تۆمەتبار دەکرێت" .( سروش، ١٣٨٦ ، ٧٩).

"(فریدریش ئەنگڵز) لە کتێبی (لودرێک فۆیرباخ)، کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمان (١٨٨٨)، بۆمان ڕوندەکاتەوە، کە هونەر لە تیۆری سیاسی و ئابوریی زۆر بە پیتتر و پڕ پێچوپەناترە، چونکە هونەر کەمتر خاوەن ڕوخساری ئایدیۆلۆژییە، لێرەدا گرنگە لە مانای وردی ئایدیۆلۆژی لە دیدی (مارکسیزمەوە) تێبگەین، ئایدیۆلۆژیا لە قۆناغی یەکەمدا بریتیی نییە لە کۆمەڵێک فێرکاری، ئایدیۆلۆژیا باسی ئەو شێوازە دەکات، کە لە سۆنگەیەوە مرۆڤەکان دەورەکانی خۆیان لە کۆمەڵگای چینایەتیدا دەگێڕن، ئایدیۆلۆژیا دەربڕی ئەو بەها و هزر و ئاماژانەیە، کە مرۆڤەکان بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە گرێدەداتەوە، بەم شێوەیە پێش بە ناسینی ڕاستەقینەیان بۆ کۆمەڵگا دەگرێت". (ئیگڵتن، ٢٠١٦، ٤٠).

"(کارل مانهایم ١٨٩٣-١٩٤٧)، پێیوایە (هەموو فیکرێک، خەیاڵی (یۆتۆپی)یە، یان ئایدیۆلۆژییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی مێژوویی و سەردەم و بۆ چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، فیکری یۆتۆپی هەوڵدەدات ئایندە بە دەست بهێنێت و گۆڕانکاری ئەنجامبدات، بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەو بیرەیە، کە دەیەوێت هەلومەرجی ئێستا وەک خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەیەت، بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەوروپا، (لیبرالیزم) فکرێکی یۆتۆپی بوو، پاشان لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا بەرەو ئایدیۆلۆژیا ڕویشت". (ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٥). واتە بە بۆچوونی (مانهایم) فیکری یۆتۆپی فیکری ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەیە، کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپدا دەژین و دەخوازن ئەو هەلومەرجە بەرەو باشتر بگۆڕن، بەڵام ئایدیۆلۆژیا فیکری چینی دەستەڵاتدار و چینە باڵاکانە، کە نایانەوێت هیچ شتێک بگۆڕێت و بگرە دەیانەوێت دەستەڵاتی ئابووری هەر لەژێر دەستی خۆیاندا بمێنێتەوە.

"(فرانسیس بیکۆن ١٥٦١-١٦٢٦) لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (لۆژیکی نوێ) لێکۆڵینەوەیەکی بەرگریی زانستی پێشکەشکرد، کە بتەکان و تارماییەکان، کە بوونە جێگەی باوەڕ، لە ڕۆژگاری دێرینەوە هۆشی مرۆڤیان دیلکردووە، لە ئەم هەوڵە سەرەتایەدا بۆ دەربازکردنی بیری مرۆڤ لە چنگی تارماییەکان، توانی لە زۆر لایەنی ئایدیۆلۆژیا ببینیت، کە دواتر لە مێژوودا چەندجار دووبارەبوویەوە، دوو تێگەشتن لە ئایدیۆلۆژیای دیاریکرد باوەڕی درۆینە و باوەڕی ڕاستی نهێنی بوو، خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیا بەم شێوەیە، کە چۆن بتوانین نێوان بتەکان و ڕاستی جیاوازی بکەین". (قائد، ١٣٧٥ ، ١٢).

"(ئەنتۆنیۆ گرامشی ١٨٩١-١٩٣٧)، بە ئیشکردن لەناو نەریتی بەرفراوانتری مارکسیزمدا، تێگەیشتنی مارکسیزمی بۆ زاراوەی ئایدیۆلۆژیا دەستکاری کرد، ئەو لەناو خوێندکارانی ئایدیۆلۆژیادا زیاتر بە چەمکی هەژموون ناسراوە، هەژموونی ئایدیۆلۆژیا نەک تەنیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی دەوڵەت،

بەڵکو لە ڕێگەی ئامرازی کەلتووری و جیاجیاوە لە لایەن چینێکی باڵادەست، بۆرجوازی پیادە بکرێت، (گرامشی) (ئایدیۆلۆژیای لەو حاڵەتەوە وەرچەرخاند، کە بە تەنیا ئامرازی دەوڵەت بێت، ئایدیۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی مەدەنیشدا خرایەگەڕ و بەرهەمهێنرا، واتە فەزای نادەوڵەتی چالاکی گروپ و تاکەکەسی، لێرەشدا ڕوناکبیران وەکو وەگەڕخەر و داڕێژەرانی گەورەی ئایدیۆلۆژیا و وەکو ئەو ڕێبەرە ناحکومییانەی، کە دەستەڵاتی کەلتوورییان لە دەستدایە دەرکەوتن، تەشەنەکردنیان بەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی ئاسایی بەندبوو بە دروستکردنی ڕەزامەندی زیاتر لەناو خەڵکدا، بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک ڕەزامەندی خۆیان بە شتێکی هەڕەمەکی لە قەڵەمبدەن، ئەم پرۆسەیەی پێکهێنانی ڕەزامەندی، کە (گرامشی) وەکو شتێکی جیاواز لە ڕکێفکردن بە ڕێبەرایەتی ناوزەندی کرد، وەکو شتێکی پێویست ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەستەڵاتی حکومی، بۆیە (گرامشی) ئارەزوومەندی ئەوبوو، کە جیاوازی نیوان ئایدیۆلۆژیا وەکو دروستکراوێکی بەئاگایانەتر بۆ بەرهەمهێنەرانی و نائاگایانەتر بۆ بەکاربەرانی قووڵبکاتەوە". (مایکڵ فردین، ٢٠١٢، ٢٢).

بە پێچەوانەی (مارکس و ئەنگلز)ەوە، (ئالتوسێر)، ڕایگەیاند (( ئایدیۆلۆژیا نەمرە)). ( مایکڵ فردین، ٢٠١٢، ٢٣). مەبەستیشی ئەوە بوو، کە تاکەکان بە شێوەیەکی حەتمی لە شێوازێکی دیاریکراودا بیر لە هەلومەرجە واقعییەکانی بونیان دەکەنەوە، ئەوان ڕونکردنەوەیەکی وێنەیی بەرهەمدەهێنن دەربارەی ئەوەی، کە چۆن پەیوەندییان بە جیهانی واقیعەوە هەیە، ئایدیۆلۆژیا نواندنێک بوو لەو پەیوەندییانە.

"(سلاڤۆی ژیژک) بۆ سەرەتاییترین پێناسەی ئایدیۆلۆژیا، وتە ناسراوەکەی (مارکس) لە کتێبی سەرمایەدا باسدەکات، کە دەڵێت: ((نازانن چیە، بەس هەر دەیشیکەن))، بۆیە (سلاڤۆی ژیژک) پێیوایە چەمکی ئایدیۆلۆژیا جۆرێک لە ساویلکەیی بنەڕەتی و جەوهەریی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بەو مانایەی، کە ئایدیۆلۆژیا دەرهەق بە پێشگریمانە وجودییەکان و هەلومەرجی کرداریی خۆی توشی هەڵەناسینەوە دەبێت، نێوانێک دەخاتە نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و ئەو نواندنەوە شێواوەی خۆمانەوە، کە بۆ واقیع هەمانە هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە دەتوانین ئەم هۆشیارییە ساویلکانەیە بخەینە بەردەم ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەوە، کە پێیدەوترێت ڕەخنەکردنی ئایدیۆلۆژیا، ئامانجی ئەم جۆرە خوێندنەوانە گەیاندنی ئاگایی ئایدیۆلۆژیی ساویلکانەیە بۆ خاڵێک، کە بتوانێت هەلومەرجی کرداری خۆی و واقیعە کۆمەڵایەتییە شێواوەکە بناسێتەوە، هەر لەم ڕێگەیەشەوە خۆی خۆی تێپەڕێنێت و لەنێوببات، لە کۆپییە ئاڵۆزەکانی ئەم ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیایە، بۆ نموونە کۆپی پەرەپێدراوەکەی قوتابخانەی (فرانکفۆرت) کێشەکە تەنیا ئەوە نییە، کە شەتەکان واتە واقیعی کۆمەڵایەتی بەو جۆرەی، کە هەن ببینرێن و چاویلکەی شێوێنەری ئایدیۆلۆژیا فڕێبدرێت، بەڵکو کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە واقیع ناتوانێت بەبێ ئەم شتە خۆی بەرهەمبێنێتەوە، کە پێیدەوترێت کوێرکردن و شێواندنی ئایدیۆلۆژیی، دەمامکی ئایدیۆلۆژیی تەنها دۆخی ڕاستەقینەی شتەکان ناشارێتەوە، بەڵکو ئەم شێواندنە لە جەوهەری شتەکان خۆیاندا هەڵکۆڵراوە". (عەلی، ٢٠١٩ ، ٩).

(بەختیار عەلی) پێیوایە ئایدیۆلۆژیا دۆخێکی تایبەت بە مرۆڤ دروستدەکات، دەڵێت: ((ئەو دۆخەی مرۆڤ جەنگ لەسەر شتە نەزانراوەکان دەکات، دۆخێکی ئایدیۆلۆژییە، واتە ئایدیۆلۆژیا بەمانا سادە و

گشتییەکەی ئەوەیە، کە ناهێڵێت لە ماهییەتی شتەکان تێبگەین، بەڵام دەتوانێت کاریکیش بکات شەڕیان لەسەر بکەین)). (عەلی، ۲۰۱۹، ۹)، واتە لەناخی ئایدیۆلۆژیادا تەنیا تێنەگەیشتن بوونی نییە، بەڵکو خۆفریودانیش هەیە، لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ هەڵەیەکدا نییە، بەڵکو سەروکارمان لەگەڵ دۆخێکدایە وەک ئەوانەی، کە ناتوانن بزانن ڕەنگ چییە، بەڵام دەتوانن لەسەری بجەنگن و بۆی بچنە ململانێوە.

(بیتگنشتاین) بە جوانی ڕوونی گوزارشتی لەم کێشەیە کردووە، ئەو دەڵێت: (( بۆ ئەوەی سنورێک بۆ بیرکردنەوە بکێشین، دەبێت بتوانین بیر لە هەردوو دیوی ئەو سنورە بکەینەوە، واتە بتوانین بیر لەوەش بکەینەوە، کە ڕێگامان پێ نادات بیری لێبکەینەوە، ئەوەی کە ئایدیۆلۆژیا ناهێڵێت بیری لێبکەینەوە خودی ئەو هێڵەیە، کە ناهێڵێت بیر لەوە بکەینەوە کەچی لەو دیو هێڵەکەوە هەیە)). (عەلی، ۲۰۱۹ ، ۹).

"ئایدیۆلۆژیا لە ئێستادا قسەیەکی زۆر دەربارەی دەکرێت، دەربارەی سەرهەڵدانی، یان مردنی، مانەوە، یان بەسەرچوونی، وشەکە بە شێوازی جۆراوجۆر بەکاردێت، دەدرێتە پاڵ زۆر کایە و زۆر فەیلەسوف، زاراوەگەلی وەکو (ئایدیۆلۆژیای سیاسی، ئایدیۆلۆژیای پەروەردە، ئایدیۆلۆژیای گەشەکردن، ئایدیۆلۆژیای لیبراڵ، ئایدیۆلۆژیای ڕوسی، ئایدیۆلۆژیای سەدەی نۆزدە...هتد) بەشێکی کەمی هەمەڕەنگی تێکەڵاویی و فرەواتاییە، کە بەردەوام بە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا دەدرێت، فرەڕەنگییەک، کە کاری ئیشکردن لەسەر چەمکەکە ئێجگار قورسدەکات". (عەلی، ۲۰۱۹ ، ۹).

(عبدالله العروی) دەڵێت: (( وشەی ئایدیۆلۆژیا لە هەموو زمانە زیندووەکاندا وشەیەکی نامۆیە وشەکە گەرچی فەرەنسییە مانا زمانەوانییەکەی خۆی نەپاراستووە)). (العروی، ۱۹۹۳، ۱۰)، هەروەها (تێری ئیگڵتون) دەڵێت: (( بێتواناییمان لە دیاریکردنی مانای وشەکە ناگەڕێتەوە بۆ نەزانینمان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مانا ناکۆکانەی وشەکە لە خۆیدا کۆیاندەکاتەوە)). (Eagleton, 1993,7 ).

گرنگترین و فەلسەفیترین بەکارهێنانەکانی وشەی ئایدیۆلۆژیا لای باوانی فیکری کۆمۆنیستی دەبینینەوە، ئەو مانایەی (مارکس) دەیدات بە ئایدیۆلۆژیا، تا ئێستاش مانای هەرە باو و ناسراوی پشت وشەکەیە، مانایەکە، چەندە یاری بە زاراوەکە بکەین لێیدەرناچین. "لای مارکس ئایدیۆلۆژیا بەجۆرێک لە جۆرەکان هۆشیارییەکی ساختەیە، بەبڕوای ئەو تێگەیشتنی مرۆڤ لە مێژوو و حەقیقەتی مێژوو خۆی دوو دونیای جیاوازن، شت لە خۆیدا ماهییەت و بوونێکی هەیە، شتیش بۆ ئێمە واتە وێنەکەی لای ئێمە بوون و ماهییەتێکی جیاوازە، ئایدیۆلۆژیا قۆناغێکە وێنەی شتەکان لە بوونە واقیعی و سروشتییەکەیان لادەدات". (عەلی، ۲۰۱۹ ، ۹).

"لای (ئالتوسێر) هەوڵێکی گەورە هەیە بۆ وێناکردنی تابلۆیەک، کە تییدا ئایدیۆلۆژیا وەک جەمسەری پێچەوانەی زانست، یان ڕاستی دەوەستێتەوە بەو مانایەی، کە ڕوانینی (مارکس)ی بنەمای ئەو فەلسەفە زانستییە، کە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیا ڕادەوەستێت، لێرەوە گەر باوەڕمان بەوە هێنا، کە دەشێت هۆشیارییەک هەبێت ئایدیۆلۆژی نەبێت، مانای پێ لەسەر چەمکێکی پڕ گومانتر دادەگرین، کە چەمکی حەقیقەتە، چەمکی حەقیقەت، چەمکێکی گرفتئامێزە و مرۆڤ تەنیا لە سنورێکی دیاریکراودا و لە ژێر هەلومەرجی تایبەتدا دەتوانێت بەکارییبهێنێت، حەقیقەت ڕاستییەکی ڕەها نییە بەرانبەر هەڵەیەک

ڕاپبگرین، حەقیقەت گەر هەبێت ئەوا پرۆسێسی بیرکردنەوەی بەردەوامە، لەو هەلومەرجانەی ناچارمان دەکەن بە جۆرێکی دیاریکراو بیربکەینەوە و ڕفتار بکەین". (عەلی، ٢٠١٩ ، ٩).

"(میشێل فۆکۆ) پێیوایە دەسەڵات لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەستەڵاتێکە ناوی بایۆ دەستەڵاتە، یان بایۆ سیاسەت، ڕیشەکانی ئەم فۆرمە سیاسییە دەسەڵات دەباتەوە بۆ سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، پێشتریش یۆنان کە دەستەڵاتێکی دیار بوو، بەڵام کە ئەو دەستەڵاتە جەوهەری خۆی لە دەستداوە، ئیدی لێرە کاری ئایدیۆلۆژیا دەگۆڕێت و دەبێت بە پراکتیکی ڕاستەوخۆ، ئینجا ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەوخۆ ڕێگاکان تێکەڵ بە جومگەکانی دەستەڵات دەبن، بەشێک لە بیرمەندانی چەپی ئەمڕۆ، کە موناقەشەی بەشەکانی ژیان و ڕێگای ژیانی ڕۆژانە دەکەن، پێیانوایە ئایدیۆلۆژیا ئەوەی دوێنێ نییە، کە چۆن بیربکەینەوە لە دۆخی گوزەرانی خۆت، بەڵکو ئەوەیە کە چۆن ئەوە بکەیت، کە سیستم دەیەوێت". (محەمەد، ٢٠١٨ ، ١٥).

دەربارەی سیفەتی حەقیقەت و گەڕان بۆ حەقیقەت، "حەقیقەت سیفەتێکە لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیا پەیوەندیی بە عەقڵانیبوون و گەڕانە بۆ دۆزینەوە، ئەوەی ئایدیۆلۆژیا دەیەوێت ڕێکخستنی تاکەکان و قۆناغی دروستکردنی تاکێکە، ئەو تاک و کۆمەڵەی ئایدیۆلۆژیا دروستیان دەکات بەدوای وەڵامی پرسیاری ((ڕاستی چییە))؟دا ناگەڕێین! بەڵکو لەناو فەزای ئایدیۆلۆژیدا ملکەچی دەبێتە بنەمایەک بۆ تێنەگەشتن لەو دۆخەی ئایدیۆلۆژیا دروستیدەکات". (گۆران، ٢٠١٩، ٥٣).

یەکێکی دیکە لە سیفەتە گرینگەکانی ئایدیۆلۆژیا ئەوەیە، نە ڕێگەی پرسیارت پێدەدات، نە دەیەوێت بگەیتە ئەو شوێنەی بیر بکەیتەوە، تا لەشتەکان تێبگەیت، لە هەمان دۆخدا، کە دروستی دەکات زەمینەیەکە بۆ ئەوەی ململانێ و پەرچەکردار و هەوڵی توندوتیژی و شەڕ بکەیت لە پێناو ئەو شتەی لێی تێنەگەشتویت، وەک (مارکس) دەڵێت: ((ئایدیۆلۆژیا بە جۆرێک لە جۆرەکان وشیارییەکی ساختەیە، وشیارییەکە ناتگەیەنێتە ڕاستیی شتەکان و نایەوێت حەقیقەتەکانت بۆ دەربخات، وشیارییەکە هەموو ئەوەی نیشانت دەدا ساختەیە و ساختە بوونەکەی بە ڕاستیی ساختە دادەپۆشێت، وشیاریەک بەرهەم دەهێنێت ئەو وشیارییە قۆناغی ڕێکخستنی پەیوەندی و توانەوەیە لەناو ناوشیاری و نادیاریدا، تا شوێنی وشیاریی ڕاستەقینە بگرێتەوە)). (گۆران، ٢٠١٩، ٥٣).

"کاتێک خەڵکی وشەی ئایدیۆلۆژیا دەبیستن زۆرجار گرێدەدەنەوە بە (یزمەکانەوە) وەک (کۆمۆنیزم، فاشیزم، ئانارشیزم)، هەموو ئەو وشانە ئاماژەن بە ئایدیۆلۆژیا، بەڵام پێویستە لێرەدا تێبینییەک بۆ وریاکردنەوەی بخرێتەڕوو. (یزم) زاراوەیەکی تا ڕادەیەک ئاشنا و کەمێک زبرە، تەنانەت لە ئەمریکا (لیبرالیزم)یش بەو بۆیاخە ڕەنگدەکرێت، ئەمە پێماندەڵێت، کە ڕستێک ئایدیای ساختەی بونیادگرتوو هەیە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی ڕۆژانە لابراون، لە لایەن ئەو هێزانەی بە دەستەڵاتن لە ئێستا و لە داهاتوودا، ئەوان دەیانەوێت جیهانی سیاسەت کۆنترۆڵ بکەن و بمانخەنە ژێر باری ڕێبازێکی بیرکردنەوە و ڕەفتاری چەقبەستوو، بەڵام هەموو (یزم) ێک ئایدیۆلۆژیا نییە (ئۆپتمیزم) گەشبینی، قسەی ژیرانە (ویتیسیزم)، هەموو ئایدیۆلۆژیایەکیش بە نابەدڵی لە بەرزاییەکەوە فڕێنادرێتە ناو کۆمەڵگەیەک، کە بەم هۆیەوە بیروباوەڕە واقیعییەکانی تێکبشکێت و وەکو چەکێکیش لە

دژی باوەڕ نەهێنەرەکان بەکارناهێنرێت". (مایکل فردین،٢٠١٢ ، ٢٤)، بەڵام "لای (پۆڵ ڕیکۆر) مەرج نییە ئایدیۆلۆژیا هەموو کات هەڵگری مانایەکی نەرێنی بێت، بەو پێیەی لە کۆمەڵگادا چەندین ئایدیۆلۆژیای جیاواز هەن هەمیشە لە ململانێدان، هەروەها لای (میشێل فۆکۆ) ئایدیۆلۆژیا بریتییە لە گوتارێک، کە هی زۆرینەیە، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا (مۆریس کۆدۆلێ، کۆرنالیۆس، کاستۆریادیس) مانای نەرێنییان لە ئایدیۆلۆژیا سڕییەوە، (لیبرالیزم، مارکسیزم، ئیسلامیزم، کۆمۆنیزم، ئانارشیزم، فاشیزم...هتد)، ئەمانە ئەو چەمکانەن کە بە ئایدیۆلۆژیا ناودەبرێن، لە هەر قۆناغێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕامیاریدا یەکێک، یان پتر لەم بیروباوەڕانە بە ئایدیۆلۆژیای گشتی و باو دەبن". ( ریکور، ٢٠٠٢، ٦٥ ).

(کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵز) دەڵێن: ((ئێمە تەنها زانستێک دەزانین ئەویش زانستی مێژووییە، مرۆڤ دەتوانێت بە دوو لایەن سەیری مێژوو بکات و بیکات بە دوو بەشەوە: مێژووی سروشتی و مێژووی مرۆڤ، هەرچۆنێک بێت ئەو دوو لایەنە لە یەکتری جیاوازن، لەو کاتەوەی مرۆڤ هەبووە مێژووی سروشتیش وابەستە بە ئەوەوە بووە، مێژووی سروشتی کە پێیدەڵێن زانستی سروشتی لێرەدا زۆر پەیوەندیمان پێوەی نییە، بەڵام دەبێت لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤ بکەین، مادام ئایدیۆلۆژیا بەگشتی شیکاری هەڵە دەکات بۆ مێژوو، یان ئەوەتا دەیگەیەنێتە هەڵپەساردن، کەواتە ئایدیۆلۆژیاش تەنها ڕوویەکە لەو ڕووانەی بە مێژوو دادەنرێت)) .(مارکس، ئەنگڵس، ٢٠١٧، ١٣).

کەواتە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا هەڵگری چەمکێکی فرەمانایە و بە پێی قۆناغ و گۆڕانکارییەکان مانای ئەرێنی و نەرێنی هەڵگرتووە، سەرەتا زاراوەکە بۆ هەڵسەنگاندنی بیروباوەڕەکان بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی ئەوە بووە ڕاستی و ناڕاستیی سەرچاوەی بیروباوەڕەکان بزانێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات، بەڵام دواتر بۆ ناونان لە هەر فیکر و بیروباوەڕێک گۆڕاوە، کە بەردەوام لە هەوڵی گۆڕینی فیکرە باو و چەسپاوەکاندا بووە، بەڵام دواجار ئەم زاراوەیە بۆ هەموو بیروباوەڕ و تێڕوانینێکی تایبەت بۆ ژیان بەکارهاتووە، جا هەندێک جار ئەم بیروباوەڕانە پەڕگیر یان میانڕەویش بن، بۆ نموونە کەسێک، کە هەڵگری بیری (فاشیزم، کۆمۆنیزم)، یان (لیبرالیزم) بێت هەر بە کەسێکی ئایدیۆلۆژی، یان ئایدیۆلۆژیست دەناسرێت.

## ٢-١/١) ڕەهەندی سیاسی ئایدیۆلۆژیا:

چەمکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت بە شێوەیەک لێکنزیکن، کە زۆر جار لە جێگەی یەکتری بەکاردەهێنرێن، هۆکاری ئەم لێکنزیکی و تێکئاڵانەش بۆ ناوەڕۆک و چەمکی ئایدیۆلۆژیا دەگەڕێتەوە، کە زانستی هزرەکانە، سیاسەتیش ئامراز و کەرەستەیە بۆ گەیاندنی هزر و بیر و بۆچونەکان، هەروەها زۆرێک لە نوسەران و لێکۆڵەران ئایدیۆلۆژیایان بە شێوەیەکی سیاسی ناساندووە و باسیانکردووە.

"وشەی ئایدیۆلۆژیا لە ڕۆژگاری شۆڕشی فەڕەنسا و پاش شۆڕشەکەوە پەرەیسەند، ئەو دەمە و ئێستاش بەم واتایە هاتووە، کە بیروڕاگەلێکە دەشێت بۆ کردەوەی سیاسی ببنە ڕێنیشاندەر، بیروڕا دەربڕینن دەربارەی هەم ئامانجی هەرە گرنگ لە سیاسەتدا و هەم ڕێبازی گەیشتن بەو ئامانجە،

هەڵبەتە بیروڕای وەها لە هەموو زەمانێکدا هەر بووە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە، چەمکی ئایدیۆلۆژیا خزمایەتی هەیە لەگەڵ ئەو جۆرە تازەیەی ململانێی سیاسی سازدراو، کە بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەیەمدا سەریهەڵدا، کاتێک پیشەسازی بڵاوبووەوە دانوستان و خوێندەواری پەرەیانسەند، ڕۆژگارێک ئاڵوگۆڕ تێیدا خێرا بوو، لە شار و پاشانیش لە گوندیش بوارێکی وەها ڕەخسا گروپی لە ڕووی سیاسییەوە هاوبیر لە ڕێکخراودا کۆبنەوە، ئەو ڕێکخراوە پاشان ناونرا پارت (حیزب)، لەبەرئەوەی هەتا دەهات خەڵک پتر تێوەدەگلان و لە ڕووی سیاسییەوە گرنگتر دەبوون، حیزبی دیکە بە خۆیان و چەندین هەزار ئەندام و ڕێکخراوی سەرانسەرییانەوە پەیدابوون، کەواتە لە جۆرە کۆمەڵێکی تایبەتدا پەیدابوونی حیزب و ئایدیۆلۆژیای سیاسی تاڕادەیەک هاوکات بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەر نەبێت لە ئەوروپادا، لە هەموو لایەک حیزبی وەها هەبوو خۆی بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە ببەستێتەوە، ئایدیۆلۆژیا گرنگەکان ئەمانە بوون (لیبرالیزم، کۆنسێر ڤاتیزم ، سۆسیالیزم)، بنچی هەر سێکیان بۆ ڕۆژگاری شۆڕشی فەرەنسی دەگەڕێتەوە". ( لاشۆن، ١٩٩٩، ٦).

(هاگۆبیان M.Hagopian) دەڵێت: ((ئایدیۆلۆژیای سیاسیی ڕێکخستنێکە بۆ بیروباوەڕی سیاسی)). (خلیل، ٢٠٠٢، ١٠٩). ئایدیۆلۆژیا بە کەسێک، کۆمەڵێک، حکومەت، یان میللەتێک پێناسە دەکات، کە بە تەواوەتی ئەوان جۆرێک دروستدەکرێن و بیروباوەڕ پێکەوە کۆیاندەکاتەوە)، هەروەها گرێدانی ئایدیۆلۆژیا بە هزری سیاسییەوە، کە چۆن تاکەکەس لە ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو لە کاتێکی تایبەتدا بە دروستکردنی حیزبێکی سیاسی هەڵدەستن، دواتر ئامانجی ئەو حیزبە سیاسییە گەیشتنە بە دەستەڵات و حکومەت، واتە تاوەکو بەرزترین دەستەڵات وەک "(هاگۆپیان) بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی ناوزەندی کردووە، هەروەک مەرجی بۆ ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیا داناوە". (حاجی بامەڕنی، ٢٠٠٧، ٣٤).

کەواتە بە کۆمەڵێک مرۆڤ، کە هەڵگر و خاوەنی ئایدیۆلۆژیای سیاسین دەبێت یەک بیروباوەڕیان هەبێت و لەهەمانکاتدا کۆبونەوە و گفتوگۆی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبیت، بە یەک شێواز سیاسەتی خۆیان بەڕێوەبەرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی، کە بۆ خۆیان دیاریان کردووە، ئایدیۆلۆژیا کاریگەریی و پەیوەندی بە ژیری مرۆڤەوە هەیە و ژیریش سەرچاوەی بڕیاردانە لای مرۆڤ، هەروەها زۆرجار بڕیاری مرۆڤ بە گوێرەی ئەو ئایدیۆلۆژیای هەیەتی دەدرێت، ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هۆشیاری تاکەکەسەوە هەیە.

بۆچونی یۆنانییەکان بەتایبەتی (سوقرات) سەبارەت بە سیاسەت بۆچونێکی ڕەفتارییانەیە، کە دەڵێت: ((زانستی سیاسی پێش هەر شتێک دەبێت هاوڵاتی فێری ئەرکە ڕەوشتییەکان بکات))، کەواتە زانستی سیاسەت لای یۆنانییەکان زانستیکە مرۆڤ لێیەوە فێری ڕەفتار دەبێت، بەڵام لای ئەوروپییەکان زیاتر بابەتی دەوڵەتداری دەگریتەوە، هەروەها فەیلەسوفی ئیتالی (میکاڤیللی) دەربارەی سیاسەت دەڵێت: ((سیاسەت هونەری گەیشتن و مانەوەیە لە دەستەڵاتدا))، (مارکس)یش دەربارەی سیاسەت دەڵێت: ((سیاسەت توخمێکی ئاساییە لە سەرخان، کە ژێرخانە ئابورییەکان هەڵیدەسوڕێنن)). ( عمر، ٢٠١٩، ١٩).

کەواتە چەمکی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، کاتێک بۆ بنەچە و ڕیشەی هەریەکیان دەگەڕێنەوە ئەو بڕوایەمان لا دروست دەبێت، کە سیاسەت بەرجەستەکەری ئایدیا و هزرەکانە پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی تەواوکاریی دەبێت.

(ئەفلاتون) لە کتێبی (کۆمار)دا نموونە بەناوبانگەکەی (ئەشکەوت) وەک نموونە بۆ کێشەکانی مرۆڤ دەهێنێتەوە، ئەو دەڵێت: ((زۆربەی خەڵک وەک ئەو کەسانەن، کە هەموو تەمەنیان لە ئەشکەوتێکدا بەسەر بردووە، ئەوان هەر چییەکیان بینیوە لەو شتانەی، کە بە دیوارەکانی ئەشکەوتەکەوە دەبینران، لە هەندێک سێبەر و تارمایی زیاتر هیچی دیکە نەبووە، ئەوان هەرگیز ڕوناکایی ڕاستەوخۆی دەرەوەیان هەست پێنەکردووە نازانن ئەو شتانەی، کە دەیانبینن لە سێبەر زیاتر هیچ نین، ئەوان بەبێ ئەوەی کە بتوانن پەی بە ڕاستییەکان بەرن لە ناو دنیایەکی سیاسی خەیاڵیدا دەژین، کە خۆیان هیناویانەتە ئاراوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە خەیاڵگەرایی دەتوانێت لە کورتبینی مەترسیدارتر بێت، ئەوان کوێرانە دەکەونە ناو ئەو چاڵە سیاسیانەی کە ڕەنگە گیان و جەستەیان لەنێوبەرێت)). ( شەریفی، ٢٠٠٥، ٣٠).

تاڕادەیەک بەهۆی دەستنیشانکردنی نادروستی هۆکارەکانەوە بوو، کە (ئەفلاتون) ئەو ئامانجە سیاسییە نامومکینەی خستۆتەڕوو، (ئەرستۆ) بانگەشەی ئەوەیدەکرد، کە ئەو کۆمەڵە یۆتۆپیاییەی (ئەفلاتون)، قەت بواری هاتنەئارای بۆ نەدەڕەخسا، چونکە وەها کۆمەڵەیەک نە یەک پارچەیە و نە یەکگرتوو دەبێت، هەروەها بە سەرنجدان لە سروشتی مرۆڤ شتێکی وا هەرگیز لە تواناد نییە، کۆمەڵەکەی (ئەفلاتون) لەکۆتاییدا ئەم ئەنجامەی لێچاوەڕوان دەکرێت:

١. هەموو خراپییەکان و ناشیرینییەکانی کۆمەڵێکی سیاسی لە خۆدەگرێت.
٢. لە لایەن ئەو هاوڵاتییانەوە، کە پارێزراو و پاسەوان نین پەسەند ناکرێت.
٣. بە ناچاری دوو حکومەتی دژبەیەک لە کۆمەڵدا دێنە ئاراوە، تاقمی پارێزەران دەبنە لەشکرێکی سەربازی و داگیرکەر، وەرزێران و کاسبکاران و ئەوانیتریش هاوڵاتی ئاسایی دەبن. (شەریفی، ٢٠٠٥، ٢٤٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوەی وا دەکات سیستمێکی سیاسی جێگیر بێت و بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت، ئەوە بوونی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوە، هەر ئەم جێگیریی و یەک ئاڕاستەییە، کە دواجار زۆربەی ئایدیۆلۆژیاکان و ئەو سیستمە سیاسیانەشی، کە لەسەری دامەزراون بەرەو تاکڕەی و خۆسەپاندن و خۆپەسەندی هەنگاو دەنێن و دەڕۆن، ئەگینا بە پێچەوانەوە بەهۆی گۆڕاویی دنیابینی و جێگیر نەبوونیان بە (یۆتۆپیا) ئەژمار دەکرێن.

هەربۆیە تەواوی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان لەسەر ئەم دوو خاڵە کۆکن:

١. ئامادەکردنی ئایدیۆلۆژیایەک، کە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان و ئامانجە گشتییەکان دیاریدەکات و ئەو ڕێگایانەش دەسەپێنێت، کە پێویستە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بگیرێنە بەر.

٢. له‌ حیزبێكی جه‌ماوه‌ریدا خه‌ڵكێكی زۆر كۆده‌كاته‌وه‌، ڕێكیانده‌خات و به‌ڕێوه‌یشیان ده‌بات، زۆرجار ئه‌و پارته‌ له‌ لایه‌ن كه‌سێكی دیكتاتۆره‌وه‌ ڕێوڕه‌سمی فره‌ حیزبی یه‌كده‌خات، به‌سه‌ر ده‌زگاكانی كۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نیدا به‌ ته‌واوی باڵاده‌ست ده‌بێت. ( مسته‌فا، ٢٠١٧، ٧٦).

فه‌لسه‌فه‌ و تیۆر و بۆچوونه‌ هزرییه‌كانی (فارابی) جیا له‌ناو بیرمه‌ندانی سه‌ره‌تای ئیسلامدا مۆركێكی فه‌لسه‌فی سیاسی ئاشكرای له‌ خۆیه‌وه‌ گرتبوو، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر ڕه‌چاوی لایه‌نی سیاسی نه‌كرێت زۆر ئه‌سته‌مه‌ شیبكرێته‌وه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی سیاسه‌ت گرنگترین به‌شی فه‌لسه‌فه‌كه‌یه‌تی و ئه‌نجامی سه‌رجه‌م بۆچونه‌كانیشییه‌تی، ئه‌وه‌بوو نه‌خشه‌ی (شاری چاكه‌كاری) كێشا تاوه‌كو نموونه‌ی ده‌وڵه‌تێكی دادپه‌روه‌ر و چاكه‌كار له‌سه‌ر شێوازی (كۆمار)ه‌كه‌ی (ئه‌فلاتون) بونیاد بنێت، "له‌ لای (فارابی) حه‌ز و خولیای كۆبوونه‌وه‌ و به‌یه‌كه‌وه‌ ژیانی مرۆڤ به‌ته‌نیا ناتوانێت پێداویستییه‌كانی خۆی دابین بكات و بگاته‌ ئاستی كامڵبوون، كه‌واته‌ كامڵبوونی مرۆڤ له‌ كۆبوونه‌وه‌ و به‌یه‌كه‌وه‌ ژیاندایه‌، لێره‌دا ئه‌م كۆبونه‌وه‌یه‌ی مرۆڤ كه‌وا شارستانییه‌تی لێكه‌وته‌وه‌ له‌لای ئه‌و شتێكی داهێنراو و دروستكراو نییه‌، به‌ڵكو شتێكه‌ له‌ نێو خودی سروشتی مرۆڤدایه‌". ( ڕه‌سول، ٢٠١٣، ١٦٢).

كه‌واته‌ ده‌توانین بڵێین ئایدیۆلۆژیا هێزێكی مه‌عنه‌وییه‌ و یارمه‌تیده‌ره‌ بۆ هێزێكی مادیی، كه‌ سیاسه‌ته‌ واته‌ كاتێک هه‌ر گروپێک، یان حیزب و نه‌ته‌وه‌یه‌ک به‌ ئاستێكی به‌رزی فكری گه‌یشتبێت، زۆربه‌ی كات هێزه‌ مادییه‌كان هه‌وڵی ئه‌وه‌ ده‌ده‌ن، تاوه‌كو هه‌ر هیچ نه‌بێت به‌ یارمه‌تی هه‌ندێک له‌ هێزه‌ مه‌عنه‌وییه‌كان پاساو بۆ كرده‌وه‌كانی خۆیان بێننه‌وه‌ و وه‌ک كرده‌وه‌گه‌لی دروست و لۆژیكی نمایشیان بكه‌ن، له‌ لایه‌كی تریشه‌وه‌ هه‌ر ئه‌م هیزه‌ مه‌عنه‌وییانه‌ به‌ش به‌ حاڵی خۆیان هه‌وڵده‌ده‌ن به‌ به‌ده‌ستهێنانی ده‌سته‌ڵات به‌ كرده‌وه‌ جۆره‌ سیستمێک بێنه‌ ئاراوه‌، كه‌ خۆیان پروپاگه‌نده‌ی بۆ ده‌كه‌ن.

"هاوكات كارێكی دروست نییه‌، ئه‌گه‌ر له‌ناو هه‌موو به‌رهۆكاره‌كاندا (مه‌علوله‌كان)، به‌بێ له‌ به‌رچاوگرتنی گرینگی هۆكاره‌كان، بیروڕا سیاسی و ئایینییه‌كان، كه‌ بناغه‌ی مه‌عنه‌وی سیستمی ده‌وڵه‌ته‌كان پێكدێنن، به‌ شێوه‌یه‌كی سیستماتیک پۆلێنبه‌ندی بكه‌ین، ئه‌م بیروڕایانه‌ به‌ دزه‌كردن له‌ناو قووڵایی ده‌روونی تاكه‌كان ڕه‌وایه‌تی به‌ ده‌سته‌ڵات ده‌ده‌ن ملكه‌چی فه‌رمانڕه‌واكانیش به‌ ڕه‌وا ده‌زانن، كه‌شێكی مه‌عنه‌وی و ئاكاریی دێننه‌ئاراوه‌، كه‌ ده‌ورێكی گرنگ له‌ به‌ره‌و پێشه‌وه‌بردنی ڕه‌وتی ڕوداوه‌ مێژووییه‌كاندا ده‌بینن، پێده‌چێت باسی ئه‌وه‌ كه‌ ئایا هێزه‌ مه‌عنه‌وییه‌كان باشترن له‌ هێزه‌ مادییه‌كان، یان به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ باسێكی بێ سوود بێت، چونكه‌ هه‌موو هێزێكی مه‌عنه‌وی، هه‌ركه‌ بۆی هه‌ڵكه‌وێت هه‌وڵده‌دات به‌ پشتبه‌ستن به‌رژه‌وه‌ندییه‌ كه‌سییه‌كان واته‌ پشتبه‌ستن به‌ هێزی مادییه‌وه‌ خۆی به‌هێزتر بكات، بۆیه‌ هه‌وڵده‌دات سه‌روه‌ت و سامان و سه‌ربازی له‌ خزمه‌تدا بێت، هه‌روه‌ها هه‌موو هێزێكی مادیش هه‌وڵده‌دات به‌ پشتبه‌ستن تیۆرێكی فكری و مه‌عنه‌وی خۆی له‌بارتر و له‌سه‌ر حه‌قتر ده‌ربخات". (، گایتانۆ مۆسكا ، ٢٠١٢، ٢٩٥).

"(ئیبن خه‌لدون) كاتێک دان به‌وه‌دا ده‌نێت، كه‌ پێكه‌وه‌ژیانی مرۆڤ پێداویستییه‌كی ژیاریی گرنگه‌، پێیوایه‌ ده‌بێت كه‌سێكیش هه‌بێت ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ مرۆڤه‌ ڕێكبخات، ئه‌وه‌ش هیچی نوێ نییه‌، به‌ڵام (ئیبن خه‌لدون) پێیوانییه‌ ئه‌و ده‌سته‌ڵاتداره‌ مه‌رج بێت نێردراوی خوا بێت، یان به‌پێی ده‌ستوری ئه‌و

دەستەڵاتی وەرگرتبێت، چونکە دەستەڵاتدار هەیە بەزەبری هێز هاوڵاتی ڕازیی بەژێر دەستەیی دەکات". (گایتانۆ مۆسکا/ شەریفی، ٢٠١٢، ٢٩٥).

لەگەڵ بۆچونەکانی (مکیاڤیلی)دا هزری سیاسی زۆر عەقڵانیتر خۆی دەردەخات، ئەو دژایەتی دەستەڵاتی کڵێسا دەکات و بانگەشەی بە عیلمانی کردنی دەوڵەت دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئایین ڕەتناکاتەوە، بەڵکو دەیکاتە پاشکۆی دەوڵەت، لێرەدا سیاسەت دەبێتە هونەرێکی عەقڵانی، "(مکیاڤیلی) لە بیروڕاکاندا ئایدیۆلۆژیای بۆرژوازییەتی گەشەکردووی ئەو کاتەی نمایشدەکرد، لە نوسینەکانیدا ستایشی بازرگان و پیشەدارە دەستڕۆشتووە شارنشینەکانی (ئیتالیا)ی دەکرد، داوای لە میری دەکرد زیاتر بایەخیان پێبدات و بارودۆخێکی ئاوایان بۆ بڕەخسێنێت، کە هۆی پەرەپێدانی سود و قازانج و بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانیان دەبێت". (مۆسکا ، ٢٠١٢، ٢٩٥).

"(مۆنتیسکیۆ) زۆر بڕوای بەوە هەیە، کە دەکرێت هەندێک شت لە ڕێگەی ئەدەبەوە پراکتیک بکرێن و بهێنرێنەدی، ڕەنگە لە سایەی یاساوە نەیەتەدی، سەبارەت بە ئایین جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زۆر گرنگە خەڵک بڕوایان بە ئایین هەبیت، چونکە لەبەردەم زۆر کاری دزیودا بەربەست دەبێت". (مۆسکا، ، ٢٠١٢، ٢٩٥).

کەواتە هۆکارەکانی مێژووی مرۆڤ هێندە گرژ و ئاڵۆز و تێکچڕژاون، کە ئەگەر هەر تیۆرێکی سەراسەری بیهەوێت تێیاندا هۆکاری سەرەکی لەناوبەرێت، هەمیشە بە ئەنجامگەلی هەڵە دەگات، بە تایبەتی ئەگەر مەبەستی ئەو تیۆرە لە هۆکاری سەرەکی هۆکارێک بێت، کە هەمیشە هۆکارە، واتە توانای ئەوەی هەیە هەمیشە کاریگەریی لەسەر هۆکارەکانی دیکە دابنێت، بێئەوەی، کە خۆی کاریگەریی وەربگرێت.

ئەگەر بمانەوێت قسە لەسەر ئەندێشە سیاسییەکان لە مانا تایبەتەکەیدا بکەین، دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە ئەم سەردەمەی ئێمە سەرەڕای هەموو ئەو ڕوداو و گۆڕانکارییانەی، کە تێیدا هاتۆتە ئاراوە بە ڕاستی لەم بوارەدا داهێنانێکی ئەوتۆی نەبووە، (تەنانەت ئایدیۆلۆژیایەکی وەکو (فاشیزم)، کە خۆیان لەوپەڕی تونڕەویدا دەرخستووە، ئیلهامیان لە بیروڕاگەلێک وەرگرتووە، کە پێشتر بونیان هەبووە، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژییانە پراکتیزەیان کردوون، لەگەڵ توانای نوێدا گونجاندویانن، تایبەتمەندیی ئەم سەردەمە ئەوەیە، کە ئەندێشە سیاسییەکان بەتەواوەتی تێکەڵ بە تیۆرە ئابوورییەکان بوون، "تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم سەردەمە بە سیاسیکردنی ژیانی مەعنەوی و تەنانەت ژیانی ئاسایی بەگشتییە، لە ڕاستیدا ئەم دیاردەیەش هێندە تازە نییە؛ لە سەردەمانی تریشدا سەرجەم چالاکییە فکرییەکان لە دەوری نەیارە ئایدیۆلۆژیاکاندا چڕ دەبووەوە، بەڵام لەم کاتەدا ئەو چالاکییانە زیاتر چالاکی ئایینی بوون، بەڵام ئەمڕۆ باوەڕە سیاسییەکان هەوڵدەدەن جێی باوەڕە ئایینییەکان بگرنەوە و باشترین هۆی ئەوەیە، کە زانستی ئاکار پێشتر لە بازنەی دەستەڵاتی کڵێسەدا بوو، ئێستا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت بە بەشێک لە حیزبەکان و بەرنامە سیاسییەکان، بۆیە وشکەڕۆیی لە باوەڕدا، کە پێشووتر بە تەواوەتی لە گەمارۆی ئایینە ڕکابەرەکاندا بوو، ئێستا باوەڕە سیاسییەکانیش دەگرێتەوە". ( مۆسکا، ٢٠١٢، ٣٤٢).

"لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێین هزری سیاسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هەرچەندە لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی وەکو (ئینگلتەرا)، (فەرەنسا)، کە یەکێتییەکی نەتەوەییان بەدیهێنابوو، گوزارشتی لە گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان دەکرد، بەڵام دەبوو (لەو کۆمەڵانەی پارچە پارچە و هەڵوەشاوبوون و لە هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی خۆیاندابوون گوزارشتی لەو واقیعەی ئەوانیش بکردایە لەڕێی بێدارکردنەوەی سۆزی نەتەوایەتی و دەوڵەمەندکردنی هزری سیاسی بە فەلسەفەی ناسیۆنالیستی و تیۆریاگەلێکی سیاسی، کە ئایدیای دەوڵەت و بەرژەوەندییەکانی پیرۆز بکات، لەسەرو هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە دایبنێت، تا ئەو ئاستەی ئەگەر پێویستی بەوەش کرد، قوربانی بە تاکەکەس و بەرژەوەندییەکانی لەو پێناوەدا بدرێت". (مەحفوز، ٢٠١٣ ، ١٧).

لە کاتێکدا "ئایدیا سوسیالیزمییەکانی بەر لە (مارکس) بە نموونەیی (میسالییەت) و هەستی (هیومانیستیانە) ناسرابون، بێئەوەی خۆیان وەک ڕێبازێک نیشانبدەن، کە توانای چارەسەرکردن و ڕاستکردنەوەی واقعیان هەبێت، ئەوا (مارکسیزم) بەو دیدگا هەمەلایەنەی هەیبوو بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیانی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی)، بە پشتبەستن بە ماتریالیزمی دیالەکتیکی توانی خۆی وەک ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەکی کۆنکرێتی نیشانبدات، کە بەشێوەیەکی کارا توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ واقعیدا هەیە، لێرەوە (مارکس) زۆر دەترسا لەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرو بۆچونەکانی فۆرمی فەلسەفە وەرگرن، ئەم ترسەشی لەسەر ئەم بابەتیە پەیوەندی بە تێڕوانینی ئەوەوە هەیە بۆ ئەو فەلسەفانەی لە مێژوودا هاتونەتە ئارا، کە بە فەلسەفەگەلێکی نموونەیی دەزانی و پێیوابوو ڕێ لە فیکر دەگرن، تا پەی بە واقیع بەرێت، هاوکات سەرقاڵی شت گەلێکن، کە دورن لە مرۆڤ و بارودۆخی ژیانی مرۆڤەکان، (مارکس) پێیوابوو ڕۆڵی فەلسەفەی ئەبستراکت کۆتایی هات و لێرە بەدواوە ئەوەی لە فەلسەفە داوادەکرێت بەر لە هەر شت پەیبردنە بە واقیع، پاشان دوای ئەم پەیپێبردنە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی، بەم جۆرە (مارکس) هەر لە ناو چواردیواری فکریدا نەمایەوە، بەڵکو پەنای بۆ چەکی کرداریش برد، کە بریتیبوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کرێکاریی (پرۆلیتاری)، بۆ ئەوەی کار بۆ بەدیهێنانی بیروباوەڕە کۆمۆنیستانەکەی بکات". ( مەحفوز، ٢٠١٣، ٣٤٧).

سەرنجەکانی (مارکس) کاتێک دەستپێکرد، کە بینی ئەو خەڵکەی دەوروبەری لە جموجۆڵ و سەردان و کۆبونەوە و سیاسەت کردن و دۆزینەوە زانستییەکان و ناکۆکی شین و شایی و هونەر، تا دەگاتە (ئینجیل) خوێندنەوە هەمووی بۆ یەک مەبەستە ئەویش مادەیە، لەسەر ئەو بنچینەیە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی لە بیروباوەڕ، دەزگا (سیاسییەکان، زانست، هونەر، ئاین، ڕەوشت)، هەموویان سەرخانن، بە ڕای "(مارکس) تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو ژێرخانە مادی و ئابورییەیە لە کۆتایدا دوو چینی دژ بەیەک دروستدەکات". ( عبدالخالق، ٢٠١٤، ٨١).

لە ڕوانگەی (لاسۆیل)ەوە سیاسەت گۆڕەپانی ململانێیە، کە یەک کەس، یان گروپێک لە کاتی گونجاو لەم ململانێیەدا براوە دەبێت، بە واتایەکیتر دەستەبژێر هەمان تاکی زیرەک و هۆشیار، لە ڕووی ژمارەوە لە کۆمەڵگادا کەمە، کە ئەگەر لە جلوبەرگی جەماوەریشدا بێت و ڕاستەوخۆ لە کاروبارەکانی دەستێوەردانی نەبێت، لەگەڵئەمەشدا لە پشتی پەردەوە لە سیاسەت دەستوەردەدات و

لە سودەکان بەهرەمەند دەبێت، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەو چی دەباتەوە؟ (لاسویل) لەو بڕوایەدایە، "کە چینی کەمی دەستەبژێر سێ شت بەدەست دێنێت: (ڕێز، سامان، ئاسایش و ئارامیی)، لە وەڵامی ئەوەی، کە دەستەبژێر چۆن دەیباتەوە بەم جۆرە دەیخاتەڕو، کە یەکەمین فاکتەر تەکنیکی پڕوپاگەندەیە، کە دەبێت لە ڕێگەی ئەم ئامڕازەوە، جەماوەر لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و دەستەبەرکردنی ئایندەدا دڵنیابکاتەوە و پێگەی خۆی قایمبکات". ( سەلاحی، ٢٠٠٨، ٦٨).

"لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا چەمکی حیزب بەمانای ئاماژەی ئایدیۆلۆژییانەی ئەو کەسانە دەهات، کە دەبوونە ئەندام تێیدا، بەم شێوەیەش دوای ئەو کاتە (مارکس و لینین) ڕێکخستن و حیزبی سیاسی چینی پڕۆلیتاریایان بونیادنا، کە دەربڕی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بوو، لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٤٠)دا چەمکەکانی (ئۆسترۆ گۆرسیکی)، (ڕۆبرتۆ میشلز)، (مۆریس دیفرجیە)، کە لەدوای ئەواندا هات باڵادەستبوو لە ئەوروپادا، بەپێی ئەم چەمکانە دەبێت حیزبی سیاسی لەلایەنی بونیادەوە لێی بکۆڵدرێتەوە، بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بەڕێکخستنەوە، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە بۆچوونی فەرمانگەرایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەریهەڵدا، ئەم بۆچوونە پێیوابوو دەبێت لەسایەی ئاکار، هەڵسوکەوت و ڕفتاردا لە حیزبەکان بکۆڵدرێتەوە، واتە چۆنییەتی دەرکردنی بڕیاری حیزبی و ڕۆڵی سەرکردەی حیزبەکان لەم بابەتیەدا، لە بری ئەوەی حیزب بە حەقیقەتی خۆیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، پێیوابوو دەبێت لە ستراتیژییەتی حیزب بکۆڵدرێتەوە نەوەکو لە شێوازی ڕێکخستن بکۆڵدرێتەوە". ( ڕەسول، ٢٠٠٣ ، ٣٠٢).

"ئایدیۆلۆژیاکان پاش شەڕی جیهانیی یەکەم خۆیان لە چوارچێوەیەکی سیاسی نوێدا نیشاندەدا ئەو دەمە دیکتاتۆرییەتی ئایدیۆلۆژیای تاک حیزبی مۆدێرن هاتنەکایەوە، ئایدیۆلۆژیای حیزبی سەردەست کرایە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، ڕێبەری حیزب بووە سەرۆک، بووە ئەو کەسەی دوا بڕیار دەدات دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو باوەڕەی دەبووە سەرچاوەی هەموو بڕیارێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت بە دەزگای پڕوپاگەندە و زۆرداری دەپارێزرا، ئەم دەزگایانەش سوودی تەواویان لە دەرفەتەکانی تەکنیکی مۆدێرن وەردەگرت". ( ڕەسول، ٢٠٠٣، ٣٠٢).

لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا زۆر لە دەوڵەتناسان بڕوایان وابوو ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکان مردوون، یان هەر نەبێت لە سەرەمەرگدان، هەڵبەتە ئەم گوتەیە تەنها کۆمەڵگەی پیشەسازی ڕۆژئاوای دەگرتەوە، "دەگوترا نرخاندنێکی هاوکۆ لە نێوان (لیبرالیزم)، (کۆنسێرڤاتیزم) (سۆسیالیزم)دا پەیدا بووە، دیموکراتیی سیاسی و سیاسەتی خۆشگوزەرانی بوو بووە نرخی هاوکۆ و ئەو خەرەندە ئایدیۆلۆژیا کۆنانەی سەدەی نۆزدەیەمی سڕیبووە، دەستەڵاتی سیاسی گروپە سەرپەڕەکان، دیموکراتی لیبراڵ ببووە بان ئایدیۆلۆژیای هاوکۆی ئایدیۆلۆژیاکان، پاش ڕۆخاندنی (نازیزم، فاشیزم) تەنها (کۆمەنیزم) مابو ئایدیۆلۆژییەک بێت لە دەرەوەی ئەو نرخاندنە بێت". (لاشۆن، ١٩٩٩، ١٠).

گریمانەی مردنی ئایدیۆلۆژیا، بەوەی لەو کاتەوە بەردەوام ئایدیۆلۆژیای نوێ سەریهەڵداوە، هەڵدەوەشێتەوە و جۆری نوێ لە ئایدیۆلۆژیا کۆنەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەریانهەڵدا، کە "دەبینین لەشەستەکانی سەدەی بیستەمەوە گەلە ئایدیۆلۆژیای بە مردوو دانراو، لە ناکاو بووژێندرانەوە تەنها

بوژاندنەوەی (مارکسیزم) لە چەپی نوێدا بەبیر بهێنینەوە کافییە، تاڕادەیەکیش هاوتەریبی ئەویان، میراتی بیری کۆنەپارێزی دیسان بووژێندرایەوە، لە حەفتاکاندا (نوێ لیبەرالیزم)یشمان لێ پەیدابووە، ئەمیان دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی دەستەلاتێکی دەوڵەتیی یەکجار بەرتەسک ئاشکرابوو، کە کۆمەڵگەی پیشەسازی نەک تەنها ناتوانێت گرفتی کۆنی وەک هەژاری، دەستکورتیی فراوان چارەسەر بکات، لە حەفتاکانەوە لە بزوتنەوەی ژینگەپارێزیدا، سیستمە بیرێک هاتەئاراوە زۆر چاک دەشێت بە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دابنرێت، (ئێکۆلۆژیزمEcologism)ی نوێ سروشتی هێناوەتە پێش، بەگشتی کۆمەڵگەی پیشەسازی بە تێکدەری هاوسەنگی سروشت دادەنێت، بەوەش دەیکاتە دژە وەستاوی سەرلەبەری ژیان، لەم ڕەوانگەیەوە، (ئێکۆلۆژیزمی) نوێ، داوای کۆمەڵگەیەکی تەواو جیاواز و شێوە گوزەرانێکی نوێ دەکات". (لاشۆن، ١٩٩٩، ١٠).

"(فێمینیزم"feminism)یش ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی دیکەی، کە بەشێکی بووژێندراوەتەوە و بەشێکی تازەکردی حەفتاکانە، بزوتنەوەی ڕادیکاڵی ژنان لە لایەک خۆی لەتەک (ئێکۆلۆژیزم)دا ناساندووە، لە لایەک هەوڵدەدات وەک بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی سیاسی خۆ ڕانوێنێت، (چەپی نوێ، ئیکۆلۆژیزم، فێبینیزم)، هەموویان نموونەن بۆ بە جیهانیبونی ئایدیۆلۆژیای نوێی لەو بابەتەی چەندین ساڵ لەمەوبەر بە مردوو دادەنران، هەروەها بیری ناسیۆنالیزمی نوێش زیندووکردنەوەیەکی ئاشکرای بەشە بیرێکی کۆنترە، ئیسلامەتی و ئیسلام وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بەگشتی تازە بەرهەمێکە لەسەر بنەمایەکی دینەکیی هەرە کۆن دامەزراوە". ( لاشۆن، ١٩٩٩، ١٠).

کەواتە پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای پێویستی و تەواوکاریی یەکتر دامەزراوە، چونکە سیاسەت ململانێی نێوان گروپە هەمەجۆرەکانە لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی کۆمەڵگە، دواجاریش هەر گروپێکی سیاسی پێویستی بە دیاریکردنی سنور و چوارچێوەی کارکردن هەیە، بۆ ئەمەش ئایدیۆلۆژیا یارمەتیدەر و خاڵی جیاکردنەوەی نێوان گروپە سیاسییەکانە، ئەگەر بە ڕواڵەتی و ڕوکەشانەش بێت، چونکە شا چەمکی سیاسەت دەستەلاتە، هەربۆیە هەر گروپێکی سیاسی پێش گەیشتنە دەستەلاتی پێویستی بە تەبەنی کردنی ئایدیۆلۆژیایەکە وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ بە دەستەڵات گەیشتن ، کە ئەندامانی خۆی پێ جۆشدەدات بۆ هەوڵدان لە پێناو ئامانجەکەیان، کە بە دەستەڵات گەیشتنە، لە کاتی گەیشتنە دەستەلاتیشدا بێجگە لە بەکارهێنانی پاداشت و سزا لە پێناوی مانەوەی لە دەستەلاتدا، ئایدیۆلۆژیایش هەر هۆکارێک بۆ پارێزگاری و مانەوەی ئەم گروپە لە دەستەلاتدا دەبێت.

## ٣-١/١) ڕەهەندی فەلسەفی ئایدیۆلۆژیا:

بۆچوونی جیاواز لەسەر پەیوەندی نێوان ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە هەیە، لە لایەک باسی لێکنزیکی و خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا دەکرێت، لە لایەکی دیکەوە بەشێوەیەک باسدەکرێن، کە تەواو جیاواز و ناکۆک و دژ بەیەکن.

(ئالوسی) دەڵێت: (( فەلسەفە لە ئایدیۆلۆژیا بەرفراوانترە، هەمیشە لەمەدا پێچەوانەی ئایدیۆلۆژیایە، کە بە تەنها بەدوای مەبەست و بەرژەوەندی هەندێک کۆمەڵی دیارکراو دەکەوێت)). (خلیل، ٢٠٠٢، ٤٢)،

کەواتە لە ئایدیۆلۆژیادا سنوری هزر سنوردارترە، فەلسەفە بە شێوەیەکی بەرفراوانترە و هەموو کایەکان دەگرێتەوە و بە تەنها لەسەر بەشێکی دیاریکراو ناوەستێت.

"(مارتن هایدگەر) لە کتێبی (تیۆلۆژی، فینۆمینۆلۆژی)دا لەسەر فەلسەفە و پەیوەندی بە زانستەکانی ترەوە هەوڵدەدات، کە (تیۆلۆژی)، (فەلسەفە) لە یەکدی جودابکاتەوە، چونکە بە بۆچونی (هایدگەر) تیۆلۆژی وەک فەلسەفە لە بیرکردنەوەدا ئازاد نییە، لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی ئاینێکدا، یان ئایدیۆلۆژیایەکدا بیردەکاتەوە، بە بۆچونی (هایدگەر) فەلسەفە ئازادیی تەواوی لە بیرکردنەوە و ئەقڵگەرایدا وەرگرتووە". (عوسمان،٢٠١٣، ١٢١).

ئایدیۆلۆژیا هەڵگری چەندین پەیامە لەناو کۆمەڵگەدا، کە کۆمەڵگە بە ئاراستەی پێرەوکردنی ڕەوشتی باش دەبات، ئەم خاڵە هۆکارە بۆ ئەوەی، کە ئایدیۆلۆژیا وەکو فەلسەفەیەکی گشتی لیبڕواندرێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا بە تەنها کار لەسەر کۆمەڵ ناکات، بەڵکو ئایدیۆلۆژیا هۆکارێکە بۆ گۆڕینی ژیری تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵ، تاوەکو بۆ تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیا و پەیوەندی بە فۆڕمەکانی دیکەی هزری سیاسییەوە، پێویستە بپرسین، داخۆ ئێمە چۆن جیاوازی لە نێوان ئایدیۆلۆژیی سیاسی و فۆڕمەکانی دیکەی هزری سیاسی دەکەین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بەراوردی ئایدیۆلۆژیا لەگەڵ فۆڕمەکانی دیکەی هزری سیاسی بکەین، "ئایدیۆلۆژیا جیاوازە لە فۆڕمەکانی دیکە هزری سیاسی لەڕووی:

یەکەم: ئایدیۆلۆژیا یەکایەتی و یەکگرتنێکی زۆر سیستماتیکە سەبارەت بە چەند بیروڕایەک، یان یەک باوەڕی دیاریکراو.

دووەم: ئایدیۆلۆژیا پەیوەستە بە ڕێکخراوەکانەوە، کە ئایدیۆلۆژیاکە ڕیالیزە دەکەن.

سێیەم، ئایدیۆلۆژیا لەسەر بنەمای چەند پێشدانراوێکی بنەڕەتی و فەلسەفەی سیاسی، لەناو ترادیسیۆنی هزری سیاسیدا، زاراوەکانی: (ئایدیۆلۆژی سیاسی، فەلسەفەی سیاسی)، وەک دژ واتا بەکاردێن. بەڵام لە فەرهەنگی کۆمۆنیستیدا، چەند زاراوەیەک هەیە، کە لەبری یەکدی وەک هاوواتا بەکاردێت، وەک: (فەلسەفەی کۆمۆنیست، تیۆریی کۆمۆنیست، ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیست، کۆمۆنیزم)، هەرچەندە ئەم زاراوانە واتای تەواو جیاوازیان هەیە و پەیوەندیان بە ڕووی جیاوازی ئایدیا سیاسییەکانەوە هەیە، لە ئەنجامدا، ئەمەش بەهەڵە تێگەیشتن و شێواندنی زاراوەکانی بەرهەمهێناوە". ( سەمەد، ٢٠١٨، ٨ ).

فەلسەفەی سیاسی وەها پێناسە دەکرێت، کە " گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی بێبەرژەوەندی و قازانجە بۆ پرنسیپەکانی دەوڵەتی باش و کۆمەڵگەی باش، فەلسەفەی سیاسی هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: باشترین فۆرمی حکومەت چییە؟ هەروەها بەها سیاسی و ڕەوشتییەکان ڕوندەکاتەوە، کە ڕەوایەتی ڕەوشتی (مۆڕاڵ)یان هەیە، فەیلەسوفی سیاسی بۆ ڕونکردنەوەی سیاسی شتە سروشتییەکان هەوڵدەدات، دەیەوێت ڕەفتاری سیاسی مرۆڤ و کۆمەڵگەی سیاسی ڕونبکاتەوە، فەیلەسوفی سیاسی گرنگی بە چۆنێتی ڕەفتارنواندنی مرۆڤ لەنێو سیاسەت نادات، بەڵکو ئەوان

پێشنیازی ئەوە دەکەن دەبێت خەڵک چۆن ڕەفتار بکەن، فەیلەسوفانی سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی تیۆری فەلسەفە سیاسییەکان لەسەر بنەمای پەروەردە دادەڕێژن". (سەمەد، ٢٠١٨، ٦ ).

له لایەکی دیکەوە تیۆری سیاسی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، کە گەڕان و لێکۆڵینەوەیەکی بێبەرژەوەندی و سوودە بۆ زانینی سیاسی و ڕیالیتی کۆمەڵایەتی، تیۆری سیاسی کۆمەڵێک پێشدانراون سەبارەت بە ڕەفتاری سیاسی ڕاستەقینەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان، کە بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕیزبەندکراون و ئەزموونکراون لەڕووی کاراییەوە پەیوەستن بەیەکەوە، تیۆرداڕێژەرانی سیاسی گشتاندن سەبارەت بە جیهانی سیاسی لێرەبوو گەشەپێدەدەن، کە شیاوی سەلماندن و ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەن لەڕێگەی داتا و زانیاری دەرککراوەوە، ئەوان پرسیار سەبارەت بە مۆراڵیتی سیاسی سیستمی سیاسی ئایدیاڵ ناکەن، بەڵام له لایەکی دیکەوە "ئایدیۆلۆژیای سیاسی هەردوو پێشدانراوە ئەزموونی و نۆرماتیڤییەکانی تیۆری سیاسی فەلسەفی لەخۆ دەگرێت، هەندێک لە لێکۆڵیارەکان فەلسەفەی سیاسی وەک تیۆری بەهایی و پێوەری دادەنێن، لە کاتێکدا تیۆری سیاسی ئەزموونی و وەسفییە، ئایدیۆلۆژیا خۆی لەسەر بنەمای ئارگۆمێنت، ئایدیاکان و تیۆرە فەلسەفییەکان بونیاد دەنێت، بۆیە جیاکردنەوەی ئایدیا فەلسەفییەکان و فێرگەکانی هزر لە ئایدیۆلۆژیادا ئاسان نییە، بۆیە دەبێت ئەم توخمە ئایدیۆلۆژیا ڕەتبکرێتەوە، چونکە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا ناتوانرێت وەک بنەمایەک بۆ پێناسەکردنی ئایدیۆلۆژیا دابنرێت". (سەمەد، ٢٠١٨، ٦ )، کەواتە ئایدیۆلۆژیاکان پشت بە تیۆرە فەلسەفییەکان دەبەستن و هەر ئایدیۆلۆژیایەکە بۆچوون و دنیابینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بۆ قوتابخانەیەکی فەلسەفی دەگەڕێتەوە.

"لەڕاستیشدا بەربەستێکی گەورە لەنێوانی فەلسەفە و زانست لە لایەک و ئایدیۆلۆژیا لە لاکەی دیکەوە نییە، بەڵکو لەزۆربەی جاردا ئایدیۆلۆژیا دیدی خۆی لەفەلسەفەیەکەوە هەڵدەهێنجێت، یان فەلسەفەیەک دەکاتە زەمینە و بۆی دەبێتە ئاوێنە و دەیخاتە کارەوە و پڕۆگرامی هۆشیاری تاک و کۆمەڵی لەسەر دادەڕێژێت بەشێوەیەک کە پەلدەهاوێت بۆ هەموو لاکانی ژیان و سەرنج و دیدی خۆی دەربارەیان دەردەبڕێت، ئایدیۆلۆژیاش خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شیکاری زانستیەوە، زانست بەتەواوی ڕای خۆی دەربارەی ڕوندەکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا بۆچونەکانی فەلسەفە دەربارەی زانین و کارکردن و مرۆڤ دەبنە ڕێنیشاندەری ئایدیۆلۆژیاکە، چونکە هەردووکیان واتە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا ئاڕاستەی کارتێکردنی مرۆڤایەتی دەکەن، ڕەنگە تەنها جیاوازییەکە لەوەدا بێت، کە فەلسەفە گشتگیرترە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بەڵام ئایدیۆلۆژیا بەندە بەکۆمەڵێکی مێژوویی مرۆڤایەتیەوە". (قەرەداغی، ٢٠١٥، ٢١).

کەواتە فەلسەفەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیا لە ڕووی میتۆد و کاتیگۆریشەوە جیاوازن، فەلسەفەی سیاسی بەردەدام ڕەخنە لە خۆیدەگرێت، هەروەها فەیلەسوفانی سیاسی لەناو هزرەکانیاندا پتر جەخت لەسەر توخمە هۆشەکی و لۆژیکییەکان دەکەنەوە، ئەوان لەسەر بنەمای هۆکارگەلی باش و ڕەوایەتیپێدراو بناغە دادەڕێژن، هۆش پێچەوانەی سۆزە، ئایدیۆلۆژیا لە ڕێی وروژاندنی هەست و سۆزەوە یارمەتیدەدرێت.

(ئەنتوان دێستوت دی تراسیAntoine Destutt de Tracey) لە ساڵی (١٧٩٦)دا، چەمکی ئایدیۆلۆژیای داهێنا، مانایشی " زانستی هزرەکان"، یان خوێندنەوەی بیرۆکەکانە، ئەم بیرمەندە لەڕووی ئەوەی ئەندامێکی کارا بوو لە بزووتنەوەی ڕۆشنگەری ئەورووپی، مەبەستی لە داڕشتنی ئەم زاراوەیە، بریتیبوو لە بەکارهێنانی ڕێبازێکی نوێ سەبارەت بە تێگەیشتن لە ئەقڵ، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی وەڵامی سایکۆلۆژی دەربارەی پرسیارە فەلسەفییەکان، بۆیە ئایدیۆلۆژیا کە مانا پیتییەکەی زانستی ئەقڵە، دەبینین لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا بەوە پێناسە دەکرا، کە تایبەتمەندە بە خوێندنەوەی ڕیشە و ڕەگەزی بیرۆکەکان و چۆنێتی گەشەسەندنیان.

لەگەڵئەوەیشدا سەرەتا ئایدیۆلۆژیا ئەوەی دەگەیاند، کە مەعریفەیەکی ڕووتە و هیچ پەیوەندییەکی بە بارودۆخەکانی ژیانی مرۆیی و بەرژەوەندیی تایبەتەوە نییە، ئەم بەکارهێنانە پەیتا پەیتا بە درێژایی سەدەی نۆزدەیەم فراوان دەبووەوە، لەم قۆناغەیشدا لە لایەن پارێزکارانەوە بۆ ئاماژەکردن بە هەر تیۆرییەک، پرۆژەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕ، یان پرۆژەیەکی توندڕەو بەکاردەهێنرا، بەتایبەتی کاتێک لەسەر بنەمایەکی تیۆری نەک ئەزموون بنیات نرابێت.

بەڕای "(فرانسۆ شاتلیێ"Franswa Chatelet")، ئایدیۆلۆژیا دوو واتای سەرەکیی هەیە:

یەکەمیان، مانای دیدگەیەکی جیهانی یان سۆمایەکی گشتگیرە، جەخت لەسەر ڕەهەندی هزری و مەعنەوی ژیانی کۆمەڵگە و نەتەوەکان دەکاتەوە، بە شێوەیەک، کە ئایدیۆلۆژیی هەر کۆمەڵگەیەک مانای بنیاتنانی تابلۆیەکە دەربارەی هەمان کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ژیانی ڕۆژانەیدا، کەواتە ئەم بیرۆکەیە تەنها مەعریفە نییە، بەڵکو حەز و ویستەکان و پراکتیزەکانیش دەگرێتەوە، ئایدیۆلۆژیا بەم مانایە، ئەنجامی بۆچونێکی شیکارییە، کە هەوڵدەدات تایبەتمەندییەکانی هەر کەلتورێک ڕونبکاتەوە جگە لە ڕوانینەکانی ئەو کەلتورە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەلتورەکانی دەورووبەریدا، بە ڕستەیەکی دیکە ئایدیۆلۆژیا بەم مانایە، سۆمایەکی هزریی گشتگیرە، لەسەر پێکهاتە هزرییەکەی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک دامەزراوە، کە ئەویش بریتییە لە کەلتوورەکەی بۆ ڕوانینی ژینگەی دەرەوە (جیهان) و ژینگەی ناوەوە، هەمان کۆمەڵگە و نەتەوە". (شاتلیە،١٩٩٧ ، ٢٣٣).

دووەمیان، خۆی لەوەدا دەنوێنێت، کە "ئایدیۆلۆژیا وتارێکی ئامانجدارە بە سەپاندنی دەستەڵات و ڕکێفکردن لەسەر چینەکانی کۆمەڵگە بە ویست و ئارەزوویان، یان بە نائارەزوومەندانە ئایدیۆلۆژیا بەم مانایە ئامرازێکە لە دەست چینی زاڵدا بۆ ڕازیکردنی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە، کاری سەرەکیشی لە دەمامک و باڵادەست کردنی چینی زاڵ پێکهاتووە". ( شاتلیە، ١٩٩٧، ٢٣٠)، ئایدیۆلۆژیا لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونە مارکسیستییەدا، پاکانەیەکی ئەخلاقییە و بونێکی گیانی لە لایەن چینی زاڵەوە، بە مەبەستی سەروەرکردنی دەستەڵاتەکەی و سەپاندنی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاودەکرێتەوە.

(عەبدوڵا عرێوی) لە کتێبی (چەمکی ئایدیۆلۆژیا)دا دەڵێت: ((چەمکی ئایدیۆلۆژیا چەمکێکی سادە نییە، کە وەڵامدەرەوەی واقیعێکی کۆنکرێتی بکات، یان ئەگەر بە ووردی سەیری مانای دووەم بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا سیستمێکە لە باوەڕ و قەناعەت بەپێی مۆدێلێکی نموونەیی و ئایدیاڵ (Ideal Model)، ڕێگە بە خستنەڕووی دیاردە سیاسییەکان و هەڵسەنگاندن و

شرۆڤەکردنیان دەدات، ئەو شێوە ئایدیالّییەی دیاردەکە دەخاتەڕوو، کە پێویستە ببێت و بکرێت، لە هەمانکاتدا، ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی پاکانەکردنی هەندێک ڕەفتار و پووچەڵکردنەوەی هەندێکی ترەوە، بۆ بەرجەستەکردنی ئاواتەکانی خودی لایەنگرانی ئایدیۆلۆژییەکە هانی تاکەکان دەدات، ئەمەش بە مەبەستی بنیاتنانی واقیعێک، یان گۆڕینەوەی لە لایەن یارانی ئایدیۆلۆژیاکە، هەربۆیە ئایدیۆلۆژیا گومانکردن و پێداچوونەوە قبوڵ ناکات جا لە هەر لایەک بێت، بە واتایەکی دیکە ئایدیۆلۆژیا بەوە پێناسە دەکرێت، کە سیستمێکی هزریی گشتگیرە و لە ڕێگەیەوە شرۆڤەی سروشت و کۆمەڵگە دەکرێت، بۆیە بە ئامرازێکی بنەڕەتیی لایەنگرخواز بۆ شیکردنەوەی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت))، (میمون، ١٩٨٥، ١٢)، هەروەها "(هابرماس) پێیوایە ئایدیۆلۆژیا کاریگەریی تەواوی لەسەر تێگەیشتنمان بۆ واقیع هەیە، بۆیە زۆر ئەستەمە هەڵوێستێک هەبێت، بێ ئایدیۆلۆژیا بێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی فەلسەفە و زانست، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان پڕە لە ئایدیۆلۆژیا، هەر بەهۆی ئەمەوە زانست و فەلسەفە تێگەیشتنمان بۆ واقیع دەشێوێنێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا مەعریفە دەکاتە سیستمێک لە بیروباوەڕ، بۆیە توێژەر ناتوانێت لە نێوان ئەقڵ و باوەڕ لەناو توێژینەوەکانیدا جیاوازی بکات". (گلی ،٢٠١٦، ٥ ).

لە لایەکی دیکەوە ئایدیۆلۆژیا توانایەکی دیکەیشی هەیە، ئەویش "هۆشیارکردنەوەی تاکەکانە بە خودی واقیع، بە تایبەتی ئەوانەی لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا لە بارودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەدان، لەم سۆنگەیەوە ئایدیۆلۆژیا سەبارەت بە سەرچاوەی بێچارەیی هەژارەکان هۆشیاری دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی بەستنەوەی کێشەکانی ئەمانە بە چوارچێوە گشتییەکەی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، هەروەها کردنی هەمان سیستم بە سەرچاوەی هەموو ئەو نەهامەتییانەی، کە هەژاران تێیدا دەژین، واتە ئایدیۆلۆژیا بەگشتی نەخشەڕێگەیەک بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی بێچارەیی و نەهامەتیی خەڵک دادەنێت". (گلی ،٢٠١٦، ٥ ).

کەواتە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئایدیۆلۆژیا تیۆرییەکە، یان چەند تیۆرییەکی سیاسی پێکەوەبەستراون؛ ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە بۆ بڵاوکردنەوە و کارتێکردنیان لەسەر فراوانترین ئاست کۆششدەکەن، ئەو ڕەوشەیش دژیەکییەکی پێوەدیارە لەگەڵ چەمکی بیری سیاسی، چونکە بیری سیاسی بە دیاردە سیاسییەکە بایەخدەدات لە هەر دوو گۆشەکەیەوە لە لایەک ڕەوشی دیاردەکە وەکو خۆی ، لە لایەکی دیکە ئەوەی پێویستە بۆ باشترکردنی بکرێت.

لێرەوە پرسیارێکمان بۆ دێتە گۆڕێ، لەوانەیە وەڵام ئەوە بێت، کە بیر جۆرێکە لە ڕۆشنایی؛ بەبێ بوونی هزرە سیاسییە مەزنەکان، ژیانی بە کۆمەڵمان نوقمی تاریکی دەبوو، بۆ نموونە لە لای زۆربەمان ڕوونە، کە (نازیزم) هەڵەیە، بەڵام لەوانەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا نەبوایە، ئەگەر هزرە بنچینەییەکانی وەکو سەروەریی یاسا، هەروەها خراپی ستەمکاری و دیکتاتۆری بوونیان نەبوایە، ئەم هزرانەیش بە شێوەیەکی سروشتی لە بیری مرۆڤدا بنەڕەتی نین، بەڵکو لە لایەن هزرمەندەکانی وەکو "(ئەرستۆ، شیشرۆن، جۆن لوک، ژان ژاک ڕۆسۆ) داڕێژراون بۆ هەمووانیش، کە ئەو جیاوازییە ڕەگەزییەی، کە ڕەشپێستەکان لە ئەمریکا دەیانچێشت، دیاردەیەکی نادادپەروەرانە بوو، بەڵام چی وای

کردووە کە ئەم دیاردەیە بەم شێوەیە ڕوون و بینراو بێت؟ لە کاتێکدا هەمان ڕەوش لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەکان بە درێژایی هەزاران ساڵ، کە بە بابەتێکی ئاسایی و سەلمێندراو هەبوو، ئەوەی ئێستا لەبارەی نادادپەروەریی ڕەگەزپەرستییەوە دەیبینین، هەر ئەنجامی بیرۆکەی یەکسانییە، ئەم بیرۆکەیەیش لەوانەیە تەشەنەی نەکردبایە، ئەگەر هزرمەندانێکی وەکو (جۆن لوک، مۆنتسکیۆ، کارڵ مارکس)، نەبوونایە". ( گلی، ٢٠١٦، ٥ ).

"بیرۆکەی نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆژیای نەتەوەخوازیدا بەرهەمی بە ئایدیۆلۆژیاکردنی بیرۆکەی نەتەوەیە لە فەلسەفەی فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەریدا، واتە بیرۆکەی نەتەوە بوونە ڕاستەقینەکەی لەناو فەلسەفەدایە، بەڵام بوونە ڕاستەقینەکەی وەک بوونی ڕاستەقینەی هەر بوونەوەرێک شیانی گواستنەوە و دووپاتبوونەوە نییە، بۆ ئەوەی ئەو بوونە شیانی گواستنەوە و دووپاتبوونەوەی تێدا بێتەئاراوە، دەبێت بە پرۆسەی دروستکردنەوەدا ببرێت و بوونی لە بوونێکی عەقڵی سروشتییەوە بکرێت بە بوونێکی دروستکراوی لەو جۆرە، کە بۆ ئەوە بشێت لە ڕێگەی بیروباوەڕێکەوە بگوازرێتەوە بۆ ناو خەیاڵی کەسەکان و وایان لێبکات بڕوای پێ بهێنن و لە واقیعدا هەوڵی دروستکردنەوەی بدەن". ( مستەفا، ٢٠١١ ، ١٠١)، کەواتە فەلسەفە سەرچاوەی بیرۆکەکانە، بەڵام بیرۆکەکان دوای بە ئایدیۆلۆژیابوونیان لەناو کۆمەڵ و کایەکاندا بەرجەستە دەبێت.

"نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆژیای نەتەوەخوازەکاندا دروست وەک ئەو کۆمەڵە وایە، کە لەدوای کامڵبوونی کۆمەڵە ئیسلامییە ڕاستەقینەکەوە بیرۆکەکەی ئیمامە مەزهەبییەکان لە شێوەی شەریعەتێکی دروستکراودا گوزارشتی لێدەکەن و دەیگوازنەوە بۆ ناو خەیاڵی ئەو خەڵکەی، کە بێئاگان لێی و لەخەیاڵیاندا هیچ شتێک پەیوەست بەو شەریعەتەوە بوونی نییە، بەمەیش ئەو کۆمەڵە مەزهەبییە دروستدەکەن، کە بەدرێژایی هەزار و چوارسەد ساڵ بەناوی ئەو کۆمەڵەیەوە ناسراوە، کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (محەمەد) (د.خ) و هاوڕێکانیدا وەک کۆمەڵێکی زیندوو لە دایکدەبێت و پەرەدەسێنێت، هەر لە سەردەمی ئەواندا دەگات بە کەماڵی خۆی و ئەو گیانە ڕەهایە لەڕێگەی قورئانەوە بانگهێشتی کامڵبوونەکەی دەکات، نەتەوە لەناو ئایدیۆلۆژیای نەتەوەخوازەکاندا بیرۆکەیەکی زیندوو نییە، کە بە خۆی لەناو بیردا پەرەبسێنێت و بەرەو کەماڵی خۆی بڕوات، نەتەوە لەناو ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا پەیڕەو و پرۆگرامێکە و لەلایەن کۆمەڵە ئیمامێکەوە دانراوە دەبێت نەتەوەخوازەکان جێبەجێ بکەن، واتە نەتەوە شتێک نییە بۆ بوون و پەرەسەندن، بەڵکو شتێکە بۆ دروستکردن و جێبەجێکردن". ( مستەفا، ٢٠١١ ، ١٢٠).

لەو ساتەدا کە تاکە کلتورێک بەو مەبەستەی، کە لە خزمەتی کۆمەڵ و بەرژەوەندییە گشتیەکاندا خۆی نمایشدەکات، ئەوە ئەو ساتە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە دیارە لەودیو ئەم تاک کلتوورەوە مەرامێکی ئایدیۆلۆژی چێنراوە، ئەم مەرامەش لە بەرژەوەندی سەرجەم ڕایەڵەکانی ئەم کلتورەدایە، واتە ئەوکاتە لە فرە کلتورییەوە خودی خۆی بۆ نێو تاک کلتوری هەنگاو دەنێت، "هەمیشە تاک کلتوری بەو مەرامە کاردەکات، کە سەرجەم پەنجەرەکان دابخات و وامانلێبکات تەنها لە تاک دەرگایەکدا بڕوانین بۆ سەرجەم کایە و چەمکەکان، ئیتر ئەو کاتە دەتوانین ژیان لەیەکڕووەوە و

بەیەک ڕەنگ و مانا بەرجەستە بکەین، لەوانەیە ئەوکاتیش بەجۆرێک لە توندوتیژی و بوغز و قینە بە فۆرم و ڕەنگێکی مۆدێرن خودی خۆی نمایشبکاتەوە". (پیرداودی، ۲۰۰۳، ۷ )

پرۆسەی بیرکردنەوەی بەردەوام بۆ بەخشینی ویست و ئازادی بەسەرجەم مرۆڤەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لە نێو بازنەی کلتوری و (ئایدیۆلۆژیا و میتۆلۆژیا)دا دەربهێنێت، هەربۆیە ئازادی تاک دەبێت چەشنی پرۆسە و هەنگاو هەڵهێنانێک بێت ڕووەو خولقاندنی مانا و ئاماژە و چەمکی نوێ.

"تاکەکانی نێو کۆمەڵە ڕۆژئاواییەکان ئازادییەکی فرە ڕەهەندییان هەیە لە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتدا، کە بۆتە هۆی ئەوەی، کە چەندین چەمک و مانای نوێ لەتەک گۆڕانی ژیان و کۆمەڵەکانیان بێتەکایەوە، وەک چەمکەکانی (هیومانیزم، مەدەنییەت، دیموکراسییەت، مۆدێرنێتە...، هتد)، دیارە سەرجەم ئەم چەمکە فرە بەهایانە ئەزمونی بیرمەندان و تاکە خاوەن ئیرادەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە، کە بەهۆی خولقاندنی ئەم چەمک و مانایانە توانیویەتی بزوتنەوەی ڕێنیسانس لەسەرجەم بوارەکانی ژیان بێنێتەکایەوە بەرگێکی نوێ بە کلتور ببەخشێت و لە چوارچێوە کلتورییە تەقلیدییەکە ڕزگاری بکات و بە دیدێکی کراوە و دوور لە دیدێکی (میتۆلۆژیا)نە بۆ سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان بڕوانێت، بزوتنەوەی ڕۆشنگەری دەبێتە هۆی ئەوەی عەقڵانیبوون لە بەندیخانەکانی مێژوو ڕزگاربکات، چونکە عەقڵانیبوون سەرجەم دەرگاکان واڵا دەکات بەسەر دەقە ئایینی و ئایدیۆلۆژیاکان و سەرلەنوێ بەدیدگایەکی نوێ مانای نوێ و خوێندنەوەی نوێ پێدەداتەوە". (پیرداودی، ۲۰۰۳، ۷)، کەواتە بیرکردنەوەی بەردەوام تاکە چارەسەرە بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە چەقبەستوی، کە ئەوەیش تەنها لە ڕێگەی فەلسەفەوە جێبەجێدەکرێت).

"(فۆکۆیاما) لە تیۆری (کۆتایی مێژوو)دا، کۆتایی بۆ کلتور و جەستەی ڕۆژهەڵات دانا، بۆ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ ئایندەیەک نەکات، واتە بەم تیۆرەی مەرگێکی ئاشکرای بۆ خودی کلتوری ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند، بەو مەرامەی جیاوازی و فرە ڕەهەندییەت لەناو کێشە و چەمکەکاندا نەهێڵێت، بە تەنیا تاکڕەهەندییەتی خۆی لەناو گۆڕەپانەکەدا کار بکات، هەروەها دەیەوێت سەرجەم ڕایەڵەکانی خۆی لەناو یەک پاکێجدا کۆیانبکاتەوە، کە خۆی دەیەوێت و مەبەستییەتی زیاتر ئەویش پشتیوانی کردنە لە (لیبراڵی)یەتی ڕۆژئاوا و سەرجەم جیهانبینییەکانی خۆی وەک دەستەڵاتێکی ڕەها، پشتیوانی کردن و جەختکردنە سەر (لیبراڵی)یەتی خۆرئاوا خۆی لە خۆیدا دیارە مەرامێکی ئایدیۆلۆژی بۆ بەرهەمدەهێنیت، ئەویش دەرگا داخستنە بە ڕووی فرە ڕەهەندییەت و جیاوازی لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا زیاتر مانا و ئاماژە بە خودی کلتورەکەی خۆی دەبەخشێت". (پیرداودی، ۲۰۰۳، ۷).

کەواتە ستراتیژییەت و گوتاری (لیبراڵی)یەتی ڕۆژئاوا بە هیچ شێوەیەک نایەڵێت جەستە و کلتورێکی دیکە لە دەرەوەی دەستەڵاتی خۆیدا بخولقێت و نەشونمابکات، لێرەدا بە جیهانکردنی تاکە کلتورێک دەبینین ئیتر خۆی لە خۆیدا تاکە کلتوریش دەچێتە نێو قاڵبێکی دیکەی ململانێ و خوێنڕێژی و جەنگەڵستانێک لە خوێن بەرهەمدەهێنێت.

"ئایدیۆلۆژیای تێڕوانینی جیهانیبوون لێرەدا ئەم سیفەتەی ئایدیۆلۆژیا لە فەلسەفە نزیکتر دەبێتەوە، بەوپێیەی لە دەستەڵاتی (گشتگیری، جیهانگیریی)، چارەسەری کێشەکانی تاک و کۆمەڵگەش دەکات بەهەمان شرۆڤەش یەکلایی کراوەتەوە و لە مێشکی هەمووواندا ڕەنگیداوەتەوە". (محەمەد، ٢٠٢١، ٧٣٩)

کەواتە ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ فەلسەفەدا هەیە، چونکە سەرچاوەی پشکنین و گەڕان بەدوای ڕاستیدا لە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەدا هەست و هزری مرۆڤە، بەرلەوەی هەر بیرێک بکرێتە ئایدیۆلۆژیا سەرەتا بیرەکە بە شێوەی ئایدیاڵ لەناو فەلسەفەدایە، بەڵام لەکاتی گواستنەوەی و بە ئایدیۆلۆژیا کردنی دەبێتە پەیڕەو پرۆگرامێک، کە هەڵگرانی ئەو بەرنامە و پەیڕەو پرۆگرامە بە شێوەیەک پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، کە ئەمە ڕاستییەکی ڕەهایە و شیاوی ڕەخنەلێگرتنی نییە، دەیانەوێت تەواوی کۆمەڵگاکە و بگرە تەواوی مرۆڤایەتیش باوەڕپێبهێنن، جا لە کاتی ئەم کارەیشدا سڵ لە هیچ کارێک ناکەنەوە، کە زۆر جار بەگرتن و کوشتنی بەکۆمەڵ و دەربەردەرکردن کۆتایدێت.

## ٢/١-١) پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا:

دەقی ئەدەبی وەکو ئاوێنەیەک بۆ گوزارشتکردن و خستنەڕوی بیر و تێڕوانینی ئادەمیزاد، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا هەبووە، ڕۆڵێکی کاریگەریان لە پێشکەوتن و گواستنەوەی شارستانییەتی مرۆڤدا گێڕاوە، بەهەمانشێوەش سەرچاوەی ئایدیۆلۆژیاکان بیر و هزی مرۆڤە، کە هەر ئایدیۆلۆژیایەک خاوەنی دنیابینی تایبەتی خۆیەتی بۆ ڕێکخستنی ژیان، لەو پێناوەشدا هەموو توانای خۆی بەکاردەهێنێت، ئەدەبیش بەشێکە لە تواناکانی مرۆڤ، هەربۆیە ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا گفتوگۆ و بۆچوونی زۆر جیاواز و دوور لەیەکی هێناوەتەکایەوە.

کەواتە بۆ زانین و ئاشکراکردنی ئاستی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا، سەرەتا گرنگە سروشتی هەریەک لە ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و ئەو کارلێک و پەیوەندییەش کە لە نێوانیاندا هەیە، لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازە و بزانین.

"هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرانەی ئەمڕۆ هەن، لە بوونی بەرهەمێکی سادە و ساکارەوە، یان دەقێکی ئەفسانەیی و ئەدەبێکی زارەکییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو دەقە سادە و ساکارەش بۆ سەردەمی خۆی بە داهێنانێکی گەورە دەژمێردرا، ئەم دەق و بەرهەمانەی ئەمڕۆ کە لە ڕووی بنیاتەوە بازنەی سادەییان بە دەوردا دەکێشرێت، هەر ئەم دەقانە بۆ سەردەمی خۆیان بەرهەمی مەزن بوون، بەهەمانشێوە ڕەنگە ئەو دەقانەی ئەمڕۆ، یان ئەم ژانرانەی ئێستا گۆڕانیان بەسەردا بێت و دەق و داهێنانی دیکە جێگایان بگرنەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەقی ئەدەبی لەگەڵ بوونی مرۆڤدا سەریهەڵداوە و لە وێستگەیەکدا نەوەستاوە و لە بارێکی جێگیردا نەماوەتەوە، لەگەڵ هاتنی مرۆڤدا هاتووە و لەگەڵ ڕۆشتنی مرۆڤیشدا دەڕوات". ( مەلازادە، ٢٠٢٠، ٢٢).

بۆ پێناسەکردنی ئەدەب چەندین هەوڵی جۆراوجۆر هەبووە، بۆ نموونە "ئەدەب وەکو نوسینی خەیاڵی لە تێگەیشتنی داستانەوە پێناسە کراوە، واتە نوسینێک دەقاودەق ڕاستی نییە، بەڵام کورتترین سەرنجدان لەوەی خەڵک بەگشتی دەیخەنە ژێر ناونیشانی ئەدەبەوە نیشانی دەدات، ئەوە پێناسەیەکی تەواو نییە بۆ ئەدەب، ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی حەڤدەیەم، (شکسپیر)، (وێبستەر)، (مارڤێل)،

(میلتۆنی)، تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وتارەکانی (فرانسیس باکۆن) و پەند و ئامۆژگارییەکانی (جۆن دەن) و ئۆتۆبایۆگرافیای گیانی (بونیان) و ئەوەی (سیرتۆماس براون) نووسیویەتی لەخۆدەگرێت، لەوانەیە ئەدەب پێناسە بکرێت نەک بەو پێیەی، کە داخۆ نووسینی خەیاڵی، یان خەیاڵکردنە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەدەب زمان بە چەندین ڕێگەی تایبەتی بەکاردەهێنێت، لەسەر بنەمای ئەم تیۆرییە، ئەدەب جۆرێکە لە نوسین، کە بە قسەی ڕەخنەگری (ڕوسی) (یاکۆبسۆن)، ئەدەب ئەنجامدانی توندوتیژییەکی ڕێکخراو بەسەر زمانی ئاساییدا نیشاندەدات، ئەدەب زمان دەگوازێتەوە و چڕیدەکاتەوە و بە شێوەیەکی سیستماتیکانە لە قسەی ڕۆژانە دووریدەخاتەوە". ( ئیگلتن، ٢٠١٦ ، ٩).

کەواتە زمان دەق و بەرهەمی ئەدەبی لە بابەتی ئاسایی ڕۆژانە و زانستیش جیادەکاتەوە، کاتێک زمان لە دەوروبەر(سیاق)ەکانیتر دادەبڕیت لە مەبەست و مەرامەکانی دیکە دادەبڕێت، دەتوانرێت وەکو ئەدەب ڕاڤە بکرێت هەرچەندە پێویستە چەند خەسڵەتێکی هەبێت، کە بیکاتە شایستەی ڕاڤەکردنێکی لەم جۆرە، ئەگەر ئەدەب زمانێک بێت کە لە سیاق دابڕاو واتە دابڕاو لە ئەرک و مەبەستەکانی دیکە، ئەوا هەمدیسان لە خودی خۆیدا کۆنتێکستێکە کە جۆرە تایبەتییەکانی گرنگیپێدان بەهێز دەکات، یان دەوروژێنێت بۆ نموونە ڕوو لە ئالۆزییە شاراوەکان دەکەن و بەدوای واتای شاراوەدا دەگەڕێن، بە بێ ئەوەی وای دابنێن کە ئەم گوتەیە پێیاندەڵێت کە کارێک ئەنجامبدەن،

"وەسفکردنی ئەدەب واتە شیکردنەوەی کۆمەڵێک لە گریمانە و پرۆسە ڕاڤەکارییەکان، کە خوێنەران دەشێت بەشێوەیەکی تایبەت دەربارەی دەقگەلێکی لەم جۆرە بەکاری بهێنن". ( کالەر، ٢٠٢٠ ، ٦٧)

"لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا پێویستە بەر لە هەر کارێک سەیری ڕێکخستنە زمانییەکەی بکەین، نەک ئەوەی، کە ئەدەب وەکو دەرخستەیەکی شتە شاراوەکانی دەروونی، یان ڕامان و بیرکردنەوە دەربارەی ئەو کۆمەڵەی، کە بەرهەمیهێناوە بخوێنینەوە". (کالەر، ٢٠٢٠ ، ٦٧).

هەربۆیە فۆرمالیستە ڕوسەکان دەستپێکی سەدەی بیستەم شێلگیرانە داوایان لە ڕەخنەگرەکان دەکرد، کە گرنگی بە شیعرییەتی ئەدەب بدەن، "ستراتیژییەتە گوتنییەکان، کە شیعرییەتی ئەدەب دروستدەکەن و بەرجەستەکاری خودی زمان و نامۆییدان بە ئەزموون، کە لەڕێگە ئەم ستراتیژیەتانەوە دێتەکایەوە، فۆرمالیستە ڕوسەکان بە گۆڕینی ئاڕاستەی گرنگیدان لە نووسەرەوە بۆ ئامرازەکانی گوتن (verbal devices) هاتنە سەر ئەو باوەڕەی، کە ئامراز [کەرەستەی زمانی] تاکە پاڵەوانی ئەدەبە". ( کالەر، ٢٠٢٠ ، ٦٧).

دەتوانین بڵێن "شیعر دەربڕی هەست و نەست و هۆش و بیر و ئەندێشەی شاعیرە... شاعیریش تاکێکە لە کۆمەڵ، دەتوانێت بە وشەی ڕەنگین پڕ مانا، ناخی خۆی یەکالابکاتەوە و دەرییبڕێت وەک: (هەستی جوانی، خۆشەویستی، تورەیی، ڕق، سەرسوڕمان...هتد،) خەڵکی سادە و ئاسایی هەمان هەست لە ناخیاندا پەنگیخواردۆتەوە، بەڵام ناتوانن وەک شاعیر بە زمانێکی پاراو لە قاڵبێکی پڕ لە جوانکاری شیاودا دەریانببڕن، بۆیە خەڵکی پەنا بۆ خوێندنەوەی شیعری شاعیران دەبەن". ( سالەیی، ٢٠٠٧ ، ٣).

سەبارەت بە ئایدیۆلۆژیا و ئەو داخوازییەی لە ئەدەب هەیەتی، سەرەتا پێویستمان بە ناسینی سروشت و ئەو ئامراز و پێداویستیانەیە، کە ئایدیۆلۆژیا پێویستییەتی، ئەمەش لە زانینی داخوازییەکانی ئایدیۆلۆژیا لە ئەدەب و دەرخستنی سروشتی پەیوەندییەکەیان یارمەتیدەر دەبێت.

"هەر ئایدیۆلۆژیایەک پێویستی بە حیزبێک هەیە، کە بیکەن بە ئامرازێک بەرەو دوا خاڵی ئامانجیان، کە گەیشتنە بە لوتکەی دەستەلات لەم پێناوەدا سوود لە هەموو چالاکییە مرۆییەکان دەبینن، بۆ نموونە (ئەدەب، هونەر، شانۆ، مۆسیقا، وەرزش...هتد) هەوڵدەدەن بەکاریانبهێنن؛ بۆ بردنە پێشەوەی بەرنامە و بەرفراوانبوونی پێگەیان لەناو جەماوەردا، لەوێوەش گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەیان و پێکهێنانی دەوڵەتێک بەو شوناسەی لە چوارچێوەی بەرنامە دیاریکراوەکەی خۆیاندایە". (حەسەن، ٢٠٢٠، ٧). کەواتە ئەدەب وەک بەرهەمی بیری مرۆڤ، ئایدیۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیستەکان وەکو هۆکارێک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، واتە لای ئەوان ئەدەب کەرەستەیە نەک ئامانج، لێرەدا ئەدەب ناتەبا و دژ دێتەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا، چونکە لە بنەڕەتدا ئەدەب ئامانجە نەک هۆکار.

"هەموو ئایدیۆلۆژیایەک بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، هەموو ئایدیۆلۆژیایەک مەبەستییەتی کۆمەڵگە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە ئاسۆ و ڕێگاکانی لە بەرنامەکەیاندا نەخشەی بۆ کێشراوە، بۆ نموونە ئایدیۆلۆژیای (مارکس)، مەبەستییەتی کۆمەڵگە بەرەو (سۆشیالیزم، کۆمەنیزم) بەرێت و لەم ڕێگاوە هەوڵدەدەن دونیایەکی بێ چین و چەوسانەوە بهێننە ئاراوە، دیارە ئایدیۆلۆژیای (ناسیۆنالیزم، ئاینگەراکان)یش هەر بەهەمانشێوە کاردەکەن". (حەسەن، ٢٠٢٠، ٧).

کێشەی تێڕوانینی بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە یەکێک بووە لەو کێشە گەورانەی ڕەخنەگر و بیرمەندو فەیلەسوفەکانی پێوە ماندووبووە، بەردەوامیش ئەو پرسیارە هاتۆتە گۆڕێ، ئایا ئەدەب تەنها وەک سەرچاوەیەکی جوانناسی بەمەبەستی چێژوەرگرتن و خۆشیپێدان بە گیان و دەروون سەیربکرێت و بەهای هونەری تێیدا بکرێتە پێوانە؟ یان دەبێت ئەدەب وەک هەموو چالاکییەکی مرۆڤانە ئامانجێکی گەورەی لەدواوە بێت؟ خولیای ڕاستەقینەی ئەدیب داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی بێت، کە لە ناخ و کرۆکیدا نامەیەک ببەخشێت، بیەوێت ئامێزگرتنەوە بۆ هونەر تەنها لەپێناوی گەیاندنی ئەو نامەیەدا بکاتەوە؟ تا ئێستاش ئەم تێڕوانینە جیاوازانە بەشێکی سەرەکین لەزۆرێک لەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی لەسەر بەخشینی داهێنەرەکانی دنیای هونەر و ئەدەبیش دەکرێن.

"تێکستی ئەدەبی بەگشتی و زمانی چیرۆک بەتایبەتی ئەگەر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای بەسەرەوە بێت، ئەو جیاوازییە ڕوون و ئاشکرایەی تێدا بەدیناکرێت، کە لە نێوان زمانی دەق و نوسینی ئاساییدا هەیە، زمانی دەق زمانێکی سروش بەخشە و ئیلهام و هێما و ئاماژەکانی سنوری مانا فەرهەنگییەکە دەبەزێنێت، چونکە لە زمانی دەقدا وشەکان ڕاستەوخۆ مەبەستەکە بەدەستەوە نادەن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خودی ناوەوەت دەبزوێنن، بۆ ئەوەی بەپێی بیرکردنەوە و تێڕامان و بینین و بیستن و مەعریفەی خۆت پەیپێبەریت و بونیادی شاراوەی بدۆزیتەوە، بۆیە ئەدەب هەمیشە بەدوای دەقێکدا دەگەڕێت، کە خاوەن جیهانبینی خۆی بێت و دوور بێت لە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا، دەقێکی

ئەوتۆ کە فەزایەکی فراوان لە مانا و ئاماژەکان بخولقێنێت، کە هەڵگری ڕاڤە و بۆچوون و لێکدانەوەی نوێ بێت و هەمیشە خوێندنەوەیەک بخوازێت پێشتر بۆی نەکرابێت، دەقێک کە ڕووبەرێکی فراوان و کراوەی هەبێت و بوار بۆ خوێنەرەکەی برەخسێنێت، کە بە جیهانەکەیدا ڕۆبچێت و بە کەنارە فێنکەکەیدا پیاسە بکات، دیمەنێک لەسەر نەخشەکەی هەڵبژێریت، دەقی زیندوو دەریایەکی قوڵە و مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگای بیر و ئەندێشە و تێڕوانینیکی قوڵەوە بگاتە بنی ئەو دەریایە و گەوهەرەکانی بدۆزێتەوە، دەقی زیندوو ئەوەیە لە خودی نوسەرەکەیدا گەشەبکات". (ئەمین، ٢٠١٨، ٢٠٨).

(مەحموود دەرویش) دەربارەی شیعری سیاسی دەڵێت: ((شیعری سیاسیی لە ئەمڕۆکەدا جگە لە وتارێکی سیاسی چ مانایەکی دیکەی لای من نییە، کە ئەشێت وتارێکی جوان بێت و ئەشێت جوانیش نەبێت، ئەم جۆرە شیعرە زیاتر خاڵییە لەو شیعرییەتەی دەبێت لە شیعرەکەدا هەبێت، کە بەتەنگ ڕۆڵی داهێنەرانە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆیەوە دێت واتە؛ پێویستە شاعیر بەتەنگ پیشەکەیەوە بێت نەک بە تەنها بەتەنگ ڕۆڵی خۆیەوە بێت، بە ڕای من ئەو مەبەستانە بەسەرچوون، کە لە پشت شیعری سیاسییەوە بوون، تەنها لە حاڵەتی قەومانە گەورەکاندا نەبێت، ڕەنگە سبەی بۆ ڕودانی شتێک من بە توڕەیی هاوار بکەم)). ( دەرویش ،٢٠٠٦ ، ٢٢).

"سیاسەت ناتوانێت لە پەراوێزەکانی یاخود شانەکانی شیعر بەتەواویی دووربێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن تەعبیر لەم سیاسەتە بکەین؟ هەر مرۆڤێک لە ئێمە، کەم تا زۆر مەحکومە بە سیاسەت و هیچ نووسەرێک لە هەر ناوچەیەکی دنیادا بێت ناتوانێت بڵێت من خاڵیم لە سیاسەت، چونکە سیاسەت شێوەیەکە لە شێوەکانی ململانێ، ململانێی مانەوە و ژیان، ئەوە سروشتی کارەکانیشە، کە دەخوازێت سیاسەت بوونی هەبێت، پرسیاریش ئەوەیە ئایا ئەو شیعرە بۆ خۆی دەبێتە شیعری سیاسی؟ یان پێویستە لە بوونی خۆیدا ڕەهەندێکی سیاسی هەڵبگرێت؟ یان ئایا دەشێت لێکدانەوەیەکی سیاسی بۆ دەقی شیعر بکریت، یان نەء؟ ئەمما ئەو کاتەی کە شیعر دەبێتە وتارێکی ڕاستەوخۆ و کۆمەڵێک دەربڕینی سواو و بەسەرچوو و ئاسایی لەخۆدەگرێت ئەمەیان چ مانایەکی لای من نییە". ( دەرویش ،٢٠٠٦ ، ٢٢).

ئەگەر بۆنە بەو هۆیە بزانین، کە شاعیر هاندەدات شیعر بنوسێت دەبێت بە ڕاشکاوی دانیپێدابنێن، کە هیچ شیعرێک بەبێ ئەگەر و بیانوو و ئیلهامێک نەگوتراوە، "شیعری بۆنە و شیعری سیاسی نەک هەر پێوەندییەکی پتەو و تەنانەت تێکەڵیان هەیە، بەڵکو شیعری بۆنە بەزۆرەی مۆرکێکی سیاسی بەخۆوە دەگرێت، شاعیر مرۆڤیشە و هونەرمەندیشە وەک هەر تاکێکی ناو کۆمەڵ بگرە هۆشیارانەتر و وردبینانەتر لەناو ئەم بزوتنەوە گەورەیەی مێژوودا لەنێو بەسەرهات و کارەسات و ڕوداوەکاندا هەڵسوکەوت دەکات کاردەکاتە سەر دەوروبەری و دەوروبەریش کاریتێدەکەن، ڕاستە بۆنە تایبەتەکان لەگەڵ تەواوبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵدا ئەویش تەواو دەبێت و تۆمارەکەی دەپێچرێتەوە، بەڵام هیچ بابەتێک لە شیعردا وەک بابەت نەدەتوانێت نەمر بێت و نەدەشتوانێت زوو بمرێت، واتە مەسەلەکە بابەت نییە کە ژیان بە شیعر (سەرنج بدەن تەنیا شیعر دەڵێم)، دەبەخشێت، یان دەیکوژێت، بەڵکو چۆنێتی دەربڕینی شیعرەکە و ئاستی توانای هەر شاعیرێک لەم بابەتەدا ڕۆڵیاندەبێت". (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٩١).

شیعری سیاسی به شیعری بۆنەشەوە ئەگەر سەلیقە و داهێنانی تێدابوو، زانیارییەکانمان زیاد دەکات، هەتا وەک (بریشت)، دەڵێت: ((ژانیش دەکاتە خۆشی)). (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٩١)، ئەوانەی هیچ ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە هونەر و شیعر ڕەوا نابینن، پێیانوایە هەر شیعرێک خۆی بە مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک بکات، مۆرکی وتار (وەعز)ی بەسەردا زاڵدەبێت و لە خانەی هونەر دەچێتەدەرەوە، لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەتوانین بڵێین، هەر شاعیرێک لە ژیاندا دەیان شیعر و سەدان پەڕە کاغەز ڕەشدەکاتەوە و شیعرەکانی لەڕووی هونەرەوە لە پلەیەک ناوەستن، ڕەنگە چەند دانە شیعر، یان بە تەنیا شیعرێک نەمری ببەخشنە شاعیر، کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە شاعیر، تا چ ڕادەیەک دەتوانێت بۆنە و ڕوداوی تایبەتی بگۆڕێت بۆ بابەتێکی گشتی و خەم و ئاواتە تایبەت و گشتییەکان ئاوێتەی یەکتر بکات.

بابەتی پابەندبوون لە شیعردا یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە و لەمەودواش زۆرانبازیی لەسەر هەر بەردەوام دەبێت، هەندێک وا دەزانن "پابەندبوون بریتییە لە سەپاندنی ڕایەکی دیاریکراو ڕێبازێکی سیاسی دیاریکراو بەسەر شاعیردا، بەڵام پابەندبوون لە شیعردا هەروەک پابەندبوون لە کایە ئەدەبییەکانی تردا لەو ڕاستییەوە دەستپێدەکات، کە شاعیر دەبێت خاوەن نامەیەکی مرۆڤانە بێت، هاندەر و ڕەنگرێژی دواڕۆژێکی گەشەدار و ڕوناک بۆ خەڵک بێت". ( میسری، ٢٠٠٨ ، ١٠).

کەواتە ئاشکرایە هەموو شاعیران و لێکۆڵەران لەسەر ئەم بابەتە یەکدەنگ نین و بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین بۆچوونە جیاوازەکان کۆبکەینەوە و بەسەر سێ بەرەدا دابەشیان بکەین، کە ئەوانیش ئەمانەن:

١. ئەم بەرەیە بەتەواوەتی ئەدەب بەگشتی وادەبینن کە هەڵگرو خاوەنی پەیام بێت.
٢. بەتەواوەتی پابەندبوون لە ئەدەبدا ڕەتدەکەنەوە.
٣. بە کارێکی مەحاڵ دەزانرێت، کە ئەدەب بە تەواوەتی لە بیر و ئایدیای نوسەرەکەی داببڕێت، بەڵام ئەم پابەندی و تێکەڵی بیر و ئایدیای شاعیر، یان نوسەرە نابێت لەڕووی هونەرییەوە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر بەرهەمەکە هەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە دوو بۆچوونی تەواو پێچەوانە و دژ بە یەک لەم بوارەدا، کە بۆچوون و ڕوانگەی ڕیالیستەکان و پەرناسەکانە بۆ ئەدەب و ڕوانگەی سێیەمیش بە نموونە وەردەگرین.

## ٢/١-٢) ئەدەب لە ڕوانگەی ڕیالیستەکانەوە:

"(ڕیالیزم) لە وشەی لاتینی (realis-مادی، واقیعی)یەوە هاتووە، ئەمە میتۆدێکی هونەرییە کاتێک هونەرمەند پەیڕەوی دەکات ژیان لەو وێنانەدا نیشاندەدات، کە لەگەڵ جەوهەری دیاردەکانی ژیان خۆیدا گونجان... بەهۆی پۆلێنکردن و داتا (بەڵگەکانی)، ڕاستییەکانی واقیع خۆیەوە دادەمەزرێت... جەختیش لەسەر بایەخی ئەدەب وەک هۆیەک بۆ ناسینی مرۆڤ خۆی و دەوروبەری دەکات". ( هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٠، ٤٧٦ ).

"ڕێبازی (ڕیالیزم) بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمدا دەستپێکرد، (شامپفلۆری Champfleury)، (مووڕژێMurger۱۸۲۲_۱۸۶۱)، (دوورانتی Duranty)، (سەرنوسەری گۆڤاری ڕیالیزم۱۸۵٦-۱۸۵۷)، کە دژی ڕۆمانسیزم و پەرناسەکان هەڵسابوون و تەنانەت بۆ یەکەمجار هەر یەکیک لەو نوسەرانەش بوو (شامپفلۆری)، کە لە ( ۱۸٤۳)دا زاراوەی ڕیالیزمی بەکار هێنا". (پیربال، ۲۰۱۹، ۹۸).

(ڕیالیزم) لە سەرەتادا لە ماوەی سالانی ( ۱۸٤۸-۱۸۵۰)دا، کە ماوەی ململانێیەکی سەختی (پەرناس) و (ڕیالیزم)ە ڕەتکردنەوەیەکی دیاردە و ڕووداوەکانی پەرناسییەکان (هونەر بۆ هونەر) بوو، کە لە هەمان سەردەمی ڕیالیستەکاندا لە فەرەنسا بڵاوببووەوە، بۆ نموونە نیگارکێشی ڕیالیست، (گۆستاف کۆربی Courbet )دەڵێت: ((ئامانجی هونەر لە پێناو هونەر شتێکی بێ هوودە و پووچە)). (پیربال، ۲۰۱۹، ۹۸).

(ڕیالیزم) وەکو زاراوەیەک بەر لەوەی لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرکەوێت، لەناو فەلسەفەدا بڵاوبووەوە، زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە (شامپفلۆری) بە ڕابەری ئەو ڕێبازە لە قەڵەمدەدرێت و لە بواری ئەدەبیشدا بەو واتایە دێت، کە "هەموو بابەتێکی فیکری چارەسەرییەکی بابەتییانەی کێشەکانی ژیانی مرۆڤ بکات، ئەم چارەسەرییە وێنەکێشەییەکی ورد و قووڵ و لەباری وای تیابێت، نوسەر خۆی لەدەرەوەی بابەتدا بدۆزێتەوە، لێرەوە کێشەیەکی تریش ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە، کە (ڕیالیزم) بەو مانایە مێژوویەکی درێژ و کۆن و داهاتوویشی دەبێت، هەر لە حەقایەتی فۆلکلۆری و چیرۆکەکانی بەر ئاگردان بەڕای نوسەران هەموویان کەم و زۆر خۆیان لە بەشێکی ئەو پێناسەیەدا دەدۆزنەوە، لە بیروبۆچوونی ئەدەبیی ڕیالیزمدا هەستێکی گەورە بەدیدەکرێت، بۆ دەستنیشانکردنی تەنگوچەڵەمەکانی کۆمەڵ و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی شیاو بۆ چارەسەریان". (حوسێن، ۲۰۱٤، ۱۲۵).

(ڕیالیزم) لە ڕوسیادا بۆ سێ بەش دابەشکراوە: "ڕیالیزمی بەرایی، کە وابەستەیە بە قۆناغی پێش شۆڕش و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و سۆسیالیستیش، کە وابەستەن بە پاش شۆڕش، واتە سەردەمی یەکێتی سۆڤییەت، ئەدەبی دوای شۆڕشی ڕوسی ئەدەبێکی ئایدیۆلۆژییە، (ستالین) نوسەرانی بە ئەندازیارانی گیان دادەنا و ئەو کەسانەشی لە ناویان دەرکرد، کە لەگەڵ شۆڕش هاوتا و کۆک نەبوون، لە (حەوسەد) نوسەر، کە لە کۆنگرەی یەکەمی نوسەراندا لە ساڵی ( ۱۹۳٤) بەشداریان کردبوو، لە کۆنگرەی دووەمدا لە ( ۱۹۵٤) تەنیا (پەنجا) کەسیان ئازادبوون، یان زیندووبوون، کە توانیان بەشداری بکەن". ( شەمیسا، ۲۰۱۸، ۱۳٤).

باوەڕی لایەنگریی، یا باوەڕی ئەدەبیاتی حیزبی یەکێکە لە هەرە شەقڵە دیارەکانی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی سۆشیالیستی، بیری لایەنگریی، یان لایەنگریی نووسەر خۆی بیرێکی تازە نییە، ڕیالیستە سۆشالیستەکان دایاننەهێناوە، لایەنگریی یەکێکە لەو وێنانەی لە سەرەتای پەیدابوونی هونەرەوە هونەرمەند بە ژیانەوە دەبەستێت، لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەوردی لە نامەیەکدا ئەم ڕاستییە دەربڕاوەو وتراوە: (( ناتوانم بڵێم لەگەڵ شیعری ئامانجداردا نیم، چونکە (ئەسخیلۆس) باوکی تراژیدیا و

(ئەرستۆڤان)ی باوکی کۆمیدیا شاعیری لایەنگر بوون، باشترین شتێک کە دەربارەی کتێبی (تەفرە و خۆشەویستی)ی (شیللەر) بووترێت ئەوەیە، کە باشترین درامای (ئەڵمانی)یە، کە لە بابەتێکی سیاسی بکۆڵێتەوە و هەموو ئەو نووسەرە (ڕوس)ە هاوچەرخانە و (نەرویجی)یانە کە ڕۆمانی ڕەنگین دەنوسن، لەکاتی نوسیندا ئامانجێکی دیاریان لەبەرچاوە)). ( ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ١١١).

"(ڕیالیزم) ئەو قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەیە، کە واقیع وەک خۆی پێشکەش دەکات، بێئەوەی بیکاتە نموونەیی، یان (ڕیالیزم) لە ئەدەبدا بریتییە لەوەی، کە هەموو شتێک چۆن دێتە بەرچاو، لەچی بارو وێنەیەکدا بێت، بەو جۆرە دەربخرێت، بەبێ ئەوەی لە دەریای ئایدیالیزم و ئەندێشەدا بخنکێنرێت". (قادر،١٢،٢٠١٠).

"چەمکی (ڕیالیزم) بە شێوەیەکی فراوان دیارکردنی پەیوەندی بەرهەمی ئەدەبی و واقیعیشە، بێئەوەی کە نوسەر سەر بە ئەم قوتابخانە، یان ئەو ڕێبازەی ئەدەبی بێت، هەموو هونەرێکی ڕەسەن بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی واقیعە، لەم ڕوانگەیەوە (ڕیالیزم) هاوواتای حەقیقەتی ژیانە... کاتێک باس لە ڕیالیزمی (هۆمیرۆس، دانتی، شکسپیر...هتد)، مەبەستمان ئەوەیە، کە بەرهەمەکانیان بە قووڵی بە ژیان و ڕاستیدا ڕۆچوون". (هاڵبێرگ،٤٧٦،٢٠١٠).

باوەڕ بە لایەنگری بە درێژایی بەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی جیهانی گشتی وەک بیری کۆنەپەرستی بە درێژایی ئەو بەرەو پێشچوونە ویستوویەتی نیشانیبدات پێچەوانەی باوەڕی سەربەستیی و داهێنان نەبووە، "سەربەستیی داهێنان وەک ( بیلینسکی) نیشانیداوە بە ئاسانی لەگەڵ خزمەتی گیانی هاوچەرخدا دەگونجێت، ئادەمیزاد ناچار نییە زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەوەی دەربارەی باسی دەستنیشاکراو بنوسێت، یان خەیاڵی خۆی ببەستێت بە باسی تایبەتییەوە تەنها ئەوە بەسە نوسەر هاوولاتی بێت، ڕۆڵەی کۆمەڵ و چەرخی خۆی بێت، تا لە چاکەی بگات و هیواو ئاواتی خۆی و کۆمەڵەکەی یەکبخات، دەبێت نوسەر ڕادەیەک سۆز و خۆشەویستی و تێگەیشتنی واقیعی ڕاستی هەبێت و بیر و ڕەفتار و نوسین و ژیان لەیەک جیانەکاتەوە، سەربەستی ئەفراندن یان گەیشتنە ڕادەی ئازادیی ڕاستەقینەی خوڵقێنەر لەلایەن هونەرمەندەوە بە زانینی مەنتیقی مێژوو پێکدێت، ئەمە ئازادبوونە لە ئارەزوو و وڕێنە و مانای بینینی بابەتیی جیهانە، یان ئەوەیە ئادەمیزاد وا لە خۆی بگات، کە هێزێکی بە توانایە و دەتوانێت بە ڕاستگۆیی جیهان ڕاستبکاتەوە و بەرەو کامڵی ببات، (گۆرگی) چەندجار ئەوەی وتووەتەوە کە ئازادی شتێک نییە بە زۆر سەپێنرابێت، بەڵکو ئەوەیە بەپێی تێگەیشتن ڕفتار بکەیت، ئازادی داهێنان مانای ئەوەیە، کە ماوەیەکی بەرین لە بەردەمی هونەرمەندا هەیە، بۆ ئەوەی لایەنگری سروشتی هونەر و سروشتی خۆی بێت، هونەر بۆ گەلە ئەمەش مانای وایە، کە دەبێت لە پەروەردەکردنی سیاسی و ئەخلاقی و ئیستاتیکی ئادەمیزادا بەشدار بێت". ( ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ١٢٢).

"سەردەمی ڕۆشنگەری ئەڵمانی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمەوە دەستیپێکرد، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم درێژبووەوە، کە لەم ماوەیەدا گەورەترین بیرمەند و فەیلەسوفەکانی (ئەڵمانیا) دەرکەوتن وەکو (شیلەر، گۆتە، هیگڵ، کانت...هتد)، (فریدریک شیلەر ١٧٥٩-١٨٠٥) شاعیرێکی گەورەی

ئەڵمانییە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بڵاوبوونەوەی دادپەروەری و دەیەوێت یەکسانی بێتەدی، گۆڕان لە واقیع بکات و بۆ بەرەوباشتر بوونی ژیانی خەڵکی هەوڵدەدات، داوای ئازادی بۆ تاک دەکات ئاگاداریان دەکاتەوە لە خراپە دوورکەونەوە، هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات بۆ بەرەو باشتر بوونی کۆمەڵەکەی، شیعری پەیوەست دەکرد بە واقیع و سەردەم، هەوڵیدەدا لەڕێگەی بەرهەمەکانییەوە واقیعی کۆمەڵگاکەی بەرەو باشتر بوون ببات، لە ڕووی کۆمەڵایەتیشدا باری ژیاری کۆمەڵ و ئاستی هزری و فەلسەفەی بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا ڕەنگیدایەوە". ( ڕەسوڵ، ١٩٨٩ ،١١١).

"(گۆتە ١٧٤٩-١٨٣١) فەیلەسوفیکی دیاری ڕۆشنگەری ئەڵمانییە، جەخت لەسەر لاساییکردنەوەی سروشت لە هونەردا دەکاتەوە، پێیوایە هیچ شتێکی مەزنتر لە سروشت نییە، هەروەها جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان شیعر و واقیع دەکاتەوە، بڕوای وایە هەر واقیعێکی ژیان جۆرێک هونەر و شیعری دەوێت، لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری) کاریگەرییان لەسەر شیعر و هونەر هەیە، (گۆتە) شیعر پەیوەست دەکات بە واقیع بەمەبەستی گۆڕانکاری لە واقیعی کۆمەڵگا بۆ بەرەو باشتربوون و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاکەی لە گشت ڕووییەکەوە، چونکە پێیوایە هونەرمەند دەبێت بەرهەمەکانی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵێنجێت، لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەیدا بۆ بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی بژی". (حەوێز، ٢٠١٥، ٣٦).

کەواتە ڕێبازی (ڕیالیزم) بە بینینی بابەتیانە خۆی لە ڕێبازەکانی پێشو جیادەکاتەوە، ئامانجی ئەوەیە سەرجەمی واقیع وەک خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، واتە دەیەوێت بە چاوێکی بابەتیانە و دوور لە خودییەت، ژیان و ڕووداوەکان وەک چۆنن هەن بەیان بکات، ئەمیش هەڵوێستێکە دژ بە ئایدیالیزمی کلاسیک و خەیاڵپەروەریی ڕۆمانتیکەکان، کەواتە دەربڕینی ڕاستی لای نووسەری ڕیالیست بایەخێکی گرنگی هەبوو، بۆ ئەمەش بە فراوانییەوە پشت بە لێکۆڵینەوەی ژیانی کت و متی ڕۆژانەی خەڵک دەبەستێت و بابەتەکان بە زمانی ژیانی ئاسایی دەردەبڕێت، خەسڵەتێکی دیکەی ڕێبازی ڕیالیزم ئەوەیە باسی ئەمرۆ و دیاردە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە هاوچەرخەکانی دەکرد، هەر ئەم پەیوەندی و ڕۆچونە لە واقیعدا و جەختکردنەوەی بابەتیانە بووەتە خاڵی لاوازی لە بەرانبەر ڕەخنەگرانی ڕێبازە جیاجیاکاندا، کە ئەم پەیوەست بوونە بە واقیعەوە کاری نەرێنی لەسەر لایەنی جوانی دەکات.

## ٣-٢/١) ئەدەب لە ڕوانگەی پەرناسەکانەوە:

"ڕابەر و لایەنگرانی ڕێبازی (پەرناسیزم) لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی میتافیزکی (کانت)دا بوون، کە دەڵێت: ((شاکاری هونەری خاوەنی چەندین خاسیەتی جەوهەریی تایبەت بە خۆیەتی))، بە پێی بیروڕای (کانت)، شیعریان لە هەموو مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێبەری دەکرد و فۆرم ڕوخساریان بە مەبەستی سەرەکی هونەر دەزانی، بۆیە زۆرجار دەستەواژەی هەوادار و لایەنگرانی (هونەر بۆ هونەر)یان بۆ بەکاردەهێنان، (تیوفیل گۆتییە ١٨١١- ١٨٢٢)یش یەکێک لە لایەنگرە توندڕەوەکانی بوو". ( حوسێن، ٢٠١٤، ١٢٥).

یەکەم خاسیەتی ئەو ڕێبازە ئەوە بوو، خۆی لە هەموو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی دوورەپەرێز دەگرت، لە جیاتی ئەوانە بە پلەی یەکەم جوانناسیی و بابەتی داهێنان لە ڕوخسار و

ڕیتمی مۆسیقی شیعردا دەدۆزێتەوە، "شیعر بە لای ئەوانەوە دوور بوو لە بابەتی سۆز و ئەندێشە بەقەد ئەوەی بیریان لە سەنعەتی شیعریی دەکردەوە، هەموو هەوڵ و کۆششێکیان ڕوخسار بوو، بۆیە ناوەڕۆکیان پشتگوێ خستبوو، هەر بۆیە شیعر دەنگی ڕاستەقینەی سەردەم نەبوو، لە هەمانکاتدا گوزارشتی لە کێشە و هەڵچوونەکانی شاعیر نەدەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ڕووی ڕوخسارەوە لە سادە و ساکاریی لە دەربڕین دوورکەوتنەوە، شیعر دەگەیشتە لوتکە لە جوانی، لە بابەتی فێرکردن دووردەکەوتەوە و شیعر بۆ شیعر بوو" .( حوسێن، ٢٠١٤، ١٢٥).

"(ڤیکتۆر هۆگۆ) یەکەم کەس بووە دەربڕینی (هونەر بۆ هونەر)ی لە ساڵی (١٨٢٩) بەکارهێناوە، وەڵامی ئەوەی داوەتەوە، کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە بەرهەمەکانی دووربن لە ئامانجەکانی کۆمەڵایەتی، یان کاری ئەدەبی هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤەوە نییە، داوای سەربەخۆیی شیعریان دەکرد لە هەموو ئامانجە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان، ئامانج و تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕێبازە شیعرییە بایەخی بە ڕوخساری ئیستاتیکی دەقی شیعریی و ئەبستراکبون دەدات، دەقەکانیش پیکهاتەی کۆمەڵێک وێنەی جوان و تێکەڵ بە ڕەنگ و ئاوازن، کە بە شێوازێکی تەکنیکی شیعریی دەژمێرێت، وەسفێکی بابەتییە  و لەدەرەوەی خودە، لە لایەکی تریشەوە بە قوڵبوونەوەی چەمکی (هونەر بۆ هونەر) دادەنرێت". ( حەمە ئەمین،٢٠١٢ ، ١٢٥).

(پەرناس) بەڕابەرایەتی (لۆکانت دو لیڵ loconte de lisle ١٨١٨-١٨٩٤)، لە ساڵی (١٨٦٠)دا پەیدابوو، (لۆکۆنت دولێل) وەرگێڕی بەرهەمەکانی (هۆمیرۆس، سۆفۆکلیس، هۆراس)ە، لەبەرئەوە دژی ڕۆمانسیزم و کرۆکگەرایی بوو و بانگەوازی بۆ ئاوڕدانەوە لە بەرهەمی کلاسیکەکان و کەسە بەناوبانگەکانی یۆنان دەکرد، هەندێک لە لێکۆڵەران (تیۆفیل گۆتییە) بە بنیاتنەری ئەم ڕێبازە دادەنێن، ئەو جووولانەوەیە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە فەڕەنسا لایەنگرێکی زۆری هەبوو، وەکو کاردانەوەیەک لە بەرانبەر ڕۆمانسیزمی (ڤیکتۆر هۆگۆ)، (لامارتین)دا هەژماردەکرا، بەباوەڕی پەرناسەکان ناوەڕۆک گرنگ نییە، بەڵام ڕوخساری شیعریی پێویستە باڵا بێت، شیعر نە پێویست دەکات پێبکەنێت، نە بگرێت، بەڵام ئەوەی زۆر پێویستە ئەوەیە، کە جوان بێت، دروشمی پەرناسەکان (هونەر بۆ هونەر) بوو، شاعیرە دیارەکانی ئەم ڕێبازە لە (فرەنسا)دا بریتییە لە: (سولی ۆرۆدهۆم، فرانسوا کۆپی)، کە شیعری ناتۆرالیستیشی دەهۆنیەوە، (ژان لاهور، خۆزێ ماریا هیبریدیا) لە وڵاتانی دیکەی  وەکو ئینگلتەراش لایەنگرانی هەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەرنەگیرا، بنەماکانی شیعری پەرناسەکان بریتین لە:

١. شیعر پێویستە جوان بێت.
٢. فۆرمی باڵا.
٣. گرینگیدان بە سەرواداری.
٤. وردی لە هەڵبژاردنی وشەکاندا.
٥. باوەڕبوون بە بنەمای هونەر بۆ هونەر.
٦. گرینگی نەدان بە هەستەکان. ( شەمیسا، ، ٢٠١٨، ١٧٣).

(تیۆفیل گوتییه ١٨١١- ١٨٧٢) له پێشەکی ڕۆمانەکەی خۆیدا ( خانم دو مۆپەن) ئەو تیۆرەی بەرجەستەکرد و دەڵێت: ((هونەر خۆی ئامانجی هونەرە، نەوەک ئامرازێک بێت بۆ ئامانجێکی دیکە، ئەم ئامانجەش تەنیا جوانییە، جوانی سوودی نییە، بەڵام هەرشتێک سوودبەخشە ناشیرینە، چونکە پێداویستییە مادییەکانی ژیانی مرۆڤ نیشاندەدات، شاعیر وەکو پەیکەرسازێکە و پێویستە کارەکەی هەستپێکراو و بەرجەستە بێت، لەو شیعرە بەرجەستانەدا شاعیر خۆی دەسڕێتەوە و خۆی نیشان نادات))، ئەو قسەیە لە پاشاندا شاعیری ناوداری سەدەی بیستەم ( تی ئی ئیلیۆت) بەشێوەکەی دیکە خستیەڕوو و دەڵێت: ((پێشکەوتنی هونەرمەند لە خۆفیداکردن و خۆقوربانیکردنی بەردەوامیی خودی خۆیەتی و شاعیر پێویستە لە شیعرەکانی خۆیدا کەسایەتی خۆی بسڕێتەوە))، (گۆتییە) لە بارەی (بۆدلێر)ەوە دەڵێت: ((ئەو لایەنگری لە خودییەتی ڕەهای هونەر دەکرد و هەرگیز قبووڵی ئەوەی نەدەکرد، کە شیعر دەبێت ئامانجێکی لە دواوەی خۆیەوە هەبێت، یان ئەوەی کە خاوەنی ئامانجێکی وروژاندنی هەستی جوانی، ئاسمانی جوانی بە واتا ڕەهاکەی بێت لە ڕۆحی خوێنەردا))، دروشمی (هونەر بۆ هونەر) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لایەنگرێکی زۆری بەدەست هێنا و یەکێک لەمانەش ( ئۆسکار وایڵد)ی نووسەری بە ناوبانگی ئینگلیزییە. (شەمیسا، ٢٠١٨، ١٧٣).

بزوتنەوەی پەرناسییەکان و هونەر بۆ هونەر لەڕووی فەلسەفییەوە ڕەگ و ڕیشەیان لە بیری (جوانناسی"Aesthetism )دا هەیە، بەپێی ئەم ڕوانینە هونەر نابێت لە خزمەتی مەبەست و ئامانجەکاندا بێت، مەبەست و ئامانجی هونەر لەخودی هونەردایە، لەبەرئەوە هونەرمەند نابێت بانگەشە بۆ هیچ سیاسەتێک، ڕەوشتێک، یان ئاینێک بکات، "لە قۆناغی ڕۆمانسیزمدا شاعیر و نوسەرانی وەک (کانت، شیلەر، گۆتە) لە ئەڵمانیا هەموویان بانگەوازی بۆ ئەو بیرۆکەیە دەکرد، کە هونەر سەربەخۆیە، (ئیمانوێل کانت) لە ( ڕەخنەی هەڵسەنگاندنی جوانناسی)دا ڕووی لەو فەلسەفەیە کرد و دەڵێت: ((سوودمەند بوون، یان ڕەوشتی بوون ئەو بابەتانەن، کە لەدەرەوەی ئەدەبدان))، ئەم بیرە لە (ئینگلتەرا، ئەمریکا، فرەنسا)ش چەند پێڕەوکەرێکی هەبوو،( کۆلێردج) لە ئینگلتەرا، (ئەدگار ئالان پۆ)، (ئیمرسن) لە ئەمریکا برەوپێدەری ئەو بیرە بوون، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا لە (فرەنسا) چاخی ناتۆرالیزم تەنها بەهایان بە زانست دەدا و هونەری ناسوودمەند و نا ئەخلاقییان قەبووڵ نەبوو، لەبەرئەوەی ئەم کارە بووە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی چەند کاردانەوەیەک، تیۆری هونەر بۆ هونەر و ڕێبازی پەرناسەکان بە نزیکەی لەگەڵ هەمان جووڵانەوەی ئیستاتیکای نوێ هاتنەکایەوە". (شەمیسا، ٢٠١٨، ١٧٣).

"(بۆدلێر)، کە لەژێر کاریگەریی (ئەدگار ئالان پۆ) بوو، (فلۆبێر)، کە قسەی لەبارەی جوانی دەکرد و (مالارمی)یش هەمان باوەڕییان هەبوو، بەشێوەیەکی تایبەت پێویستە جەخت لەسەر کاریگەریی ئەو فەلسەفەیە بۆ سەر سیمبولیستەکان بکرێت". (شەمیسا، ٢٠١٨، ١٧٣).

ئیستاتیکای نوێ جەختی لەسەر ئەوە بوو، کە چۆن هونەر پەیوەندی بە ژیانەوە نییە، ئاوها پەیوەندی بە ڕەوشتیشەوە نییە، "(ئۆسکار وایڵد) لەو لایەنەوە ناسراوە هونەر تەنیا پێوستە جوان بێت، ئەو بیرکردنەوەیە لە ئەدەبدا درێژبوویەوە بەرەو (شیعری پاک)، ئاوڕدانەوە لە ئەفسانە کۆنەکان و ڕووکردنە

کلتور و فەرهەنگی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەدەبی سوارچاکی و ڕۆمانس لە بەرهەمی پەیڕەوکارانی ئەم جۆرە بیرۆکەیە دەبینرێت، جەختکردنەوە لە داهێنانی هونەری، زیرەکی و مامۆستایی لە داهێنان، ڕووکردنە بەها خوودییەکانی ئەدەب لە بەرهەمی هاوچەرخەکانی وەکو ( ییتز، ئیلیۆت) هەر لەو بیرەوە سەرچاوەی گرتووە" .( شەمیسا، ٢٠١٨، ١٧٦)، کەواتە لە ڕێبازی (پەرناس)دا ناوەڕۆک و بابەتیبوون گرنگ نییە، بەڵام ڕوخساری شیعریی پێویستە باڵا بێت، دروشمی سەرەکیان تیۆری (هونەر بۆ هونەر) بووە، هونەر خۆی ئامانجی هونەرە، نەوەک ئامرازێک بێ بۆ ئامانجێکی دیکە، ئەم ئامانجەش تەنها جوانییە، جوانی سوودی نییە، هەرشتێک سوودبەخشە ناشیرینە هەر ئەمە بۆچونەیش بووە هۆی ئەوەی، کە ڕەخنەگرانی نەیاریان بە ناواقیعی دابڕاو لە ژیان بیانناسێنن.

## ٤-٢/١) بۆچوونی سێیەم:

ڕوانگەی سێیەم بۆ بیروبۆچوون دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا، ئەوەیە کە مادام هەم ئەدەب و هەم ئایدیۆلۆژیا هەردوکیان زادە و بەرهەمی بیر و عەقڵی مرۆڤن، ئەستەمە بەو ڕەهاییە بتوانرێت لایەکیان فەرامۆش و وەلابخرێت.

"(دەنیز لیڤەرتۆڤ) ژنە شاعیری ئەمریکی بە ڕەچەڵەک بەریتانییە، یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی ئەمریکا، بە تایبەت لە ساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، باوەڕی وابوو هیچ ڕووبەرێک، یان سنورێک لە نێوان ژیان و هونەردا نییە، لە لای ئەم خانمە شاعیرە شیعر و ژیان هیچ سنوورێکیان لە نێواندا نەبووە... (شیعر نەیتوانیوە هیچ پێناسەیەک و مانایەک لە خۆبگرێت جگە لە هاوشان و هاوتاکردنی بە ڕووبەری بەرینی ژیانەوە، (لیڤەرتۆڤ) لەناو ئەم ڕووبەرە بەرینەوە کاری لەسەر شیعر و داهێنان و زمان و چەمکی جوانیی کرد، بەو پێیەی شیعر لەم ڕووبەرە فراوانەدا کاردەکات، بۆیە دەتوانێت هەموو بابەتێک لەخۆ بگرێت، بەڵام پێویستە لەژێر دەستەڵاتی شیعر و زمانی شیعریدا بێت، لەناو شیعرەکانی (لیڤەرتۆڤ) سیاسەت ڕووبەرێک و شوێنێکی بەرچاوی هەبووە، بەڵام سیاسەی دەنگ و ڕەنگ و جوانییەکانی شیعری نەشێواندووە، لەگەڵ ئەوەی شیعری سیاسی زۆر نووسیوە، بەڵام بە چڕیی کاری لەسەر زمانی شیعر کردووە، چونکە لەلای ئەو زمان تەنها ئامرازێک نەبووە بۆ گەیاندن، بەڵکو ئامرازێک بوو بۆ داهینان و نوێبوونەوە هاوکات سەرچاوەیەکیش بوو بۆ جوانی، بۆیە (لیڤەرتۆڤ) لە نووسینی شیعرە سیاسییەکانی هیچ دوودڵییەکی نەبوو، چونکە لە ڕوانگەی ئەودا، چەمکی سیاسەت مانایەکی  دیکەی هەبوو". (حەسەن، ٢٠١١ ،٧).

(لیڤەرتۆڤ) دەڵێت: ((من وا هەستدەکەم شیعر منی بەرەو سیاسەت برد، نەک سیاسەت وای لە من کردبێت شیعر بنووسم)). (حەسەن،٢٠١١ ،٧)، واتە (لیڤەرتۆڤ) لەڕێگەی شیعرەوە بە سیاسەت ئاشنابووە، لەڕێگەی شیعرەوە لە دەرگای سیاسەتی داوە، واتە پێشوەخت نە کەسێکی سیاسی و نە هەڵگری هیچ بیروباوەڕێک و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەت لەناو شیعرەکانی ئەم ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە، بەڵام بە ئاگاهانە کاری لەسەر ئەم تێزە شیعرییانە کردووە، شیعرەکانی خۆی نەخستۆتە خزمەت هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، کەواتە

سیاسەت لەناو شیعرەکانی ئەو ڕوخساریکی دیکە و مانایەکی تریان هەبووە، دەتوانین بڵێن سیاسەت لەناو شیعرەکانی ئەو هاواری ویژدان مرۆڤایەتی بۆ جوانکردنی ژیان بووە.

"(ڤلادیمێر ژدانۆڤ) لە ساڵی (١٩٥٦)دا، لەباسی پەیوەندی ئەدەب بە دەوروبەرەوە بەم جۆرە بۆچوونی دەربڕیوە، کە ئەدەب دەبێت لە پەیوەندی لێکدانەبڕاوی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لەسەر پایەی ژێرخانی ئەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانەی، کە کاریگەرییان بەسەر نوسەرەوە هەبووە لێبڕواندرێت... ئەم ڕوانینەشی کە هەر کتێبێک بە یەکەیەکی سەربەخۆ و تاکەکەسی دادەنێت، بە شتێکی زەین و تاکلایەنانەی دانا و ڕەتیکردەوە". (jdanov,1956,141).

"هەردوو (چەمکی بنەڕەتی (ڕۆحی کات zeitgeist )، (ڕۆحی نەتەوەیی volksgeist)، بۆ یەکەمین جار لە دەوروبەری ساڵی (١٨٠٠)دا لە کۆڕی هاوڕێیانی ئەڵمانی (مەدام دی ستایل) هاتە ناو زمانەوەو برەویان پەیداکرد، هەمان ئەو چەمکانە دەتوانرێت لە شێوەی گوزارشتێکی سێ شێوەیی لە تیۆری (هیپۆڵت تین)دا بەدەست بهێنرێت: (ڕەچەڵەک، ژینگە، کات)، پێکەوەلکانی ئەم سێ هۆکارە چەسپێنەری دیاردەی ئەدەبییە". (ئێسکارپیت، ٢٠١٨، ٢٩).

(ئەدۆنیس) دەربارەی پەیوەندی نێوان شیعر و فیکر دەڵێت: ((من خۆم یەکێکم لەو شاعیرانەی شیعر و فیکر بەیەکەوە گرێدەدەم، لەو باوەڕشدانیم بەبێ یەکگرتوویی شیعر و فیکر، شیعری مەزن هەبێت، ئەگەر هەموو شاعیرانی دنیا بخوێنیتەوە لەوانە بێگومان شاعیرە گەورەکانی عەرەب و تەنانەت شاعیرانی تەسەوف و ئەوین، دەبینی فیکر لە نوسینی شیعرییاندا شتێکی بنچینەییە)). (ئەسوەد، ٢٠٠٨، ١٩٤ ).

(ی.م.لۆتمان) لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە کتێبی (بونیادی دەقی هونەری)دا دەڵێت: ((هیچ کارێکی هونەری نییە و نابێت کە هەڵگری مانا نەبێت))، هەروەها یەکێتی شێوە و ناوەڕۆک بە جدی وەردەگرێت، هونەر لای (لۆتمان) مانایەکی فراوانی هەیە، مۆدێلە هونەرییەکان کەمتر وابەستەی کاتن، ئەوەی وا دەکات کە هونەر بژی، ئەوەیە کە مانای لە خودی خۆیدا نییە، بەڵکو لە پەیوەندیدایە بە دەوروبەرەوە، ئەو مەعریفەیەی کە کاری هونەری دەربارەی واقیع دەیگەیەنێت لە خودی دەقەکە بۆ خۆیدا نییە، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان کارە هونەرییەکە و واقیعدایە. (لۆتمان،٢٠١٩، ١٥)، کەواتە لە نێوان هەردوو بۆچوونی (ڕیالیزمەکان و پەرناسەکان)دا، کە یەکەمیان، تەنها گرنگیان بە بابەت دەدا و دوومیان، گرنگیان بە ڕوخسار دەدات، هەر جۆرە بابەتی بوونێکیان ڕەتدەکردەوە، بەڵام لەم نێوەندەدا بۆچوونی سێیەمیش هەیە، کە پێیانوایە کە ناتوانرێت ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی لە ژیان و دەوروبەر داببڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیان بە لایەنی هونەری دەقەکە جێگای بایەخیانە و گرنگی پێدەدەن.

## ٣/١) پەیوەندی شیعر و ئایدیۆلۆژیا لە ڕوانگەی بیرمەندانەوە:

دیارە گەڕان بۆ وەڵامی ئەوەی شیعر چییە؟ پەیوەندی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا چۆنە؟ یان چۆن لە ئەرک و ڕۆڵی شیعر دەڕواندرێت؟ ئاسان و یەک ڕوو نییە، هەر لە دێر زەمانەوە گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لەسەرکراوە، لەو نێوەندەیشدا بۆچوونی زۆر هاتووەتەکایەوە، کە هەندێکجار تەواو پێچەوانەی یەک دەوەستنەوە و هەندێک بۆچوونیش لە نێوان بۆچوونە دژبەیەکەکاندا لە ئاستی

نێوەنگیریدا خۆیان دەبیننەوە، بۆیە هەوڵدەدەین بۆچوونی چەند بیرمەندێک لەسەر ئەرک و ڕۆڵی شیعر وەربگرین، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی کە زۆرترین کاریگەرییان لەم نێوەندەدا هەبووە.

### ١-٣/١) هیگڵ:

(هیگڵ)[١]لە مێژووی نوێی فەلسەفەدا ڕۆڵێکی کاریگەریی هەیە، لەبەرئەوەی فەلسەفە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەسەردەستی (هیگڵ)دا چووە قۆناغێکی دیکە، دوای ئەوەی ئەم فەیلەسوفە توانی وەرچەرخانێکی گەورە لە بیرکردنەوە فەلسەفییەکاندا بەدیبهێنێت، ئەمەش لە میانەی خستنەڕووی تیورە بەناوبانگەکەی لەبارەی لۆجیک و دیالێکتیک، کە بووە هۆی ئەوەی شۆڕشێکی مەزن لە بواری فەلسەفەدا بەرپا بکات.

"(هیگڵ) پێیوایە (هیچ قۆناغێک لە مێژوودا نەبڕاوە و هەمیشەیی نییە، تاکو مێژوو بە دوا قۆناغی گەشەکردن نەگات، ناکۆکییەکان بە تەواوی لەناو نەچن، هیچ ڕاستییەک ناتوانێت لافی ڕەهایی لێبدات". (کەمال، ٢٠١٦، ٦).

لە ڕوانگەی (هیگڵ)ەوە "شیعر پێشەنگی هەموو هونەرەکانە، لە وێناکردنی جوانی ئەبستراکت، لەبەرئەوەی شیعر لە دەروونەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی ئەو خاڵە خاڵێکی بەهێزە، چونکە ئایدیا بەسەر هونەردا دەستدەگرێت، بە شێوەیەک وێنەی هەستی و مادی بە ڕوونی وێنادەکات، بەو شێوەیە شیعر دەبێت بە فۆرمێکی پێچەوانەی هونەری تەلارسازی، چونکە لە تەلارسازی مادە دەستدەگرێت بەسەر ئایدیادا، ئەگەر هونەری جوانی لەسەر پرەنسیپی دیاردە هەستییەکان دابنرێت، ئەوە لە ڕوانگەی (هیگڵ)ەوە شیعر بە بەرزترین هونەر دادەنرێت، ناتەواوی لە هونەری شیعر، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وێناکردنی ئایدیاکان، لەسەر هەستکردن بە دیاردە هەستییەکان". (مەتەر، ٢٠١٩، ١٤٥)، هەروەها "(هیگڵ) بە پۆلێنکردن کۆتایی بەو پرسە دەهێنێت، کە هونەری پەیکەرتاشی و وێناکردن و مۆسیقای، بە ڕەسەنترین هونەری وێناکردنی جوانی دادەنێت، لەبەرئەوەی ڕوخسار زۆرتر لە ئاماژەکردن بە پێکهاتەکەیان گونجاوە، هەروەها هاوسەنگی لە نێوان ئایدیا و هەستەکان

---

[١](جۆرج ویلهێم فریدریچ هیگڵ) (١٧٧٠-١٨٣١)، فەیلەسوفی ئەڵمانی لە شاری (شتوتگارت) لە دایکبووە، لە تەمەنی هەژدەساڵیدا دەستی بە خوێندنی ئایینی کردووە، تاوەکو ببێت بە (کەشیش)، بۆ ئەم مەبەستە، خێزانەکەی لە ساڵی (١٧٨٨) بۆ (تیوبنگن) ناردوویانە، لە خوێندنگەی مەسیحی پرۆتستانی (تیۆلۆجی) خوێندووە، چالاکیی ڕۆشنبیری (هیگڵ) لەم ساڵەوە دەکەوێتە گەڕ و بە ئاگاوە ڕوو لە کێشە و ڕوداوە مێژووییەکانی سەردەمەکەی دەکات، ساڵی (١٧٩٣) (هیگڵ) خوێندنی ئایینی تەواوکردووە و ڕووی لە شاری (بێرن) لە سویسرا کردووە، لەو شارەدا وەک مامۆستای تایبەتی منداڵانی یەکێک لە خێزانە دەوڵەمەندەکان کاریکردووە، لە ساڵانی (١٨٠٨-١٨١٦) لە شاری (نوریمبرێگ)، بەڕێوەبەری پەروەردەی (بەڤاریا) بووە، لەم شاردا (هیگڵ) بێجگە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی، (سێ) بەرهەمی گرنگی فەلسەفی تێدا بڵاوکردووەتەوە، کە ئەم سی بەرهەمە پێکەوە بە زانستی لۆجیک دانراون، پاشان لە ساڵی (١٨١٧) لە زانکۆی (هایدلبەرگ) وەک مامۆستا دەستبەکاربووە، وانەکانی (لۆژیک، مێتافیزیک، مێژووی فەلسەفە، فەلسەفەی ڕامیاری فەلسەفەی هونەر) گوتووەتەوە، لە ساڵی (١٨٣٠) دەکرێتە سەرۆکی زانکۆی بەرلین، ئەم فەیلەسوفە لە (١٤-١١-١٨٣١) بە نەخۆشییەکی کتوپڕ مردووە، لە گۆڕستانێک لە بەرلین بە خاک دەسپێرێت. (کەمال،٢٠١٦ ،٧).

دەکات، لەبەرئەوەی زیاتر ئەو پرسانە وێنادەکات، کە ناتوانرێت لە هونەری تەلارسازی و شیعردا وێنا بکرێن یان بەرجەستەبکرێن". (مەتەر، ٢٠١٩، ١٤٦).

(هیگڵ) دەیەوێت لە بواری جوانیناسیدا لەلایەکەوە پرسی گشتی و عەقڵانی لە لایەکیترەوە هەست تێکەڵبکات، بەڕای ئەو هونەر لە ئەندێشەی فەلسەفی جیاوازە، بەڕای ئەو (جوانی هونەری، هەستەکان، هەست، شهوود، خەیاڵ و ئیلهام...هتد) پەیوەندیان بە بواری ئەندێشەوە نییە، کە سەرەڕای ئەمەش نامۆیی هونەر لە ئەندێشەی چەمکی و فەلسەفە تەنیا ڕواڵەتییە، چونکە گیان سەرئەنجام خولقێندراوی خۆی لە بەرهەمی هونەریدا دەناسێتەوە، بەمبۆنەیەوە بەرهەمی هونەری، کە ئەندێشە لەوەدا تووشی لە خۆنامۆیی دەبێت بەشێک لە بواری ئەندێشەی چەمکییە و گیان بە توێژینەوەی زانستی لەوەدا تەنیا نیازی زاتی خۆی سەردەخات، "بەمجۆرە (هیگڵ) پێڕەوی داهێنانی هونەری، لە ئەندێشەی فەلسەفی لە شوێنێکی تردا بە ڕۆشنی دەردەخات، لەڕاستیدا هونەر هەروەک لە شوێنێکیتردا بەڕۆشنی دەیبینین، هەرگیز بالاترین فۆرمی گیان نییە، بەڵکو گیان تەنیا لە زانستدا بە بەرزترین ئاستی گەشەی خۆی دەگات، ئەم هەوڵە بۆ پەیڕەکردنی هونەر لە ئەندێشەی فەلسەفی، لە میتۆدی شرۆڤە و نرخاندنی جوانیناسی مارکسیی ( لۆکاچ و گوڵدمەن)دا گرنگییەکی تایبەت بە خۆیەوە دەگرێت، ئەم جوانیناسییە درێژە بە نەریتی (هیگڵی) دەدات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو دەقە ئەدەبییەکان هاوتای چەمکیان هەیە و دەتوانین وەک چەن سیستمێک لە مەدلولی (فیکریی، فەلسەفی، یان تیۆلۆژیک) پێناسەیان بکەین نوێنەرانی ئەم جوانیناسییە سروشتی فرەمانایی دەقی ئەدەبی ڕەتدەکەنەوە و لە قاڵبی گوتاری مارکسیستی-دا مانایەکی تایبەت بۆ دەقی ئەدەبی قایل دەبن". (پیەر زیما، ٢٠٠٩، ١٠٧).

"تێکەڵکردنی جوانیی فۆرم- وەک خەسڵەتی پێویستی بەرهەمی هونەری- و جوانی- وەک یەکێک لە بابەتە جیاجیاکانی هونەر- هۆکارێکی زێدەڕۆیی بووە لە بواری هونەردا، "جوانی ناوەڕۆکی هونەر پێکدێنێت"، جوانیی بە هەر نرخێک، هونەر ناوەڕۆکی دیکەی نییە، وەها بۆچونێک لەمەڕ هونەر مرۆڤ بەرەو جوانییپەرستی هونەری پەتیدەبات". (گی پلانتی- بونژور، ٢٠٠٩، ٢٣٣).

"(چرنیشۆفسکی) پێیوایە (هەڵوێستی (هیگڵ)، بناغەی تیۆریکی ڕەوتی ئیستاتیکی هونەر بۆ هونەر پێکدێنێت، تێکڕای تێزی ئیستاتیکی سیستمی (هیگل) بەپێی ئەم بنەمایە دارێژراوە، کە تاقە بابەتی هونەر چەسپاندنی ئایدیای جوانییە، هونەر بەپێی وەها بۆچوونێکی ئایدیالیستی دەبێت هەموو خواستەکانی دیکەی مرۆڤ سەربەخۆ بێت، بێجگە لە خواستی جوانیی، وەها هونەرێک بە هونەری پەتی پێناسە دەکرێت". (گی پلانتی- بونژور، ٢٠٠٩، ٢٣٣)، هەروەها "(هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١)، یەکێک بوو لە دیارترین ئەو کەسانەی کە سەیری هونەری کرد لە ڕووی گرینگی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هونەر جەخت لەسەر مێژوو دەکات، ئەوەی کە کاری هونەری دەیدات ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە کۆکراوەی ئەو ژیانەی کە هونەرمەند درکی پێدەکات لە ماوەیەک لە ماوەکانی مێژوو پاشان کارێکی هونەری لێدروست دەکات". (حەوێز،٢٠١٥ ، ٥٩).

کەواتە ڕوانگەی (هیگڵ) سەبارەت بە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆک لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە ئەوە ناوەڕۆکە کە ڕوخسار دیاریدەکات، چونکە (هیگڵ) پێیوایە هونەر ڕەنگدانەوە و نیشاندەری

قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتییە، واتە بەپێی گۆڕانکاریی لە ڕەوتی مێژوودا ناوەڕۆکیش دەگۆڕێت، هەر گۆڕانکاریەکیش لە ناوەڕۆک گۆڕانکاری بەسەر ڕوخساردا دێت.

## ٢-٣/١) مارکس:

(مارکس)[٢] بیرمەند، فەیلەسوف، کۆمەڵناس، ئابووریناسی ئەڵمانی، کە یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسووفەکان لە دنیادا، نووسەری کتێبی سەرمایەیە، کە گرینگترین کتێبی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بووە، بە هاوکاری (فریدریش ئەنگڵس) تێزی (مانیفێستی کۆمۆنیست)، مێژووییترین نووسراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستییەکانیان نووسی.

"(مارکس و ئەنگڵس) پێیانوایە، کە (بەرهەمهێنان مادەیەکی سەرەکی و جەوهەرییە بۆ ژیانی مرۆڤەکان، هەر لە ڕێگەی ئەمیشەوە قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگایەک دیاردەکات، کە ئەمیش شێواز و جۆری دەستەڵاتی (سیاسی، یاسایی، هونەری، ئایینی) کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی دیاریدەکات، یان دروستدەکات ئەمەش تێزی (ژێرخانی ئابوری و سەرخانی ئابوری) دەهێنێتەئاراوە، لێرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی، کە گۆڕانکارییەکی ئابوری گۆڕانکارییەکی سیاسی دەخوڵقێنێت". (ئارمین پڤاڵ، ٢٠١٨، ٤٢٦)، کەواتە ئەوەی فەلسەفەی مارکسیزمی پێدەناسرێتەوە پرسی( ژێرخان و سەرخان)ی ئابورییە، واتە تەواوی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی و قۆناغەکانی گۆڕانکاری مێژووی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەم تێزە بەستراوە، کە ئەویش پێیوایە هەلومەرجی ئابوریی و پەیوەندییە ئابورییەکان لە بواری بەرهەمهێنان تەوای سەرخانی ئابوریی کۆمەڵ پێکدەهێنێت، سەرخانی ئابوریش بریتییە لە (فەرهەنگ، هونەر، سیاسەت، ئاین، شێوازی حوکم و بیرکردنەوەی گشتی خەڵکی) ئەمەش خاڵێکە، کە هەمیشە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی نەیارانی مارکسیزمەوە، چونکە نەیارانی مارکسیزم، پێیانوایە، کە مارکسیزم هەموو ڕۆڵێکی کولتور بە شێوە گشتییەکەی لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی و کاریگەریی بەسەر مرۆڤەکانەوە پشتگوێخستووە.

---

[٢]( کارل هاینریش مارکسKarl Marx ) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، ساڵی (١٨١٨) لە شاری (تریرەر) لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لە دایکبووە، ساڵی (١٨٨٣) لە شاری (لەندەن)ی پایتەختی (بەریتانیا) مردووە. (ئارمین پڤاڵ، ٢٠١٨، ٤٢٦). باوکی پارێزەریکی یەهوودی مەزهەب بوو، لە ساڵی (١٨٢٤)ەوە چووبووە سەر ئایینی پرۆتستان، (مارکس) خوێندنی ناوەندی لە (تریرەر) تەواوکرد، بۆ خوێندنی زانکۆیی سەرەتا لە بۆن و پاشان لە بەرلین دەست بە خوێندنی ماف و مێژوو و فەلسەفە کرد، ساڵی (١٨٤١) فەلسەفەی ( ئیپکور)ی بۆ بابەتی نووسینی نامەی زانکۆ هەڵبژارد، لە ساڵی (١٨٤٧) کۆمەڵەی کۆمۆنیستی (عصبه الشیوعیین) بە هاوکاری (ئینگلیس) بنیات نا. (ڕەسوڵ، ٢٠٠٥، ٢٣)، هەروەها (کارل مارکس) لەگەڵ (فریدریک ئەنگڵس)، بە باوکی فکری مارکسیزم و سۆسیالیستی زانستی دادەنرێن، خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی فکری و فەلسەفی و ئابووری گرنگە، لەسەروو هەمووشیانەوە کتێبی (سەرمایە)، کە ساڵی (١٨٦٧) یەکەم بەرگی نوسیوە، کە بە یەکێک لە کتێبە ئابووریی و فەلسەفییە گرنگەکانی مێژوو دادەنرێت، هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی دیکەی هەیە لەوانە: (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، تێزەکانی دەربارەی فۆیەرباخ، خێزانی پیرۆز، مانیفێستی کۆمەنیستی...هتد). (ئارمین پڤاڵ، ٢٠١٨، ٤٢٦). هەروەها خاڵێکی گرنگ، کە دەبێتە بنەمای سەرەکیی بیرکردنەوە و دنیابینی (مارکس و ئەنگڵس)، ئەوەیە، کە (ئەوە هۆشیاریی مرۆڤەکان نییە بوونیان دیاریدەکات، بگرە ئەوە بوونە کۆمەڵایەتییەکەیانە کە هۆشیاریان دیاریدەکات). (ئارمین پڤاڵ، ٢٠١٨، ٤٢٦).

"(مارکسیزم) ڕەهەندێکی فەلسەفی تەواوی داوە بە تیگەیشتن لە هونەر و زانستی جوانی (ئیستاتیکی)، بەڵام بەهۆی زاڵی بنچینەکانی فەلسەفە و دیالێکتیکی (مارکس) لەسەر شۆڕش و دونیا بینی بۆ سیستمی ژیانی مرۆڤ، بە شیوەیەکی ڕون گەڵاڵە نەکرابوو، تاوەکو ساڵی (١٩١٧) پێش هەڵایسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا، چونکە نە (کارل مارکس) و نە هاوکارەکەی (فریدریک ئەنگڵس) بیردۆزی تایبەتیان بە زانستی جوانی دانەنابوو، بەڵکو لە چوارچێوەی بنچینەکانی ماتریالیزمی دیالێکتیک زانستی جوانی لەخۆگرتبوو، (مارکس) نەک هەر پێوابوو، کە هونەر زمانی هاوبەشی گەلانە، بەڵکو دەکرێت کاریگەریی گەشەی مەعریفی و وشیاری هەبێت لەسەر تاکەکان و لەو سۆنگەیەوە هونەری یاخی و شۆڕشگێڕ دەرگایەکی ڕێکخستنەوەی جەماوەریی بۆ داخوازییە ڕەواکانیان دەبێت" .(عبدالرحمان،٢٠١٨، ٩).

"(مارکس) تیۆری ناچاریی کارو زێدەبایی لەو ناکۆکییەوە هەڵهێنجا کە لە نێوان کرێکارو کارەکەیدا پەیدادەبێت، هەرچی هونەرمەند و بەرهەمەکەی ئەم ناکۆکییە لە نێوانیاندا نییە، ڕاستە کەس نکوڵی لەوە نییە، کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا تەنانەت مرۆڤی داهێنەریش ملکەچی یاسا گشتییەکانی بەرهەمهێنان و یاسای (العرض و الطلب)ە- بەڵام کاری داهێنەرانە و بەرهەمی بیر، خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، جا ئەگەر چەندین هۆی دەرەکی کرێکار ناچاری ئیشکردن بکەن، ئەوا هیچ هۆیەک نییە زۆر لە هونەرمەند بکا تابلۆیەک بکێشێت، یان شیعرێک بنوسێت، یاخود سەمفۆنیاییەک دابنێت، (جان فریفیل، ٢٠١٩ ، ٤٥)، کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هونەرمەند ملکەچی هیچ کام لەو یاسایانە نییە و تەنها یەک پێویستیی ئەویش ناخی خۆیەتی پاڵپێوەدەنێت کارێکی هونەری بەرهەمبهێنێت، (مارکس) لەو داستانە شیعرییەیدا کە ناوی (مۆسیقاژەن)ی لێناوە، لەو وتارەیشدا کە بەناونیشانی (گفتوگۆیەک لە مەڕ ئازادی ڕۆژنامە) لە گۆڤاری (لاگازیت ڕینان)دا بڵاویکردەوە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەمیشە پاڵپێوەنەرێکی گیانی نووسەر و هونەرمەند دەبزووێنێت خۆی بکاتە قوربانی ئەو ئایدیایەی باوەڕی پێیەتی و لەپێناویدا دەژیت". (جان فریفیل، ٢٠١٩ ، ٤٥).

"...ئەوەی نووسەر دەینووسێت ناشێت بە هۆ لەقەڵەم بدرێت، بەڵکو ئەوەی دەینووسێت خۆی لەخۆیدا ئامانجە، دیارە ئەوەی کە دەینووسێت بە نیسبەت خۆی و خەڵکییەوە هەندێک هۆی تێدایە، بەڵام وجودی خۆی دەخاتە پێناوی و گەر پێویستیشی کرد دەبێتە قوربانی بەرهەمەکەی... بەشێکی کەمیش لەوەی، کە دەینووسێت هۆیەکە بۆ ئەو خەڵکانەی بۆیان دەنوسێت، جا ئەگەر پیاوێکی ئایینی پەیڕەوی ئەو پەندە بکا کە دەڵێت: ((ملکەچی خواوەند بە، نەک هی خەڵکیی)) ئەوا نووسەر دەبێت بەر لەهەرچی چاودێریی ویژدانی خۆی بکاو بەتەنگ پێداویستی و ئارەزووە مرۆڤایەتییەکانی ئەو خەڵکەوە بێ کە لەدەوروبەریدا دەژین.." .(جان فریفیل، ٢٠١٩ ، ٤٥).

لێرەدا بەڕواڵەت هەست بەوە دەکەین "بیری (مارکس) شەقڵێکی ئایدیالیزمی بەخۆوە گرتووە، بەڵام ئەمە نابێت هەرگیز وامان لێبکا بەو چەشنە شرۆڤەی بکەین، کە گوایە ئەو قسەیەی بیانووە بۆ تیۆری (هونەر لەپێناو هونەر)دا کە هەرگیز (مارکس) باوەڕی پێی نەبووە". (جان فریفیل، ئەنگلس، ٢٠١٩ ، ٤٥). هەربۆیە (مارکس) کە دەڵێت : ((هونەر خۆی لەخۆیدا بە نیسبەت هونەرمەندەوە ئامانجە)). (جان فریفیل،

٢٠١٩ ٤٥)، مەبەستی ئەوەیە بەرگری لە ئازادیی نووسەر بکا ویستویەتی لە سازشی بازرگانیی و کۆیلەیەتی و بەدڕەوشتی ڕزگاری بکا، کە بەردەوام لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەڕەشە لە بوونی دەکەن.

لای (مارکس) ئەم هێز و پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان سەرجەم ئەو شتە پێکدێنن، کە بە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگا ناوزەندی دەکات، یان بە زمانی دەستەواژە مارکسیستییەکەی بەگشتی وەک ژێرخان، یان بنچینەی ئابووری باسیان دەکرێت، لەم ژێرخانە ئابوورییە، لەهەر سەردەمێکدا، سەرخانێک سەر هەڵدێنێت، ئەو سەرخانە بریتییە لە کۆمەڵێک شکڵ و شێوەی دیاریکراوی ماف و سیاسەت و جۆرە دەوڵەتێکی دەسنیشانکراو، کە ئەرکە سەرەکییەکەی ڕەوایی‌دان و شەرعییەت بەخشین بە دەستەڵاتی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەیە، کە ئامڕازی بەرهەمهێنانی ئابووری لەدەستدا هەیە، بەڵام سەرخان شتێکی پتر لەمە لەخۆدەگرێت، سەرخان خاوەن کۆمەڵێک شکڵ و شێوەی دیاریکراوی (ئاگایی کۆمەڵایەتی، ئاگایی سیاسی، دینی، ئەخلاقییە)، کە مارکسیزم ناوی دەنێت ئایدیۆلۆژی، ئەرک و کارکردنی ئایدیۆلۆژیش شەرعییەتدانە بە دەستەڵاتی چینی زاڵی کۆمەڵگا، لەدوا ڕاڤەدا هزرگەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵدا، کەواتە هونەر لە دیدی مارکسیزمەوە بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵگا، هونەر (بەو شەرت و مەرجانەی کە لەمەودوا بۆی قایل دەبین) بەشێکە لە ئایدیۆلۆژیی کۆمەڵگا- بە وتەیەکی دیکە هونەر ڕەگەزێکی ئەو پێکهاتە پڕ پێچوپەنایانەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە، بارودۆخێک ئامادەی دەکات، کە لە سۆنگەیەوە چینێکی کۆمەڵایەتی، کە چارەنوسی چینێکی  دیکەی تێدایە، یان لەبەرچاوی زۆربەی کەسانی کۆمەڵگا سروشتی بنوێنێت، یان هەر بەهیچ کلۆجێک نایەتە بەرچاو کەواتە تێگەیشتن لە ئەدەبیات پێویستی بە تێگەیشتن لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە کە هونەر بە بەشێکی ئەو پرۆسەیە لە قەڵەمدەدرێت.

وەک چۆن (گیۆرگی پلیخانۆڤ) ڕەخنەگری مارکسی (ڕوسی) دەڵێت: ((زەینیەتی کۆمەڵایەتی هەر سەردەمێک لەسەر دەستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە سنوردار دەکرێت)). (تێری ئیگلتون، ٢٠٠٨، ٢٦)، ئەم واتایە لە هیچ شوێنێکدا بە ئەندازەی مێژووی هونەر و ئەدەبیات خۆی ئاشکرا ناکات، ئاسەواری ئەدەبی لەڕێگەی ڕاز و ڕەمزەوە ناکرێن، یان ناکرێت لەسەر بنەمای دەروونناسی داهێنەرانیان شیبکرێتەوە، ئەم ئاسەوارە شیوە گەلی تێگەیشتن و شێوازەکانی تایبەتی تێڕوانین بۆ دونیا، هەر بەم چەشنەش پەیوەندیان بەو شێوازە زاڵەی تێڕوانین بۆ دونیا هەیە، کە هەمان زەینیەتی کۆمەڵایەتی، یان ئایدیۆلۆژی هەر سەردەمێک ئەم ئایدیۆلۆژییەش لە جێی خۆیدا بەرهەم و دەستکەوتی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵاتییە بازنەی کراوەیە، کە مرۆڤەکان لە کات و شوێنێکی تایبەتدا دەچنە ناویەوە، لەم ڕێگەیەوە  ئەم پەیوەندیە چینایەتیانە تاقیدەکرێنەوە شەرعییەت پەیدادەکەن، بەردەوام دەبن سەرەڕای ئەمانە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا سەربەست و خاوەن خواست نییە، مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پێداویستی مادی، کە لە سۆنگەی ماهییەت و قۆناغی گەشەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانی ئابوریان ناچار و بەزۆر بۆ نێو تۆڕی ئەم پەیوەندییانە دەهێنرێن.

"(مارکس) لە زۆر بابەتدا دەربارەی پرسە ( جوانیناسی)یە دیاریکراوەکان لەگەڵ (هیگڵ) لە بیروبۆچوندا جیاوازە، بەڵام ئەم دوو بیرمەندە لەم باوەڕەدا هاوبەشن، کە ڕوخساری هونەری کورت ناکرێتەوە بۆ خوو و خدەی سەرسووڕهێنەری هونەرمەند، ڕوخسار جۆری ئەو ناوەڕۆکەی کە مەبەستییەتی دەریانببرێت بە شێوەیەکی مێژوویی دیاریدەکات، ئەم ڕوخسارانە بەو جۆرەی کە ناوەڕۆک دەگۆڕدرێت دەگۆڕدرێن، گۆڕانیان بەسەردا دێت و تێکدەشکێن و دەکەونە بەردەم گۆڕانی شۆڕشگێرانەوە، بەپێی ئەم بۆچونە ناوەڕۆک لە پێش ڕوخسارەوەیە بەو جۆرەی کە لای مارکسیزم گۆڕان لە ناوەڕۆکی مادی کۆمەڵدا واتە شێوازی بەرهەمهێنانەکەی ڕوخسارەکانی سەرخان دیاریدەکات". ( تێری ئیگلتۆن،٢٠١٧، ١٠٣)، هەروەها (فرێدریک جیمسۆن) لە کتێبی (مارکسیزم و ڕوخسار١٩٧١)دا دەڵێت: ((ڕوخسار بۆ خۆی شتێک نییە جگە لە بەڕێوەبردنی ناوەڕۆک لە پانتایی سەرخاندا)). ( تێری ئیگلتۆن،٢٠١٧، ١٠٤).

کەواتە کاکڵەی فیکری (مارکس)، کە لە هەریەک لە ( خەباتی چینایەتی، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، کۆمۆنیزم، نێونەتەوەیی، تلیاکی گەلان)دا خۆی نمایشدەکات، هەموو ئەمانە بە ئەدەب و هونەریشەوە دەخاتە خزمەتی چینی کرێکار و دەبێت لە پێناوی هێنانەدی ئەو باوەڕەی، کە بە حەتمییەتی مێژوو ناو دەبرا و (کۆمۆنیزم)ی بە دوا ئاست و گەیشتنە ژیانێکی بێ چین دەزانێت.

## ٣/١-٣) سارتەر:

(سارتەر)[٣] فەیلەسوفێکە، کە فەلسەفەکەی بۆ هەموو کاتێکە، ئەوەیشی ئەو هێزی نەمرییەی پێدەبەخشێت ئەوەیە، کە بنەڕەتی فەلسەفەکەی ئازادییە، ئازادیش داوکراو و پێویستیی هەموو کەسێکە لە هەر سەردەمێکدا بێت.

بەرهەمی بیروهزری (سارتەر) لەمەڕ ئەدەب و هونەر کتێبێکە، بەناوی ئەدەب چییە؟ کە سەرەتا لە ساڵی(١٩٤٧) لە گۆڤاری سەردەمی نوێدا و دوای ساڵێک سەربەخۆ بڵاوکرایەوە، لەم کتێبەدا ئەدەبی پابەند (Literature Engage) تاوتوێ دەکات و ڕاشکاوانە دەڵێت: ((مەبەستی ئەدەب هەوڵ و تێکۆشانە)) هەوڵ و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی ئاگایی، دۆزینەوەی ڕاستی، ئازادی مرۆڤ، لەم

---

[٣] (جان پۆل سارتەر) فەیلەسوف و ئەدیبی فەرەنسی سەر بە مەزهەبی بونگەراییە، لە (١٩٠٥) لە دایکبووە، (سارتەر)، ساڵی (١٩٤١) گروپی سۆسیالیزم و ئازادی دامەزراند، لە ڕێگەیەوە هەوڵیدا پەیوەندی بکات بە حیزبی شیوعی فەرەنسییەوە، زۆرترین مەزندەکان ئاماژە بە ئەوە دەکەن، کە ئەو هەر لەسەرەتای جەنگەوە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەری ئەنجامدابوو، ناوی کەوتبووە سەر هەموو زارێک، سەرپەرشتی ڕۆژنامەیەکی پێشەنگی دەکرد لە فەڕەنسا بە ناوی (سەردەمە نوێیەکان)، کۆمەڵێک دەستەبژێر لە دەوری ڕۆژنامەکە بەیەکگەیشتن، بونگەرایش کەوتە سەر هەموو زارێک، بابەتە فکرییەکان وەکو مەسەلەی پابەندبوون (ئیلتیزام) بوونە جێگای گفتوگۆی گەرموگوڕ، هەر لەسەردەمی ڕزگاربوونەوە دوو ڕۆمانی دەرکرد، دوو شانۆگەریشی نمایشکران و دەرهێنانی شانۆگەری سێیەمیشی ئامادەکرا، دەیان نوسینی ڕۆژنامەوانی لەسەر (ئەمەریکا) نوسی، سەرەڕای چەندین نوسینی درێژ بۆ ڕۆژنامەکە، کتێبێکی بەناوی (دژایەتیکردنی سامییەکان)ی بڵاوکردەوە، کتێبێکی دیکەی لەبارەی ژیانی (بۆدلێر)ەوە نووسی، پاشان وانەکانی دەربارەی بونگەرایی بەو پێیەی نوسەرێکی پابەند (مولتەزیم)ە سەرکەوتنی مەزنی هەبوو، چونکە ڕەخنەی لە (ڕێلادانەکان)ی (بۆدلیر) گرت و داوای لە نوسەرانی دیکە لە ڕیزەکانی چەپدا کاربکەن و هەڵوێستێکی ئازایانەی لەسەر بابەتی دژایەتیکردنی سامییەکان وەرگرت). (سارتەر،٢٠١٥، ١٠٠).

ڕووەوە نوسەر لە بەرانبەر ئەوەی دەینوسێت بەرپرسە، بۆ دەنوسێت؟ چیکردووە؟ ئەو کارە بۆ هانیداوە پەنا بەرێتە بەر نوسین؟ چونکە وتە لە حوکمی ئەنجامدانی کاردایە، لەو پێشەکییە کورتەی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە پرسی پابەندبوون دەخاتەڕوو، لە وەڵامی ناکۆکەکانیدا دەڵێت: ((ئێستا کە ڕەخنەگران بە حوکمی ئەدەب تاوانبارم دەکەن بێئەوەی بڵێن مەبەستیان لە ئەدەب چییە، باشترین وەڵام کە دەتوانم بیاندەمەوە، ئەوەیە، با هونەری نوسین پێش دادوەری تاوتوێ بکەین، نوسین چییە؟ بۆچی دەنوسین؟ بۆ کێ دەنوسین))؟ (سارتەر، ٢٠٢٠ ، ٤٦)، واتە ئەم کتێبە سێ بەشی سەرەکی و بەشێکی تەواوکەرە، لە سێ بەشە سەرەکییەکەدا، بنەمای تیوری سەرەکی خۆی لەبارەی ئەدەبدا شرۆڤە دەکات و لە بەشە تەواوکەرەکەدا پێگەی نووسەری ساڵی ( ١٩٤٧) دەخاتە بواری پراکتیکەوە، واتە بەسەر نووسەرانی هاوچەرخی خۆیدا گشتگیری دەکات و بە پێی ئەو بۆچونانەی خۆی نووسەران مەزەندە دەکات.

(سارتەر) لە وەڵامی نووسین چییە؟ دەڵێت: ((نیگارکێشان و داتاشین و موزیک ناتوانن وەک ئەدەب پابەند بن، نیگار و شێوە و ئاوازەکان ناکرێت وەک ئەدەب بەڵگەمەند بکرێن- لە ئاوازدا مانا نە ڕون دەکرێتەوە و نە وێنا دەکرێت، لە کاتێکدا هەوڵی نووسەر لە دەربڕینی ماناکاندا چڕدەکرێتەوە- پانتایی مانا، پەخشانە- شیعریش وەک نیگارکێشان و کۆڵین و موزیک، پابەندبوون هەڵناگرێت)). (سارتەر، ٢٠٢٠ ، ٤٦).

گەڕان بەدوای ڕاستیدا لەڕێگەی ئامڕازێکی وەک زمانەوە نەبێت ناکرێت، ئەمەش کاری شاعیر نییە، چونکە وشەکان جیهانێکی بچوکیان هەیە، لەبری ئەوەی بخرێنە بەر خزمەت، خزمەتی ئەو دنیایەی خۆیان دەکەن، پەخشان میتۆدێکە لە میتۆدەکانی هزر، و ساتێکە لە چرکەساتەکانی کار، کارێکە بۆ دۆزینەوەی هەڵویستی هەنووکە و تێپەڕاندنی لە داهاتودا، پەیامی نووسەر دۆزینەوەی هەڵوێستەکانە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت، دواتر بۆ خۆی بانگەشەی دەرچوون لە بەرپرسیارێتی بکات، ئەم دۆزینەوەش لە بایەخی ئەو ڕەوشە هونەرییەی نووسین کەم ناکاتەوە، بە مەرجێک ڕەوشی هونەری وا نەبێت هەستی پێنەکرێت، جوانی هزرێکی ڕەوان و نەرمی تێدایە، کاریگەریی خۆی لە ڕێگای ئیلهامەوە دەنوێنێت، بەرپەرچی تیوری هونەر بۆ هونەر و ناکۆکی خاوەنەکانیان لەگەڵ یەکتری، "هێرشی (سارتەر) بۆ سەر ئەو ڕەخنەگرانەی بۆ دۆزینەوەی (لاشعور) لە ئەدەبەکەیاندا، تەنیا پێ لەسەر شرۆڤەی دەروونناسی نووسەر دادەگرن، یان جەخت لەسەر بیرۆکەی گشتی ناپەیوەست بە هەڵویستێکی تایبەت دەکەنەوە، گاڵتەکردنی (سارتەر) بەو ڕەخنەگرانە لەسەر گردکردنەوەی بایەخی ئەدەب لە لایەنە هونەرییەکەیدا و ڕەتکردنەوەی کاریگەریی و ئامانجداری ئەدەب، ڕوییەکی گشتی بوونگەراکان لە ڕەخنەکانیاندا دەبێت". ( سارتەر، ، ٢٠٢٠، ٤٦).

لە کتێبی ( The Imagination، ساڵی ١٩٣٦)دا لە ڕوانگەی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆژییەوە دەخوازێت لە ناوەڕۆک و مانای ئەندێشە (Imagination ) بگات، پەیوەندی نێوان ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە و بابەتەکانی دیاریبکات، بە دیدی (سارتەر)، ئەندێشە جۆرێکە لە بیرکردنەوە و فۆرمێکی ئاگامەندییە،

ئاگامەندیش بێ بابەتێک نابێت و نییە، لەبەر ئەمەشە ئەندێشە بابەتی خۆی هەیە و هەرگیز بێ بابەت نییە و ڕووناداات، (سارتەر) لە ساڵی ( ١٩٤٠)دا، کتێبێکی دیکەی لەسەر ئەندێشە بەناونیشانی ( The Psychology of Imagination ) بڵاوکردۆتەوە، لەم کتێبەدا ڕۆڵی ئەندێشەی ڕوونکردۆتەوە، ئێمەش بۆ گرنگی ڕۆڵی ئەدەب لە ژیانی مرۆڤدا ئاماژەی پێدەکەین، ئەو دوو کتێبەی (سارتەر) پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین، ئەوەی جێی سەرنجە لە کتێبی دووەمدا، (سارتەر) بەئاشکرا جیاوازییەکانی نێوان بابەتەکانی ئەندێشە و بابەتی جۆرەکانی دیکەی بیرکردنەوە دیاریدەکات، جیاوازییەکانیش لە سێ خاڵدا کۆدەکاتەوە:

یەکەم، بابەتەکانی نێو ئەندێشە لەناو واقیعدا نین و لە جیهانی ناوەوەی بیرکردنەوەدان، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین بابەتی ئەندێشە شتێکە، کە نییە و ئەندێشە ئاگابوونەوەیە لەو بوونە، کاتێک مرۆڤێکی برسی بە ئەندێشە خۆی دەگەیەنێتە سەر خوانی نان خواردن بابەتەکە، کە خواردنە شتێکە لە جیهانی دەرەوەیدا نییە، بەڵکو لەناو ئەندێشەدا هەیە.

دووەم، بابەتی فۆرمەکانی دیکەی ئاگامەندی وەک (هەستکردن) بەو جۆرەی خۆیان دەردەخەن ئەوهاش هەستکردن وەریاندەگرێت، لەبەرئەمەشە خۆدەرخستنی بابەتەکە جۆری بیرکردنەوەکە ناچاردەکات، مرۆڤ بابەتەکانی ئەندێشە بە ویستی خۆی و سەربەستانە پەیدایاندەکات و گۆڕانکارییان تێدا بەرپادەکات، ئەم توانای ئەندێشە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگە و بۆ نووسەر و هونەرمەندیش سەرچاوەی داهێنانە، نووسەر و هونەرمەند داهێنەرن و بابەتی ئەندێشەیان لە واقیعدا نییە، ئەگەر نووسەرێک هێندە ڕیالیست بێت و وێنەیەکی کتومتی واقیعمان بۆ بخاتەڕوو، ئەوا بەرهەمەکەی لە داهێنانەوە دوورە و کۆپییەکی ڕاستەوخۆی واقیعە، داهێنان پەیداکردنی بوونە لەناو نەبوونەوە و دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەیە، کە هێشتا کەس پەی پێنەبردوون و نەدۆزراونەتەوە.

سێیەم: بابەتی ئەندێشە، هەمیشە لەناو ئەندێشەدا دەژی و هەرگیز لێی جیانابێتەوە، ئەم خاڵە لە فەلسەفی دیالێکتیکی (هیگڵ)دا کێشەیەکی گرنگە، ئاوڕدانەوەمان لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە (کانت) لە فەلسەفە ئایدیالیستیەکەیدا گەیشتە ئەو سەرئەنجامە لەبەر ئەوەی بیرکردنەوە و بابەتی بیرکردنەوە لێکچڕاون ئاگامەندی ناتوانێت زانینی تەواوی لە بارەی بابەتەکەوە هەبێت، بۆیە ڕاستەقینە دوورەکان هەمیشە بە شاراوەیی و نادیار دەمێننەوە و هەرگیز ناناسرێن. (محەمەد، ٢٠١٩، ٩٢).

"(سارتەر) لە ڕۆمانی (هێڵنج)دا تارادەیەک شتەکانی لەو ڕێگایەوە بۆ خودی خۆی سادە و ئاسان کردووە، کە هەموو بەسەرهاتەکە لە ڕوانگەی تاکە شایەتێکەوە دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەم شایەتە ئێجگار زرنگ و ژیرە، هەرچەندێک توشی دەرونپەرێشیش بووبێت، بەڵام هەرگیز مایەی گاڵتەجاڕیی نییە، لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەێت، کە چۆن (ڕۆکانتان) لەناو هونەر و لە نووسینی ڕۆماندا ئامانجێک بۆ ژیانی خۆی دەدۆزێتەوە، (ڕەوشتگەرایی (هێڵنج) لەوەدایە کە پێویستە هەموو مرۆڤێک هۆکارێکی تایبەت بە خۆی بۆ ژیان بدۆزێتەوە، بەڵام وەک ئاشکرایە خودی (سارتەر) خۆی لەم قۆناغە لە ژیاندا لەڕێگای هونەرەوە بیری لە سنووری ڕزگاربوون دەکردەوە، هێرش و پەلاماریشی بۆ سەر ژیانی ناپابەند لەم

ڕۆمانەدا گەیشتووەتە لوتکە، بەڵام تێگەیشتنی ئەو لە پابەندبوون هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی تایبەتی پێنەبەخشراوە، ڕۆمانی (هێڵنج) ڕۆمانێکی بوونگەرایە و هیچ بەڵگەیەکی تیادا نییە بوونی ڕۆمانێک دەربخات کە نووسەرێکی سۆشیالیست نووسیبێتی". (مۆریس کرانستۆن ، ٢٠٠٨، ٣٩).

لە ڕۆمانی (هێڵنج)دا بەو جۆرە دەبینین "(ڕۆکانتان)، لە کۆتاییدا هونەری نوسینی ڕۆمانێک دەکاتە هۆکارێک بۆ بەردەوامبوونی خۆی لە ژیاندا، مانا بەخشین بە ژیان و ئەم ڕۆمانە پێماندەڵێت دەبێت هەموو کەسێک هۆکارێک بۆ پەیوەستبوون بە ژیانەوە بۆ خۆی بدۆزێتەوە". (هەڵمەت، ٢٠١٣، ١٥)، هەروەها "(سارتەر) لەم ڕۆمانەدا و لەو کات و دەمەدا بیری لەوە کردووەتەوە هونەر بکات بە هۆکاری ژیان و شاڵاوبردنی، (سارتەر) لەم ڕۆمانەیدا لەسەر پابەندنەبوون گەیشووەتە ترۆپک و ئەوەش گەواهی لەسەر ڕاستی بیروڕاکانمان دەدات، پابەندبوون لەم ڕۆمانەدا هیچ ناوەڕۆکێکی سیاسی تایبەتمەند ناگرێتە خۆی، دەتوانین بڵێین ڕۆمانی (هێڵنج) ڕۆمانێکی بوونگەرییە و ئاماژەی ئەوەی تێدا بەدیناکرێت نووسەرەکەی چەپڕەو بێت، دەتوانین بڵێین لە کلتوری ڕۆژهەڵاتیشدا لەم جۆرە پابەندبوونە بە جۆرێک لە جۆرەکانی دیکە بەدیدەکرێت". (هەڵمەت، ٢٠١٣، ١٥).

(جبران خلیل جبران) دەقێکی هەیە باسی ئەوەی تێدا دەکات، عاشقێک دەچێت بۆ لای مەعشوقێک و باسی خۆشەویستی خۆی بۆ دەکات، بەڵام مەعشوقەکە دەڵێت: ((تۆ جارێ فێری خۆشەویستی نەبوویت و دوو سێ ساڵ لەسەر یەک پێدەڵێت بڕۆرەوە ناتوانێت پابەندی من بیت، چونکە تۆ هێشتا فێری خۆشەویستی نەبوویت، ئیتر دواجار پێدەڵێت ئەی عاشقەکەم تۆ ئێستا فێری عەشق و خۆشەویستی بووی و دەتوانێت لە دەریا و زەریاکانی ئەویندا بە ڕەهایی لەگەڵ مندا مەلە بکەیت و هەردووکمان پێکەوە گەردوون لە ئاواز و چریکەی عەشق و ئەوینی ڕاستەقینە پڕ بکەین)). (هەڵمەت، ٢٠١٣، ١٥).

(سارتەر) مرۆڤ بە داهێنەری چارەنوس و دروستکەری کەسایەتیی خۆی دەزانێت، کە ئارەزوو کار و ڕفتارەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەهاکانی بوونی خۆی دیاریدەکات، لە قەڵەمڕەوی ئەدەبیشدا نوسەری بونگەرا لە بەرامبەر کۆمەڵگە بەرپرسە، "(سارتەر) دیدگای نوسەرانی ڕابردوو کە شانی خۆیان نەدەدایە بەر بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵ و باوەڕیان بە هونەر لە پێناو هونەردا هەبوو ڕەتدەکاتەوە، دیدگای ئەو جۆرە نوسەرانە، کە ئەگەر کۆمەڵیشیان وێنا بکردبا، وەک تەماشاکەرێکی سادە یان وەک زانایەک بوون، کە کۆمەڵیان بە تاقیگەی خۆیان دەزانی قبوڵ نەدەکرد، لە دیدگای (سارتەر)دا جیهانی ئەدەبیش دەبوا وەک هەر پرسێکی دیکە ئامانجێکی هەبوایە و لە حاڵەتی بێلایەنی و بێ ئامانجی بێتەدەرەوە و ئەرکی خۆی بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجامبدات، تاکەکان لە ڕوانگەی (سارتەر) ئەو بەشانەن، کە کار لە یەکتری دەکەن و لێکتێگەیشتنێکیان لە نێواندا هەیە، کە دەبێتە مایەی دروستبون و پێکهاتنی ڕۆحێکی گشتی و یەکگرتوو، کەوایە نابێت هیچکەس بەرامبەر کاری ئەوانی دی کەمتەرخەم و دوورەپەرێز بێت". (سارتەر،٢٠١٥، ٧).

"(سارتەر) پێیوایە ئازادی وابەستەی مەبەستە، مەبەستیش بارتەقای بەتاڵبوونەوەیە لەلایەن نەبوونەوە، یان بەقەد ڕەتکرانەوەی لەلایەن بوونەوە لە واقیع دوورە؛ خۆ ئەگەر وەدیهات، دەبێتە

واقعێک و ئازادی دێتەدی، لەبەرئەوە ئازادی بە ئافراندن و بە ناماقووڵییەتیش وەسفدەکریت، چونکە وەستانەوە و ئاشنابوون لە بەرانبەر ئایندەدا بەشێوەکی تەواو دڵنیا، شتێکی نەکردەیی و ئەستەمە، هەروەها زۆر دژواریشە لەسەر سەرچاوەی توانایە هەڵقوڵاوەکانی نێو بوونێکی دەوڵەمەند، بەشێوەیەکی متمانەپێکراو پێی ئاشنابین، بەمشێوەیە دەتونین بڵێن، کە پایەکانی فەلسەفی بوونگەرایی لەلای (سارتەر) ئازادییە، بەڵام ئازادییەکی بێهوودەییانە نییە، بەڵکو ئازادییەکە و هاوتەریبە لەگەڵ گیانی بەرپرسیارێتی و پابەندبوون، چونکە (سارتەر) پێوایە مرۆڤ ئەو کەسەیە هەر لەگەڵ ئەوەی بڕیار دەدات کەسێکی بەپەرۆشە لە ئازادییەکەی، لە هەمانکاتیشدا ئازادی وەدینایەت هەر وەک (سارتەر) پێوایە تەنیا بە تواناداربوونی نەبێت لەسەر کارایی و کاریگەریی، ئەمەش تەنیا لەو کاتەدا دێتەدی ویستێکی ئازادی هەبیت، دواتریش بۆ هەڵبژاردنی کردارەکانی توانایەکی ئازادانەی هەبێت". (مەجدی کامیل، ٢٠١٩، ١٣١)، واتە تێڕوانینی ( سارتەر) لە هەر بیرۆکەیەکی پێشتر سەبارەت بە چەمکی ئازادی جیایە، کە جیاوازییەکەش پەیوەندی بە وێناکردنی (سارتەر)ەوە بۆ بوونی مرۆڤ هەیە، ئەو ئازادییەی (سارتەر) باسی دەکات، پابەندی بەرپرسیاریتییە، ئەمەش لەو ئازادییەی جیادەکاتەوە، کە سیستمی سەرمایەداری بانگەشەی بۆ دەکات، هەروەک جیا لەو ئازادییەی، کە لە مارکسیزمدا هاتووە، کە تاک واز لە ئازادی خۆی لە پێناو ڕزگاری کۆمەڵدا بهێنێت، چونکە لە نێوان ئازادی تاک و کۆمەڵدا (سارتەر) بەلای ئازادی تاکدا دەشکێتەوە.

(سارتەر) دەڵێت: ((مرۆڤ ئازادیی ڕەفتار و کرداری هەیە، بەڵام دەبێت بە درێژایی کات هەڵبژێریت، چونکە تەنانەت خۆ دوورگرتنیش جۆرە هەڵبژاردنێکە، مرۆڤ لە میانەی هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکانییەوە دەبێتە کەسێکی پابەندیش، ئەم پابەندبوونەش ئازادیی داهاتووی کەمتردەکاتەوە لەهەمانکاتیشدا هیچ پێوەرێکی ڕەهاش نییە هەڵبژاردنەکانی بەسەردا بسەپێنێت)). ( کامیل، ٢٠١٩، ١٣١)، هەروەها (سارتەر) پێیوایە شاعیر لەوە دوور کەوتۆتەوە زمان وەک ئامڕاز بەکاربێنێت، ڕێگای خۆی هەڵبژاردووە، هەڵبژاردنێک پاشگەز بوونەوە هەڵناگرێت، ڕێگایەکە ڕەوشە شیعرییەکەی خۆی بەسەریدا سەپاندووە، بەو پێیە وشە لە خودی خۆیدا بە شت دادەنێت، نەک نیشانەی مانا، چونکە خەسڵەتی دووفاقی نیشانە (بەڵگە و بەڵگەمەند)، ئەوە دەگەیەنێت دەتوانێت بە ئارەزووی خۆت بە ناویدا تێبپەڕی وەک تیشک بە شوشەدا تێپەڕ دەبێت، ئەو مانایەی ئاماژەی لێدەکرێت دەشێت لە پشتەوە بەدیبکەین، ئەوسا سەرنج دەدەینە واقیعی ئەو مانایە (یا بوونی دەرەکی) و ئینجا بە مەبەست وەریدەگرین، پەخشاننووس هەمیشە لە پشت وشەکانییەتی بە ناویدا تێدەپەڕێت، تا لە نووسینەکەیدا لەو مەبەستە نزیکبێتەوە کە دەیەوێت، بەڵام لای شاعیر وشەکان مەبەستن، وشە بۆ ئاخێوەر نۆکەرێکی ملکەچە، بەڵام بۆ شاعیر یاخییەکی سەرکێشە کە هێشتا ڕامنەبووە، وشە بۆ ئاخێوەر زاراوەیەکی بە سوودە، ئامڕازێکە بە بەکارهێنانی وردە وردە دەسوێت، کە کەڵکی نەما تووڕ دەدرێت، بۆ شاعیریش شمەکی ئاساییە، سروشتیانە وەک گژوگیا و دار و درەخت گەشە دەکات، بەڵام هەڵوێستی شاعیر لەسەر وشەکان- وێنەکێش لەسەر بەراوردی ڕەنگەکان و موزیک لە بەرانبەر ئاوازەکان بەو مانایە نییە، وشەکان لای ئەو هەرچی مانا هەیە لە دەستیانداوە، چونکە ئەو مانایە

دەبێتە نێوبەندی وشەکان و یەکبوونێک بە دەستەواژەکان دەبەخشێت، بەبێ مانا وشەکان دەبنە هێڵی خواروخێچی سەر کاغەز و دەنگی ڕووت، وەک فۆنیمەکان دەبنە شتێکی سروشتی نەک مەبەستێکی ئایدیاڵ، کە مرۆڤ هەڵپەی بۆ بکا و نەیگاتێت، مانا خەسڵەتی هەر وشەیەکە، وەک چۆن شێوەی سیما و دەموچاو، بەڵگەن بۆ ئەو خەم و شادییەی ئاواز و ڕەنگەکان پێمان دەبەخشن، مانا لەناو وشەکان لە قاڵبدراوە و دەنگەکەی لەخۆدەگرێت، یان شێوەی دەخاتە سەر کاغەز، ئەوسا لە دنیای ئەبستراکتەوە دێتەخوارێ بۆ دنیای وێناکردن، بەم شێوازە گوزارشت کردن دەبێتە شتێک لە شتەکان و خاوەن خەسڵەتی هەبوون، یان بەردەوامی زمان بۆ شاعیر گیانداریکە خاوەن قەوارەی سەربەخۆ، بەڵام بۆ ئاخێوەر کاتێک پەنا بۆ ئەو وشانە دەبات کە نوێنەری یەکییەتی زمانەکانن، بواری چالاکییە، وشە درێژبوونەوەی هەست و ئامرازەکانییەتی، وەک دوربین و داردەست و مەقاش، لە دەروونەوە بەکاریان دێنێت و وەک لەشی خۆی هەستیان پێدەکات، گەمارۆدراوە بە ماتریاڵی ئەو زمانەی بەسەریدا زاڵە، ئەمەش دواتر کاریگەرییەکی باڵای لە دنیای ئەودا دەبێت.

"(سارتەر) پێیوایە نوسین لە ئەدەبدا بریتییە لە بانگەوازێکی ڕووبەڕووکراو لە سەربەخۆیی نووسەر بۆ سەربەخۆیی خوێنەر، نووسینیش بەرپرسیارێتییە، بۆیە پێیوایە ئەوەی دەینوسین پێویستە بە زیندوویی بۆ داهاتوو بمێنێتەوە، هەروەها دەربارەی پابەندبوون لە ئەدەبدا پێیوایە بەرپرسیارێتی و ڕاستگۆیی بە یەکەم شت دێن، شێواز و جوانی لە دووەم شت دێن، هەڵهاتن لەسەردەم و واقیعی کۆمەڵایەتی بەڕای ئەو بریتین لە خیانەتی نوسەر لە پرسەکەی و پرسی ئەدەب، ئەوکاتە ئەدەب ئەو کاریگەرییەی هەیەتی لە بەها و تایبەتمەندی لە دەستی دەدات، ئەدەبیش دەستبەرداری ئەوە دەبێت کە ئەدەب بێت، چونکە کاریگەریی ئەدەبی داوالێکراوە بەوەی بەرپرسیار بێت بەرانبەر سەردەم و واقیع، واتە بەرانبەری باری نوسەر و جیهانی کۆمەڵایەتی و کرانەوە لەو پلەیی بوونە تاکایەتییەوە بەرانبەر کۆی جیهان، ئەم پایەبونەشی وایلێدەکات بۆ پرسیارکردن دەربارەی بوونی خۆی و ژیانی دابڕاو نەبێت، واتە نوسەر دەبێت بەرپرس بێت بە شێوەیەکی تەواو هەمیشە لە حاڵەتی ئاگاییدا بێت ئامادەبێت لە جیهاندا، ئەمەش ئەو بنەمایە پیکدێنێت کە پابەندبوونی لەسەر دروست بوو بۆیە ئەدیب پێویستە بەرپرسیار بێت لەسەردەمەکەی، کاریگەریی بەپێی حاڵەت و ئەزموونی ژیانی خۆی لە جیهانی کۆمەڵایەتی هەبێت". (حەوێز، ٢٠١٥، ٤٨).

(سارتەر) دەربارەی پابەندبوون لە شیعردا، لەسەر بنەمای جیاوازی کردن لە نێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشانە، جیاکردنەوەیەکی لە نێوان شیعر و پەخشان دانابوو، هەڵوێستی بەرانبەر شیعر لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی زمانی سۆز و زمانی عەقڵ بنیاتناوە، کە شیعر لە پەخشان جیاکردەوە بە شێوەیەکی وا، کە زمانی پەخشان هەڵوێستیک بێت لە هەڵوێستەکانی عەقڵ، وشە لە پەخشان بەرەو شتێکی مەبەستدار دەڕوات، واتە وشە ئامڕازێکە بۆ گواستنەوەی بیرۆکە، (سارتەر) ئەمەی وەک بنەمایەک تەرکیزی لەسەر کرد، کە پەخشان زیاتر پابەندە لە هونەرەکانی دیکە، بەڵام شیعر لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵی پێچەوانەی پەخشانە، چونکە هیچ مەبەست و گەیشتن بە دەلالەتی دیاریکراو لە شیعردا نییە، بەڵکو وا مامەڵە لەگەڵ شیعر دەکرێت وەک شتێکی بەرجەستەکراو، نەک

تەنیا وەک بیرێکی سنوردار، یان چەمکێک یان مانا، واتە ئێمە شیعریک دادەنێین تەنیا داوای مانا ناکەین، لە هەمانکاتدا ئێمە داوا لە پەخشان دەکەین تەنیا مانایەکی دیاریکراوی هەبیت، ئەوکاتە مانای وشە لە شیعردا جیاوازە لە مانای وشە لە پەخشان.

"(سارتەر) پێیوایە شاعیر بە لێکدانی وشەکان، کە ڕستەیەک دروست دەکات ڕستە بۆ شاعیر خاوەنی ئاواز و چێژە، بەلاّم مانای ڕەها لە پەیوەندی وشەکە دادەبڕێت و دەیکات بە خەسلّەتی ڕاستەقینەی لە ڕستەدا، واتە بەرهەڵستکاری بە ڕستەدا دەکات بێ ئەوەی سەرنج بداتە دیاریکردنی شتە بەرهەڵستکراوەکە گوزارشتێکی جوانی پێبەخشیوە کە لە ڕۆحیدا بوونێکی پرسیار ئاسا سەریهەڵداوە، لە کاکڵەی بابەتەکەی دوورکەوتۆتەوە". (حەوێز، ٢٠١٥، ٤٨).

کەواتە (سارتەر) لایەنگیریی لە هەبوونی ئامانج و مەبەستێک لە لایەن کەسی نوسەر، یان شاعیرەوە لە کاری ئەدەبیدا دەکات، بەلاّم (سارتەر) لە سپاردنی ئەم ئەرکەدا لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبدا جیاوازی دەکات، لێرەشدا ڕۆڵی پەخشان و شیعر لە یەکتر جیادەکاتەوە، لە بابەتی پابەندبووندا ئەو ڕۆڵەی کە پەخشان دەتوانێت بیبینێت، شیعر ناتوانێت بیبینێت، شیعر لە پاڵ مۆسیقا و وێنەکێشاندا وێنادەکات، ئەم تایبەتمەندییە بە شیعر خۆی لە خۆیدا گرنگیدانە بە شیعر و وازلێهێنانی بۆ بینیی ڕۆڵی خۆی، بۆ گەیاندنی ئەو پەیام و جۆری پابەندبوونە کە لەگەڵ سروشتی شیعردا بگونجێت، ئەمیش خاڵی جیاکەرەوەی نێوانی (مارکس) و (سارتەر) بووە.

## **٤-٣/١) تێری ئیگڵتۆن:**

(تێری ئیگڵتۆن) بیریار و ئەکادیمیستی بەریتانی، کە لە بواری کارکردن لە تیۆری ئەدەبیدا ناوێکی دیارە، لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: ((شیعر ڕاگەیاندنێکی مۆراڵیی خەیاڵکردە، کە لەڕووی گوتن و پیتەوە داهێنانئامێزە؛ کە نوسەر نەک ئامێری چاپ و ڕێکخەری وشەیە، بەڵکو بڕیاری ئەوەی لە کوێدا دێڕەکان کۆتاییان بێت دەدات)). ( ئیگڵتۆن، ٢٠٢٠، ٢٠)، هەروەها دەربارەی چێژ و ئاکار دەڵێت: ((ئەگەر شیعر دەربارەی چێژە، ئەوا ئاکار پێچەوانەی دەردەکەوێت، کە لە ڕاستیدا ئاکار لە مانا کلتورییەکەیدا، بەر لەوەی بانگەشەکارانی ئەرک و پابەندبوون دەستی بەسەردا بگرن، لێکۆڵینەوەیە بۆ چۆنێتی ژیانێکی تەواو و پڕ لە چێژوەرگرتن)). ( ئیگڵتون، ٢٠٢٠، ٢١).

وشەی ئاکار لەو دەوروبەر (سیاق)ەی ئێستادا ئاماژەیە بۆ ڕوانینێکی پەیوەندیدار بە جۆر و چۆنێتی (کوالیتەیتیڤ) و بەها ناسانەی ئەزموون و ڕفتاری مرۆڤ، زمانی ئاکار تەنها چەمکگەلی وەک باش و خراپ، ڕاست و چەوت لەخۆ ناگرێت، بەڵکو چەند هاوەڵناوێکی وەک (سەرچڵ، قەشەنگ، هێمن، بێحەوسەڵە، گاڵتەپێکەر، چالاک، نەرم، ناسک، بێباک) دەنوێنێت، ئەمانەش هێندەی پاک (تەهوور) و (کۆمەڵکوژانە) چەمکی ئاکارین، ئاکار پەیوەندی بە ڕفتارەوە هەیە، نەک تەنها ڕفتاری باش، واتە لەم جۆرە بەکارهێنانە کلتورییەدا (ئاکاریی) نابێتە جودای (ناکاریی)، بەڵکو دەبێتە جودای (مێژوویی، زانستیی، ستاتیکیی، فەلسەفی...هتد)، ئاماژە نادات بە بوارێکی دیاریکراوی ئەزموونی مرۆڤ، بەڵکو ئاماژەدانە بەگشتی ئەو ئەزموونە کاتێک لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە لەبەرچاو دەگیرێت، (ئیگڵتون،

٢٠٢٠، ٢٢)، کەواتە شیعر ڕاگەیەندراوی ئاکارییە، لەبەر ئەوە نا، کە بەپێی کۆدێک حوکمی توند دەسەپێنێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ بەها، مانا و مەبەستە مرۆییەکاندا دەکات.

(تێری ئیگڵتۆن) دەربارەی پەیوەندی نێوان شیعر و سیاسەت دەڵێت: ((لە ڕاستیدا پێویست نییە سیاسەت ڕابکێشریتە نێو تیۆری ئەدەبییەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە سیاسەت لەو ڕووبەرەدا هەبووە، مەبەستم لە سیاسەت هیچ نییە جگە لەو ڕێگەیەی ئێمە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمانی پێی ڕێکدەخەین و ئەو پەیوەندییانەی دەستەڵات کە سیاسەت لەخۆدەگرێت)). (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٤٣٨ ).

"تیۆری ئەدەبی لە زانینەوە بێت، یان لە خۆوە بێت یارمەتیی پشتگیریکردن و بەهێزکردنی ئەم گریمانانەی داوە، واتە گریمانەکانی ئەم سیستەمە سیاسییە، ئەدەب بە شێوەیەکی زیندوو پەیوەستە بە بارودۆخی ژیانی مرۆڤەوە، ئەدەب شتێکی بەرجەستەیە زیاتر لەوەی شتێکی واتایی بێت، ژیان بە هەموو جۆراوجۆرێتییە دەوڵەمەندیەکانییەوە نمایشدەکات، ئەدەب بەدواداچوونی نەزۆکی چەمکییانە ڕەتدەکاتەوە بۆ ئەوەی تامی ئەوە بکات، کە زیندووە هەستی پێ بکات". (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٤٣٨).

بەسەرهاتی تیۆری نوێی ئەدەبی بە شێوەیەکی دژیەکی بریتییە لە گێڕانەوەی هەڵهاتن لەو جۆرە ڕاستییانە بۆ زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە جێگرەوەی وەک: (قەسیدە خۆی، کۆمەڵگەی ئۆرگانیک، ڕاستییە نەمرەکان، خەیاڵ، بوونیادی عەقڵی مرۆڤ، ئەفسانە، زمان...هتد)، تا ئەندازەیەک ئەگەری تێگەیشتن لەم هەڵهاتنە لە مێژووی ڕاستەقینە هەیە، ئەویش وەکو کاردانەوەیەک بۆ ڕەخنەی کۆن، کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا باڵادەست بووە و تێگەیشتنی کورتکراوەی هەبووە بۆ مێژوو، بەڵام سەرباری ئەوەش زیادەڕەویی ئەم کاردانەوەیە بە جێگەی سەرنج دەمێنێتەوە، "زاراوەی زیادەڕەویی، کە زاراوەیەکە بە شێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوانەی هەوڵدەدەن سەرنج بۆ ڕۆڵی ئەدەب ڕابکێشن لە ژیانی ڕاستەقینەدا، تەنانەت لە کاری دوورکەوتنەوەی ئایدیۆلۆژیا نوێیەکاندا، تیۆری ئەدەبی تێوەئاڵانی نائاگاییانەی خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام لەو ئایدیۆلۆژیانەوە دەردەخات، بەم جۆرە دەستەبژێریبوون، سێکسیبون، تاکەکەسیبوون لە زمانی جوانناسی، یان ناسیاسیدا فریو دەدات و ئەوە دەدۆزێتەوە، کە شتێکی سروشتییە دەقی ئەدەبی بەکار بهێنێت". (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٤٣٨).

"زانست بووە بە هێزێکی شۆڕشگێڕی دژ بە سیاسەتمەداران و باوکانی کڵێسا کە لە بەرانبەر بەواندا بەرگریی لە ئاسایشی مرۆڤەکان و سەبەخۆیی فیکری دەکات، چیتر گفتوگۆ ڕەوشتییەکان بەسەر بوارێکی تەنگ و تاریکی مەعنەویاتی کڵێسادا کورت نابنەوە، دەکرێت لەم بوارەدا ئازادانە چەند پرسیارێک دەربارەی عەدالەت و پێگەی مرۆیی بکەین، هونەریش چیتر بەندە و کۆیلەی دەستەڵاتی سیاسی نییە، تەنها وەفای بۆ یاسای خۆی هەیە و ئەم شتەش هەرگیز ئازاردەر نییە، چونکە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی هونەریان بەم ئاقارە گەیاندووە- ئۆتۆنۆمیی کولتوور-لە لایەکی دیکەوە، هێزی وێرانکەری (پۆتێنشیەڵ) و کردەکییانەیان لە هونەر (ستاندۆتەوە) تاکو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبێت هونەر تەنیا تەواوکەرێکە، کە عەقڵی بەشتکراو بە قورسی دەچێتە ناوییەوە، مادام هونەر نیشتمانێکی ئابلۆقەدراوە، کەواتە وەک

جۆرێک دەلاقەی دڵنیاکەرەوە بۆ ڕەهەندێکی  دیکەی  مەترسیداری ڕۆح کار دەکات و دەجولێتەوە". (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٢٣).

ئەو ساتەی قسەی لەسەر دەکەین ساتی مۆدێرنێتەیە، ساتێکە ناسراوەتەوە بە جیابوونەوە لە گومانکردن لەم سێ بوارە سەرەکییەی چالاکیی، هونەر ئێستا لە مەعریفە ڕەوشتیی و سیاسی جیابووەتەوە، بەڵام ئەو شێوازەی بۆ ئەم جیابوونەوەیە گرتوویەتییە بەر زۆر جیاوازە، "هونەر لەڕێگای ئاوێتەبوون لەناو مۆدیلی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، لە بوارەکانی دیکە جیابووەتەوە لەو ساتەوەی هونەر بوو بە کاڵا، توانی خۆی ڕزگار بکات لە وەزیفە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکانی لە کڵێسا و حکومەتدا و بەئەندازەی ئازادیی هەر کاڵایەکی دیکە، شوێنێک لە بازاڕدا بۆ خۆی پەیدا بکات، ئێستا هونەر چیتر خوازیارێکی پسپۆڕی نییە، کاڵای هونەری هەر کەسێکە ئارەزوی هونەری هەبێت و بتوانێت بە پارە بیکڕێت، مادام ئەم کاڵایە بۆ هیچ کەسێک و هیچ شتێکی تایبەت نییە، کەواتە دەکرێت بڵێین تەنها بۆ خودی خۆی بوونی هەیە، بەرهەمی هونەری سەربەخۆیە، چونکە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کاڵا هونەری لە خۆیدا قوتداوە". (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٢٣).

(تێری ئیگڵتۆن) دەربارەی جوانیناسیی دەڵێت: ((ڕەنگە بتوانین بڵێین هونەر بەشێوەیەکی بەرفراوان فرێدەدرێتە پەراوێزەوە، بەڵام جوانیناسیی بەمجۆرە نییە، دەکرێت ڕیسکێک بکەین و بەشێوەیەکی زیادەڕەوانە بڵێین جوانیناسی ئەو ساتە لە دایک دەبێت کە هونەر وەک هزرێکی سیاسی کۆتایی پێدێت و تۆوەکانی جوانیناسی لەسەر کەلاکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هونەر درێژە بەژیانی خۆی دەدات، ئەگەرچی بەرهەمهێنانی هونەریی لە بواری نەزمی کۆمەڵایەتیدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆڵێکی کەمتر دەگێڕێت ( مارکس پێیگوتبووین بۆرژوازیی کاتێکی زۆری بۆ هونەر نییە)، ئەوەی هونەر دەتوانێت بۆ ئەم نەزمەی دابین بکات، بریتییە لە مۆدێلێکی ئایدیۆلۆژیانە کە کۆمەک بەوە دەکات کۆمەڵگا لە نارێکیی بهێنێتە دەرەوە و ڕزگاری بکات – ئەو نارێکییەش، کە تێیدا جەستە و چێژ فرێدەدرێنە پەراوێزەوە، بریتییە لە نارێکیی عەقڵ ئامرازی لە ئەخلاق ویستییەکی بەتاڵ بەولاوە شتێکی دیکە نییە، پێشنیاری هونەر هەڵگەڕاندنەوەی سیستمی دابەشکردنی کار و دامەزراندنی پەیوەندییەکانی  نێوان ئەم سێ هەرێمە بەموتڵەقی لەیەک دابڕاوەیە، بەڵام ئەمە بۆ هونەر بە نرخێکی زۆر قورس و گران تەواو دەبێت هونەر دەیەوێت لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییەدا، دوو هەرێم لە سێیەمیاندا بتوێنەوە و لەنێوبچن، هەموو شتێک دەبێت بە جوانیناسی بکرێت، ڕاستی و مەعریفە هەر ئەو شتەیە، کە ڕەزامەندیی زەین دابیندەکات و کۆمەکمان پێدەکات ئاسوودەتر بژین، ڕەوشت دەگۆڕێت بۆ بابەتی شێواز، چێژ، غەریزە، چۆن دەتوانین ژیانێکی ئاسوودەمان هەبێت؟ بە گۆڕینی خۆمان بە بەرهەمێکی هونەری و دەستکرد)). (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٢٣).

"هەمیشە ئاسان نییە هێڵێک لەنێوان ئاکاری نائاکارییەکاندا بکێشین، هەندێک فەیلەسوفی ئاکاریی، کە بە ڕیالیستەکان ناسراون، سورن لەسەر ئەوەی ڕاگەیاندنە مۆڕاڵییەکانیش هێندەی زانستییەکان وەسفی حاڵەتەکە دەکەن". (تێری ئیگڵتۆن، ٢٠١٦، ٢٣).

شیعر زمان بە شێوازی ڕەسەن، یان سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنێت؛ بەڵام هەموو کاتێک ئەمە ناکات، لە هەر حاڵەتێکیشدا ئەمە هەمان شت نییە لەگەڵ تەرکیزکردنێکی جێگیر بۆ سەر دال، ئەمە فەرامۆش کراوە لە لایەن ئەو تیۆریانەوە کە تێیاندا وشەی شیعریی زۆر بە سادەیی بە مانای لەڕووی گوتن و پیتەوە خودئاگا دێت، کەواتە لەڕووی گوتن و پیتەوە داهێنانئامێزە، چەندیش ناڕوون بێت، دەبێت بە کەڵکتر بێت، لێرەدا وشەی داهێنانئامێز ویستراوە کردەیی بێت زیاتر لەوەی وێناکراو بێت، تەنها بەو مانایە نایەت کە شیعر هەمیشە سەرکەوتووە لە داهێناندا، بەو پێیەی کە ئەمە ئەگەری شیعری خراپ لەناو دەبات.

## ٥-٣/١) لۆکاش:

"(لۆکاش)[٤]کتێبی ( روح و فۆرمەکان)ی لە ساڵی (١٩١٠) لە مەجەر و لە ساڵی (١٩١١) لە ئەڵمانیا بڵاوکردەوە، (لوسیان گۆلدمان) ئەم کتێبەی (لۆکاش) بە بنچینەی دامەزراندنی فەلسەفەی (ئگزیستانسیالیسم) دادەنێت، هەروەها بە هۆی ئەم بۆچوونەیشەوە (گۆڵدمان) دەیەوێت لێکدانەوەی وجوودییانە بۆ فەلسەفەی (لۆکاش) بکات". (یاسین، ٢٠٠٨، ١٢٦).

"(هنری ئارفون) لەڕێگەی قۆناغبەندی ژیانی (لۆکاش)ەوە پێنج قۆناغ دیاریدەکات، کە دوا قۆناغ بە دەربازبوون لە (ستالینیزم) دیاریدەکات، لەم قۆناغەدا (لۆکاش) سەرکۆنەی چالاکییەکانی (ستالین) دەکات، جا چ لە بواری ئەدەبی، کە شێوازی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕانەی وەرگرتبوو، یاخود لە بواری ئابووریدا، کە ڕوویەکی ئابووری تاکڕەوانەی وەرگرتبوو". (یاسین، ٢٠٠٨، ١٢٦).

"(لۆکاش) لە ساڵی (١٩٦٩) کتێبی (ئەنتۆلۆجیای بوونی کۆمەڵایەتی) بە سێ بەرگ تەواوکرد، (لۆکاش)، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەی لە لایەن سۆشالیستییەکانەوە لێیدەگیرا، بە فەیلەسوفێکی سۆشیالیستی سەردەمی نوێ ناوبانگی دەرکردووە، لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا ژیانی لە (مەجەر) بردۆتە سەر و خەریکی بوارە ئیستاتیکییەکانی خۆی بووە، تا پێیکراوە لە بواری سیاسەتدا خۆی دوورەپەرێز گرتووە". (یاسین، ٢٠٠٨، ١٢٦).

(لۆکاش) دەربارەی ئەرکی هونەر و ئەدەب لەڕێگەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە بۆچوونی خۆی دەڵێت: ((ئەم پرسیارە هونەری سەربەست یان ڕێنوێنی کراو؟ ئێستا وەک پرسیارێکی گرنگ و وەک

---

[٤] (جۆرجی سزیجدی فون لۆکاش- Gyorgy Szegdy Von Lukacs) لە ڕێککەوتی (١٣)ی نیسانی ساڵی (١٨٨٥) لە شاری (بۆدابێست) پایتەختی (هەنگاریا) لە دایکبووە، ساڵی (١٩٠٩) بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوە، پاشان دەستیکرد بە چەند گەشتێک و سەردانی وڵاتانی وەک (ئیتالیا)، (ئەڵمانیا) کرد، پاش ئەوەی ماوەیەک لە دامەزراوە ئەکادیمییەکانی (بەرلین)دا مایەوە، ساڵی (١٩١٣) ڕوویکردە شاری (هایدلبێرگ) لەوێ لە بازنە فکرییەکانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی (ماکس ڤێبەر) هاوڕێیەتییەکی بە تینی لەگەڵ بیرمەندگەلێکدا دروستکرد وەک (ئێرنست بلوخ)، ساڵی (١٩١٨)، (لۆکاش) پەیوەندی بەپارتی کۆمەنیستی (هەنگاریا) بەسەرۆکایەتی (بیلا کۆن) پۆستی کۆمیسیاری دەوڵەت بۆ کاروباری ڕۆشبیری وەرگرت، پاشان ڕوودەکاتە شاری (ڤییەنا)، لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٣- ١٩٤٤) لە ئەکادیمیای زانستەکان لە (مۆسکۆ) کاریکردووە، دوای گەڕانەوەی بۆ (هەنگاریا) بووە بە ئەندامی پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەکادیمیای زانستەکانی (هەنگاریا)، لە ساڵی (١٩٥٦) بەشداریکردووە لە شۆڕشی (هەنگاریا)، دوای کۆچی کرد بۆ (ڕۆمانیا)، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم توانی بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی (بۆدابێست)، ئیدی لەو کاتەوە خۆی بۆ کارە زانستییەکانی تەرخانکردبوو، لە ساڵی (١٩٧١) کۆچیدوایی دەکات). (جۆرج لیختنهایم، ٢٠١٨، ٢).

کێشەیەک لە هەرێمی هونەریدا، سەریهەڵداوە و مشتومڕێکی توندی دروستکردووە، بۆیە دەبێت جوابێکی ڕۆشن و شەفافی بۆ بدۆزینەوە، لەسەر ئەم پرسە هەر ئێستا دوو ڕوانگە لە ئارادایە گروپێک پێیانوایە، کە هونەر و ئەدەبیات تەنها ئامێری پڕوپاگەندەیە، لەم بۆچونەدا ئەرکی هونەری لەوەدا تەسک دەبێتەوە کە لە ململانێی هاوچەرخدا و لە خەباتی کۆمەڵایەتیدا هەڵسووڕاوانە دەوربگێڕێت و خاوەن هەڵوێست بێت، لەوەها دۆخێکدا هونەر دەبێت لە جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت پشتیوانی بکا و بچێتە خزمەتیەوە، (ئاپتوون سنکلر) نوێنەری بەناوبانگی ئەم ڕەوتەیە، لەم ڕوانگیەدا ئەگەر ڕۆڵی هونەر ئامانجەکان مسۆگەر نەکات، لەگەڵ دیاردەی (هونەر بۆ هونەر) بەرەوڕوین، کە بە وێنەی ڕۆڵی ڕوناکبیرانی (تەلارنشین) خۆیدەردەخات، ئەم ڕوانگەیە پێیوایە دیاردەی (هونەر بۆ هونەر) دیاردەیەکی چەوت چەواشەیە دەبێت بەتوندی لە چوارچێوە بدرێت، گروپی دووەم پێیان وایە، کە هونەر و ئەدەب لە خۆیاندا ئەمانجن، یان پەیوەندیان بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە، لەم ڕوانگەیەوە هونەر و هونەرمەند دەربەستی هیچ جۆرە پەیوەندی و لێپرسراوییەک نین، بەم جۆرە هونەرمەند لە هەر چەشنە کۆت و پێوەنێک چ لە فۆڕم و چ لە نێوەڕۆکدا ڕزگار دەبێت، بەم جۆرە ئازادی بێسنور داهێنانی هونەری تەنها بەهۆی هەست و شەوقی دەروونی هونەرمەندەوە دیاریدەکرێت و تاقە تەوەر و پێوەری هونەر دەبێت) ! (لۆکاش، ٢٠٠٩، ١٦٩).

(لۆکاش) دەربارەی هەردوو ڕوانگەکە دەڵێت: ((ئایا دەبێت ئێمە یەکێک لەم دوو ڕوانگەیە هەڵبژێرین؟ ئایا مافی هەڵبژاردنێکی ترمان نییە؟ لە کوێداین و بۆ کوی دەچین؟ بۆچی ئەم پرسیارە هێندە گرنگە؟ دیارە چەند و چۆنی جوابی ئێمە، پەیوەندی بەم شتەوە هەیە کە ئێمە لەسەر لایەنی قەتیس و نەگۆڕی ژیان قسە ناکەین، بەڵکو لەسەر ڕەوتی گەشە و هەڵدانی مێژوو و قۆناغێکی تایبەت باسدەکەین: (دیاردە بگۆڕەکان)، ڕۆشنە کە هەردوو ڕەوتی سەرەوە چەواشەن و لە ڕاستییەکان دوورن، کەوابوو هەقیقەت چییە؟ ئەگەر لێکدانەوەیەکی زەینی بکەین و تێبکۆشین بۆچوونی (ئاشیل یان گیوتو) لەسەر ئەم بابەتە بزانین، لەناکاو تێدەگەین، کە ناتونین ئەم پرسە بۆ ئەوان ڕاڤە بکەین، یان بە وتەیەکیتر ئەوان ناتوانن تێبگەن پرسەکە چییە، ئەمەش لەخۆڕا نییە، چونکە لە درێژەی ڕەوتی مێژوودا بێجگە لە هونەر و دەرکی هونەری، چەمکی ڕاستییەکان و شێوازی ژیانیش لەڕووی چەندی و چۆنێتییەوە، توشی گۆڕانێکی قووڵ و سەرسوڕهێنەر هاتووە و چەمکی ئازادیشی گرتۆتەوە، بۆیە دەبێت سەرەتا شێوەکانی ئازادی ڕاڤەبکەین، بەمبۆنەوە سەرەتا دەبێت چوارچێوەی چەمکی ئازادی بەشێوەی تایبەت ڕۆشن بکەینەوە)). (لۆکاش، ٢٠٠٩، ١٦٩). ئەگەر ئاکار و ئازادی سەردەمی کۆن و ئێستا بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەێت کە هەردوویان پەیوەندییان بە مێژوو و سەردەمەکانەوە هەیە و پەیوەستی بابەتی کۆمەڵایەتین.

(لۆکاش) دەربارەی جیاوازی نێوان هونەری کۆن و نوێ لەڕێگەی ئەم پرسیارەوە ڕونیدەکاتەوە و دەڵێت: ((کەوابوو جیاوازی نێوان هونەری کۆن و هونەری نوێ لەچیدایە و لەکوێدایە؟ جیاوازی لەمەدایە کە لە سەردەمی کۆندا، لەنێوان هونەرمەند و خەڵکیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆ و گەرم و گوڕ، (پەیوەندیەکی دولایەنە، زیندوو، پڕسەمەر) هەبوو، پەیوەندی هونەرمەند لەگەڵ خەڵک شتێکی دولایەنە

بوو، کە ئەمڕۆ تەنیا لە بواری شانۆدا بەدیدەکرێت، ئەم پەیوەندییە، هونەر زۆر دەوڵەمەند دەکا و هەرێمی تێکۆشان بۆ هونەرمەند پێکدێنێت، لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییەدا تازەگەری و داهێنان دەکرێت و ڕاستییەکان بە شێوەی ئازادانە ئاڕاستە دەکرێن، ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان هونەری پێکدێنن، بەردەوام تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن، ئەم ئاڵوگۆڕانەش جگە لەوەی (هەرێمی تێکۆشان)ی ئازادانەی هونەرمەند پێکدێنێت، زۆر دەربەستیش دەخولقێنێت، لە ئاوا دۆخێکدا تەنیا هونەرمەندێک دەتوانێت بەرهەمێکی هونەری واقیعی بخولقێنێت، کە بە سەرنجدان بەم ئاڵوگۆڕانە، قسەی بەکەڵک و سەرنجڕاکیشی بۆ جەماوەر هەبێت (ڕوحی سەردەمی دەرک کردبێت)، بۆ ئەوەی پەیامێک قووڵ و گشتگیر و بەهێزە، کە بتوانێت هێزە شاراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت ئامانجی بزوتنەوەکەیشیان هەست پێبکا و ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڕاستە بکا و بەمجۆرە بەردەوامی گەشەیەکی تۆکمە و سەمەربەخش لە فۆرم و نێوەڕۆکدا مسۆگەر بکات، لەوەها دۆخێکدا، گۆڕانی واقیعی لە فۆرمدا، تەنیا بە ئامێری مانایەکی بەڕاستی نوێ دەستەبەر دەبێت)). (لۆکاش، ٢٠٠٩، ١٦٩).

سەرهەڵدان و گەشەی بۆرژوازی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هونەرمەند و خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر لەناو بردووە، سەربەستی هونەری لە کۆمەڵی بۆرژوازیدا لەسەر زەینێکی بەرژەوەندیخواز و خۆهەڵکێش ڕاوەستاوە، کە لەوێشدا بێجگە لە ناوێکی بۆش، نێوئاخنێک لەئارادا نییە، بەم هۆیەوە، چەمکی ئازادی ئەمڕۆکە لەمەڕ هونەرمەندان ڕۆڵێکی یەکلایەنە و نێگەتیڤی هەیە، لەلایەکەوە هونەرمەند ناچاردەکات، تا خۆی لە زەینی خۆیدا زیندانی بکا و لە ڕاستییەکان دووربکەوێتەوە و نەتوانێت ڕەخنەیان لێبگرێن، لە ئەنجامی ئەو ڕەوتەدا هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی خۆی و هەرێمی تێکۆشان واقعی بەجێدێڵێت، لێرەدا جۆرێک ڕومانتیسیزم و گەڕانەوە بەرەو دەروون سەرهەڵدەدات، کە بەشێوەی ڕووکەشی و بێ بناغە بەرهەمدێت، ئەمەش ناڕەزایەتییەکی ناکارا و داماوانەیە لە دژی جیهانێک کە هەرێمی تێکۆشانی هونەرمەندی بەرتەسک کردۆتەوە، ئەم هونەرە بۆ گەیشتن بە ئازادی زەینی هەرێمی ئازادی عەینی دۆڕاندووە، لە بیری هونەرمەندی هاوچەرخدا ئینتما بۆ دنیای دەروون ڕەتکردنەوەی بنەڕەتی بۆرژوازی و هەڵوێستێکی بەرزە لەئاست ئەم دۆخە پووچ و هونەرکوژەدایە.

"دەربڕینی تەوەریی لە دەڤەری جوانی و بەرهەمی تەنیا تا ئەو جێگە دەکرێت لەم لایەنەوە (لایەنی هونەری) دەرک بکرێت کە تێیدا، ئەوپەڕی زەینییەتی پێنەگەییو و دژ لە هەر چەشنە پاژێتیەکی ڕووت، هاوڕێ لەگەڵ زۆرترین ڕادەی نیزیکی لەو واقیعی بابەتی، لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەوە، لە هێزەوە بە کردە بکرێت، کەوابوو بەرهەمی هونەری نموونەی ڕەنگدانەوەی واقیعە، (لۆکاش) لە باسکردنی وتەزای ڕەنگدانەوەدا (reflection) جەختدەکاتەوە، کە ئەم بابەتە زۆر لە لاساییکردنەوە (mimeses)، یان نواندن دەچێت، هەڵبەتە (لۆکاش) لەم باسەدا زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ لای (ئەرستۆ)". (ئیمری جورج، ٢٠٠٤، ١١١).

"(لۆکاش) وەک ڕابردوو، دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ناسین، یان زانین (knowledge) ڕەنگدانەوەیەکی واقیعە و لە یەکەم بەشەکانی کتێبی چییەتی تایبەتدا لە وتەزا جۆراوجۆرەکانی ناسین و جیاوازییان پێکەوە وەک بەرهەمی کردەی ڕەنگدانەوە دەدوێت، لێرەدا باس لە جادوو، دین، زانست" "

science" دێته ئاراوه، بیروڕای (لۆکاش) سەبارەت بە جیاوازیی زانست و هونەر زۆر پڕمانان، ئەو دەڵێت:((زانست بەمرۆڤیانەزانین (anthropomorphism) لە ئەزموونە دەستکەوتووەکاندا دەسڕێتەوە))، بە دەربڕینێکی دیکە، زانست لەباری شێوە و تایبەتمەندییەوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی واقیع بە جۆرێک دەخاتە بەردەست، کە بوونیان گرێدراوی ئێمە نییە و سەربەخۆن، ڕەنگە بکرێت ئەوەش زیادبکەین، کە بنەڕەتی خۆپاراستنی زانست لە لەبەرچاوگرتنی بابەتی زانستی بە شێوەیەک، کە هۆکاری سەرەکی تێیاندا ڕەچاوبکرێت، هەر ئەمەبێت بە پێچەوانەوە ئاڕاستەی هونەر بەرەو مرۆڤە؛ هونەر ڕەنگدانەوەیەکی واقیعە کە بنەما سەرەکیەکەی بە مرۆڤ نەزانینە، بە مانا هیگڵییەکەی ئێمە دەباتەوە سەر خۆمان، ئەم پرسیارەش دێتەپێش، کە چ شتێک هونەر دەکاتە هونەر؟ بە دەربڕینێکی دیکە، ئەوە چ شتیکە فڵانە نموونەی ڕەنگدانەوەی واقیع دەباتە پلەی هونەر؟ (لۆکاش) وەڵامدەداتەوە کە ئەوەی وا دەکات، هێزی بەرهەمی هونەرییە بۆ هاندانی ئێمە بەرەو بەدەستهێنانی ئەزموونی جیهانێکی جیاواز و واتایەکی بەربڵاوتر لە بوونی خۆمان و دەورووپشت و مێژووی خۆمان هەبێت". (ئیمری جورج، ٢٠٠٤، ١١١).

کەواتە (لۆکاش) ئەو بۆچوونانەی، کە یەکەمیان تەنها پابەندبوون بە ڕۆڵ و ئەرکی ئەدەب دەزانێت و ئەدەب دەخاتە خزمەتی بیر و ئایدیایەکی تایبەت، دووەمیان، کە هیچ ئامانجێک لە هونەردا نابینێت و دروشمی (هونەر بۆ هونەر)یان بە ڕەهایی هەڵگرتووە ڕەتدەکاتەوە، (لۆکاش)، هەریەک لە دوو بۆچوونە دژ بەیەکە بە هەڵقوڵاو و وەڵامدەرەوەی واقیع و سەردەمی خۆی دەزانێت، کەواتە دەکرێت لەگەڵ گۆڕینی سەردەم و واقیعەکە، جۆر و شێوازێکی نوێ هونەر و ئەدەب بخوازێت، هەم لەڕووی جۆری ژانرەکان، هەم لەو پەیام و ئامانجەی کە دەقەکە دەیگەیەنێت.

## ٢) ئەدەبی مۆدێرن وەک پەنای ئایدیۆلۆژیا:

دەتوانین بڵێین دەقی ئەدەبی بەبێ ئایدیۆلۆژیا نییە، بەو واتایەی ئایدیۆلۆژیا بەشداری لە پێکهاتەی جوانیناسانەی دەقی ئەدەبیدا بکات، نەک خۆسەپاندنی ڕاستەوخۆی بەسەر دەقدا، لە کۆنەوە ئایدیۆلۆژیا ئامادەیی لەناو دەقدا هەبووە، هیچ دەقێک بێ ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵام ئەوەی هەیە چۆن ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەناو دەقی ئەدەبیدا دێت، ئایە دەق دەکاتە قوربانی، یان لایەنە هونەرییەکانی خۆی بەسەر ئایدیۆلۆژیاکەدا زاڵ دەکات، بەڵام لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ئایدیۆلۆژیا زیاتر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو دەقی ئەدەبیدا ئامادەیی دەبێت، ئەمەش وادەکات کە لایەنی هونەری دەق لە پێناو ئایدیۆلۆژیا فەرامۆش بکرێت.

## ١/٢) ئەدەبی نوێ و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا:

ئەدەبی جیهانی هەر سەردەمێک بە بەراورد کردنی لەگەڵ سەردەمی پێش خۆی بە نوێ دادەنرێت، بۆ نموونە نوێ بۆ تاکێکی کورد لەسەردەمی ئێستاماندا هەمان واتای جاران ناگەیەنێت، کەواتە جیاوازی لە کاتێک بۆ کاتێکی دیکە، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە نێوان تاکەکانیشدا هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی نوێخوازی بە مۆرکە جیهانییەکەییەوە کامڵدەبێت، کاتێک کە زاراوەی (مۆدێرن) بەکارهات، لە زۆربەی زمانەکاندا بەبێ وەرگێڕان بەکاردەهات.

(تازەکردنەوە) چەمکێکی فراوانە لە زمانی کوردیدا، ئەم زاراوەیە چەندین شێوە و ناوی بۆ بەکارهاتووە، وەک: (نوێگەری، نوێخوازی، نوێبوونەوە، تازەگەرایی..هتد)، هەموو ئەم شێوانە یەک مەبەست دەپێکن، بەڵام لە زمانە ئەوروپییەکاندا و لە زمانی عەرەبیشدا چەمک و مەبەستی هەندێک لەو زاراوانە لە یەکتر جیاوازن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەردوو زارەوەی( Innovation, Modernism ) بەکاردێت، لە زمانی عەرەبیشدا (تجدید) و (حداثه)یان بۆ بەکارهێناوە، وشەی (الحداثه)، مۆدێرن یان نوێخوازی، بنچینەکەی لاتینییە و لە (Modrus)ەوە وەرگیراوە، چەمکی نوێگەریی لە ڕۆژئاوادا دەرهاویشتەی ململانێی هزری ئایینی لە لایەک و لەلایەکی دیکە دەستەڵاتی زانین و زانست و هۆش و ئاوەزە، ئەم چەمکە لەسەر سێ بنەما دامەزراوە:

١. هەموو بەهایەک شایانی گۆڕانە، مرۆڤ پێویستە خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت.
٢. پرۆسەی ڕەتبوون لە قۆناغی ڕابردوو، هەتا ئێستا کاکڵەی ئەم بۆچونە پێکدێنێت، بەرەو گۆڕانی ڕادیکاڵیانە و پێشکەوتنی کۆمەڵ، تاکە سەرچاوەی زانین مرۆڤە، کە لەسەر بنەمای مادی و واقیعی بەرچاو و بەپێی بەرنامەی زانستی دەربەست دەکرێت.
٣. نوێگەری وەکو چەمکێکی ئەپستمی و چەمکێکی پراکتیکی بە چەندان چەمکی دیکەی وەک: (علمانییەت، سیکۆلاریزم، نامۆبوون، تازەگەری، گۆڕان، تەکنەلۆژیا، ڕاپەڕین..هتد) پەیوەستە. (حوسێن، نازم ٢٠٢٠، ٣٨).

سەرەتای سەدەی بیست، سەرەتای دەرکەوتینی گەلێک ئایدیۆلۆژیا بوو، ئەم ئایدیۆلۆژیایانە لەگەڵ یەک لە ململانێکی توونددا بوون، دوای ئەوەی چینی بۆرجوازی شوێنی بۆ چینی کرێکار و ناوەندی کۆمەڵ جێهێشت، دەستەڵاتیش گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەو ئایدیۆلۆژیایەی دەبێتە ڕێنموونی و لە

ڕێی سیاسەتەوە دەچێتە سەر دەستەڵات، هەوڵی بڵاوەپێکردن و چەسپاندنی خۆی دەدات، ئەدەب بەگشتی ئامڕازێکی بەهێزی ئەو چەسپاندنەن، کە بەهۆیەوە ئایدیۆلۆژیاکە هەوڵی دەستەڵات پەیداکردن بەسەر کۆمەڵ و تاکەکانی دەدات، ئەدەبیش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە کۆمەڵەوە هەیە، ئایدیۆلۆژیا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەوە هەیە، وەکو سیستمێکی فیکری کۆمەڵ دەردەکەوێت، هەر ئایدیۆلۆژیایەک لەناو کۆمەڵ باڵادەست بێت، ئەوا دەزگای سیاسی، یاسایی، ئەدەبی ئاڕاستە دەکات، کەواتە جیهانبینی ئەو کۆمەڵە بەرانبەر جیهان و مرۆڤەکانی دیکە دروست دەبێت.

"( لۆسیان گۆڵدمان) بۆچوونی خۆی لەبارەی ئایدیۆلۆژیا وەکو جیهانبینی دەخاتەڕوو، (جیهانبینی لای ئەو بریتییە لە جۆرێکی دیاریکراوی بیرکردنەوە، لە هەلومەرجی تایبەتدا خۆی بەسەر دەستەیەک لە خەڵکی دەسەپێنێت، کە لە بارودۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشدا دەژین، ئەگەر بە وردی سەیری ئەم تێڕوانینەی (گۆڵدمان) بکەین، هەمان واتای ئایدیۆلۆژیا دەدات". ( ڕەسول، ٢٠١٣، ١٢)، واتە هیچ دەقێکی ئەدەبی ناتوانێت لە جیهانبینی نووسەر یان شاعیرەکەی بەدەربێت، کە ئەویش بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوە و تایبەتە بە چینێکی ناو کۆمەڵەوە، هاوکات پەیوەستی بە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بە واتایەکی دیکە ئایدیۆلۆژیای نووسەر هەمان جیهانبینییەتی لەناو دەقدا، کەواتە وابەستەی واقیعی کۆمەڵایەتی دەکرێتەوە، ململانێی چینایەتی دێتە ناو ئەم ململانێیانە و هەنگاو بەرەو ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی دەنێن.

"(ترۆتسکی) لە کتێبی (ئەدەب و شۆڕش)دا، گرنگی زۆر بە بەهای ئایدیۆلۆژیا لە کاری ئەدەبیدا دەدات، بێگومان ئەو تێڕوانینەی ئەو بەهۆی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیای چەپ بوو، بە بڕوای ئەم نووسەرە بۆ ڕاڤەکردنی دەق دەبێت پەیوەستی بە واقیع و مێژووی بکەینەوە، دەبێت نووسەر دەق لە خزمەت ئەو ئایدیۆلۆژیا بنووسێت، کە باوەڕی پێیەتی". (حەسەن، ٢٠١٧، ٧ ).

دەتوانین بڵێن ئەوەی جیاوازی نێوان ئەدەبی کۆن و نوێیە، لە ئەدەبی کۆندا زیاتر جیهانبینی شاعیر، یان نوسەر لە دەقی ئەدەبیدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام لە شیعری نوێدا ئایدیۆلۆژیا ئامادەی زیاترە، جیاوازی نێوان جیهانبینی لە ئەدەبی کۆن و ئایدیۆلۆژیا لە ئەدەبی نوێدا لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە جیهانبینی دەکرێت هی تاک و دەستە و کۆمەڵ و گروپێکیش بێت، بەڵام ئایدیۆلۆژیا لە چوارچێوەی گروپ و ڕێکخراو پارتدا کۆدەبنەوە و هەوڵ بۆ گرتنە دەستەڵات و جێبەجێکردنی بیروبۆچوونی خۆیان دەدەن، واتە دوای هاتنەئارای بیری ناسیۆنالیزم و چەپ، بە شێوەیەکی جیاوازتر لە سەردەمی ڕابردوو ئایدیۆلۆژیا ئامادەیی لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەبێت، هەربۆیە لە پێناو ڕونکردنەوەی ئەم بابەتەدا ئاماژە بە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئەدەبیاتی نوێ لە لای چەند نەتەوەیەکی جیاواز و کاریگەر بۆ سەر ئەدەبیاتی کوردی دەدەین.

### ١-٢/١) ئەدەبی جیهانی:

زاراوەی ئەدەبی جیهانی بۆ یەکەمجار شاعیر و فەیلەسوفی ئەڵمانی (گۆتە) لە میانەی گفتوگۆیەکی خۆیدا لەگەڵ (ئیکرمان)ی هاوڕێی لە ساڵی (١٨٢٧)دا دەڵێت: ((من باوەڕم بەوەیە کەوا

خەریکە ئەدەبێکی جیهانی دروست دەبێت و زۆربەی میللەتانی جیهان هزری پێوەدەکەن، ئێمە ئێستا هاتوینەتە نێو نەریتێکی جیهانییەوە دەبیت هەمووان بەشداری تێدابکەین، بۆ ئەوەی خێراتر ئەو چەمکە خۆی تێدابگرێت و بڵاوبیتەوە)). (حوسێن، نازم، ۲۰۲۰،۳۰)، بەڵام بێگومان بۆ هاتنەکایەی ئەدەبێکی جیهانی لەو جۆرە دەرفەتی هاوبەش و وەکیەک لە نێوان نەتەوەکاندا نییە.

هەربۆیە "(ئێدوارد سەعید) ئەم دیاردەی لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)دا بە (ئیمپریالیزمی ڕۆشنبیریی) ناوهێناوە، چونکە دەتوانین چەمکی بە جیهانیبون بەم شێوازەی خوارەوە شیبکەینەوە، میللەتانی دونیا لە هەموو بوارەکانی (ئابوری، سیاسی، ڕۆشنبیری)، لە کێبڕکێیەکی دژواردان بە درێژایی مێژوو، هەمیشە وڵات و نەتەوە زلهێزەکان بەناوی داگیرکاری و کۆلۆنیالیزمەوە پەلاماری وڵات و نەتەوە بچوکەکانیان داوە، خێروبێری سامانە سروشتییەکان و شتە مادییەکانی ئەوانیان تاڵانکردووە، لەپاڵ ئەوەشدا باڵادەستیی فەرهەنگ و کلتوری خۆیان، بە چەندین شێواز و ڕێگەی تایبەتیی بەسەر نەتەوە ژێر دەستەکاندا سەپاندووە". (حوسێن، نازم، ۲۰۲۰، ۳۸)، کەواتە لە کاتی داگیرکاریی و باڵادەستیی وڵاتە زلهێز و داگیرکارەکاندا بەسەر گەلانی تردا، ئەدەبیش بەگشتی لەو کاریگەرییانە بەدەر نابێت و ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی ئەو هێزە داگیرکارە تێدا ڕەنگدەداتەوە.

"ڕێگەیەکی دیکە بۆ دروستبونی ئەدەبی جیهانی لێکتێگەیشتنی کلتوری، یان گفتوگۆی کلتوری و ئاڵوگۆڕی کلتورییە، ئەم چەمکە بە تەواوی پێچەوانەی چەمکی یەکەمە، تەنانەت لە ناوەڕۆک و زمان و شێوازی دەربڕینیشەوە جودایە، هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی ڕۆمانەکانەوە ( کویتلیانۆس ۳۵-۱۰۰ز Marcus Fabius Quintilianus )، ئاماژە بەوەدەکات، کە هیچ میللەتێک نییە بتوانێت گۆشەگیر بێت، بۆ دەوڵەمەنکردن و ڕۆیشتن لەگەڵ ڕەوتی کاروانی پێشکەوتندا سود لە ئەزموونی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی وەردەگرێت، بۆیە ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە هەر نەتەوەیەک بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی خۆی پەنا بۆ داهێنانی ئەوانی دیکە دەبات، بەڵام تا ئەو جێگەیەی کە ڕەسەنایەتی و کلتوری نەتەوەیی خۆی لەدەستنەدات". (حوسێن، نازم ۲۰۲۰، ۳۸).

(محەمەد غنیمی هلال) سەبارەت بە جیهانیبوونی ئەدەب بۆچوونی جیاوازی هەیە، "پێیوایە بەجیهانیبوونی ئەدەب خەون و خەیاڵە، ئەدەب سیفەتێکی نەتەوەیی هەیە). (هلال، ۲۰۱۷، ۹۹". بێگومان هیچ نەتەوەیەک ناتوانیت دەرگا بە ڕووی کاریگەرییە دەرەکییەکاندا بە تەواوەتی دابخات، بەڵام ئەوەی دواجار یەکلادەبێتەوە ئەوەیە، کە ئەدەبی هەر نەتەوەیەک سیما و خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە و بەسەریدا زاڵدەبێت.

"(ڤان تیگەم) ئەو چەمکەی کە ئەدەبێک بە ناوی ئەدەبی جیهانی هەبێت بە مەحاڵ دەزانێت، (ڤان تیگەم) پێیوایە، کە (مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی بنووسسرێتەوە بە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکان دەوڵەمەند بکرێت، بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە ئاستێکی بەرزیان هەیە و کاریان لە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە کردووە، بە تایبەتی ئەو نموونە بەرزانەی، کە بە درێژایی مێژوو بە نەمری ماونەتەوە وەک بەرهەمەکانی: ( هۆمیرۆس، دانتی، شکسپیر...هتد)"، (حوسێن، نازم ۲۰۲۰، ۳۸). واتە ئەوە مەحاڵە، کە ئەدەبیاتێک بە تەواوەتی لە تایبەتمەندییە کلتوریی، فەرهەنگی، نەتەوەییەکەی داببڕێت،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئەدەبیاتێک ناتوانێت بە بێ کاریگەریی ئەدەبیاتی دەوروبەری هەنگاو بنێت و لەو چوارچێوە کۆنەی هەیەتی خۆی دەرباز بکات و بەرەو نوێبوونەوە هەنگاو بنێت.

"فەیلەسوفەکانی ئەوروپای سەردەمی ڕۆشنگەری لە سەدەی هەژدەیەمدا بە شێوازێکی دیکە کەوتنە توێژینەوەی پێودانگە ئێستاتیکییەکان؛ فەلسەفەیەکی وایان دارشت، کە نوێهاوردن بۆ داهێنان بەڵگە بێت؛ نوێگەری لە هونەر و ئەدەبیاتدا پێوەر بێت، لەساڵی (١٧٨٩) شۆڕشی فەڕەنسا و دامەزراندنی سیستمی پەرلەمانتاری، لەئاکامی ئەمەشدا بڵاوبوونەوەی جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ و دەرککردن بە بەها و ئازادییەکانی تاکە کەسی لێکەوتەوە". (پیربال،٢٠٠٥، ٩)، هەروەها هاوزەمانی ئەمانەش "شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشەکانی ئەنگلستان (١٨٢٦-١٨٥٦)، پاشانیش ئەو بزوتنەوە فیکرییەی بە سەردەمی ڕۆشنگەری ناسراوە لە ئەوروپای سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەڵمانیا بە ڕێبەرایەتی (هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١)، (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤)، لە فەرەنسا بە ڕێبەرایەتیی (ژان ژاک ڕۆسۆ١٧١٢-١٧٧٨)، (ڤۆڵتیر ١٦٩٤-١٧٧٨)، (دیدرۆ و مۆنتسکیۆ)، لە ئینگلستانیش بە ڕێبەرایەتیی (جۆن لۆک١٦٣٢-١٧٠٤)، کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر سەرهەڵدانی بیری تازەگەریدا هەبوو (Modernisme)، ئیتر لەو زەمانەوە ئەو پرسیارانەی پەیوەندییان بە نوێ و (نوێگەرێتی)یەوە هەیە بۆ داهێنان پێوەر بوون". (پیربال،٢٠٠٥، ٩).

دەتوانین بڵێین ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتانی دنیا سەرەتا بە ئەدەبی فۆلکلۆر دەستیپێکردووە، بێگومان بارودۆخ و شێوەی ژیان لە ئەدەبدا ڕەنگدەداتەوە، هەر کۆمەڵێک لە سنورێکی دیاریکراودا، کە پێکەوە ژیان بەسەردەبەن، شێواز و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە ئەو شێوە لە ژیانکردنە لە تەواوی کایەکانی ژیانیاندا ڕەنگدەداتەوە، ئەدەبیش بەگشتی لەم کاریگەرییە بەدەر نییە، بەڵام لە ژانرێکی ئەدەبی بۆ ژانرێکی دیکە کاریگەریی و ڕەنگدانەوەکە جیاوازە، ئەمەش پەیوەندی بە پێکهاتە و بونیادی ئەو ژانرە ئەدەبییەوە هەیە، هەر وەک چۆن لە سەردەمێکی تایبەتدا و لە سەدەی هەژدەیەمەوە  جۆرە بیرکردنەوەیەک و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ ژیان و دەسەڵات و بەڕێوەبردن هاتەکایەوە، ئەوهاش لە ئەدەبدا ڕەنگیدایەوە.

مێژووی ئەدەب هەمیشە مێژووی داهێنانی دەقی ئەدەبی نەتەوەییە، هەر بۆیە هەندێک لەو نەتەوانە وەردەگرین، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا داهێنانەکانیان لە بواری ئەدەبیدا بووەتە خاڵی وەرچەرخان و یەکلاکەرەوە، ئەمەش بووتە هۆی تێپەڕاندنی قۆناغی پێشووتر و لەو ڕێگەیەیشەوە کاریگەرییان بۆ سەر نەتەوەکانی دەوروبەری خۆیان هەبووە، هەرچەندە  مێژوونووسەکانی ئەدەب ڕەخنە لەو زاراوانە دەگرن کە بە هەڵە، یان بۆ مەبەستی سیاسی یان ئایینی و شارستانی بەکاردێن، بۆ نموونە مێژووی ئەدەبی ئێرانی، ئەدەبی عێراقی و ئەدەبی ئەمریکی و هەموو ئەو وڵاتانەی فرە نەتەوەن و فرە کلتورن کارێکی نەشیاوە، چونکە لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا وەها لێکدەدرێتەوە مێژووی نەتەوەی باڵادەستە و ئەوانی دیکە پشتگوێخراون، بۆ نموونە، کە دەڵێن ئەدەبی ئێرانی مەبەست لە ئەدەبی فارسییە و ئەو دەقانەی بە زمانی فارسی نوسراون، ئەدەبی عێراقیش هەروا ئەدەبی عەرەبی ئەوانەی بە زمانی عەرەبی نوسراون.

## ٢-١/٢) ئەدەبی ئینگلیزی:

ئەدەبی ئینگلیزی لە دوو سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامی وەرگرتووە، یەکەمیان، شارستانییەتی (یۆنانی و ڕۆمانی)یە، دووەمیش، کتێبی پیرۆزە، هەروەها "(ولیم شەکسپیر) ناوێکی گەورەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و جیهانییە، ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی بەسەر ئەدەبی ئینگلیزییەوە هەیە، کە ئەویش بۆ (قوڵی، جوانی، وردی، داهێنان)ی بەرهەمەکانی دەگەڕێتەوە، (شکسپیر) سەرەتا لە درامای مێژووییەوە دەستیپێکرد، واتە گرنگی بە مێژوو دەدات، سێ دراماکەی یەکەمی (هێنری شەشەم)، (ڕیچاردی سێیەم)، (ڕیچاردی دووەم)، دواتر توانای خۆی لە بواری تراژیدیا بە درامای (ڕۆمیۆ و جولییێت) تاقیکردەوە، ئینجا چەند بەرهەمێکی دیکەی بەدوادا هات، وەک خەونی شەوێک لە ڕۆمانی (بازرگانی ڤینیسیا)ی وەرگرتووە، لە درامای (لە شەوی دوازدەیەمدا) گەیشتە لوتکە، هەروەها درامای (هاملێت)، یەکێکە لەو درامایانەی، کە (شکسپیر) زۆر بە قوڵی لایەنی دەروونی دەخاتەڕوو". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٤١٢).

(شکسپیر) کۆمەڵێک شتی نوێی پێشکەشکرد لە بواری نوێکردنەوەی شانۆدا وەک: ئەرکی شانۆی لە ئەرکی شیعر جیاکردەوە، پابەند نەبوو بە مەرجەکانی شانۆ وەک (کات، شوێن، ڕووداو)، کە ئەرستۆ دایناوبوو، هەروەها هەردوو بابەتی مەرگەسات و بەزمەساتی تێکەڵکرد.

"(جۆن میلتۆن John Miltn ١٦٠٨-١٦٧٤)، ڕەخنەگرانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دیارترین شاعیری داهێنەری دوای (شکسپیر)، (جۆن میلتۆن)ە، ئەم شاعیرە لە لەندەن لەدایکبووە و دواتر خوێندنی لە زانکۆی (هۆرتۆن) تەواو کردووە، لە یەکێک لە قەسیدە بەناوبانگەکەی خۆی بەناوی (بەهەشتی ونبووParadise Lost )، لە ساڵی (١٦٦٧)دا بڵاوکردەوە، لەم قەسیدەدا باسی گەردوون لە ئادەم و حەواوە بگرە، تا دۆزەخ و بەهەشت دەکات". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٤١٤).

"(ۆوردز وۆرس William Wordsworth ١٧٧٠-١٨٥٠)، بۆ ماوەی حەوت ساڵ شاعیری کۆشکی شاهانەیی ئینگلیستان بووە، بە ڕابەری شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزی دادەنرێت، دوای تەواکردنی خوێندن لە (کامبریدج) لەگەڵ (کۆلردیج)ی شاعیری دەبن بە هاوڕێیەکی نزیک، هەر پێکەوەش کۆمەڵەشیعرێک بە ناوی (قەسیدەگەلێکی لیریکی)یان لە ساڵی (١٧٩٨)دا بڵاوکردەوە، ئەم قەسیدانە بە ڕەوتێکی نوێی شیعری ئینگلیزی دادەنرێت". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٤١٦).

"(کۆلریدج Samuel Taylor Coleridge ١٧٧٢–١٨٣٤) شاعیرێکی نوێخواز و ڕەخنەگرێکی بەتوانایە، لەگەڵ (وۆردز وۆرس) بەیەکەوە کاریان کردووە و پرەنسیپەکانی ڕۆمانسیان لە ئینگلستان چەسپاند، (کۆلردیج) لەو شاعیرانەیە، کە پێیان دەوترا شاعیرانی دەریاچە، شێوازی شیعری ئەو لەو شیعرانەیە پەخشانەشیعر، یان شیعر گێڕانەوەیی پێیدەوترێت". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

"(ئەدگار ئالن پۆ Edgar Allan Poe ١٨٠٩-١٨٤٩)، شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەوانێکی ئەمریکی بوو، بە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ڕۆمانسیزمی ئەمریکی

دادەنرێت، لە ساڵی (١٨٢٧)دا یەکەمین کۆمەڵەشیعری خۆی بە ناونیشانی (تەیموری لەنگ و چەند هۆنراوەیەکی دی) بڵاوکردەوە، لە ساڵی (١٨٤٥)دا (قەلەڕەش)ی بڵاوکردەوە، ناوبانگێکی زۆری لە ئەمریکا پەیداکرد، بەلای ئەوەوە لە کاتی خۆی لە هەموو کۆت و بەندێکی سوودی کۆمەڵایەتی شیعر ڕزگار دەکات و دەکەوێتە حاڵەتێکی تایبەتی و خۆی بۆ ئیستاتیکا تەرخان دەکات". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٤٢٦).

"(عەزرا پاوەند Ezra Weston Loomis Pound ١٨٨٥-١٩٧٢)، یەکێکە لە شاعیرە مۆدێرنەکانی سەدەی بیستەم، ئەو خۆی بە ڕەچەڵەک (ئێرلەندیی)یە، بەڵام لە (ئەمریکا) ژیاوە، لە شێوە و شێوازی شیعریدا بە ڕابەری ڕێبازی (کۆپییزم)ی ئینگلیزی لە قەڵەمدەدرێت، (ت. ئێس. ئیلیۆت Thomas Stearns Eliot ١٨٨٨-١٩٦٥)، شاعیر و درامانووس و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمریکییە، بەڵام لە ساڵی (١٩١٤) هاتوەتە ئینگلستان و لەوێ ماوەتەوە، ساڵی (١٩٤٨) خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا، دیارترین شیعری ( وێرانە خاک)ە لە ساڵی (١٩٢٢) بڵاویکردووەتەوە، ئەم قەسیدەیە بە قورسترین شیعری ئەدەبی ئینگلیزی لە قەڵەمدەدرێت، لەبەر ئەوەی وەک دەقئاوێزان سوودی لە چەندین دەقی بەناوبانگی پێش خۆی وەرگرتووە، هەروەها زمانی جیاوازی بەکارهێناوە". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠، ٤٣٠).

## ٣-١/٢) ئەدەبی ڕوسی:

سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی تێکچونی باری سیاسی و دواتر شۆڕشی ئۆکتۆبەر (١٩١٧) ڕۆمانی ڕووسی بووە شاهیدی ئەو بارودۆخە سیاسییە، "دیارترین نوسەرانی پەخشانیی و شانۆیی و چیرۆکی ڕوسی ئەو سەرەتایە ( ماکسیم گۆرگی ١٨٦٨-١٩٣٦)یە، کە بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لەدوای ساڵی (١٩٠٥)ەوە چەند جارێک گیراوە و دوورخراوەتەوە چەند ساڵێک لە ئیتالیا ژیاوە، دواتر لە (١٩١٤)دا گەڕاوەتەوە، نوسینەکانی سروشتێکی سیاسییان هەبووە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەگەر تەکنیکی هونەریی بەرهەمەکانیشی لاواز بێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە هەروەکو ڕۆمانی (دایک)، کە زۆرترین کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە هەبووە". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

"(ڤیاچیسلاڤ ئیڤانۆڤیچ Viacheslav Ivanovich ١٨٦٦-١٩٤٩) شاعیرێکی وردبین و پڕ زانیاری بووە و سودی لە فەلسەفەی ئەڵمانی وەرگرتووە، لەڕووی ئایینیشەوە لەبارەی خواوەند (دایۆنیسیس)ەوە بە مەسیحیەت بەراوردی دەکات، لە ساڵی (١٩٠٢)دا یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی (ئەستێرە ئارامەکان)ی بڵاوکردەوە و دەڵێت: ((شاعیر دەنگی یادەوەری گەلەکەیەتی و دەتوانێت ئەفسانەی ئایینی بخولقێنێت))، لە ساڵانی (١٩١٠- ١٩١٣) کۆمەڵێک قەسیدەی دیکەی بڵاوکردەوە، وەک: (دڵی سووتاو)، (سۆناتا زستانییەکان) باسی زستانی تووش و ساردی ڕۆژانی شەڕی ناوخۆی کرد". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

"(گۆمیلیۆڤ Nikolay Stepanovich Gumilyov ١٨٨٦-١٩٢١) سەروەریی بۆ شیعری ڕوسی گەڕاندەوە و لە خەیاڵی ڕۆمانسیانە خۆی ڕزگار کرد، ماوەیەکی زۆربوو شیعری ڕوسی لەژێر کاریگەریی ڕەوتی ڕۆمانسی و سیمبۆلیزمیدا بوو، لە ساڵی (١٩٠٥)دا یەکەمین کۆمەڵەشیعری (ڕێگای

سەرکەوتوان)ی بڵاوکردەوە، کە باسی دڕەندەیی و ئاژەڵی پەلاماردەر وەکو هێزی دژ بە ڕۆمانسیەت بە ئاژەڵی ئەفریقایی دەچوێنێت". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

"(ئانا ئاخماتۆڤا Anna Akhmatova ١٨٨٩-١٩٦٦)، لە ئۆدێسای نزیک (سان پترسبۆرگ) لە دایکبووە، یەکێکە لە شاعیرە بەرە بە ناوبانگەکانی شیعریی ڕووسی سەدەی بیستەم، یەکەمین کۆمەڵەشیعری خۆی (ئێوارە)ی لە (١٩١٢)دا بڵاوکردووەتەوە، هەروەها لە کۆمەڵەشیعری (ئاننۆ دۆمینی) لە ساڵی (١٩٢٢)دا بابەتەکانی خۆشەویستی بۆ نیشتیمان بوون". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

(مایاکۆڤسکی Vladimir Vladimirovich Mayakovsky ١٨٩٣-١٩٣٠)، هەر لەسەرەتاوە شاعیرێکی نوێخواز و دژەباو بووە، "لە ساڵی (١٩١٣)دا یەکەمین بەرهەمی، شانۆییەک بە ناونیشانی (تراژیدیا) بوو، هەر لەو ساڵەدا شیعرەکانی خۆی بۆ خەڵک دەخوێندەوە، ڕەخنەی توندی لە بۆرژوازییەتی ئەوروپی دەگرت و شیعری (هەوری شەروالپۆش)ی لە ساڵی (١٩١٤)دا بڵاوکردەوە، لە قەسیدەی (جەنگ و جیهان)دا پێشبینی نەهامەتییەکانی جەنگ و ماڵوێرانی مرۆڤایەتی دەکات، لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە شاعیری شۆڕشی نوێ و خۆشەویستییەکی بێسنوری بۆ ئەو ڕێبازە نوێیە هەبوو، تەنانەت زۆربەی بەرپرسەکان سەرسامی قەسیدەی (مارشی کاروانەکە) بوون ، لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو تەنانەت لە ساڵی (١٩٢٤) دا بۆ مەرگی (لینین) قەسیدەیەکی نووسیووە". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

"(بۆریس پاسترناک Boris Pasternak ١٨٩٠-١٩٦٠)، لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەک پەیامنێری سەربازی بەشداری لە چەسپاندنی پرەنسیپەکانی سیستمی نوێی سۆڤیەتی دەستی بە شیعری نیشتمانی و سیاسی کردووە و شیعرەکانی (چیرۆکێکی ترسناک)، (زاڵگەی سنوور)ی نووسیوە". (حوسێن، نازم ٢٠٢٠. ٣٦٥).

(نیکۆلای نیکراسۆڤ Nikolay Alexeyevich Nekrasov ١٨٢١-١٨٧٨)، پلە و پایەیەکی بەرزی لە ئەدەبی ڕووسیدا هەیە، ئاوێنەیەکی ڕوونی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی ڕوسییە، لە ساڵی (١٨٤١)دا پەیوەندی نێوان (نیکراسۆڤ) و (بیلینسکی) زیاتر پتەوتر بوو، بە تایبەتی ئامۆژگارییەکان و سەرنجەکانی دوایی (بیلینسکی) کارێکی گەورەی کردە سەر پێشکەوتن و چەسپاندنی ڕێبازی دیموکراتی شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕین  دژی ڕژێم و خۆشەویستی گەل و بەرگری لێکردن، "لە ساڵی (١٨٤٦)دا (نکراسۆڤ) دەرکردنی گۆڤاری (هاوچەرخ)ی پێشکەوتنخوازی گرتەئەستۆی خۆی و نوسەرە هەرە دیارەکانی ڕوسی وەک: ( چرنشفیسکی، دۆبرالێۆڤ، گانترچیرۆڤ، ئسترۆڤسکی، سالیتکۆڤ، شیدرین، تۆلستۆی...) لە دەوری خۆی کۆکردەوە، ئەم گۆڤارە بە درێژایی دەرچونی هەڵگری بیری شۆڕشگێڕی ئەدەبی بەرگری میللەت بوو، لە ساڵی (١٨٧٨)دا (نکراسۆڤ) کۆچی دوایکرد، سامانێکی نەمری ئەدەبی و چەپکێ بیرەوەری نیشتیمانی لەدوای خۆی بەجێهێشت وەکو دەڵێت:

جەژنی ژیان و ساڵانی لاویم
من لە کۆششی سەختا بەسەر برد

هەر شاعیرێکی ئازادیخواش بووم
هیچ ڕێگەیەکی ترم قەت نەگرت.

لە مانیفێستی حیزبی شیوعیی سۆڤێتیی تایبەت بە لایەنی ئەدەبیی کە لەساڵی (١٩٢٥)دا دەرچووە، دیاریکراوە و لە ساڵی (١٩٣٢)دا لیژنەی مەرکەزی حیزب هەموو ئەو کۆمەڵە ئەدەبیانەی لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا بوون، داخست و لە جێی هەموویاندا یەکێتیی نووسەرانی سۆڤییەتینا دامەزراند و ئەم ڕێبازەشیان کرد بە تاکە ڕێبازی کارکردن لە ئەدەبدا و ئەدەب مۆرکی هەر پیشە و بەرهەمهێنانێکی دیکەی پێبەخشرا، تا ئەوەی هەموو پەیڕەوکەرانی قوتابخانەی فۆرمالیستیشیا تەفروتونا کرد، زاراوەی (ڕیالیزمی ئیشتراکی)یان چەسپاند، لە یەکەم کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤییەتدا لە ساڵی (١٩٣٤)دا لە لایەن (ئەندریە شدانۆڤ)ەوە بە شێوەیەکی ڕەسمیی ڕاگەیەندرا". (حوسێن، ٢٠١٠، ١٨١)

## ٤-١/٢) ئەدەبی عەرەبی:

لە گۆڕانکاری لای عەرەبەکان وڵاتی میسر پێشەنگ بوو، چونکە وڵاتی میسر لە پێش وڵاتانی ترەوە لە دەوڵەتی عوسمانی جیابووەوە، هەر ئەم هۆکارەش بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک شاعیر و نوسەر لە وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەرەوە بەرەو میسر کۆچ بکەن، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی پێشەنگی میسر، گەڕانەوەی ئەو قوتابیانەی، کە بۆ خوێندن ڕوویان لە ئەوروپا کردبوو، هەروەها داگیرکردنی میسر لە لایەن (ناپلیۆن بۆناپارت)ەوە هاتنی بۆ ناوچەکە لە ساڵی (١٧٩٨)دا سەرەتایەک بوو، کە شارستانێتیی عەرەبیی بە شارستانێتیی ئەوروپایی ئاشناکرد.

"لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەی، کە لە میسردا ڕوویاندا بزوتنەوەیەکی شیعریی بە مەبەستی زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی ئەدەبی عەرەبیی، لەسەر دەستی ( مەحموود سامی ئەلبارودی ١٨٤٤-١٩٠٤) سەریهەڵدا، پاشان وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبیی بە ناوی (قوتابخانەی زیندووبوونەوە و بوژانەوە) ناسێنرا، دواتریش هەریەک لە:
( ئەحمەد شەوقی ١٨٦٩-١٩٣٢، حافز ئیبراهیم ١٨٧٠-١٩٣٢، ئەحمەد موحەڕەم، عەلی ئەلجارم)، دەرکەوتووترین شاعیرانی ئەم تەوژمە ئەدەبییە بوون)". ( حوسێن، ٢٠١٠، ٩٠)، هەروەها چەندین قوتابخانە و کۆمەڵە و گروپە ئەدەبییەکان، کە بە شێوەی دەستەجەمعی کاریاندەکرد لەوانە :

**١. قوتابخانەی مەتران:**

ئەو قوتابخانەیە، بە هاتنی (خلیل مەتران ١٨٧٢-١٩٤٩) لە لوبنانەوە بۆ میسر لە ساڵی (١٨٩٢)دا دەستپێدەکات، کە کاریان هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی کێش و گۆڕینی سەروا بۆ سەروای هەمەڕەنگ، بایەخدان بە بابەتە شیعرییەکان نەک یەکەی بەیت، بایەخدان بە ناوەڕۆک و واتا نەک وشەسازیی، ... زیندوویی و ئاسانیی دەربڕینە شیعرییەکان.

**٢. کۆمەڵەی دیوان:**

ئەم قۆناغە بە سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی نوێکەرەوە لە شیعری عەرەبیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت، دیارترین

ڕێبەرانی ئەم بزوتنەوەیە بریتین لە : ( عەباس مەحموود ئەلعەقاد ١٨٨٩-١٩٦٤، ئیبراهیم مازنیی ١٨٨٩-١٩٤٩، عەبدوڕەحمان شوکری ١٨٨٦-١٩٥٨)، تایبەتمەندییەکانیان بریتین لە: (بانگەشەکردن بۆ نوێکردنەوەی بابەتە شیعرییەکان، سود وەرگرتن لە ئەدەبی خۆرئاوایی، ... شانازیکردن بە زمانی عەرەبییەوە، کاریگەربوون بە ئەدەبی ئینگلیزی، پابەندنەبوون بە کێش و سەروای کۆنەوە، بەکارهێنانی زمانێکی پاراوی هاوچەرخانە، شیعری بۆنەکانیان ڕەتدەکردەوە بەوەی ئەم جۆرە دەقانە ڕاستگۆییان تێدا نییە، بۆیە ناکرێت شیعربن...).

**٣. کۆمەڵەی ئەپۆلۆ:**

ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی (١٩٣٢) دامەزرا، دامەزرێنەرە بنچینەییەکانی بریتیبوون لە: (ئەحمەد زەکی ١٨٩٢-١٩٥٥، ئەحمەد شەوقی، خەلیل مەتران)، ئەمانە هەموویان کۆکبوون لەسەر ئەوەی بەرگریی لە کەس و خەڵکە هەژار و چەوساوەکان و داماوەکان بکەن، هاوڵاتیان لە دژی داگیرکەران هاندەن و زەمینەی ڕاپەڕین بسازێنن و بەگژ گەندەڵیی سیاسیدا بچنەوە، بێ هیچ جیاوازییەکی نەژادیی و چینایەتیی گوزارشت لە هاوڵاتیان بکەن. (حوسێن، ٢٠١٠، ٩٥).

**٤. ئەدەبی تاراوگە:**

ئەدەبی تاراوگە لە کۆمەڵێک شاعیر پێکدێت، کە بە ناچاری لەبەر هۆکاری (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی...هتد،) نیشتیمانی خۆیان جێهێشتووە و ڕوویان لە وڵاتێک کردووە، کە ئازادی بوونی هەیە، نووسەر و شاعیرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوون لە: ( جوبران خلیل جوبران، میخائیل نعیمە، ئیلیا ئەبومازی، نیعمە قازان، میپال مەعلوف، شەفیق مەعلوف)، ناوەڕۆکی شیعری تاراوگە بەگشتی بریتیبوو لە: قوڵبوونەوەی دەروون و وەسف و سۆزداری و مرۆڤایەتی، لە شیعرەکانیادا گرنگییەکی زۆریان بە واتا دەدا بەلایانەوە هەموو وشەیەک واتا و گیانی هەیە و خاوەن مۆسیقا و وێنەیەکی تایبەتی خۆیەتی، (ئیلیا ئەبو مازی)، کە یەکێکە لە شاعیرانی تاراوگە، بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیانە باس لە دابەشکردنی کۆمەڵ دەکات بۆ هەژار و دەوڵەمەند، بەگشتی داوای بە گژاچوونەوەی ئەو سیستمانەیان دەکرد، کە مرۆڤەکان لێکدادەبڕێت، لەبری ئەوە داوای بنیادنانی کۆمەڵێکیان دەکرد، کە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دادپەروەری بێت. (قادر، ٢٠١٠، ٥٢)، هەروەها ڕۆڵی شاعیرانی عیراقیش لە نوێکردنەوەی شیعری عەرەبیدا گرنگە، چونکە هەردوو جەنگی جیهانی (یەکەم، دووەم) کارێکی وایکرد، کە شاعیران تێڕوانینێکی واقیعیانەیان بەرانبەر نەتەوەکەیان هەبێت، شیعر بەو ئاڕاستەیەدا بەرن و ئەو وێناگرتنە تێپەڕێنێت، کە پەنجا ساڵ بوو باوبوو، ئەو ڕەوتە پێشکەوتووخوازانە و بزوتنەوە سیاسییەکانی کە پارتەکان ڕێبەرایەتیان دەکردن لەژێر کاریگەریی بیری مارکسییەتدا بوون، کە گرنگترین شاعیرانی عیراقی بریتیبوون لە:

١. (نازک سادق ئەلمەلائیکە ١٩٢٣-٢٠٠٧)، کە لە ساڵی (١٩٤٧) یەکەم کۆمەڵەشیعری خۆی بە ناوی (عاشقة الليل) بڵاوکردەوە.
٢. (بەدر شاکر ئەلسەیاب ١٩٢٦-١٩٦٤)، سەرسامبوو بە ئەدەبی ئینگلیزی و بۆ یەکەمجار شیعری سەربەستی لە ئەدەبی عەرەبیدا داهێنا.
٣. (عەبدولوەهاب بەیاتیی ١٩٢٦-١٩٩٩).
٤. (بلّند حەیدەری ١٩٢٦-١٩٩٦).

کەواتە ئەم هۆکارانە دەوریان هەبوو لەوەی چەند قوتابخانەیەکی نوێگەری شیعری عەرەبی دروست بوون، لەوانە: قوتابخانەی (دیوان)، کە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە لایەن شاعیران (عەباس مەحمود عەقاد، ئیبراهیم عبدالقادر ئەلمازنی، عبدالرحمان شوکری) دروست کرا، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان جەخت کردن لە لایەنی فیکری بوو، هەروەها چەندین شاعیری دیکەی وەک: ( مەحمود دەروێش، نزار قبانی، بەدرشاکرئەلسەیاب، نازک مەلائیکە...)، هەڵگری دروشمی گۆڕانکاری بوون، دوای (میسر) و ئەو تەوژمی گۆڕانکاریانە گۆڕانکاری ڕووی لە (عیراقی)ش کرد، ئەمەش گۆڕانکاری لە (عیراق)دا دروستکرد، کە وایکرد بەرهەمە شیعرییەکان لە ڕووی واتاوە ڕوون بن، لە جیاتی خۆپارێزی تەمومژ و لێڵی، کە پێشر لە شیعری کلاسیکدا باوبوو.

### ٥-١/٢) ئەدەبی فارسی:

سەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەدەبیاتی فارسی ڕووە و ڕۆژئاوا و پەیوەندی ڕۆشنبیری لەگەڵ دەرەوەدا پەیداکردووە، "هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە لە سەردەمی شا (موزەفەرەدین)ەوە، مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی گەورەی دامەزراندووە بەناوی (دارالفنون)، چاپخانەی بۆ ئێران هێناوە، یەکەمین ڕۆژنامەیان لە ئێران بەناوی (وقايع اخبار) چاپکرد". (حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٢٤٢).

دواتر لە ساڵانی (١٩٠٥-١٩٠٧) بزوتنەوەیەکی ئەدەبی سیاسی کۆمەڵایەتی نوێخوازی لە ئێران هاتوەتە پێشەوە، کە بە (مەشروتە) ناسراوە، کە ئەمانە دوای گۆڕانکاریی گەورەیان لە ژیاندا دەکرد، کە ئەم گۆڕانکارییە ئەدەبیشی لێبێبەری نەبوو، "شیعری فارسیش لەم قۆناغەدا گەشەی کردووە، بە سوودوەرگرتن لە قاڵب و شێوازە کۆنەکان بەتایبەتی (قەسیدە- چامە) شاعیران ناوەڕۆکە نیشتمانییە نوێکانیان خستەڕوو، لە قۆناغێکی تردا شاعیران بە سوودوەرگرتن لە قاڵبی (ناقەسیدەیی) ناوەڕۆکە نوێکانیان خستووەتەڕوو، پاشان هۆنینەوەی شیعر بە شێوازی (نیما)یی دێتەپێشەوە، کە لەگەڵ شیعری (ئەفسانە)ی (نیما)دا دەسپێدەکات و دیارترین ڕابەرەکانی (فەروغ، سوهراب،..هتد)، لە ناوەڕاستی سییەکانیش لەسەر دەستی (شاملو) شیعری سپی هاتەکایەوە". (حوسێن، نازم، ٢٠٢٠، ٢٤٢).

شۆڕشی (مەشروتە) شۆڕشێک بوو، کە کاری لە هەموو لایەنەکان کردووە، گۆڕانکارییەکان لە بواری ئەدەب بەگشتی و شیعریش بە تایبەتی، وەک زمانی شیعریی و لایەنی هونەری...هتد، گرتووەتەوە، کەواتە شۆڕشی مەشروتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ نوێکردنەوەی ئەدەب بوو، بەڵام ئەمە

تەنها هۆکار نەبوو، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان ناردنە دەرەوەی قوتابی بۆ دەرەوە بوو، هەروەها کاریگەریی ئەدەبی فەڕەنسی، کە زۆر کاریگەریی لەسەر ئەدەبی فارسی هەبوو، بۆیە لەو کاتەدا شیعرەکان زیاتر مەبەستی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، بەم هۆیەش زمانی شیعر گۆڕاوە و بەرەو ئاسانبوون بۆ تێگەشتنی خەڵک چووە، بەڵام پێشتر زمانەکە قورسبووە، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعریش گۆڕاوە، دوای ئەم هۆکارانە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەرچوونی بڵاوکراوە بوو، سەرەتا گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکدا بووە، بەڵام دوایی فۆرمیشی گرتەوە، هەروەها ئەو دەقە شیعرییانەی کە لەو ساڵانەدا لە دایک دەبوون بە خێرایی دەکەوتنە سەر زاری جەماوەر و دەوترانەوە، "دیارە سادەیی زمان و شێوازی ئەو دەقانە لە لایەک، بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکی ترەوە، فاکتەری سەرەکی ئەو چەشنە بڵاوبوونەوە جەماوەرییە بوون". (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ١٤).

لە قۆناغی (مەشروتە)دا، "(ئازادی، نیشتیمان) دوو پاڵنەری سەرەکی بوون، کە ناوەڕۆکی شیعرییان پێکدەهێنا، بە چەمکێکی نوێ لێیان دەڕوانرا، کە پەیوەند بوو بە چەمکی دیموکراسی رۆژئاوایی و لەو قۆناغەدا شاعیران و رۆشنبیرانی ئێرانی روویان تێکردبوو". (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ١٤)، هەروەها لە سەردەمی بزوتنەوەی دەستوری (مەشروتە)دا بابەتی نوێ لە ژێر کاریگەریی خۆرئاوادا هاتنە ناو شیعری فارسییەوە، وەک: (نیشتیمان، دەستور (ئازادی و یاسا)، رۆشنبیریی و پەروەردەی نوێ، بە سەروەریی سەیرکردنی زانستە نوێیەکان، ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاو، رەخنەگرتن لە دابونەریتی کۆن، دژایەتیکردنی ئەفسانەی ناو ئایینەکان و هەندێکجاریش خودی ئایینەکانیش، بایەخدان بە زمانی ناوخۆیی، هێنانەناوەوەی زاراوەی ئەوروپایی، لەسەر قاڵبێکی دیاریکراوی شیعریی نەوەستان و زۆر شێوازیان پەیڕەودەکرد، وەک: (مەسنەویی، موستەزادە، قەسیدە...هتد).

"دیارترینی ئەوانەی لەم رەوتەدا بوون بریتیبوون لە : (محەمەد تەقی بەهار ١٨٨٣-١٩٥١، ئیرەجی میرزا ١٨٧٠-١٩٢٣، ئەدیبی مەمالیک ١٨٥٦-١٩١٥، میرزادەی عیشقی ١٨٩١-١٩٢٤، نیما یوشیج ١٨٩٧-١٩٥٩...هتد". (حوسێن، ٢٠١٠، ١٣٤).

"(نیما) لە نوێکردنەوەی شیعری فارسیدا زۆرترین کۆششی کردووە، چونکە توانی ئەو رێچکە کۆنە بشکێنێت، کە هەزار ساڵ بوو ئەدەبی فارسی پێدا دەڕۆیشت، (نیما) یەکەمین کەس بوو توانی بە شێوازە رۆمانتیکییەکانی فەڕەنسا شیعر بهۆنێتەوە، هەروەها (نیما) قاڵبی ئازادی بۆ شیعری فارسی هێنایەکایەوە، کە ئازادی تەواوەتی و فەزای بێسنوری لە بەرانبەر بیری شاعیران دەکاتەوە". (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ١٤)، هەروەها "لەم قۆناغەدا لەڕووی زمانی شیعرییەوە دەتوانرێت بوترێت گۆڕانکارییەکی توندڕەوانەی بەسەرداهاتووە، زمانی شیعری زیاتر وێنەییە و شاعیر لە جێگەی قسەکردن، بە شێوەی نمایش شیعرەکە دەخاتەڕوو". (شەمیسا، ١٣٩٤، ٣٥).

(نیما) سەبارەت بە تێکشکاندن و ئازادکردنی شیعر لە سەروادا دەڵێت: (( سەروا هی بابەتە دەنگی بابەتە، کە بابەت جیاواز بوو، سەرواش جیاوازدەبێت)). (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ١٤).

کەواتە لەم قۆناغەدا نیشتیمان بۆ خۆی بووە ئەو تەوەرەی کە شاعیرانی کۆدەکردەوە، غەزەلەکان بوون بە غەزەلی نیشتیمانی و لە بازنەی ئافرەت و خۆشەویستی ئافرەت چووندەرەوە، دیارە ئەم هەنگاوەش بۆ خۆی هەنگاوێکی نەتەوەییانەی شاعیران بوو، کە پێشتر بەم شێوازە نەدەبینرا، بە واتایەکی دیکە لەم قۆناغەدا ڕێڕەوێکی نوێ لەبەردەم شیعری فارسیدا کرایەوە، کە ئەویش ڕێڕەوی نەتەوەیی بوو.

## ٦-١/٢) ئەدەبی تورکیی:

پێش قۆناغی ئەدەبیاتی نوێی تورکیی، ئەدەبی تورکیی بەگشتی تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، بە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی کاریگەر بووە، دواتر لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکەدا چەند بزوتنەوە و قوتابخانەیەکی تازەگەریی دروستبوون، هەنگاو هەنگاو گۆڕانکاریی لە ئەدەبیاتی تورکیدا دەکرا، کە بووە هۆی ئەوەی ئەدەبیاتێکی نوێ بێتەکایەوە.

"ئەدەبیاتی نوێی تورکیی، ئەدەبیاتێکە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی خۆرئاوایی و بەتایبەتیش فەڕەنسیدا، کۆمەڵگای تورکیی عوسمانیی لە سەدەی هەژدەیەوە تێکەڵ بە شارستانێتیی خۆرئاوایی بوو، بەشێک لە خوێندەوارانی عوسمانیی سەردانی وڵاتانی خۆرئاوایان کرد و پرۆسەی وەرگێڕان پەرەیسەند، شاعیران و نووسەران سەرسام بوون بە ئەدەبیاتی ئەوروپایی و زۆرێکیان بە زمانە ئەوروپییەکان ئاشنا و زانا بوون". (حوسێن، ٢٠١٠، ١١٠).

( تەرجمانی ئەحوال)، کە بە یەکەم ڕۆژنامەی تورکیی دادەنرێت، کە لە دەرەوەی دەستەڵاتی ڕەسمیی دەوڵەتەوە دەرچووبێت، بارودۆخ و ژینگەی ئەوروپای دەگواستەوە...، تا دواجار بووە دەنگی بەگژاچوونەوەی دەستەڵاتی عوسمانیی و پەرەسەندنی بیر و زمانی نەتەوایەتیی و ئەدەبی سەردەمی گۆڕان و وەرچەرخانی سیاسی و سەربازی لە تورکیادا ئەوانەش بریتیی بوون لە:

1. **ئەدەبیاتی تەنزیمات:**

ئەم ئەدەبیاتە لە ساڵی (١٨٦٥)ەوە دەسپێدەکات بۆ ساڵی (١٨٩٥)، دیارترین ڕابەرانی ئەم گروپە، بریتیی بوون لە: "نامیق کەمال، ئیبراهیم شیناسی، ئەحمەد مەدحت، زیاء پاشا، مەحموود ئەکرەم، عەبدولحەق حامد، سامی پاشازادە".

2. **ئەدەبیاتی سەروەت ئەلفنون:**

ئەم گروپە لە ساڵی (١٨٩١) هاتەکایەوە، لەم قۆناغەدا مۆدێرنیزمی ئەوروپایی لە زۆر جومگەی ژیانی تورکیادا ڕەنگیدایەوە، ئەم قۆناغە وەک قۆناغی یەکەمی نوێکردنەوەی ئەدەبیاتی تورکیی لە ژێر کاریگەریی ڕوخسار و ناوەڕۆکی خۆرئاوایدا ئەژماردەکرێت.

3. **ئەدەبیاتی فەجری ئاتی:**

نووسەرانی فەجری ئاتی، کۆمەڵە گەنجێک بوون کە زیاتر هاوڕێیەتی کۆیکردبوونەوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەوروپییدا بوون و گروپێکی نەتەوەیی بوون، نووسەرانی ئەم ئەدەبیاتە بریتیی بوون لە: ( ئەعمەد هاشم، ئەمین بولنت، سیدار ئوغلو، حەمەد ئەڵڵا سوبحی، فوئاد کوبرولو، یەعقوب قەدری، عوسمان ئوغلو).

٤. **ئەدەبیاتی ئوممە:**

ئەمانە دەستەیەک بوون، بەرگرییان لە ناسنامەی ئیسلامەتی دەوڵەتی عوسمانیی دەکرد، پێیان وابوو خۆرهەڵات سەرچاوەی ڕاستەقینەی مەدەنییەت و شارستانییتە، نووسەرانی ئەم ئەدەبیاتە بریتیی بوون لە: ( محەمەد عاکف ئیرسوی، عومەر سەیفەدین، خالد ئەدیب ئەدی فار، ڕشاد نوری غون تکین).

٥. **ئەدەبیاتی ئەنازۆڵیی ( نیشتیمانی، یان نەتەوەیی):**

ئەم ئەدەبیاتە لە ساڵی (١٩٠٨)ەوە بە هێمنیی دەرکەوت، تا لەساڵی (١٩١١)دا گۆڤاری قەڵەمە لاوەکان (الاقلام الشابة)یان دەرکرد و بەپلەی یەکەم کاریان لەسەر دۆزە نیشتیمانیی و نەتەوەگەرییەکانی تورک دەکرد.

٦. **ئەدەبیاتی سەردەمی کۆماریی:**

دیارترین نووسەرانی ئەم گروپە بریتیی بوون لە: (نازم حکمت، زیاء عوسمان سابا، یەشار نابی نایر، ئوکتای ڕەفعەت، جاهد کولبی، حسین ڕحمی غول بنار، بیامی سەفا، کەمال تاهیر، عەزیز نەسین، نەجاتی جەمالی، سەلیم ئیلاری، فاکر بای کورت، ئورهان بموک)، هەروەها گۆڕانێکی بنەڕەتیی لە شیعری تورکیدا، لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمارییەوە لەسەر دەستی (نازم حیکمەت ١٩٠٢-١٩٦٣) هاتەکایەوە (حیکمەت) ناوەڕۆکی لە پەیوەندی ڕوخسار دەرهێنا و ئەوەی بووە جێی بایەخی ناوەڕۆکە شیعریی و ئەدەبییەکان بوون نەک ڕوخسار، (نازم حیکمەت) دەڵێت: ((من ڕوخسارێکم دەوێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەمدا بگونجێت، بە جۆرێک کە بەشداری لە زیاتر دەرخستنی ناوەڕکەکەدا بکات)). (حوسێن، ٢٠١٠، ١١٠).

کەواتە ئەدەبی تورکیی لەسەدەی بیستەمدا، کە ساڵانی (١٩٠١-١٩٢٣) دەگرێتەوە، پێشکەوتنێکی گەورە لە ئەدەبی تورکیدا لەسەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا بەتایبەت لە بواری شیعردا، کە هەوڵی شاعیرەکان بە گۆڕانکاریی لەم بوارانەدا بەرجەستە بوو، وەک بە تورکیکردنی زاراوەکان و زمانی شیعریی، لە ناوەڕۆکی شیعردا زیاتر بەرەو هەستی نەتەوایەتی چوون، هەروەها کێشی تورکییان بەکاردەهێنا.

## ٢/٢) ئەدەبی کوردی و ئایدیۆلۆژیا:

هەرچەندە سەرەتای زمان و ئەدەبی کوردی و کەلەپووره ڕەنگینەکەی بۆ ڕۆژگارێکی دێرین دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرەتای ئەو ئەدەبە نوسراوەی، کە تا ئێستا ئاگادارین و بەدەستمان گەیشتووە، دەتوانین بڵێین لە شاعیری سۆفیزم ( بابە تاهیری هەمەدانی ٩٣٥-١٠١٠)یەوە دەستپێدەکات. (بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٤٧)، هەروەها ئاشکرایشە، کە تا سەردەمێکی نزیک سەرچاوەی خوێندەواری و بەرچاوڕوونی شاعیر و نوسەرانی کورد بریتیبووە لە زمان و ئەدەبی (فارسی، تورکی، عەرەبی)، کە هەندێک لەم نەتەوانە بەهۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە، هەندێکی تریشیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی تێکەڵبوون و ڕەچەڵەک، یان بەهۆی دەستەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەواییەوە زمانەکانیان سەرچاوەی بیری خوێندەوارانی کورد بووە. ( بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٤٤).

کەواتە کاریگەریی و پەڕینەوەی زمان و ئەدەب و کلتوور لە نێوان میللەتەکاندا سنورەکان ناتوانن بیوەستێنن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخە تایبەتییەی کە میللەتی کورد تێدا بووە، ئەوا ئەم کاریگەرییە بەسەر زمان و ئەدەبی کوردییەوە زیاتر دەکات.

هەرچەندە "نەتەوەی کورد لە سەرانسەری (کوردستان)دا بەهۆی باری ئاڵۆزی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژووییەوە، ڕۆژگار کەمتر لای لێکردووەتەوە و جڵەوەی چارەنووس و ژیان و کاروباری بەدەست خۆیەوە نەبووە، زۆر لاپەڕەی دوور و نزیکیشی بە شپرزەیی و سەرگەردانی ماونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو تەگەرە و نەهامەتییەدا نەیهێشتووە، کە زمانە پاک و بێگەردەکەی لە گۆ بکەوێت بە گیان و دڵ پاراستویەتی و بە کۆڵەکەی بوونی نەتەوایەتی زانیوە". ( بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٤٣).

لەسەرەتای شیعری کوردییەوە ئایدیۆلۆژیای زاڵ و دیار ئایدیۆلۆژیای ئایینی بە دیدێکی تەسەوفانە بووە، چونکە هەر لە سەردەمی کۆنەوە یەک جۆر ڕوانین و یەک جۆر جیهانبینی و کلتوور هەبووە، کە ئەویش جیهانبینی و کلتووری ئیسلام بووە، هەروەک لەشیعری ئەم شاعیرانەدا دەردەکەوێت.

**(بابە تاهیر ٩٣٥-١٠١٠)**، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| نەوای ناڵەی غەم ئەندووهـ [تە] زۆنۆ | عەیار قەلبی خالس بۆتە زۆنۆ |
| بۆرە سووتە دلوون گەرد هەم ئاییم | کە قەدری سووتەدل، دلسووتە زۆنۆ |

"واتە دەنگی ناڵەی خەمخۆر تۆ دەیزانیت، پارسەنگی دڵی بێخەوش بۆتە دەیزانێت، وەرە با هەموو دڵ سووتاوەکان لەلای یەک کۆببینەوە، چونکە قەدری دڵسووتاو، دڵسووتاو دەیزانێت". (سەجادی، ١٣٨٩، ١٨١).

کەواتە (بابە تاهیر) لەو ڕێگەیەوە، کە بانگەواز و بانگکردنی هەموو دڵسووتاوەکانە، دەیەوێت بیروباوەڕەکەی لەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە.

**(مەلای جزیری ١٤٠٧-١٤٨١)**، دەڵێت:

{لیطمئن قلبی} (عین الیقین) د بەخشێت

(عین العیان) دڤێتن کافی نهین دیرایەت

گەر میر و پادشاهی مویک لنک (مەلایی)

نادم بە مولک عالەم، (باالله) یەک عینایەت. (جزیری، ٢٠٠٥، ٩٨).

واتە ئایەتی {لیطمئن قلبی} پایەی (عین الیقین)مان پێدەبەخشێت، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت (عین العیان)ە ڕیوایەتکردن بە کەڵک نایەت، ئەگەر میر بیت و پادشا بیت، لە لای مەلا وەکو یەک وایە، سوێندم بە خوا بێت تۆزێک چاودێری خوا بە هەموو موڵکی دونیای نادەم. ( سەجادی، ١٣٨٩، ٢٠٥).

**(بێسارانی ١٦٤١-١٧٠٢)**، دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئێمەیچ پەروانە شەم شناسانیم | پەڕ و باڵ سوفتەی دین خاسانیم |
| میللەتی پاک دین پێغەمبەرانیم | نەک جە تایفەی کەم نەزەرانیم |
| بنمانە جەبین نوور پاکتەن | ئەر تۆ پاکەنی جە کێ باکتەن؟! (بێسارانی، ١٣٧٥، ٥٥ ) |

واتە "ئێمەش ئەو پەپوولانەین کە مۆم دەناسین و بە دەوریا دەسوڕێنەوە، چونکە شەیدای ئەو ڕووناکییەن، پەڕ و باڵ کون کراوی ئایینی پیاوچاکانین، چۆن پەروانە لەتاو عەشقەکەی ئاگای لە خۆی نامێنێت، ئەوەندە بە دەوری چراکەدا دەسوڕێتەوە، تا لە سەرەتادا باڵەکانی بەهۆی گەرمایی ئاگرەکەوە وردە وردە دەسووتێت، لە پاشان خۆیشی دەبێت بە قەقنەس، ئێمەش بەرانبەر بەو نووری حەقیقەتە خواناسییە لە سەرەتادا بە دەوریا دەسووڕێنەوە لە پاشان بە بێ ئەوەی هوشێکمان بمێنێت، دەکەوینە ناوییەوە و دەسووتێن". ( سەججادی، ١٣٨٩، ٢١٨).

کەواتە تا پێش (ئەحمەدی خانی) بیری تەسەوف لە شیعری کوردیدا تەنها دید و ڕوانینی زاڵە، بەڵام بە سەرنجدانێکی ورد لە شیعر و ئەدەبیاتی کورد دەردەکەێت، کە "سەرەتاکانی سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە شیعرەکانی **(ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧)دا**، کە سیما و مۆرکی ئەو بیرەی پێوەدیارە". (سعید، ٢٠٠٨، ٢٨٥).

(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا (ئەحمەدی خانی) شیعری میللی بۆ یەکێتی قەومەکەی نووسیوە؟ دەڵێت: ((بەڵێ هیچ شاعیرێک، یان خاوەن بیرێک پێش ئەو بە (شەرەفخان)یشەوە، بەرنامەیەکی قەومی نووسراوی بەو چەشنەی ئەو پێشکەش نەکردووە، تەنانەت لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا نییە، کە ئەوەندە دێرە شیعر کارێکی وا بکاتە سەر نەتەوە و مێژووی، کە تا ئێستا بە قسەمان نەکردووە، بەڵام لە گوێمان و لە بەرنامەماندا دەنگدەداتەوە، جا ئەمە گەورەی (خانی)یە؟ یان پەیوەندی کوردە بە بیر و وشەوە)). (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ٨٥).

هەروەک (خانی) گەورەی نەتەوەکەی لەوەدا دەبینێت کە کتێبی هەبێت، وەکو دەڵێت:

دا خەلقی نەبێژیتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بێ ئەسڵ و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کرمانج تەنێ د بێ حسێبن. (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ٨٤).

هەروەها (خانی) هۆکاری زاڵبوونی فارس و تورک وەک داگیرکەرانی کوردستان بە نەبوونی یەکگرتووی دەزانێت و دەڵێت:

غالب نەدبوو ل سەرمە ئەو رووم
نەد بوونە خرابەیی ددەست بووم
مەحکووم و علیهیو سەعالیک
مەغلووب و موتیع تورک و تاجیک. (ڕەسوڵ،٢٠٠٨، ١٠٧).

کەواتە شیعری نەتەوەخوازی و بەرەنگارییەکانی ئەدەبی کوردیی (ئەحمەدی خانی)، زیاتر دەچێتە خانەی سودبەخشینەوە، چونکە پەیامی ئەم جۆرە شیعرە ئاگادارکردنەوە و بەرهەڵستییە، نەک پیاهەڵدان و خۆشکردنی دیوەخان، ئەدەب ئەرک و ئاماژە کۆمەڵایەتییەکەی لەوەدایە، کە دەبێت لەو ململانێیەدا ڕۆڵی وشیاریی کۆمەڵایەتیی خەڵک ببینێت، واتە ئەدەبی پابەند و پەیوەست بەشێکی

دانەبڕاوە لە دۆخی گشتی کۆمەڵەکەی و پاڵنەرێکی گرنگ، بۆ ئاشنابوونی نەتەوە بە مێژوو و شارستانییەتی کۆن و نوێ دەبێت.

لە باشوری کوردستاندا چەند ناوەندێکی ئایینی- زانستی هەبوون، کە برەویان بە زانین و خوێندەواری داوە، زانایان و ڕوناکبیرانی ئەو سەردەمە لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستانەوە ڕوویان لە باشوور و پایەختی میرنشینی بابان (سلێمانی) کردووە، ئەم شارە وەک گەڕیدەی ئیتالی (ئەلیساندرۆ دی بیانگی)، کە ئەو کاتە سەردانی کوردستانی کردووە، دەڵێت: ((لەسەدەی نۆزدەیەمەوە ناوەندی ناسیۆنالیستی و کولتوری کوردییە)). (سابیر، ٢٠٠٨، ١٥٨). واتە لەو ناوەندە زانستی و کولتورییانەوە شاعیران و ڕوناکبیرانی وەک: ( نالی، کوردی، سالم، مەولانا خالیدی نەقشبەندی، حاجی قادری کۆیی،...هتد) پێگەیشتن، کە دواتر ڕۆڵێکی گەورەیان لە چەسپاندنی زمانی ئەدەبی کوردی و پێشخستنی ژیانی کولتوریی و گیانی هەست و هۆشیاری نەتەوەییدا گێڕا.

هەرچەندە کەمترین لایەنی بیری قوڵی نەتەوەخوازیی لای (نالی) هەیە، بەڵام بە چامەکەی کە بۆ (سالم)ی شاعیری دەنێرێت، وەکو یادگارێکی شاعیرە دەتواندرێت وەکو بیری نیشتمانی و غوربەت باس بکرێت، واتە سۆز و دابڕانە، لە تاراوگە نالی دێنێتە کوڵ، چونکە هۆکاری نوسینی شیعرەکە دوورە وڵاتییە. ( مستەفا، ٢٠١٥، ٦٣).

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور. (نالی، ١٣٨٧، ١٨٤).

دواتر کورد لەوە هۆشیاربووەتەوە کە مافی ئەوەی هەیە خاوەنی دەستەڵات و بوونی خۆی بێت، مرۆڤی کورد هەستی بەوە کرد، کە سنوری جوگرافی و زمان و مێژووی تایبەت بە خۆی هەیە و لە نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری جیادەکاتەوە، هەر لەم بارەیەوە شاعیر و ڕوناکبیر و نوسەرانی کورد هەمیشە پێشڕەوی میللەت بوون، توانییانە لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە میللەت وشیار بکەنەوە بەرانبەر بەو کارانەی دژ بە میللەتەکەیان بووەتەوە، بۆیە کورد لەهەر شوێنێک بێت ئەو هەستە بوونی هەیە و کاریگەریی لەسەری هەیە، بەتایبەتی شاعیران، کە بە هەستێکی شاعیرانەوە هەستیان پێکردووە، دواتر ئەم هەستە ڕویکردۆتە میرەکان و ئەوانیش ئەم هەستەیان لا دروست بووە، دواتر دابەشبوونی کوردستان، هەروەها شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کورد ئەم هەستەی قوڵتر کردەوە، کە زیاتر هەستی ناسیۆنالیستی لای کورد گەشەی کرد.

هەروەک "میرنشینەکانی (موکریان، ئەردەڵان، بابان، سۆران، بادینان)، لە سەدەکانی (١٧-١٨-١٩)دا لەبەرانبەر دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا بەرگریان کردووە، ویستویانە هەر هیچ نەبێت بە نیمچە سەربەخۆیی بمێننەوە، جگە لەمانەش (حاجی قادری کۆیی١٨١٥_١٨٩٢)، (شێخ ڕەزای تاڵەبانی١٨٣٧-١٩٠٩)، (کوردی١٨١٢ -١٨٥١)...هتد بە شیعرەکانیان کەم تا زۆر خزمەتیان بە بیری سەربەخۆیی کورد کردووە". (گوڵەدین، ٢٠١٦، ٣٢).

هەرچەندە دید و ڕوانگەی تەسەوفانە جارێکی دیکە لە شیعری شاعیرەکاندا دەردەکەوێت، کە دیارترینیان (مەولەوی، مەحوی)یە.

**(مەولەوی ١٨٠٦-١٨٨٢)، دەڵێت:**

دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش
بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نە بینیش
جەو بۆ نۆ ئەو نوور هەڵای تاقی یەن
نە ڕێزەی من دا بەر قش باقی یەن. (مەولەوی، ١٣٨٦، ٢٥٨).

واتە هەرکەس خولی دووەمی ڕێی حەقی خۆی ببینێت، ئەوا هەمیشە بۆنی باخچەی نەمری لە لووتی دێت، ئەم شیعرە ئاماژەیە بۆ فەرموودەی حەزرەتی (عیسا) کە فەرموویەتی: ((لن یلج ملکوت السماوات من لم یولد مرتین)) واتە هەرکەس دووجار لە دایک نەبووبێت پێ نانێتە بارەگای بەرزی و لە (خوا) نزیکبوونەوە، جاری یەکەمیان لەدایکبوونی ئاساییە، جاری دووەمیشیان ئەوەیە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە بکەوێتە سەر خواپەرستی، کە وەک ئەوەیە جارێکی دیکە هاتبێتە دنیاوە. (مەولەوی. ١٣٧٨، ٢٥٨).

**(مەحوی ١٨٣٠-١٩٠٤)، دەڵێت:**

خودا بیدا بە ڕەحمەت، داغی دڵ چاوی دڵە "مەحوی"
بە گریە چاو ئەگەر چوو، شک دەبەم چاوێکی بیناتر (مەحوی، ١٣٨٧، ١٦٠ ).

لەم دێڕەدا ئەوە دەردەکەوێت کە (مەحوی) ئامادەبووە بەهۆی چاوەڕوانی و داغ و غەمی چاوەڕوانییەوە چاوی لە دەست بدات، چونکە چاو بۆ بینینی شتانێکە کە لە دەرەوەی کەسەکەدان، ئەو بوونەش کە (مەحوی) عاشقی بووە لە دەرەوەی خۆیدا نییە، تا بەهۆی چاوەوە بیبینێت و پێی بگات، هەربۆیە داغ و خەفەتی دڵ کە دەبێتە هۆی گریان و فرمێسک ڕشتن و کوێر بوونی چاو، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی چاوی دڵی، کە چاوێکی ناوەکییە و بەهۆی تەرکیزکردنە سەر چاوە دەرەکییەکە لە بینین کەوتووە، بکەوێتە بینین، بینینی ئەم چاوەی دڵیش زۆر لە بینینی چاوی سەر قووڵترە، بینینی ئەو بوونەی کە چاوەڕوانی دەکات و دەیەوێت بیدۆزێتەوە، لە ڕێگەی ئەم چاوەی دڵەوە ئەنجام دەدرێت. ( عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١١٠).

هەروەها دەڵێت:

(مەحویا) با بەسی بێ شیرکی تەشەببوس بەم و بەو
بگرە بەس دامەنی تەوحیدی (هو الله احد). (مەحوی، ١٣٨٧، ١٥٢).

لێرەدا "(مەحوی) لە ڕێگەی سوورەتی (الاخلاص)ەوە باس لە یەکتاپەرستی دەکات، چونکە لە پەیامی پێغەمبەرایەتی ئیسلامدا، سوورەتی (الاخلاص) بە کۆڵەکەی یەکتایی (تەوحید) دەژمێردرێت، چونکە ئیسلام لەناو وێرانەی گۆڕستانی (خواوەند)ە کۆنەکانی عەرەبییەوە لە دایکبوو، گۆڕستانێک بوو، کە سەدەها بەڵکو هەزارەها (خواوەند)ی دەگرتە خۆ، کە ئەڵڵا (الله)، بە پێی فرمانێکی خوداوەندەوە خودای تاک و بێ شەریکی ئیسلام دەبێت". (مەلا، ٢٠١٣، ١٤٤).

بەڵام لە دوای (خانی) جارێکی دیکە بیری نیشتمانی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی فراوانتر لە شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی)دا دەردەکەوێت.

"**(حاجی قادر ١٨١٥-١٨٩٢)** لەم بوارەدا پێشڕەو بووە، پێداویستییەکانی ناسیۆنالیزمێکی سەرکەوتووی باسکردووە و بەرەنگاریی هەر کردار و نەریتێکی نابەجێ بووەتەوە، بەرەنگاریش لای (حاجی) ، گۆڕانە بۆ دۆخێکی چاکتر لەوەی کە هەیە، هیواخواستنە بۆ ئەوەی لاسەنگییەکانی کۆمەڵ چاکبکاتەوە). ( مستەفا، ٢٠١٥، ٦٣). شیعری سیاسی ئەگەر لای (خانی) ڕێچکەیەک بوو، لای (حاجی قادر) بوو بە ڕێبازێکی پان و بەرین و لە شیعری کوردیدا قوتابخانەیەکی تازە بوو". (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٨٠).

"بیری قوڵی ژیاندۆستی و نەتەوەیی و بەرەنگاریی لای (حاجی قادر) بە زمانی شیعر و نزیک لە تێگەیشتنی گشتییەوە بەرهەم هاتووە، چونکە (حاجی) ئەوەی زانیوە شاعیر ئەرکی گەورەیشی لە ئەستۆدایە، شاعیرانی ڕاستەقینە ئەوانن، کە قوڵترین هەست و مانایان لە زمانی خۆیان بەرهەمهێناوە". (میهرداد، ٢٠١٤، ٧٧)

"(حاجی) لە کاروانی ئەو هونەرمەندانە بوو، کە باوەڕیان وایە هونەر دەبێت بۆ گەل بێت، ئەو شاعیرانەی کە هەمیشە باسی زوڵفی درێژ و چاوی خەواڵوو دەکەن، بە قسەی بێهودەکەری ناودەبردن، لەڕیزی شێخە دەسبڕ و خواجە و سەیاحە گەڕۆکە بێ ئامانجەکانا دایئەنان و هێرشی دەکردە سەریان و پێیدەوتن ئیتر نەبڕایەوە، تاکەی لە وتنی ئەم چەشنە شیعرە بێکەڵکانە ناکەون". (مەلاکریم،٢٠٠٨، ٤٠).

شاعیر و شێخ و خواجە دەربەدەرن
لە قسەی بێ نەتیجەدا دەمرن
باسی زوڵفی درێژ و چاوی بەخەو
بەبڕاوە، بووە تڕی خوسرەو. (حاجی،٢٠٠٧ ، ٢٣٥).

"(حاجی قادر)، لەو ڕوانگەیەوە، کە کورد و کوردستان وەک دوو زاراوەی ناسیۆنالیستی دێنێتە ناو ئەدەبیاتی سەردەمەکەیەوە، خۆی لە شاعیرانی  دیکەی سەدەی نۆزدەیەم بە تایبەت (نالی) جیادەکاتەوە، لای (حاجی) نۆستالجیا و ڕۆشنگەری دەچن بەناویەکدا، ئەو سەرزەمینە سایکۆلۆژییە دەخولقێنن، کە ناسیۆنالیزم پێویستی پێیەتی، لێرەشەوە مەنفای (حاجی قادر) لە مەنفای نالی جیادەبێتەوە، لای نالی مەنفا سەرزەمینێکە لە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بەڵام لای (حاجی) مەنفا سەرزەمینی ڕوانین بۆ ئایندە دەبێت". (قانیع، ٢٠٠٠، ٨١).

دواتر ڕێچکەی نوێگەرییەکە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لە ساڵی (١٨٩٨)دا، بە تایبەتیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات؛ چونکە هەر لەو کاتەوەیە، کە گۆڕانکارییە بنچینەییەکان بەسەر شیعردا دێن، تەنها لەو کاتەیشەوە کورد دەستدەکات بەوەی، کە بە غەیری شیعر بیر بکاتەوە؛ بە وتار بیری خۆی دەرببڕێت، کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا تەنها بە شیعر بیری دەکردەوە، تەنها بە شیعر بۆچونەکانی خۆی دەردەبڕی، تەنانەت هەر بە شیعریش ڕەخنەی لە شیعر دەگرت و شیعری هەڵدەسەنگان؛ بەڵام لە ساڵی (١٨٩٨) بەملاوە تێگەیشتنەکانی خۆی بۆ ژیان بە نوسین تۆمار دەکات، لە ساڵی (١٨٩٨) بەملاوە لەسەر پەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زنجیرەیەک وتاری (ئەدەبی، ئیستاتیکی،

ڕەخنەیی)، کە لە (کۆمەڵ، مرۆڤ، وڵات، جوانی، سوود، شیعرییەت، ئەرکەکانی، واتاکانی، چەمکەکانی) دەکۆڵنەوە و سەرهەڵدەدەن، هەر لەم ساڵەشەوە و لەسەر لاپەڕەکانی ئەم یەکەمین ڕۆژنامە کوردییەدا دەبینین، بۆ یەکەمین جار شیعرەکانی (حاجی قادری کۆیی) بە شێوەیەکی فراوان بەر دیدی هەزاران خوێنەر دەکەون، دەیان شاعیر کاریگەرییان بەسەر شیرینترکردنی تامی شیعر و هاندانی بەهرەمەندان بۆ نوسینی شیعر دەبێت). (پیربال،٢٠٠٥، ٢٥).

تەنانەت هەر لەو ماوەیەشدا بۆ یەکەمینجار خودی زاراوەی نوێگەری، یان مۆدێرنیزم (تەجەدود و موجەدید) دەکەونە سەر زاری شاعیر و نوسەرانمانەوە، ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە ساڵی (١٩١٨) لە ژمارە ( ٢٣، ٢٤ )دا بایەخێکی تایبەت دەداتە بیری نوێخوازی لە شیعرەنوسیندا، بۆ یەکەمجار وشەی (نوێخواز، تجدد) بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە لەبارەی شیعرەکانی (حاجی قادر)ەوە دەڵێت: ((حاجی قادری کۆیی لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە))، لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت: ((حاجی شاعیرێکی بێ نەزیری کوردە، شیعرەکانی زۆر موجەدیدانەیە))، تەنانەت هەمان ڕۆژنامە لە ژمارە (٢٥)دا بەراوردی کۆن و نوێ لە شیعرنووسیندا دەکات و دەڵێت: ((شیعرەکانی لەگەڵ شیعری قودەما فەرقی زۆرە؛ هەر بەیتێکی عالەمی ئیجتیماعیات و ئیسلاحە...)). (پیربال،٢٠٠٥، ٢٥).

لەو قوناغە نوێیەدا، لە سەرەتادا ئەو جۆرە شیعرە پەیدا بوو، کە ئەکادیمی و زانکۆییەکانی ئەمڕۆ ناویان ناوە ( شیعری نیشتمانی، سیاسی، دلێری، کۆمەلایەتی، فێرکردن، زانستپەروەری...)، نموونەی ئەمجۆرە شیعرەیش، هەر زوو لە کۆتایی سەدەی نوزدەیەمەوە (لەگەڵ حاجی قادری کۆیی)دا دەستی پێکردبوو، کە بۆ شاعیرانی سەدەی بیستەم بنچینەیەک بوو : (پیربال،٢٠٠٥، ٣٢).

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت
کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازاد و سەربەخۆ بون
سوڵتانی مولک و میللەت ساحێبی جەیش و عیرفان. (حاجی، ٢٠٠٧، ٢١٠ ).

**(شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٥-١٩١٠)**، ڕێز و خۆشەویستییەکی بێ پایانی بەرانبەر میرانی (بەبە) هەبووە، ئەو ڕێز و خۆشەویستییە هەستێکی نیشتیمانپەروەری و کوردپەروەری بوو، چونکە میرنیشینی ئەو سەردەمەی بابان، ڕوناکییەکی گەش بوو لە باشووری کوردستاندا، (شێخ ڕەزا) ئەم میرنیشینەی بە وڵاتێکی سەربەخۆی کوردستان و میرانی بابانیشی بە پێشەوا و پارێزەری ئەو وڵاتە دادەنێت. (تاڵەبانی، ٢٠١٨، ٢٥٠).

(شێخ ڕەزا) لە شیعرێکی کوردیدا بیرەوەری خۆی لەسەر شاری سلێمانی ، کە پایتەختی میرنشینی بابان بوو دەڵێت:

لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارومولکی بابان بوو
نە مەحکومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهد
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو. (تاڵەبانی، ٢٠٠٣، ٧٢).

یاخود **(ئەحمەد بەگی ساحێبقڕان- حەمدی ١٨٧٦-١٩٣٦)**، وەک شاعیرێکی پابەند بەو واقیعەی تیایدا ژیاوە، هەڵوێستی دیاری لە خەمی نەتەوەکەی دژی داگیرکەران هەبووە، لە قۆناغ و واقعێکی نالەباری پڕ لە کارەساتدا ژیاوە، بۆیە لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە و دەڵێت:

ساعیقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب

بەردەبارانە بە مەخسووسی لەسەر موڵکی بابان

گوێی فەلەک کەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار

لامەکانی گیرا سەدای ناڵە و فوغان و ئەلئەمان. ( حەمدی، ٢٠١٣، ٢٥٤ ).

کەواتە دەتوانین بڵێن لەسەرەتای دەرکەوتنی شیعری کوردییەوە بیر و جیهانبینی زاڵ لە شیعری کوردیدا ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینی بەتایبەتی هەڵقوڵاو لە بیری سۆفیزمی ئیسلامییەوە بووە، دواتر لە سەدەی حەڤدەیەمەوە لای (ئەحمەدی خانی) وەک شاعیرێکی خاوەن بیری نیشتیمانی و نەتەوایەتی توانی گیانێکی تازە بە ناوەڕۆکی شیعری کوردی ببەخشێت، پاشان لە لای شاعیرانی دواتر ئەم بیرە کەمتر زیاتر لە شێوەی غوربەتی شوێندا دەردەکەوێت، تا لە سەدەی نۆزدەیەمدا و لە لای (حاجی قادر) بیری نیشتمانی نەتەوەیی بە شێوەیەکی فراوانتر دەردەکەوێت، دواتر سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و گۆڤار بەرەو پێشچونێکی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت، تا جەنگی جیهانی یەکەم، کە دوای جەنگ بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوورییەوە، گۆڕانکارییەکی گەورەیش بەسەر بواری ئەدەب بەگشتی و شیعریش بە تایبەتیدا دێت.

## ١-٢/٢) ئەدەبی نوێی کوردی و ئایدیۆلۆژیا:

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، سەرەتا و خاڵی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەستپێکرد، ئەمەش لە ڕێگەی کاریگەریی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە بوو، کە ئەوانیش لەو ڕۆژگارەدا بە هۆی کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا لە هەوڵی نوێبوونەوە و تازەکردنەوەدا بوون، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کوردستانیش لە قۆناغێکی نوێدا بوو.

"ساڵی ( ١٨٩٨)، ساڵی دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەی کوردییە (چاپخانەی کوردستان) لە قاهیرە، لەهەمانکاتدا ساڵی دامەزراندنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە (ڕۆژنامەی کوردستان)، کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ بزوتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، (لەناو منداڵدانی ئەم بزوتنەوە ڕۆژنامەنوسییەدا ژانرە ئەدەبی و شیعرییە نوێکان دەردەکەون، ئەوانی دیکەش گەشە دەکەن و توخمەکانی نوێگەری و شیعری نوێ دروستدەکەن، هەر لەم ساڵە بەملاوە کە ڕێکخراوە نەتەوەیی و کۆمەڵە کولتووری و سیاسی و (جەمعیەتە) پیشەییەکان دروست دەبن گوڕێکی تازە دەبەخشنە ژیانی کولتوری و دەبنە هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاست خوێندەواری و چاپەمەنی و لەکۆتایشدا نوێکردنەوەی ئەدەبیات". (پیربال،٢٠٠٥، ٢٤).

کەواتە دەتوانین بڵێن ئەگەر دروستبوونی ڕێکخراوە نەتەوەیی و کۆمەڵە کولتوری و سیاسییەکان، هۆکارێکی سەرەکی نەبن؛ بۆ پەیدابوونی شیعری نوێی کوردی، ئەوا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی

سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردییە، لێرەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئایدیۆلۆژیا دەورێکی کاریگەر و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لە جۆری ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی، کە ئەمەش دیارە هۆکاری خۆی هەیە.

"هەستی ناسیۆنالیستی و بزوتنەوە چەکدارییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە ڕاپەرینەکەی (یەزدان شێرەوە ١٨٥٣)، تا دەگاتە ڕاپەرینەکەی (دەرسیم ١٩٣٦)، کە ڕێگەیان بۆ سەرهەڵدانی ژیانێکی نوێی کلتوری و تازەبوونەوەیەکی ئەدەبی بەگشتی خۆشکرد، زوڵم و زۆرەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ڕژێمی تورکیای کەمالیست و ئێران لە هەمبەر کورد بارودۆخێکی هەڵگرساوی لەناو دەروونی کورددا بەرپا کردبوو". (پیربال،٢٠٠٥، ٢٩).

(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، دەربارەی کاریگەریی بۆ نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەڵێت: ((تازەکردنەوەی شیعری کوردی دەبەستین بە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردەوە)) پاشان دەڵێت: ((یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی، بەرەو شتێکی تازەی سەر بە جیهانی شیعری جیهانی سرووودی کوردیدا بوو)). (حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٢).

(عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، باس لە (زێوەر) دەکات، کە ئەو سروودانەی لەسەر ئاوازی سروود و گۆرانی تورکی هۆنیوەتەوە، بەمەش ساڵی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بۆ ناوەڕاستی بیستەکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام ڕوڵی (شێخ نوری شێخ ساڵح) لەم بوارەدا ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت، وەک (ڕەفیق حیلمی) دەڵێت: ((تا ماوەیەک زەعیمی ئەو ئینقلابە بووە...)). (حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٢).

"دەربارەی ڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەریەک لە ( پیرەمێرد)، (عبدولڕەحمان بەگی نفووس)، ( شێخ نوری شێخ ساڵح)، (گۆران)، (ڕەشید نەجیب)، (عبدولواحید نوری)، بە ڕابەرانی ئەو بزوتنەوەیە دەژمێردرێن، هەمووشیان بە ئاشکرا کاریگەریی ئەدەبی تورکیان بەسەرەوە بوو". (حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٢).

چەمکی (Modernaism)، بە گەشەکردن و تێپەڕاندنی کات گەشە دەکات، ئەوەی ئەمڕۆ (مۆدێرنە)یە، بۆ ساڵیکی دیکە بەو شێوازە نامێنێتەوە، یاخود بە پێچەوانەوە "نوێ هەلومەرجێکی دروست و پێگەیشتووە، لە بارەکانی بیری (سیاسی، ڕۆشبیریی، ئەدەبیی)، بە شێوەیەکی سەرەکی بنەماکانی بریتییە لە تێپەڕاندنی کات ئەوەی کە پێیگەیشتوون، یاخود ئەوەی لەو بارەدا هەیە، بۆیە بەردەوام مۆدێرنە باز بەسەر نوێدا دەدت و لە لایەنە جیاجیاکانەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەروونی مرۆڤ دەکات". (ڕەئوف، ٢٠٠٩، ٣٣).

کاتێک باس لە بزوتنەوەی نوێخوازی لەدوای ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە شیعری کوردیدا دەکەین، کە ئەویش پێویستییەکی سەردەم بووە، لەو ڕوانگەیەوە هەنگاوی ناوە کە بتوانێت پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە دابمەزرێنێت، چونکە زۆربەی کات بەو دیدە ڕەخنەییەوە تەماشای بەرهەمی شاعیرە کلاسیکییەکان کراوە، کە نەیانتوانیوە لەڕێگەی شیعرەوە بایەخ بە کێشەکانی کۆمەڵ بدەن و پەردە لەسەر ژان و ئازارەکانی چینی بندەستی کۆمەڵ هەڵبدەنەوە، چونکە تۆمەتی ئەوە دەدرایە پاڵ شیعری کلاسیکیی، کە لە خزمەتی چینە باڵاکانی کۆمەڵدا بووە، "دەتوانین بڵێن کە شیعر بە زۆری لە

مێژووی ئەدەبیماندا باڵادەست بووە، شیعر تاقە هونەرێکە کە کاریگەرییەکی دیاری بەسەر کەسایەتی کوردییەوە هەیە، کە لە بەرایی مێژووەوە بۆچوونێکی ڕاستەقینە لە ڕەوتی کۆمەڵایەتی و گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا بووە". (سالح، ٢٠١٢، ١٠٩).

کەواتە ئەو بارودۆخە نوێیەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتەکایەوە، جێکەوتەی بەسەر هەموو کایەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری، ئەدەب و هونەرەوە دەبینرێت، شاعیرانیش لەم کاریگەرییە بەدەر نەبوون و بەهرەمەند بوون.

(شێخ نوری ساڵح ١٨٩٦-١٩٥٨)، (ڕەشید نەجیب ١٩٠٥-١٩٦٧)، (گۆران ١٩٠٤-١٩٦٢) لە سەرەتای ژیانی ئەدەبییانەوە ئەو بابەتانەیان دەخوێندەوە، کە بە زمانەکانی فارسی، تورکی بڵاودەکرانەوە، تەنانەت (گۆران) دەڵێت: ((نوسەر و شاعیرانی ئەوسا بەتایبەتی (شێخ نوری، ڕەشید نەجیب، من) پێکەوە بە ئەدەبی تورکی کاریگەر بووین)). ( بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٤٧).

"ئەدەبی هەر نەتەوەیەک بە پێی ڕۆژگار و سەردەمەکان و لەگەڵ هاتنە پێشەوەی گۆڕانکارییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا قۆناغێکی نوێ بە سیما و خەسڵەتی ئەدەبە نوێیەکەوە دەردەکەوێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو ڕەوتە نوێیە بکات". (گوڵەدین، ٢٠١٦، ٣١).

سلێمانی لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ناوەندێکی گرنگی ڕوناکبیریی دەستەی خوێندەواری کورد بوو، (شێخ مەحمود)یش کە لەو ماوەیەدا لەسەر شانۆی سیاسی دەرکەوتبوو، (شێخ) شاعیرێکی ڕۆشنبیر و زمانزان بووە، بیری نەتەوایەتی بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها بەشی هەرە گەورەی ڕۆژنامەکانی ماوەی نێوان ساڵانی هەردوو جەنگی جیهانی لە شاری سلێمانی دەرچوون، بۆ نموونە (شێخ مەحمود) لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

گەر ئینکاری حقوقی میللەتی کورد بکا عەرەب
بێ شوبهە نوێژەکانی ماضی بە کوردی قەزا دەکەم

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومرەهی
نایکەمە سەرخۆم بە دەستی موددەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەمری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی. (عەلی، ٢٠٠٤، ٢١٨).

خاڵێکی دیکە دروستبونی دەیان ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی، دامەزراندنی دەیان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەیدا وەکو (ئەستەمبوڵ، قاهیرە، ژنێف، بەغداد، دیاربەکر، سلێمانی، هەولێر)، ئەمەش هەر لە ساڵی (١٨٠٠) بەملاوە، کۆمەڵەی کورد عەشیرەتگەری جەمعیەتی بە سەرۆکایەتی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) لە کوردستانی تورکیا، تا دەگاتە کۆمەڵەی زانستیی کوردان لە سلێمانی لە ( ١٩٢٦)دا، کە چەند گەنجێک (ئەحمەدبەگی تۆفیق بەگ، کەریم زانستی، ڕەفیق حیلمی)، دایانمەزراندبوو، زۆربەی دامەزرێنەر و ئەندامانی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانە نووسەر و شاعیرانی گەنج بوون، لە سەرەتادا ئاوارەی ئەستەمبوڵ و پایتەختەکانی ئەوروپا بوون، پاشانیش لە ساڵانی (١٩٢٣، ١٩٢٥) بەملاوە گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئەم کۆمەڵە و

ناوەندە جۆراوجۆرانە و بڵاوکراوەکانیان بۆ دەربڕینی نوێگەرایی و تازەکردنەوەی ئەدەبی بەکاردەهێنا. (پیربال،٢٠٠٥، ٣٣).

کەواتە هاتنەکایە و دروستبوونی چەندین ڕێکخراوەی پیشەیی و سیاسییەکان، زۆر بوون و گەشەسەندنی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی و بەهێز بوونی هەستی ناسیۆنالیستی، هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەدەبێکی نوێ بێتەکایەوە.

هەروەک (مستەفا شەوقی قازی زادە) دەڵێت:

هەڵستاون جەوانانی وەتەن دیسان بەبێ باکی
لە حەسرەت دەوری کۆنە موڵکی بابیان، هاتنە چالاکی
دە دڵ عەزم و لەسەر شۆڕی جەوانی هاتوو دەخوازن
کە بڕژێنن لەسەر خاکی وەتەن خوێنیان بەسەرپاکی. (شەوقی زادە، ٢٠٠٥، ٢٣).

نوسەرانی گەنجی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە تازەکردنەوە ئەدەبییەکەدا، لە هەمانکاتدا بە بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستانەوە ڕۆڵێکی سیاسییانەشیان دەبینی، بۆ ئەم مەبەستەش جەختی هەمیشە لەسەر ئەو نەوە نوێیە دەکرایەوە، کە تازە سەری هەڵدابوو، نەوەی گەنجی چاوکراوە بوون. (پیربال،٢٠٠٥، ٣٣).

(ئەحمەد موختار جاف) لەبارەی ڕۆڵی گرنگی گەنجان و لاوانی نیشتیمان، هەروەها لەپێناو هاندان و هاتنەمەیدانیان، دەڵێت:

نەوجەوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەر لە کرماشان هەتا ورمێ و سنە و بۆکانەوە
پاش قڕانی موددەعی خاکی وەتەن تەعمیر ئەکەن
ڕێگەیی ئاسن ئەچێتە هەورامانەوە. (جاف، ٢٠١٦، ٩٥ ).

(مستەفا پاشا)، کە لە ئەستەمبوڵەوە بە هەندێک بیر و بۆچوونی تازە و هاوچەرخ هاتبووە سلێمانی، ئینگلیزەکان دوای ڕێگاپێدانی بە دامەزراندنی (جەمعییەتی کوردستان)، ڕێگەیشیاندا ڕۆژنامەیەک بە ناوی ( بانگی کوردستان)ەوە دەربکات، دیارترین ڕوناکبیرانی ئەو ڕۆژگارەی سلێمانی لە (بانگی کوردستان)دا دەیاننوسی، بۆ نموونە هۆنراوەکانی (زێوەر)، (ڕەفیق حیلمی)، (عبدالقادر حیشمەت)، وێنەیەکی بەرزی دەربڕینی ناسیۆنالیستانە و پەرۆشبوون بۆ عیلم و مەعریفەت دەردەخەن، (ڕەفیق حیلمی) لە شیعرەکەی بە ناوی (بۆ کوردان) لە بەشێکیدا دەڵێت:

نوری عیلم و مەعریفەت وا شەرق و غەربی گرتەوە
قەومی ئێمە تازە تەعلیمی خەت و ئیملا دەکا
بەسیە فکری بێ سەمەر ئەمڕۆکە عەسری غیرەتە
مەلیکی کوردستان لە ئێمە هیممەتێ داوا دەکا. (عەلی، ٢٠٠٤، ٢٢٠).

دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی، سەرەتا و خاڵی وەرچەرخان بەرەو قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردیدا دەستیپێکرد، ئەمەش لەڕێگەی کاریگەریی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە، کە ئەوانیش لەو ڕۆژگارەدا بەهۆی کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا لە هەوڵی نوێبوونەوە و

تازەکردنەوەدا بوون، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیری کوردستانیش بەرەوە قۆناغێکی نوێ هەنگاویدەنا.

"یەکەم شەپۆلی نوێکردنەوە و تازەکردنەوەی شیعری نوێی کوردی بەشێوەیەکی بنەڕەتی و بنیادی لە شیعرەکانی (نوری شێخ ساڵح) و (گۆران)ی شاعیردا دەرکەوت، سەرەتا (نوری شێخ ساڵح ١٩٠٥-١٩٥٨)، لەژێر کارتێکردنی بزاوتی (فەجری ئاتی) و شیعرەکانی (تۆفیق فیکرەت)دا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی شیعری نوێباو لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا، لە ڕاستیدا (نوری شێخ ساڵح) یەکەم کەس بوو، کە ئایدیای مۆدێرنیزمی هێنایە ناو ڕەخنەی ئەدەبییەوە، ئەگەرچی (شێخ نوری) بەهۆی سەرقاڵبوون بە سیاسەتەوە نەیتوانی شیعرەکانی بە ئاستێکی بەرز بگەیەنێت، بەڵام توانی ببێتە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی نوێ لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، کە دواتر (گۆران)ی شاعیر (١٩٠٤-١٩٦٢) ئەو شۆڕشەی بە ئەنجام گەیاند، بە تێکهەڵوەشاندنی ڕێسا و بەندوباوی شیعری عەرووزی (وەزن و قافیەدار) توانی ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشە بە ئەستۆ بگرێت". (حەمەی کەریمی، ٢٠١٣، ١٢).

"پرۆسە نوێخوازییەکەی (شێخ نوری)، تەنها گۆڕانێک نییە، لە کەرەستەکانی زماندا، یان گۆڕین و بەکارنەهێنانی هەندێک لە کەرەستەی زانستە ئەدەبییە باوەکان، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی لەگەڵدایە، وەک بیر و تێڕوانین و بۆچونەکان بەرانبەر بە ژیان، گۆڕانکارییەکان بونیادی بیر و دەربڕینی ئەو بیروبۆچونانەش لەخۆدەگرن، کە ئەمانە سەرجەم دەبنە شێوازێکی تایبەتی نوێ و لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی قۆناغە نوێیەکە دیاریدەکەن، هەربۆیە زۆربەی شێوازگەران گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری بە بزوێنەری گۆڕانی شێوازی نوێ دەزانن، گۆڕانکاری لە ژیان و بیروبۆچون، گۆڕانکاری دەربڕینی لێبەرهەمدەهێنرێت". (کاکی، ٢٠١٢، ٢٥).

کەواتە ئەم تازەکردنەوەیەش هەروا بە خۆڕایی، یان بە ئارەزوو نەبووە، بەڵکو چەند هۆکارێک یارمەتیدەر ڕێگەخۆشکەری ئەو تازەبوونەوەیە بوون، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەو ڕۆژگارەدا، پێویستی بە ژیانێکی نوێ و سەربەستی و گۆڕان لە چەمکی شیعریشدا هەبووە، وەکو بەشداری کردنێک لەو پرۆسەیەدا، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و ئەو گۆڕانکارییانەی لە باری سیاسیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابورییانەی بەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هات، کە (پەیماننامەی سیڤەر)ی لێکەوتەوە و هۆشیاری نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بابەتە گەرماوگەرمەکانی ئەو ڕۆژگارە لە ناوەڕۆکی شیعری کوردیشدا ڕەنگییدایەوە.

(شێخ نوری شێخ ساڵح) بە زمانێکی سادە و ڕەوان لە شیعری (پەچە)دا هەوڵی خستنەڕووی کێشەی ئافرەت لەو ڕۆژگارەدا دەدات، کە خۆی لە داپۆشینی ڕوخساردا دەبینێتەوە، واتە زمانی شیعری کراوەتە کەرەستەیەک بۆ دەربڕینی بیروڕا و دەڵێت:

گوێم لە ناڵینی کچێ بوو، دوێنێ ئەیلاوانەوە
وا بە تەئسیر و بە سۆز ئەیوت ، دڵی ئەتوانەوە

دەنگ و ڕەنگی وا نەبیستراوە و نەبینراوە لە کەس
کۆنە قەتماغەی برینی ناو دڵی ئەکولانەوە
ئەیوت، ئەم ڕووپۆشە تەنیا ڕووی نەپۆشین و بەس
ڕووبەڕوو خۆمان، حقوقی ناینە ناو نسیانەوە
قەت نەبوو ڕۆژێ بەسەربەستی حەقێ داوا بکەین
بۆ بەشی خۆمان بچینە ساحە و مەیدانەوە. (گەرمیانی، ٢٠١٣، ٢٠).

کەواتە کاتێک شاعیر دەیەوێت پەیامێک بە کۆمەڵەکەی بگەیەنێت، ئەوا ڕاستەوخۆ لە زمانی شیعرییەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، واتە لە توانای زمانی شیعریدا هەیە، خوێنەر بباتە نێو ناخی ژیانی کۆمەڵەکەی، یان دووری بخاتەوە لە ڕاستی ژیانی خۆی، ئەمەش بەپێی ئەو قوتابخانەیەی، کە شاعیرەکە پەیڕەوی لێدەکات، واتە زمانی دەقێکی شیعریی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیستی جیاواز لە زمانی دەقێکی شیعریی دیکەی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکییەت، یان سوریالیزم دەبێت.

(گۆران) زیاتر لەناو هاوەڵەکانیدا دەرکەوت و بووە لوتکەیەکی بڵند لە پرۆسەی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا، کە ئەمەش بێگومان چەند هۆکارێک یارمەتیدەری بوون، وەکو زانینی زمانی دیکەی غەیری کوردی بەتایبەتی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبی (ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی، فارسی)، شارەزایی لە ئەدەبیاتی کۆن و تازەی ڕۆژهەڵات و ئەزموونی شیعرییان و بەردەوام بون لە گەشت و گوزار و لەسەرووی هەموشیانەوە تێکەڵاوبوونی بە سیاسەت و لەبەرگرتنی ڕێبازی ڕیالیزم، (گۆران)، خۆی ئەمەی ڕونکردۆتەوە و دەڵێت: ((پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرەبەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنەکایەوە و بڵاوبونەوە، هەروەها تیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتە ناومانەوە، (من) بە کاریگەریی ئەو دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعییەتەوە)). (حوسێن، ٢٠٢٠. ٤٢٦).

کەواتە هۆکاری هاتنە پێشەوەی (گۆران) و بوونی بە پلە یەک لە گرتنە دەستی جڵەوی گۆڕانکاریی، لە بابەتی داهێنان و نوێ هاوردندا، بۆ چەند هۆکاری وەکو زمانزانین و ئاشنایی (گۆران) بە ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دیکە، هەروەها پەیوەندی (گۆران) بە بیر و فیکرێکی سیاسییەوە و پابەندبوون پێوەی دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندی (گۆران) بە فیکرێکی سیاسییەوە دەوترێت، کە هیچ نیشانەیەکی باوەڕپێکراو لە ئارادا نییە، کە (گۆران) لە (کۆمەنیزم) پەشیمان بووبێتەوە، (محەمەدی مەلا عبدولکریمی مودەڕیس) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((من لەو باوەڕەدام ئەگەر بەڕاستی دەستبەرداری بیروباوەڕی خۆی بووبوایە، وەک شاعیرێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهانی و کەسایەتییەکی مەزنی کولتوری ئەوەندە ترسنۆک نەدەبوو هەڵوێستی خۆی بشارێتەوە و توانای ئەوەی نەبێت بیروباوەڕ و بۆچوونی خۆی بە جەماوەری خەڵک ڕاگەیەنێت، ئەوەیشمان لە بیرنەچێت، کە کورد لەمێژە وتوویانە: درۆ لە پاش مردوو دەکرێت)). (مەلاکریم، ٢٠١٢، ٧٦).

(گۆران)، لەبارەی جیاوازی لە شیعری کۆن  و نوێدا چەند خاڵێک باسدەکات، لە یەکێک لە جیاوازییەکاندا دەڵێت: ((لە شیعری کۆندا نرخی وێنە لە پێش نرخی ناوەڕۆک (محتوی)دا دێ، لەبەرئەوە نیشانەی وشەبازی لە هەڵبەستی کۆندا زەق دەکەوێتە بەرچاو (جناس، لف و نشر، تاد...)، بەڵام لە شیعری تازەدا، بە تایبەتی لە هی قوتابخانەی ڕیالیزمی تازەدا، وشەبازی و زەرکەشی کردنی شێواز باوی نەماوە، لەباتی ئەوە لەنگەری بایەخپێدان زیاتر لەسەر ناوەڕۆک بووە)). (حوسێن، ٢٠٢٠، ٤٢٧).

کەواتە ئەوەی وا دەکات، کە بایەخ و گرنگیپێدانی ناوەڕۆک بێتەکایەوە، گۆڕانکاری لە واقیع و هەبوون و هاتنەکایەی بیر و فیکری نوێ، کە بیر و بۆچوونەکانی سەبارەت بە واقیعە سیاسی کۆمەڵایەتییەکە گۆڕی، هەروەها زمانی شیعری نویی کوردی لەسەر دەستی گۆران و هاوەڵەکانی زیاتر ئاسانکاریی بۆ تێگەیشتنی خوێنەر دەکرد، چونکە خودی هۆنراوەکە خۆی بە خاوەن پەیامێک دەزانێت بۆ بەرجەستەکردنی کێشەیەکی سەردەمی هۆنراوەکە، بۆ نموونە (گۆران) لە شیعری (حوزنی پەچە)، هەوڵدەدات کێشەی ئافرەتێکی چەوساوە و لێقەوماومان بۆ بەرجەستە بکات، بۆیە ئەم جۆرە زمانە سادە و ساکار و ئاسانەی لەناو هۆنراوەکەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

ژنێکی شۆخ لە چاوی بەڵەک بە مەئیووسی
خلی ئەکردەوە هۆن هۆن دڵۆپی مرواری
بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاە و ئەفسوسی،
بە ئاوی ساردی پەتی نا، بە ماییعی ناری. (گۆران، ١٩٨٠، ١٩).

(گۆران)، سەرۆکی قوتابخانەی شیعری نوێیە، بە ڕەنگ و شەقڵی واقیعیی و هونەری نوێیەوە، هەروەها ناوی چەند شاعیرێکی هاوچەرخ لەم ڕووەوە دەدرەوشێتەوە: (ع.ح.ب)، (ئەحمەد هەردی)، (محەمەد ساڵح دیلان)، ( کاکەی فلاح)، (کامەران)، (عەلی دزەیی)، چەند شاعیرێکی تریش هاتنە پێشەوە، کە قورسایی پێداگرتن و بایەخی خۆیان لەسەر ئەدەبی میللی و دواندنی ڕاستەوخۆی خەڵکی تەرخانکردووە، لە گیروگرفتی نیشتمانی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بۆ وروژاندنی هەست و وریاکردنەوەیان وەک: (جگەرخوێن)، (هەژار)، (قانیع)، (دلزار). (قادر، ١٩٨٠، ٢٥٩).

(دڵدار) لە سییەکاندا وەکو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ هەوڵی هۆشیارکردنەوەی لاوان و خەڵکیداوە، پاڵپێوە ناون بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی هێنانەکایەی ڕژێمێکی دیموکراسی گەلی، بەڵام لە شیعری (تونتەوان و لالە باس)دا بەرەو خەباتی چینایەتی هەنگاو دەنێت، وەکو شاعیرێکی دیکە خۆی نیشان دەدات، بابەتی نەتەوایەتی بە بابەتی جوتیاران دەبەستێتەوە، (ستالین) واتەنی بزوتنەوەی نیشتمانی لە ناوەڕۆکدا بزوتنەوەی جوتیارانەیە، هۆی ئەم ئاسۆ ڕونییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر دەچێتە ڕیزی پارتێکی کۆمەنیستەوە، دەبێتە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو، بۆچونەکانی کە ئایدیۆلۆژیای جوتیار و کرێکارانە لەو ڕوانگەوە لە بابەتەکان دەڕوانێت. (مەعروف، ٢٠٠٣، ٢٢٠). بۆیە لە شیعری (لالەباس) دا دەڵێت:

ئەوا چل ساڵە زەوی ئەکێڵم
فەللاحی ئەکەم هەتاوەکو ئیمڕۆ

نرخی عارەقەی ڕوونی ماندوییم

تیکە نانێکە، چەنان؟ نانە جۆ

ئەویش بەبێ دۆ....

ئەویش بەبێ دۆ..... (دڵدار، ١٩٨٥، ٢١١).

کەواتە یەکێک لە دیاردە بەرچاوەکانی شیعری نوێ گرنگیدانە بووە بە ناوەڕۆک، ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەی لەو سەردەمەدا باو بووە، ئەمەش زیاتر کاریگەریی بارودۆخە سیاسییەکە بووە، بۆیە دەتوانین بڵێن هەر ئەو گرنگیدانە بە ناوەڕۆکیش وایکردووە، کە لە ڕووی شێواز و وشەکاریشەوە شیعری نوێ خۆی لە شیعری کۆن جیابکاتەوە.

سیمایەکی فراوانی دیکەی لە شیعری نوێی کوردی بەگشتی و لە شیعری پەنجا و شەستەکاندا بابەتی نیشتمان و خەبات و تێکۆشان و شۆڕشە، زۆربەی شاعیران کۆمەڵێک وشە و گوزارشتی زۆریان هێناوەتە ناو فەرهەنگی شیعری ئەم ماوەیە و دەکرێت لەژێر ناونیشانی کێڵگەی (ئازادی و سەربەستی)دا کۆیان بکەینەوە، ئەمەش وەک کێڵگەکانی دیکە بە ئاشکرا لە ناونیشانی دیوانە شیعرەکاندا هەستی پێدەکرێت وەک: (پەیامی کورد، شەڕ و ئاشتی، ئاشتی، شۆڕش، ئاوازی ئاشتی و ئازادی، خەبات و ژیان، کوردایەتی، ئازادی و ژیان، کوردستان..هتد) ناونیشانی شیعرەکانیش وەک: (سەبازی نیشتمان، قینی گەل، سەربەستی، داری ئازادی، سوێند، کوڕانی خەبات، کوردستان، یەکییەتی خەبات، هۆ داگیرکەر، شۆڕشی (١٤)ی تەمموز، لەخەو ڕاپەڕە...هتد) ئەم کێڵگەیەش لە فەرهەنگی شیعریی زۆربەی شاعیرەکاندا جێگای خۆیگرتووە، بەتایبەتی لە دیوانەکانی (دڵزار، کەریم شارەزا، گۆران، کامەران، دیلان...هتد). (حوسێن، ٢٠٢٠. ٤٧١).

کاریگەریی بیری نەتەوایەتی و ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، تەنها یەک بواری ئەدەبی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە تێکڕاو سەرجەم چەمک و بەشەکانی ئەدەبدا: (شیعر- پەخشان- چیرۆک- وتار- لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان)دا، ڕەنگیداوەتەوە و زۆر بە ئاشکرا و ڕوونی هەستی پێدەکرێت، (گۆران)، لە بەراوردی شیعری خۆیان و (پیرەمێر)دا دەڵێت: ((ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوانی شیعرەکانی (ئەو) و هی قوتابخانەکەی ئێمە، ئەبینین شیعری (ئەو) قەومیتر بوو، سەنعەتی کوردی و هەستی کوردی زیاتر پیشاندەدا))، لێرەدا مەبەست لە ڕاناوی (ئەو) پیرەمێردی شاعیرە. (ئاگرین، ١٩٩٩، ٤٦).

یەکێک لە دیارترین هۆیەکانی یاخیبون لە شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ بونی واقیعێکی نالەبار و نەگونجاندنی شاعیر لەگەڵ ئەو واقیعە و خەستبونەوەی ئەو هەستە، بە تایبەتیش دوای زیادبونی هۆشیاری و بەرزبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری، کەوا دەکات زیاتر هەست بە لێپرسینەوە بکات بەرانبەر بە نیشاندانی لایەنە تەنگ و چەوتەکانی ئەو ژیانە تاڵە و تەقینەوەیەک دەردەکەوێت، کە خۆی لە بەگژداچوون و یاخیبوون بەسەر واقیعەکەدا دەنوێنێت، (پیرەمێرد) دژی تەڵەکەبازی لادانی کۆمەڵایەتی بووە، پیرەمێردیش جگە لە شاعیرییەتی لە کار و ژیانی ئاسایی خۆیدا ڕەنگیداوەتەوە. (سابیر، ٢٠٠٦، ١٥).

هەروەک لە ڕۆژی (١٩٣٠/٩/٦) بە هەزاران کەس لە شاری سلێمانی کەوتنە سەر شەقامەکان، داوای مافە ڕەواکانی کوردیان دەکرد، هێرشیان دەبردە سەر ئەو پەیمانەی نێوان حکومەتی ئینگلیز و عێراق، کە ڕەچاوی مافی کوردیان نەکردبوو، لە لایەن ڕۆشبیرانی کوردپەروەر و شاعیرانی وەک: (پیرەمێرد، فائق بێکەس، گۆران، حەمدی)، کە بە شیعر و وتاری شۆڕشگێڕی هانی هاوڵاتیانیان دەدا، کە خۆڕاگربن و هەڵمەت بەرن. ( ڕەسوڵ، ٢٠٠٥، ٢٨٢). وەک شاعیران (پیرەمێرد، بێکەس) ئەم پارچە شیعرەیان بڵاودەکردەوە:

قەت وا تێنەگەن چاومان شکاوە

لەناو دۆشەکا کەی حەق سەنراوە

خەیاڵتان خاوە کورد نەفەوتاوە

بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە.

(پیرەمێرد) لە ژیانی ڕۆژانەیدا گرنگی بە زیندووڕاگرتنی یادی نەورۆز داوە لە ساڵی (١٩٤٨ ) بەبۆنەی پەیمانی (پۆرتسماوث)ی نێوان عێراق و بەریتانیا ئەم هۆنراوەیە دەڵێت: بەناوی ( نەورۆزی مارتی( ١٩٤٨)ەوە دەڵێت:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

یەکێکی دیکە لەو شاعیرانەی، کە ویستوییەتی لەڕێگەی شیعرەوە پەیامەکەی بگەیەنێت، (ئەحمەد موختار جاف)ە، کە دوای پەیوەست بوونی شاعیر بە ئامانج و هیواکانی نەتەوەکەیەوە دەکات و دەزانێت، کە نەتەوەکەی پێویست بە هەوڵی بونیادنانی داهاتووی هەیە، ئەوەش بە شیعری خۆشەویستی بەدی نایەت، بۆیە دەڵێت:

لادە شاعیر تۆ لەباسی عیشقبازی و سەیرکە

چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەطەن وێران ئەکەن

جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو

لەم موحیطە مەنعی علیم و صەنعەت و عیرفان ئەکەن. (جاف، ١٩٨٦، ٥٥).

یەکێکی دیکە لەو شاعیرانەی بە ئاشکرا ئایدیۆلۆژیا لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، بێگومان ئەمەش بە کاریگەریی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی، کە شاعیر تێدا ژیاوە، ئەویش (بێکەس)ی شاعیرە، کە لە شیعری (قەومی کورد)دا، کە شاعیر باسی ئازایەتی نەتەوەی کورد دەکات و دەڵێت:

قەومی کورد ئیسپاتی کرد بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین

میللەتێکی قارەمانن هەر ئەبێ سەربەست بژین. (بێکەس، ١٩٩٩، ٧٧).

(حەمەساڵح دیلان)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە پەیام و خەمی نەتەوەکەی دەگەیەنێت، هەروەک (دلشاد عەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دیلان، وەک شاعیرێکی پەیامدار و هونەرمەندێکی ڕەسەن و ڕوناکبیرێکی کوردپەروەری ئەو بنەماڵەیە و خێزانە دێرینەی شاری سلێمانی، یەکێکە لە ڕۆڵە دیار و چالاکەکانی ئەو شارە، هەر زوو زەنگی کاروانی تێکۆشان و خەبات

لە پێخەفی ژیانی ژێردەستی و ملکەچی هێنایە دەرەوە، لەگەڵ ئازادیخوازان و ڕزگاریخوازاندا پێخەف و نوێنی ئارامیی لە لێژیدا بۆ ڕاخرا، لێرەدا نامانەوێت بە وردی بچینە ناو بواری شیکردنەوە و یەکالاکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیای دیلان و یەکالایان بکەینەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو یەکالاکردنەوە و ئەو دەست نیشانکردنە نەبێتە ڕوانگە و ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی تەسک و لێیەوە لە سەرجەمی تاقیکردنەوە شیعرییەکانی بڕوانرێت، چونکە ئەگەر بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەوا ناتوانرێت بەپێی دەقە شیعرییەکانی خۆیان سەرنج و تێروانین و گەلاڵە بکرێت، بۆیە جارێک هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو ڕاستییە ڕوونبکەینەوە کە ئەویش ئەوەیە، ئەم لایەنانەی ژیانی (دیلان) بووە ژێرخانی هەموو چالاکییەکانی دیکەی ژیانی و بە چەشنێک ڕەنگی بۆ ڕشت کە کەسێتی (دیلان)ی وەک شاعیر و وەک هونەرمەند و وەک مرۆڤ پێبناسێنرێت)). (عەلی، ٢٠٠٧، ٢٢).

هەروەک دەڵێت:

کەوتۆتە ڕێ کاروانی ئەم کوردە بەجارێ
دەنگی زەنگی هەناوی (زۆر) دێنێتە خوارێ
ڕێ ئەبڕێ با هەوراز و پڕ دڕک و دال بێ
تەکان ئەدات بەرەو هیوا گەیین بە شارێ. (دیلان، ٢٠١٣، ٤٩).

(کامەران موکریش) لەم بوارەدا هەروەک چۆن ڕوو لە نەتەوەی خۆی دەکات، هەر بەو شێوازەش هاوسۆزی خۆی بۆ گەلانی ستەمدیدەی دیکەی جیهان دەردەبڕێت و لەڕێگەی هۆنراوەکانییەوە دەگاتە ئەوەی شانازی بە شۆڕشگێڕ و شەهیدەکانی گەلانی دیکەی دنیا بکات، ئەمەش بۆ خۆی پەیوەستبوونی شاعیر بە دنیای دەرەوەی شیعر دەردەخات. (مستەفا، ٢٠١٥، ٩٠).

هەروەک دەڵێت:

ئەی جەمیلە
سڵاو لە ئاگر و ژیلە
لەحەیرانا، لەلاووکا
کاتێ کچ لەگەڵ باوکا
هەڵمەت ئەبەن بەرەو مردن
بەرەو قەلای سەختی دوژمن
لە هێرشی سەرکەوتنا
لە کاتی بۆ گەل مردنا. (کامەران،١٩٥٨، ١٠).

(ئەحمەد موختاربەگی جاف)، باسی چەوساندنەوەی کوردی کردووە بەدەست دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیاوە؛ لەهەمانکاتدا بە هەستێکی نەتەوەییەوە نوقڵانەی بێداری و شۆڕشی نیشتیمانپەروەری بە ڕۆڵەکانی گەل دەبەخشن و دەڵێت:

لانەواز و بێکەس و مەزڵوومن ئێستە قەومی کورد
گا بەدەست تورکەکان و گا بەدەست ئێرانەوە

ئەمڕۆ با وابێ بەڵام ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە. (جاف، ٢٠١٦، ٩٥ )

"سەرکەوتنی شۆڕشی پرۆلیتاریا (ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕوسیا) بەتایبەتی لەڕووی ئایدیۆلۆژی و مەعنەوییەوە، بەسەر بیری زۆربەی شاعیرانی کوردی سالآنی ( ١٩٢٠- ١٩٥٠) ڕەنگیدایەوە، بەتایبەتیش بەسەر ( قەدریجان، گۆران، قانیع، دلزار، دیلان، پاشانیش جەنگی یەکەمی جیهانی ( ١٩١٤-١٩١٨)، ئینجا جەنگی جیهانی دووەم ( ١٩٣٩-١٩٤٥)، بەهەموو ڕووداوە دڵتەزێنەکانییەوە کاریگەریی بەسەر دیدی شاعیرانی سالآنی ( ١٩٢٠-١٩٥٠) هەبوو". (پیربال،٢٠٠٥، ٢٥ ). "ئەو شاعیر و ڕوناکبیرە گەنجە کوردانە، کە لەناو ڕێکخراوە پیشەیی و سیاسی و کولتورییەکاندا کاریان دەکرد، بە پێچەوانەی شێخ و مەلا و میرە کوردەکانی سەدەکانی ڕابردوو- بزوتنەوە نەتەوەخوازییەکەی ئەو سەردەمەی کوردستانیان، لە ئاستی سەرزارەکی و لە ئاستی کارەسات و ڕاپەڕینە چەکدارییی و ڕۆژانەکانەوە گەیاندە ئاستی نوسین و هۆشیاریی و ئایدیۆلۆژیا، ئەمەش دیارەدەیەکی تازە بوو. (پیربال،٢٠٠٥، ٣٤)".

لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەتایبەتی (مارکس، فرۆید، نیتشە) توانایەکی نوێیان لەمەڕ ڕاڤەکردن هێنایەکایەوە، توانییان بنچینەی ئەوە دابنێین، کە بکرێت دەقە کۆنە پیرۆزەکان لێکبدرێنەوە و ڕاڤە بکرێن، لەوکاتەشدا شیعری کوردی خەریکبوو خۆی نوێدەکردەوە دەمێک بوو بیری (نیتشە، مارکس) بڵاوببونەوە، ئیتر (مارکسیزم)، کە ببوە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕێبازی و ڕێچکەکانی بەناو شیعری کوردیدا بڵاوبوونەوە و عەقڵی بیرکەرەوە بۆ هەموو شت پێوەربوو، "(ڕیالیزم) خەسڵەتیکی هاوچەرخانەی هەبوو، بە پێچەوانەی (ڕۆمانسیزم)، لە ئێستادا و لە ئەمرۆدا دەژیا، واتە باسی ئەمڕۆ و دیاردە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییە هاوچەرخەکانی دەکرد، بۆیەش لە ڕوخسار و هەم لە ناوەڕۆکدا سەردەمانە بوو، لەبەرئەوەش زۆر زوو جەماوەرێکی فراوانی پەیداکرد، (ڕیالیزم) تەنها لای چەند نوسەر و شاعیرێکی وەک (گۆران) نەگیرسابووە، بەڵکو سەرجەم ئەدەبیاتی سالآنی ( ١٩٣٠-١٩٥٠ ) بە گۆڤاری گەلاوێژ ( ١٩٣٩_١٩٤٩) و گۆڤاری هیواشەوە ( ١٩٥٧-١٩٥٨) قۆناغی (ڕیالیزم) بوو، لە ئەدەبی کوردیدا، شایانی باسە ئەم ڕەوتەش هەر لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە گەڵاڵە بووبوو، ئەوەتا لای (ئەحمەد موختار جاف)دا ڕیالیزمێکی گرێدراو بە بیری ناسیۆنالیستانە دەبینین". (پیربال، ٢٠٠٥، ١١٦).

هەروەک دەڵێت:

من کە کوردم حەز بە ئیستیقلالی کوردستان ئەکەم
ئارەزووی دەوری تەرەققی حاکمی بابان ئەکەم
ناوەجاغە ئەو کەسەی خزمەت بکا بۆ غەیری خۆی
تا بە مردن شەرتە من هەر بەندەیی خۆمان ئەکەم. (جاف، ٢٠١٦، ١٥٥).

پاش ئەو شۆڕشە شیعرییەی (گۆران) ڕایگەند و پێشەوایەتی کرد، بە بەشداری لەگەڵ شاعیری نوێخواز (شێخ نوری شێخ ساڵح)، کە زۆر لەسەرچاوەکانی ڕۆشبیری کوردی بە بناغەداڕێژەری ئەو شۆڕشەی دادەنێن و لای خۆیەوە (گۆران)یش ئەو پێشەوایەتییەی( شێخ نوری شێخ ساڵح) لەو

شۆڕشەدا ناشارێتەوە و ڕەتیشیناکاتەوە، کە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە جوگرافیای شیعری کوردیدا سەریهەڵدا، تا ڕادەیەک لە لاساییکردنەوەی چەندبارە و لەو کێش و سەروایەی رزگارکرد، کە بەهۆی دووبارەکردنەوە و جوینەوەوە سوابوون، پاش ئەو شۆڕشە شیعری کوردی دووچاری سستی و دامرکان هات، هیچ ناوێکی شیعری هاوچەرخی (گۆران) و ( شێخ نوری شێخ ساڵح)، پاش ئەوان دەرنەکەوت تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەبێت، لەو ناوانەی، کە سەرنج بەلای خۆیاندا ڕابکێشن تەنیا هەردوو شاعیری نەتەوەییخوازی ناسراون، کە (کامەران موکری) و (محەمەد ساڵح دیلان)ە، بەڵام هەر لاسایی شێوازی (گۆران) و ئامڕازە شیعرییەکانی ئەویان دەکردەوە، بیریان لەوە نەدەکردەوە شێوازی (گۆران) و شێوە شیعرییەکانی تێپەڕێنن، بۆیە شیعری کوردی هەر لە شوێنی خۆیدا چەقیبوو، یان هەندێکجار بە هەنگاوی خێرا بەرەو دواوە پاشەکشێی دەکرد، ئەوەیش شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر نەبوو، لەبەرئەوەی شێوازی نوێخوازی (گۆران) و چامەکانی، کە مورکی نوێی شیعری کوردیان لەخۆگرتبوو، هۆی بێزاری زۆر لە خوێنەران و شاعیرە هاوڕێبازەکان بوون. (تاڵەبانی، ٢٠١٨، ١٠٨).

هەرچەندە بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئاستی هونەری لە دەقە شیعرییەکانی ئەوکاتەدا هەیە، هەندێک بە ڕەچەشکێن ناویان دەهێنێت، هەندێکیش دەقەکانیان لەڕووی ئاستی هونەری و شیعرییەتەوە بە لاواز دەزانی.

بەستنەوەی شیعر  بە ڕوداوە سنوردار و واقیعییەکانەوە غەدرێکە، کە لە شیعری ڕاستەقینە دەکرێت، واتە لەو کاتانەدا، کە ئەو هەست و نەستەی شاعیر بۆ خوڵقاندنی شیعرێکی ئازاد و بێمۆرک کەڵکی لێوەرگیرێت، دەکرێتە بنیاتنانی شیعرێکی کەمتەمەن، شیعرێک کە لەگەڵ بەسەرچوونی ڕوداوەکان بەسەر دەچێت و تاقە بەختی بۆ هاتنەوە بەرچاو و سەرلەنوێ گەشانەوە، دووپاتبونەوەی مێژووە و دەرکەوتنەوە و ڕوودانەوەی هەمان دۆخ کە بەرهەمهێنی ئەو شیعرە بووە، ئەوەش ئەگەر نەڵێین ئەستەمە زۆر دەگمەنە دەبێت. (هەڵوەدا، ٢٠٢١، ٣٠).

(ڕەفیق حیلمی)، سەبارەت بە یەکێک لە چامەکانی (گۆران) وتارێکی نووسی، تێیدا دەڵێت: ((ئەگەر ئەم چامەیە لە نوسینی (گۆران) نەبوایە، ئەوە پەسەندمان نەدەکرد)) ئەم ڕەتکردنەوە ڕوپۆشراوە جۆرە پیرۆزکردنێکی هەموو شتێکی کۆن و ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی نوێی لەخۆدەگرێت، لە ئاکامی ئەو مشتومڕ و ڕووبەڕووبوونەوە و دەمەقاڵێ و ڕەخنە بازاڕیانەوە، لەو ماوەیەدا ( گۆران) نامەیەکی تایبەتی بۆ شێخی شاعیران و نوسەران، ڕۆشنبیری گەورەی ئاگادار لە ئەدەبی (تورک، فارس، عەرەب، ئەوروپا)، کە (پیرەمێرد)ە نارد، تێیدا تکای لێکرد لای ئەوەوە دان بە چامەکان و شێوازی نوێی شیعریدا بنرێت و ڕەگەزنامەی یاسایی پێببەخشرێت، چونکە بەبێ دانپێدانانی ئەو شێوازەکەی کەس لە جوگرافیای شیعری کوردیدا دانپێدا نانێت، لەم خاڵەیشەوە نابێت ناوی شێخی شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە (پیرەمێرد)، پشگوێ بخرێت، بۆیە هەر کاتێک ناوی (گۆران)، یان (شێخ نوری شێخ ساڵح) ببەین، ئەوە دەبێت ناوی (پیرەمێرد) ببەین، چونکە ئەویش بەردەوام سێیەمیانە لە نوێخوازی شیعری کوردیدا، ئەگەر دانپێدانانی (پیرەمێرد) نەبوایە، ڕەنگە ئەو شۆڕشە

شیعرییە، لە ترسی لایەنگران و پشتیوانانی کۆن، سەری نەگرتایە، یان پاشەکشێی بکردایە، لەگەڵ ئەوەیشدا (گۆران)، زۆر لە برگەکانی شۆڕشە شیعرییە نوێخوازییەکەی جێبەجێ نەکرد و تەنیا تازەکردنەوەیەکی سنوردار و لە چوارچێوەی بازنەیەکی سنورداردا ئەنجامدا، ئەویش خۆی لەنێوان نوێی و کۆندا دەنوێنێت، هەندێک تایبەتمەندییەتی نوێی خستەڕوو و دەستبەرداری جۆرە مۆرکێکی شیعری کۆن بوو، ئەویش بۆ پاراستن و هێشتنەوەی هەندێک پردی دۆستایەتی لەنێوانی و نێوان لایەنگرانی کۆندا بوو). ( تاڵەبانی، ٢٠١٨، ١٠٨).

کەواتە ڕاپەڕینە نەتەوەیی و بزوتنەوە چەکدارییەکان نیشتیمانییەکان، هەروەها پێشهاتە دنیایی و ململانێ ئایدیۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان، کە تازە لەناو کۆمەڵی کوردا سەریانهەڵدابوو پێویستییان بە ئەدەبیاتێکی ناسیۆنالیست و حەماسی هەبوو، کە پرۆپاگەندەیان بۆ بکات و میللەت هەستێتەوە، دەیانویست وا لە خەڵک بکەن بەشێوەیەکی تازەی ئەوتۆ بیربکەنەوە، کە لەگەڵ پێداویستییە نەتەوەیی و چینایەتی و ڕۆحییەکانی واقیعی تازە بگونجێت، هەربۆیەش دەبینین لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تازەبوونەوە ئەدەبییەکە ناوەڕۆکێکی زۆرتر نەتەوەیی و تا ڕادەیەک پڕوپاگەندیی هەیە، کە لەسەر ئاستی لاوازکردنی هونەری کاردەکات.

هەروەها "ئەزمونی نوێگەری لە شیعری کوردیدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە و دەرکەوتنی شیعری نوێ لە تێڕوانین و لە ژێر سێبەری کارتێکردنی ئەدەبێکی تردایە، دیارە ئەمەش لەسەر دەستی (سوارە ئیلخانیزادە) و لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕییانی وەکو (شێخولئیسلام (چاوە) و (عەلی حەسەنیان)ی شیعری کوردی نوێی دەبێتەوە". (حەمەی کەریمی، ٢٠١٣، ٩٢).

"شیعری نوێ و بەرجەستەکردنی دەقی نوێ لەم بەشەی کوردستان ( ڕۆژهەڵات) دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی (سوارە ئیلخانیزادە)، پاشان (چاوە)، (عەلی حەسەنیانی)، ئەوەی شیعری (سوارە) و دەقی (سوارە)  لە شیعری بەر لە خۆی جیا دەکاتەوە پێکهاتەی شیعرییە لە دەقی سوارەدا، پێکهاتەی شیعریی لە دەقی (سوارە)دا لە ڕووی زمان و تەکنیکی نوێ پێکهاتەیەکی تەواو جیاوازە لە شاعیرانی هاوچەرخی سوارە و بەر لە (سوارە)ش، جگە لەوەش دەقی (سوارە) بە پێی کەشوهەوای ناهەمواری جیۆپۆلەتیکی ئێران و کوردستان و دۆخی سیاسی کۆمەڵگای کورد، وەکو بەشێکی زۆر لە ئەدەبی کوردی دەبێتەوە بە پاشکۆی ئایدیۆلۆژیا و دەکەوێتە ژێر سێبەری دەستەڵاتی زمانی زاڵ پەیوەست بە گوتاری سیاسی سەردەمەوە". (حەمەی کەریمی، ٢٠١٣، ٩٢).

کەواتە ئەوەی بۆ گۆڕین و هێنانەکایەی دەقی شیعری نوێ لە باشوری کوردستاندا هۆکار بوو، زیاتر بارودۆخە سیاسییەکەیە، لێرەشدا نابێت دەوری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بەهەند وەرنەگرین، وردە وردە لەگەڵ دەرچونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی وەک: (تێگەیشتنی ڕاستی، ڕۆژی کوردستان، بانگی کوردستان، پێشکەوتن، ژیانەوە، ژین، زاری کرمانجی، ڕوناکی، گەلاوێژ، نزار، هەولێر، هەتاو، هیوا، ئازادی، ڕزگاری،...هتد)،  کە هەریەکەیان دەور و ڕۆڵی لە بڵاوبوونەوە و چەسپاندنی ئەو ئەدەبە نوێیەدا بینیوە.

"گۆڤاری (ڕزگاری) وەک گۆڤارێکی ئایدیۆلۆژی هاتە ناوەندی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنوسیی کوردییەوە بەو دەرفەتە کورتەی بۆی لوابوو لە ساڵی (٢٠-٤-١٩٦٩تا ٢٧-٣-١٩٧٠)، کە دیارە ئەو ماوەیە بۆ بەرنامە ڕێژی و کاریگەریی گۆڤارێکی فیکری ماوەیەکی کورت و کەمخایەنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە (پازدە) ژمارەیەدا شوێنی سەرنج و بایەخن لە زۆر لایەن و ڕەهەندەوە، تەوژمێکی نوێیە لە بواری نوسینی وتاری فەلسەفی و سیاسی و مێژوویی و ئەدەبیی، لەو نەخشەیەی، کە گۆڤارەکە بۆ گەشەی ئەدەبی داڕشتووە، لە کرۆکی بەرهەمە بڵاوکراوەکاندا بە (شیعر و پەخشان)ەوە دەردەکەوێت، کە ئەو ڕێبازە ئەدەبییەی بایەخی پێدرا و باڵا و پشتگرتووبووە، ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستییە لە ئەدەبدا، کە تەواو ڕەنگدانەوە و کاریگەریی فەلسەفەی مارکسیزمی لەسەرە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، کە بە ڕێبازی (ڕیالیزمی نوێی)یش ناودەبرێت، لەسەرەتاوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕیالیزمی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و ڕیالیزمی ڕووکەش سەریهەڵدا، بە تایبەت ڕەتکردنەوەی لایەنە ڕەشبینییەکان، دواتر لەگەڵ گەشە و بەرەو پێشچوونی توێژینەوەی سۆشیالیستی بەگشتی فەلسەفەی سۆشیالیستی زانستی بەتایبەتی بایەخ و هاندەری ئەو جۆرە ئەدەبە بوو، کە لەگەڵ دید و بۆچوونی بۆ کۆمەڵ و واقیع و ژیان دەگونجێت دەبێتە هۆکاری گۆڕانی بنەڕەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕێبازە لە ساڵانی (سی) سەدەی بیستەمەوە بووە قوتابخانەیەکی فراوان، تا ڕادەیەک جیهانیی و بنەما و پرنسیپەکانی چوارچێوەیەکی فەلسەفی دیاریکراویان وەرگرت". (ئەمین، ٢٠٠٦، ١٨).

بەرەی دووەم، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دەرکەوت ئەم بەرەیە، کە هەڵگری ڕەوتی (گۆران) بوون و بە بەرەی پاش (گۆران)یش دەناسران، هاوکات بوون بە بەرەی تازەپێگەیشتوی شیعری نوێی کوردیش ، "ئەم بەرەیە لە سەرەتای هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای تایبەتی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە، کە قوناغێکی پڕ لە تراژیک بوو بۆ خەڵکی کورد، دوو ڕێچکەی ئەدەبییان بە دوو ئاڕاستەی جیاواز لە ژێر ناوی (ڕوانگە) و (کفری) دامەزراند، "ئەم دوو ڕەوتە ئەدەبییە کە لە قۆناغێکی هەستیار و ناهەمواردا دەرکەوتن لە هەموو تواناییەکانی ئەدەبی ناوخۆیی و جیهانی سودیان وەرگرت، لە پێناو بەرجەستەکردنەوەی تراژیدیای کۆمەڵی کوردستان و جوگرافیاکەی بە تایبەت ڕوانگەییەکان، کە لە پەیجوریی قوڵتری ڕۆحی هاوبەشی کورد لە پێناو تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان، هاوکات پرسە ئاڵۆزە جیهانییەکان ناوەڕۆکێکی تازەیان دایە شیعری نوێی کوردیی، خەریکی نواندنی ئاگاداریی نوێ و بەرپارکردنی ڕاپەڕین بوون". (حەمەی کەریمی، ٢٠١٣، ٩٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین مۆرکی سەرەکیی ئەم شیعرە نوێیە بە ڕەچاوکردنی کەشوهەوای ناهەمواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی کوردستان، زۆرتر مۆرکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە، زیاتر خۆی بە پرسە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانەوە سەرقاڵدەکات، لە شاعیرانی دەرکەوتەی ئەم بەرەیە دەتوانین لە: (شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، ڕەفیق سابیر، فەرهاد شاکەلی، ئەنوەر قادر محەمەد... هتد) ناو ببەین.

## ٢-٢/٢) گرووپی ڕوانگە:

(ڕوانگە) وەک ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەیان لە سەرەتای حەفتاکاندا ڕاگەیەندرا، کە هەریەک لە: (شێرکۆ بێکەس، حسین عارف، جەلالی میرزا کەریم، کاکەمەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی)، وەکو ڕۆشنبیری کورد لەو سەردەمەدا لە بەغداد دەژیان، کە هەریەکێکیان خاوەنی پێشینەی ئەدەبی و سیاسی تایبەت بە خۆی بوو، کە بۆ سالانی شەستەکان دەگەڕایەوە، گۆڤارێکیان بە ناوی (ڕوانگە) دەرکرد، کە تەنها (سێ) ژمارەی لێدەرچوو، لە ژمارەی (یەک)ی گۆڤارەکەدا لە سەرەتادا بانگەوازەکەیان داناوە بە ناونیشانی، (بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە)، کە لە ڕێککەوتی (٢٥-٤-١٩٧٠)دا بلاوکراوەتەوە، کە دواتر لە سالی (١٩٧١)دا ژمارەی (دوو)یان لێدەرکرد، سالی (١٩٧٢) ژمارەی (سێ)ی لێدەرچووە، کە دەربارەی گوتار و پەیامی گۆڤارەکە لەسەر بەرگی هەر(سێ) ژمارەکە نووسراوە (کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمەڕەنگەیە، دەنگی نەوەی نوێ ڕادەگەیەنێت)، دواتر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ)، لەسەر بەرگەکە نوسراوە، هەر لەو کاتەوە زۆرترین گفتوگۆ لەسەر ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە کراوە، سەبارەت بەوەی ئایا ئەم بزوتنەوەیە گەمەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە؟ یان تاکە پالنەر خەمی ئەدەبی و داهێنان بوو؟ ئایە دەقەکانیان توانی سەردەمی پێش خۆیان، کە بەسەردەمی (گۆران) ناسراوە تێپەڕێنێت؟ یان دووبارەکردنەوەی سەردەمی پێش خۆیان بوون؟ بۆ وەلامی ئەو پرسیارانە لەو سەردەمە و لە ئێستاشدا بۆچوونی جیاواز هەیە.

"(ڕوانگە) دوای ماوەیەک ڕاوەستان لە بواری ئەدەب و هونەردا هاتەکایەوە، کە لە چەندین لایەنەوە دەرگا کرایەوە لەوانە: زیادبوونی ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان، بزوتنەوەی شانۆ و هونەری شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد، بەڕێژەیەکی کەمیش ئازادی ڕادەربڕین هەبوو، ئیتر لێرەوە بیرۆکەی بانگەوازی ئەدەبی نوێ بووە جێگەی گفتوگۆ و لێدوان، هەروەها هۆکارێکی تریش بۆ نزیکی تەمەنیان دەگەڕێتەوە، هەمویان گەنج بوون و خولیای نوێخوازی بوون، جگە لەمەیش بە هەندێک لە نوسەرانی ئەو کاتەی جیهان وەکو: (ئەلبێر کامۆ، لامارتین، وێلسۆن، سارتەر..هتد) ئاشنابوون، کە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ئاستی ڕۆشنبیریان برەوپێبدەن". (حوسێن، ٢٠١١، ١٧).

دەربارەی ناوی (ڕوانگە)، (کاکەمەم بۆتانی) دەلێت: ((وشەی (ڕوانگە) بۆ یەکەمجار لە دنیای ئەدەبدا (شێرکۆ بێکەس) بەکارهێناوە))، هەر لەو بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) دەلێت: ((وشەی (ڕوانگە) لە بنەڕەتدا هی من بووە، ئەوەندەی من بزانم لە ناوچەی شارباژێڕ (ڕوانگە) بەو شوێنە بەرزە دەلێن، کە لەسەر لوتکەیەکەوە، یان بەرزاییەکەوە زاڵە لە ڕوانیندا بەسەر هەر چواردەوەردا، زۆرجاریش بۆ ڕاوەکەو بەکاردێت، ئەم وشەیە لە زاکیرەی مندا هەر مابوو)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٦).

"بیرۆکەی (ڕوانگە)، بۆ کۆتایی سالانی شستەکان دەگەڕێتەوە، کە کۆمەلێک ڕۆشنبیری کورد لە بەغداد دەژیان لەوانە: ( کاکەمەم بۆتانی، حسێن عارف، جەلالی میرزاکریم)، لەو سەردەمەدا هەموو دنیا هەژابوو، لە لایەنەکانی نوێخوازی، فیکری، سیاسی...هتد). ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لە

ئەوروپاوە بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتبوو، لەوانەیش عیراق.. بەم شێوەیە شاعیر و نوسەرانی کورد هەم بەهۆی گەڕانەوە بۆ کلتوری ئەدەبی خۆیان و هەروا بەسود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی وڵاتانی دراوسێ هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە دەنا". (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢٦).

هەر سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕوانگە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت: ((بیرۆکەکە بیرۆکەی هەمووومان بوو، ئێمە ئەو کاتە لە بەغدا دەژیاین، وا بزانم لە پێشدا بیرۆکەکە لە باڕەکانی (ئەبینەواس) سەرهەڵدا، ئەوەی ڕاستی بێت پێموایە ئەو کاتە جۆرێک لە نائومێدی دروست بوو بوو، لە لای هەر یەکێکمانەوە بەرانبەر بە بزوتنەوە سیاسییەکان، ئێمە یەک سەقفی ئایدیۆلۆژیی کۆی نەدەکردینەوە، بەڵکو کۆمەڵێک گەنجی یاخیبووین، خەونمان هەبوو، کە جۆرێک گۆڕانکاری لە ئەدەبدا بەتایبەتی لە داڕشتنەوەی مانا و زماندا ئەنجامبدەین)). (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢٦).

(کاکەمەم بۆتانی) لەسەر بیرۆکە و سەرەتای دروستبوونی (ڕوانگە) دەڵێت: ((دوای ئەوەی کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی لە ئارادا بوو، دوای ئەوەی زەمینەی گونجاو ڕەخسابوو بۆ شتی نوێ و گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردی بەرەو شڵەقاندن دەچوو، (بەغداد) ناوەندێکی ڕۆشنبیری بوو، نوسەرانی کورد و عەرەبی بەیەک دەگەیاند، مانیفێستی ئەدەبی جیهانی و عەرەبی ئاڵوگۆڕی پێدەکرا لەنێوان نووسەراندا و شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکان بەدەست دەستی نووسەران و ڕۆشنبیران لە بەغداد دەگەیشتن، گۆڤارە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی (بەیروت، دیمەشق، قاهیرە)، کاریگەریی خۆیان لە مەیدانی ئەدەبیدا بە جێدەهێشت، هەروەها یەکێتی نووسەرانی (عێراق)یش مەڵبەندێک بوو بۆ تێکەڵاوی ئەدیبە عەرەبەکان و هەموو هەفتەیەک کۆڕیان هەبوو، هەمووشیان خولیای نوێگەریی بوون، ئا لەم کاتەدا کۆمەڵێک نووسەری کوردیش بە چاکی هەستیان بەوە دەکرد، لە لایەکی دیکەوە ئەدەبی شستەکان لەجۆرە وەستانێکدا بووە، لە جیهانبینی نوێگەریدا لەوەی بتوانێت خوێنبکات بە گیانی شیعردا و گوڕوتینێکی بداتێت، بۆیە هەر زوو دیالۆگ و قسەکردن و کۆڕگرتن دەربارەی بارودۆخی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی دەستپێکرد، (یەکێتی نووسەران)یش، ڕۆڵێکی بەرچاوی کاریگەریی لە بەستنی زنجیرەیەک کۆڕ و سیمینار لە بەغداد و سلێمانی بینی، زەمینەی نوێگەری لە زۆر بواردا ڕەخساند)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٦).

هەر لەم بارەیەوە (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت: ((ئێمە کەوتینە بەدواداچونێکی وردەوە، پێش ئەوەی گۆڤاری (٦٩)ی شیعری عێراقی بێتەکایەوە، ئێمە گۆڤاری (الشعر)ی (ئەدۆنیس)مان دەخوێندەوە، جۆرێک لە دەرگای تازەکردنەوەی کردبووەوە، هەروەها میسرییەکانیش گەلاری (٦٨)یان هەبوو، (ئاداب)ی (بەیروت)یشمان دەستکەوت، ئەمانەمان دەخوێندەوە، هاتنەکایەیەکی بە زۆر نەبوو، سەردەم و بارودۆخی سیاسی ئەدەبی هێنایەکایەوە)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٦).

(کاکەمەم بۆتانی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پەیوەندیمان بە شاعیرە نوێخوازەکان بە تایبەتی (فاضل العزاوی) زیاتر ئێمەی بۆ نوێخوازی هاندەدا))، هەرچەندە (کاکەمەم بۆتانی) ئاماژە بۆ قوتابخانەی (دادایزم) و سوریالیزم) و کارتێکردنی بەسەریانەوە دەکات، بەڵام ئەمەش ڕاستەوخۆ نەبووە بەڵکو لە کەناڵی ترەوە ئەم قوتابخانەیە کاریتێکردون، لەبەر نەزانینی زمانی ئەوروپی، کەواتە لە ڕێگەی

ئاشنابوونیان بە بەرهەمەکانیان کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی زیاتر لەسەریان بووە. (حوسێن، ٢٠١١، ١٧).

کەواتە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (ڕوانگە) کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی دەرەکی دەوریان لە هاندان بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە هەبووە، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە بابەتی ئەدەبیدا بێتەکایەوە، گۆڤاری (ڕوانگە) کەوتبووە بەر کاریگەریی ڕەوتی سەردەمی باوی حەفتاکان، ئەو سەردەمەی کە فەلسەفەی وجودی و فیکری نوێ دنیای هەژاندبوو، واتە سەرهەڵدانی هەر بزوتنەوەیەک سیاسی، یان ڕۆشنبیری بێت، پێویستی بە پلان و بەرنامەڕێژی لە لایەن کەسانی شارەزاو لێهاتووەوە هەیە، ڕەنگە سەرەتا بە شێوەیەکی ساکاریش بێت، بەڵام بە تێپەربوونی کات بەرەو گەشەکردن و قوڵبوونەوە دەچێت.

(ڕوانگە) لەسەردەمی خۆی و ماوەیەکیش پاشتردا بزوتنەوەیەک بوو، لە هەندێک لایەنەوە ئەو قۆناغە کپبووەی دوای (گۆران)یان شڵەژاند، "هەندێک وێنە و دەستەواژەی تازەیان بە ئەدەبی کوردی بەخشی، ئەمە لەڕووی شیعرەوە، لەڕووی چیرۆکیشەوە دوو نوسەرە بەرزەکەی ناو ئەو بزوتنەوە (حسەین عارف، کاکەمەم بۆتانی) بەرهەمی جوانیان خستەڕوو، لە چیرۆکەکانیاندا زمان و تەکنیکی پێش خۆیان بەجێهێشت، وەک کوێرەوەری (برایم ئەحمەد)، پێکەنینی گەدای-(حەسەن قزڵجی)یان تێپەڕاند، چیرۆکی کوردییان لە تەکنیکی ئەوانەوە (داڕشتنی-گێڕانەوە) گواستەوە بۆ بارێکی هونەری، کە پاشان بەرهەمی گەورەی بەدوادا هات". (حوسێن، ٢٠٢٠، ٦١).

بانگەوازی (ڕوانگەییەکان) لە ڕێککەوتی (٢٥-٤-١٩٧٠)دا ڕاگەیەندرا، واتە نزیکەی هەشت ساڵێک پاش مەرگی (گۆران)، بەرنامەی کاریان لەسەر بنەمای (بیری نوێ، وتەی نوێ، کرداری نوێ) داڕشتووە و بانگەوازەکەیان لەم خاڵانەدا چڕکردووەتەوە:

١. ئێمە نوسینمان قاڵبووی ئازارە.. بۆیە دژی ئازار دەجەنگێت.
٢. جوانی پەرستە.. بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی.
٣. سەربەست و ئازادە.. بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک دەپچڕێنێت.
٤. نوێخوازە.. بۆیە لە کۆن یاخی دەبێت.
٥. شۆڕشگێڕە.. بۆیە لە ئاست هیچ کۆسپ و مەترسییەکدا سڵناکاتەوە.
٦. مرۆڤی کورد دەینوسێت.. بۆیە بۆ نەتەوەی کورد دەبێتە مەشخەڵ. (حوسێن، ٢٠٢٠، ٦١).

بەرپاکردنی ئەم تەوژم و بزوتنەوە نوێخوازییە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن دەستەیەک لە نوسەری پێشکەوتووخواز و یاخییەوە بوو، کە ئەوانیش (حسین عارف، شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزاکریم، جەمال شارباژێڕی) بوون، کە بانگەوازی ئەو بزوتنەوەیان واژووکرد و بڵاویان کردەوە، (ڕوانگەییەکان) ئاماژە بەوەدەکەن، کە پێویستە کۆمەڵ و ئەدەبیات لە پێناوی پێشکەوتن لە قاوغی تەسک و تێرامانی ناوچەیدا بێتەدەرەوە و چەمکی بە جیهانیبوون جێگەی بگرێتەوە. (حوسێن، ٢٠٢٠، ٦١)، هەروەها لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (ڕوانگە)دا دەڵێن: ((ئەدەبەکەمان تا لە قاوغی تەنگەبەری ناوچەییدا بمێنێتەوە، لە تاقیکردنەوە سەرکەوتوەکانی ئەدەبی تازەی جیهانەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت

وەک ئاوی ڕاوەستاو بۆگەن دەکات، ئێمە بەری ئاوی ڕاوەستاو بەردەدەین، تا بڕژێتە زەریای ژیانەوە)). ( عارف، ١٩٧٢، ٢١١).

کەواتە یەکێک لە دروشمەکانی بزوتنەوەی ڕوانگە بە (جیهانیبوون) بوو، واتە دەرچوون لە بازنەی ئەدەبی نەتەوەییەوە بۆ سنوری ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە و بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی فراوان، کە ئەمەش کارلێکردن و کاریگەریی نێوان ئەدەبە نەتەوەییە جیاوازەکان دەنوێنێت، چونکە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (ڕوانگە) دەکەوێتە دوای ڕێکەوتنی ئازاری (١٩٧٠)، کە لە نێوان سەکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عێراقدا بوو، ئەمەش ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەم بزوتنەوەی ئەدەبی و هونەری کوردا کردەوە، کە لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبی نوێوە بەهۆی نالەباری بارودۆخی سیاسی و هەستکردن بە زوڵم و ستەمی نەتەوەییەوە هەست بە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا دەکرێت.

(شێرکۆ بێکەس)، سەبارەت بە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە پشت دروستبوونی بزوتنەوەکەوە دەڵێت: ((بە هاتنەکایەی ئەم بزوتنەوە ئەدەبییە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی یان گەمەیەکی سیاسەتمەدارانی کوردی لە پشتەوە نەبوو، بەڵکو لەکاتی گونجاو و بابەتیانەی خۆیدا بوو بە واقعێکی نوێی ئەدەبی سەریهەڵدا))، (بێکەس، ٢٠١٠، ١٠)، هەروەها (شێرکۆ بێکەس) لە وەڵامی ئەو بۆچوونانەی، کە لە ڕابردوو و ئێستایشدا پێیانوایە پاڵنەری دروستبوونی گروپی ڕوانگە پاڵنەرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە دەڵێت: ((بەر لە هەر شت دەمەوێت ئەو بۆچوونە هەڵەیە ڕاستبکەمەوە، کە هەندێک کەس پێیانوابوو، یان پێیانوایە، کە (ڕوانگە) گەمەیەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیایی لە پشتەوە بووە، لە ڕاستیدا ئەو چوار ناوەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوون و بیرۆکەی (ڕوانگە) و بزوتنەوە ئەدەبییەکەیان هێنایەکایەوە، هەر یەکەیان لە بێزاری نائومێدیی سیاسییەوە بە گەرمی هاتبوونەوە ناو بزوتنەوەی ئەدەبی، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سیاسییان نەمابوو، کە پێشتر تیایدا بوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەر یەکێکیان خاوەن بینین و ڕوانگەی سیاسیی خۆی نەبووبێت، لەو سەردەمەدا کورد لە گەورەترین قەیرانی وجودیی خۆیدا بوو ، ئەم قەیرانە هەموو شتێکی بە ئەدەبیشەوە بە ڕەنگی خۆی ڕەنگکردبوو، تەنانەت ئەو ڕۆژگارە چ لە ناوچەکەدا و چ لە هەموو دنیاشدا ڕۆژگاری شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی بوو، ڕۆژگاری ڕاپەڕینی خوێندکاران لە (پاریس) و ڕۆژگاری شۆڕشەکانی (ئەمریکای لاتین) و هاتنەکایەی سومبولی وەک (گیڤارا) و گەلێکی دیکە بوون)). (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢٩).

کەواتە هەرچەندە پاڵنەرێکی سەرەکی و ڕاستەوخۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە سەرەتای دروستبوونی گروپەکەدا هۆکار نەبووبێت، بەڵام لەبەر دوو هۆی سەرەکی گروپەکە نەیتوانیوە هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان بابەتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان و مەبەست و دەقەکانیاندا دروست بکەن، یەکەمیان، بارودۆخە سیاسییەکەی ئەوکات بەگشتی و بارودۆخی تایبەتی میللەتی کورد لەو کاتەدا، دووەمیان، پێشینەی کاری سیاسی و بۆچوونی کاراکتەرە سەرەکییەکانی گروپەکە، کە هەریەکێکیان خاوەنی ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی خۆی بووە.

هەروەک (شێرکۆ بێکەس ) دەربارەی پەیوەندی دەقە ئەدەبییەکانی ئەو کاتە و بارودۆخە گشتییەکە دەڵێت: ((ئەمە فۆرم و ناوەڕۆکی زاڵی ئەو سەردەمە بوو، ئێمە دەمانویست بزوتنەوەکە،

بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بێت، بەڵام بەو بارەدا کە مرۆڤایەتی پێشکەوتوخوازی ئەو سەردەمە خواستی بوو، لە ڕاستیشدا هەر لە جەوهەریشدا ئەگەر ئەدەبێک لە مرۆڤایەتی و هەستە جوانەکانی ژیان و مرۆڤ دابڕا ئەدەب نییە، لەو سەردەمەدا نوێکردنەوە دوو تەوەرەی گرنگی هەبوو، یەکەمیان، نوێکردنەوە لە بینیندا بۆ ژیان و مرۆڤ و نەتەوەکەمان، دووەمیان، نوێکردنەوە لە خودی زمانی دەربڕینی ئەدەبیی خۆیدا ، کە لەلای ئێمە توشی وشکهەڵاتن و چەقبەستنیکی تەقلیدی بوو بوو، ئێمە دەمانویست لەو قاڵبە بچینە دەرەوە)). (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢٩).

هەرچەندە کاراکتەرە سەرەکییەکانی گروپەکە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هیچ پاڵنەرێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی ڕاستەوخۆیان لە پشت نەبووە، بەڵام هەروەک چۆن ڕاگەیاندن و بانگەوازی گروپەکە یار و پشتگیری هەبوو، بە هەمانشێوە نەیاریشی بۆ دروست بوو، کە ڕەخنەی سەرەکیان لە گروپەکە ئەوەبوو، کە پاڵنەری سەرەکی پشت گروپەکە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە.

کۆمەڵێک نوسەر دژی بەیاننامەکەی (ڕوانگە) وەستانەوە و لە گۆشەنیگای ئایدیۆلۆژیا و فیکرەوە تێیاندەڕوانی، کە بریتیبوون لە (فوئاد قەرەداغی، فازیلی مەلا مەحمود، کەمال میراودەلی، فوئاد مەجید میسری، محەمەدی مەلا کریم)، هەروەک (فوئاد قەرەداغی) دەڵێت: ((ڕوانگەییەکان توێژێکی ڕۆشنبیری وردە بۆرژوازین، کە لە ناو ململانێکردنی نێوان تێگەیشتنی وردە بۆرژوازی و نەریتی دەرەبەگیدا دەژین، هەرچەندە ئەم توێژە دەیانەوێت بە تەواوی بیپچڕێن لە هەموو نەریتێکی دەرەبەگی و هەموو تێگەیشتنێکی دەرەبەگی توڕبدەن، بەڵام جارناجارێک بەبێ ئەوەی ئارەزوی ئەوەبکەن، یان چاکتر بڵێن هەستی پێ بکەن، دەکەونە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە، لە گەڵێک بابەتدا هەڵوێست و تێگەیشتنیان لەگەڵ فیکر و تێگەیشتنی دەربەگیانەدا دەوەستێتەوە)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٦).

(فوئاد مەجید میسری) لە کتێبی (من نەیاری ڕوانگە بووم)، دەربارەی هۆکار و پاڵنەری دروستبوونی بزوتنەوەی ڕوانگە، دەڵێت: ((شێرکۆ بێکەس لە ژمارە (١٢٩)ی هاوکاریدا، لە گەرمەی هات و هاوار و بانگەشەی ڕوانگەدا، بۆ خۆ قوتارکردن لە بنەماکانی تیۆری ئەدەب دەنوسێت ئێمە سیاسەت بە کاری سەرەکی خۆمان نازانین))، بەڵام (کاکەمەم بۆتانی) دەڵێت: ((ئێمە هەر پێنجمان گومانمان لە ڕێڕەو و چالاکی سیاسی حیزبەکان هەبوو، مەبەستمان بوو سەرکردایەتی ڕامیاری بزوتنەوەی کوردایەتی بە خۆیاندا بچنەوە و کەموکوڕییەکانیان چارەسەر بکەن، چونکە لەناو خودی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باشوری کوردستاندا کەرتبوون و بەیەکداچوون ڕوویدا بوو، تا گەیشتبووە یەکتری کوشتن، کەواتە ئەم دەربڕینەی (کاکەمەم بۆتانی) ئەوە دەسەلمێنێت، کە (ڕوانگە) هەر لەسەرەتاوە بۆ مەبەستێکی سیاسی لەژێر دروشمی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا، دروستبووە)).(میسری، ٢٠٢١، ٢٥).

(فوئاد مەجید میسری) هۆکاری ئەوەی، کە ڕابەرانی ئەم گروپە ناتوانن لە نەریتی کۆن دەرباز بن، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە باڵادەستیی فیکری باویان بەسەرەوەیە، هەروەک دەربارەی هەر یەکێکیان دەڵێت:

١. **حسەین عارف:** کە بە ڕابەرێکی دیاری بزوتنەوەکەی دەزانم مرۆڤێکی تێکۆشەری ئومەمی- مارکسی لینینی- و دەرچووی بەندیخانەبوو، لە کەرتبوونی حیزبی شیوعی عێراقدا خۆی لە ئامێزی – قیادەی مەرکەزیدا دۆزیبووەوە، کاریشی لەگەڵ دەکردن....

٢. **شێرکۆ بێکەس:** ڕابەرێکی دیکەی بزوتنەوەکە بوو، ئەندامێکی دیاری کاژیک بوو، سەرچاوەی بیر و هزری نەتەوەییانەی بوو، نەک هەر دۆست و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان- باڵی سەرۆک- بوو لە ڕۆژنامەکەیشیاندا کاری دەکرد.

٣. **کاکەمەم بۆتانی:** پەروەردەی باڵی چەپی پارت دیموکراتی کوردستان بوو...، لە ئەنجامی کەرتبوونی حیزبەکە وازی لە پارتایەتی هێنابوو، بەڵام لە باڵی مەکتەبی سیاسی نزیک بوو.

٤. **جەلالی میرزا کەریم:** پەروەردەی حیزبی شیوعی عێراقی بوو، لە دوای وازهێنانی بووە ئەندامی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی و کاری ڕامیاریشی بۆ دەکردن...،

٥. **جەمال شارباژێڕی:** بیری نەتەوەیی کردبوویە باڵی سەرۆکی پارتی.... (میسری، ٢٠٢١، ٢٠).

کەواتە هەر یەک لە ڕابەران و کەسایەتییە سەرەکییەکانی سەرەتا و دامەزرێنەری گروپی (ڕوانگە) پێشینەیەکی سیاسیان هەبووە، کە بێگومان ئەمەش لە دەقە ئەدەبییەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە، باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە دەقەکاندا هەستی پێدەکرێت.

(کەریم دەشتی) دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەریی (ڕوانگە) لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دەڵێت:(( ڕوانگە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو، ئەوانەی بەشداریان لە دامەزراندنی ئەو بزوتنەوەیە کرد، نووسەری بە توانا بوون، کاریگەریی خۆیان هەبوو، لە ڕووی ئەدەبییەوە شیعر و چیرۆکی زۆریان پێشکەش کردووە، ناکرێت ئێمە بەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ڕەشیان بکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت پرۆسەیەکی بەهێزی ڕەخنەیی دروست بێت، دەبێت کارەکانمان لەسەر بناغەی میزاج نەبێت، چونکە لە سەردەمی (ڕوانگە) پرۆسەیەکی ڕەخنەیی بە ڕەهەندێکی ترەوە بەردەوام بوو، لەم ڕووووەوە بەشدارییەکی باشیان کردووە))، ( حوسێن، ٢٠١١، ٥٨). هەروەها سەبارەت بە داهێنان لە بواری ئەدەبیدا و تێپەڕاندنی قۆناغی پێش (ڕوانگە)، بۆچوونی جیاواز دێتەکایەوە.

(شێرکۆ بێکەس) لە بارەی داهێنان و تێپەڕاندنی قۆناغی پێش خۆیان دەڵێت: ((ڕوانگە ئەوەی وەک داهێنان مەبەستی بوو لە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧١)دا، تا ناوەڕاستی حەفتاکان دەرنەکەوتن، ئێمە هەر ئەوەندەمان کرد مۆمێک داگرسێنین، هاوارێک بکەین و زەنگێک لێبدەین، وشەی (ڕوانگە) و تازەکردنەوە و نوێخوازی بکەین بە پەیامێک بۆ نەوەی تازە، دیارە ئەوەش هەر دروستە، کە داهێنانی ئەدەبی پەیوەندی بە بانگەوازی دەستەجەمعییەوە نییە، وەک سەرئەنجام کارە داهێنانەکان بۆ تاکەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو ڕۆژگارەی ئێمە وروژاندنێکی پێویست بوو بۆ ئەوەی ئەو چەقبەستنە خۆی و خەڵک و نەوەی تازەشی لێ ئاگاداربکاتەوە، (ڕوانگە) ئەوەی کرد، تەنانەت (ڕوانگە) لەگەڵ هاوارەکەی خۆیدا کۆمەڵێک دەنگی دژ و نەیاریشی جوڵان، کە تا ئەوکاتە بێدەنگبوون)). (بێکەس، ٢٠٠٨، ٧٩).

هەر سەبارەت بە داهێنان و دەقی جیاواز لە سەردەمی پێش خۆیان (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت: (( لە نێوان ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٥)دا چەند تێکستێکی شیعری ئەدەبیی جوان لای (حسەین عارف، جەلالی میرزاکریم، کاکە مەمم، سەلاح شوان، سەلام محەمەد، ئەحمەد شاکەلی)، ئەوانەی کە لە (ڕوانگە) بوون، یان لە (ڕوانگە) نزیک بوون بڵاوبوونەوە، سەرەتای ئەو وەرچەرخانە لای (من) لە قەسیدەی (گینگڵ) و چەند قەسیدەیەکی دیکەی ناو دیوانی (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)، دەستپێدەکات و دواتر لە هاوینی (١٩٧٥)، قەسیدەی (کۆچ) وەک قەسیدەیەکی درامیی درێژ ئەزموونەکە دەوڵەمەندتر دەکات، چیرۆکەکانی ( گەلەگورگ)ی (حسەین عارف) و هەندی لەو چیرۆکانەی، کە (حسەین) لە ساڵانی ( ١٩٧٤-١٩٧٨)دا نووسیبوونی وەک چیرۆکی (کانی ڕەحمان)، جوانترین نموونەی ئەو تازەکردنەوە و نوێخوازییە بوون، کە ئێمە بۆ ئەدەبێکی بەرز چاومان تێبڕیبوو، دیارە ئەم قسانە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە گروپەکەی (روانگە)وە هەیە، ئەگینا دەزانم کە شاعیران و ئەدیبانی تریش لەم تازەکردنەوەیەدا چییان بەخشیوە)). (بێکەس، ٢٠٠٨، ٣٠).

کەواتە ئەمانەی سەرەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە نوێخوازییە هۆکاربوون، هەرچەندە زۆرێک لە نوسەران لەو کاتەدا وایان لێکدەدایەوە، کە (ڕوانگە) بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو پاشماوەی قوتابخانەی گۆرانە، ئەمەش ڕای جیای لەسەربوو.

هەروەک (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵیت: ((تا ئێستا شتێکی ئەوتۆمان لە بەردەستا نییە، کە لە ڕووی پەیڕەو و یەکێتی فۆرم و ناوەڕۆکەوە پێی دەڵێین ئەدەبیاتی پاش گۆران، لەڕووی فۆرم و زمانەوە دووپاتکردنەوەی گۆران و قوتابخانەی گۆرانن)) (حوسێن، ٢٠١١، ١٩).

(حەمەی حەمە باقی)، سەبارەت بە هۆکاری دروستبوونی (ڕوانگە) و تێپەڕاندنی قۆناغی (گۆران) دەڵێت: ((تاقیکردنەوەی (ڕوانگە)، تاقیکردنەوەیەکی پێویستی ئەو ڕۆژگارە بوو، کە لەگەڵ خۆیدا هێنای، ئەو تینوێتی و بۆشاییەی دوای (گۆران) هێنای، کە پێموایە کەسیان نەیانتوانی ئەو قۆناغەی (گۆران) تێپەڕێنن، تا ئێستاش هەر پرشنگ و ڕەنگدانەوەی ئەون، چونکە (گۆران) لەنێوان ئێستا و قوتابخانەی کلاسیکیدا لووتکەیەکی ئەوەندە بەرز و دیارە سێبەرەکەی، تا ئەمڕۆش وەک کێوە بەرزەکان لێمان دوورناکەوێتەوە، ئەگەر لوتکەی دیکە هەڵبکەوتایە، دەمانتوانی بچینە ژێر سێبەرەکەی، لوتکەی دیکە کەم دەبینمەوە)). ( حوسێن، ٢٠١١، ٥٦).

(لەتیف هەڵمەت)یش دەربارەی بەرزکردنەوەی دروشمی (یاخیبوون)ی ڕوانگەییەکان دەڵێت: ((ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو هیچی هەڵنەهێنا))، پێشڕەوەکانی (ڕوانگە) دەیانووت ئێمە یاخین، لەگەڵ ئەوەشدا یاخی نەبوون، من نازانم ئەوان لەچی یاخی دەبن؟ لە سامانی کۆن یاخی نابن... لە ئێستا یاخی نابن... لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یاخی نابن... لە دروشمە سیاسییەکان یاخی نابن... لە شێوەی داڕشتنی شیعر و چیرۆکی کۆن یاخی نابن، ئەی لەچی یاخی دەبن؟)). (حوسێن، ٢٠١١، ٥٦).

(عەبدوڵلا پەشێو)، کە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ساڵانی حەفتا بووە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆی دەربارەی (گۆران)، دەڵێت: ((باوەڕم بە تێپەڕاندن نییە، ئەدەبیات بەگشتی بریتییە لە زیادکردن شتێک دەخەمە سەر ئەوەی هەیە، هەر کەسێک لەسەردەمی خۆی دەژی، (گۆران) وەڵامی

پرسیارەکانی سەردەمی خۆی دایەوە بە کەرەستەیەکی ڕادەبەدەر جوان، ئێمەش ڕەنگە بتوانین وەڵامی پرسیارەکانی ئێستا، بەو کەرەستانەی لەبەردەستماندان بدەینەوە)) (حوسێن، ٢٠١١، ٢٠).

کەواتە (عەبدوڵلا پەشێو)، باوەڕی بە تێپەڕاندن و جێهێڵان نییە، بەڵکو بەلای ئەوەوە زیادکردن و داهێنان لەسەر ژانرەکان و هەر سەردەمێک دەتوانێت بە کەرەستەی تازە و سەردەمیانەی خۆی وەڵامی گۆڕانکارییەکان بداتەوە، شان بە شانیان هەنگاوبنێت، کەواتە ڕوانگەییەکان بە تەواوی پەیڕەو لاسایکەرەوەی قوتابخانەی (گۆران) نەبوون، بەڵام ناتوانین بڵێین دابڕانێک لەنێوانیاندا هەیە و هیچ سودیان لێنەبینیوە.

کەواتە ڕاستە بزوتنەوەی (ڕوانگە) بە هەوڵی چەند کەسێکی دیاری ئەو سەردەمە لە بواری ئەدەبدا بەگشتی هاتەکایەوە، بەڵام لەدوایدا ناوی (شێرکۆ بێکەس)، بەتایبەتی لەبواری شیعریدا بووە پایەی سەرەکی و وەک خاوەنی بزوتنەوەکە ناسێنرا.

هەربۆیە بە باوەڕی زۆرێک لە ڕەخنەگران، (شێرکۆ بێکەس) شاعیری هەرە گەورەی ئەو سەردەمە و تەنانەت قۆناغی دوای ڕاپەڕینیشە، بۆ نموونە (بەرزان فەرەج) لە وتارێکدا ناوی (شێرکۆ بێکەس) دەخاتە پاڵ ناوی دوو شاعیری گەورەی ترەوە، کە (نالی)و (گۆران)ن، هەر سێ شاعیرەکە بە بنیاتنەری سێ گەڕیانی گەورەی ئەدەبی ناودێر دەکات، پێوایە ئەو سێ شاعیرە لە زۆر ڕووەوە بە تایبەتی لە باری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای سیاسی، یان ئاییندا جێگە و پێگەیەکی دیاریان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. (سەجادی، ١٣٩٦، ١٣٣).

هەروەها (بەختیار عەلی) دەربارەی (شێرکۆ بێکەس) دەڵێت: ((شێرکۆ بێکەس تا ئێستا نزیکترین دەنگە کە هەناسەکانی مێژووی ئێمە لەسەر ڕیتمێکی شیعری دەنووسێتەوە)). (عەلی، ٢٠٠٢، ١٣).

### ٢/٢-٣) گروپی (کەرکووک- کفری):

قۆناغی حەفتاکان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا وێستگەیەکی پڕ بایەخ و گرنگە، چونکە شیعر و ئەدەبی کوردی پێش ئەو قۆناغە توشی متبوون و ڕاوەستان هاتبوو، هەربۆیە گفتوگۆ و ڕا جیاوازی لەسەر دەسپێک و دەنگە دیار و کاریگەرەکانی قۆناغەکە هەیە، سەرەکیترینی ئەو دەنگ و کەسایەتیانەش، لەنێوان هەردوو گروپی (ڕوانگە) و گروپی (کەرکووک- کفری)دا کۆببوونەوە، هەریەک لەو گروپانەش خۆیان بە سەرمەشق و ڕچەشکێن و تێپەڕاندنی قۆناغی پێش خۆیان دەزانن.

گروپی (کەرکووک- کفری)، بە ئیمزای ( لەتیف هەڵمەت) و ( فەرهاد شاکەلی) لە چواردەی تەمووزی ساڵی (١٩٧١)، لە ناو کۆنگرەی دووەمی نووسەران لە هەولێر بەیاننامەی گروپەکەیان بڵاودەکرێتەوە، هەرچەندە ئەوان مێژووی دروست بوونیان بۆ زۆر پێشتر دەگێڕنەوە.

(لەتیف هەڵمەت) لە بارەی مێژووی دروست بوونیان دەڵێت: ((لە کفری ڕۆژی هەشتی شوباتی ساڵی ( ١٩٦٥) گروپی کفری دامەزرا))، ئەگەرچی بەیاننامەی دامەزراندنیان ئیمزای دوو کەسی لەسەر بووە، کە ئەوانیش (لەتیف هەڵمەت)، ( فەرهاد شاکەلی)ن، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە ناکەن، کە لە بنەڕەتدا پێنج کەس بوون، واتە سێ کەسی دیکە کە هەر یەک لە ( لەتیف حامید، سەلام داماو، ئەحمەد شاکەلی)یان لەگەڵدابووە. (سەجادی، ١٣٩٦، ١٥٦).

گروپی ( کەرکووک- کفری)، سەرەکیترین گروپی درەوەی (ڕوانگە) بوون، خۆیان بە لە پێشتر و کاریگەرتر لە (ڕوانگە) زانیوە، بەڵام وەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن بە هۆکاری سیاسی ڕۆژنامەکان دەرگایان بە ڕوویاندا والآ نەکردوە و بایەخیان پێ نەداون.

"(لەتیف هەڵمەت) ناسراوترین شاعیری قوتابخانەی (کەرکووک- کفری)یە، لەگەڵ شاعیرانی دیکەی نوێخواز لە ناوچەکانی کفری و دەوروبەریدا هەندێک هەوڵیاندا بە شێوە دەربڕینێکی جیاواز پرسە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردی لە شیعردا ئاڕاستە بکەن، (هەڵمەت) بە بڵاوکردنەوەی هەندێک بەرهەمی وەک (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) لە ساڵی (١٩٧٠)دا، (ئامادەبوون بۆ لەدایکبوونێکی تر) لە ساڵی (١٩٧٣)دا هاوڕێ لەگەڵ شاعیرانی دیکەی قوتابخانەی (کفری) بوونە مزگێنیدەری بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بەربڵاو لە ئەدەبی کوردیدا، (فەرهاد شاکەلی)، کە پێشتر ناوی (ئەنوەر شاکەلی) بووە، (ئەحمەد شاکەلی، کەنعان مەدحەت، لەتیف حامید، هیشام بەرزنجی) لە ئەندامانی دیکەی قوتابخانەی (کفری) بوون". (سەجادی، ١٣٩٦ ،١٥٦).

هەروەک (لەتیف هەڵمەت) لە وتووێژێک لەگەڵ هەڵۆ بەرزنجیدا دەڵێت: ((ئێمە لە گروپی (کفری) هەروا بێبەرنامە کارماننەدەکرد، بێگومان بە بەرنامەیەکی تێروتەسەل و یاخیبونێکی پڕ ئاگاییەوە کارماندەکرد، بۆ ئەو مەبەستەش سودی گەورەمان لە شاعیرانی نوێخوازی عەرەب و جیهان وەرگرتبوو)). (بەرزنجی،٢٠٠٥، ٢٥).

گروپی (کەرکووک-کفری) لەم ئەدیبانە پێکهاتبوون ( لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی)، سەرەتا هەروەک خۆیان ئاماژەی پێدەکەن لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبیدا بوون، کۆمەڵەشیعری (المسرح والمرایا)ی (ئەدۆنیس)یان خوێندۆتەوە، بەتایبەت دوای ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨)، بەرهەمی خۆیان زیاتر لە ئێستگەی کوردی (بەغداد) بڵاودەکردەوە، (لەتیف هەڵمەت)، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لەو ساڵانەدا من و ( فەرهاد شاکەلی)، بەردەوام شیعری خۆمان بۆ بەرنامە شیعرییەکانی ئەوسای ئێستگەی کوردی (بەغداد) دەنارد، زیاتر ئەو دوو بەرنامەی، کە (جەلالی میرزا کریم، عبدالله عباس) پێشکەشیان دەکرد)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦١).

هەر سەبارەت بە ئەو دوو بەرنامەیەی ئێستگەی کوردی (بەغداد)، کە لە ساڵانی پێش حەفتادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، لە وروژاندنی شیعر و نوێگەری، ئەوانیش "بەرنامەی ( ئێوارەتان باش)ی (عبداللە عەباس)، (جەلالی میرزا کەریم)ە، لەگەڵ بەرنامەی (هەڵبەست و مۆسیقا)ی (محەمەد مستەفا کوردی)یە، لەم دوو بەرنامەدا کۆماڵێک شاعیر شیعریان بڵاودەکردەوە، دەتوانین بڵێین مینبەرێکی ئازادی فرە دەنگ بوون، کاریگەری خۆیان بۆ سەر ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە هەبووە، کە ماوەیەکیش پێش دەرچوونی بەیاننامەی (ڕوانگە) بوون". (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٢).

(لەتیف حامید)، دەربارەی (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((باشترین ئەدیب لەم بوارەدا لای من شاعیری تازە پێگەیشتوو ( لەتیف هەڵمەت)ە، ئەوەی جیایدەکاتەوە لە هەموویان، گیانی بەرەنگاری و یاخیبونێتی، دیوانە شیعرییەکەی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) مزگێنی و نوقڵانەی شیعری نوێی تێدایە)). (کوردۆ، ٢٠٠٩، ١٥١).

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی جیاواز هەیە، تا ئێستا پێیانوایە کە بەر لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی (ڕوانگە)، هیچ هەوڵێکی نوێخوازی لە شیعری کوردی ئەو کاتەدا بوونی نەبووە، وا دەزانن لە بانگەوازی (ڕوانگە)وە، بە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو بانگەوازە شیعری کوردی نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، هەروەها هەن پێیانوایە هەموو شاعیرە نوێخوازەکان سەر بە گروپی (ڕوانگە) بوون، (شێرکۆ بێکەس)، کە یەکێک لە کەسە کاریگەرەکانی (ڕوانگە)یە، سەردەقشکێنی ئەو نوێخوازییە بووە، بەڵام "لە ڕاستیدا بەر لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی (ڕوانگە) لە چەند لایەکەوە و بە چەند ئاستێکی جیاواز هەوڵ بۆ نوێخوازی و نوێکردنەوەی شیعری کوردی دراوە، لەو نێوەندەدا زیاتر ناوی دوو کەس دێت، ئەوەش زیاتر مەبەست لە (لەتیف هەڵمەت)، ( فرهاد شاکەلی)یە". (کوردۆ، ٢٠٠٩، ١٥١).

وەک ئاماژەمان پێکرد، (بانگەوازی (ڕوانگە) لە (٢٥-٤-١٩٧٠ )دا بڵاوکراوەتەوە، بەر لەو مێژووە (لەتیف هەڵمەت) دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی هەبووە، کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەدا ئەو دیوانە لەژێر چاپدا بووە، پێشتر یەک دوو شیعری لێبڵاوکراوەتەوە، هەروەها (خواو شارە بچکۆلەکەمان) لە (١-٦-١٩٧٠)دا چاپ بووە و هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە، تەنانەت وەک (لەتیف هەڵمەت)، لە نوسینێکدا بە ناونیشانی (لە کفرییەوە بۆ کۆتاییەکان ) ئاماژەی بۆ کردووە. (کوردۆ، ٢٠٠٩، ١٥٢)، هەروەها دوای بڵاوبوونەوەی ( خواو شارە بچکۆلەکەمان)، لە ژمارەی (٢٩-٣٠)ی ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی حەفتادا یەکێک لە گروپی (ڕوانگە)، بێگومان پاش ئەوەی بانگەوازەکەشیان بڵاوکردووەتەوە، وتویەتی: ((ئێمە جۆرە دەقێکمان دەوێت، لەو دەقانەی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)، ئەمەش تا ڕادەیەکی باش ئەو ڕاستییە ڕووندەکاتەوە، کە ئەو شیعرانە هەم لە ڕوی دەستپێشخەریی و هەم لە ڕوی ماهییەت و جەوهەری شیعرییەوە، شتێک نەبوون بتوانرێت نکوڵییان لێبکرێت)). (کوردۆ، ٢٠٠٩، ١٥٢).

سەبارەت بە (فەرهاد شاکەلی)، کە ئەوکاتە بە ناوی ( ئەنوەر شاکەلی)یەوە دەنوسێت، بەر لە بانگەوازی ڕوانگە خاوەنی چەند قەسیدەیەکی تازە و پڕ لە نوێگەریی بوو، وەک (شاکەلی) خۆیشی لە نوسینێکدا وتویەتی، ئەگەر چاپکردنی شیعرەکانی لە دیوانێکدا دوانەکەوتایە، ئێستا قسەکردنی ئێمە لەسەر دەستپێک و سەرەتاکانی شیعری نوێی کوردی دوای (گۆران) بە جۆرێکی دیکە دەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش (شاکەلی) لە ساڵی (١٩٦٧)دا شیعرێکی بە ناونیشانی (هاوڕێی گەشتەکەم)، لە لایەن ( مەجید کەریم ئەحمەد)ەوە کراوە بە عەرەبی و لە ( گۆڤاری النور)دا بڵاوکراوەتەوە، لە پێشکەشکردنی شیعرەکادا وەک خەلیفەی (گۆران) باسی لێکراوە، هەروەها شیعری (مردنی شازادە)ی لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٠)دا لە (هاوکاری)، شیعری (ونبون لە وشەدا) لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (ڕوانگە)دا بڵاوکراونەتەوە، کە ئەم شیعرانە لە ڕووی نوێگەرییەوە جیاوازی ئاشکرایان لەگەڵ شیعرەکانی ئەو کاتە و پێشتریشدا هەبووە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە بەر لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی (ڕوانگە) نەک هەر هەوڵ هەبووە، بەڵکو هەوڵی زۆر باش و کاریگەریش هەبووە، (کوردۆ، ٢٠٠٩، ١٥٣). هەروەها لەڕووی ماهییەت و جەوهەری شیعریشەوە، "شیعرەکانی

( هەڵمەت و شاكەلی)، بەڕاست وەكو پێشەنگی قۆناغێک سەریانهەڵداوە، كە قۆناغی (گۆران)یان جێدەهێشت و شیعری ئەو ڕۆژەی كوردستانیان دیاریدەكرد". (كوردۆ، ۲۰۰۹، ۱٥۳).

سەبارەت بەوەی، كە بۆچی ئەم دوو گروپە تواناكانیان یەک نەخستووە و بڕیاری پێكەوە كاركردنیان نەداوە، لە پێناو داهێنانی زیاتر و بەرەوپێشبردنی شیعر ئەدەبیات لە قۆناغەكەدا، ئەوا هەر لایەكیان لەسەر پێكەوە كارنەكردن و ڕۆڵی ئەوی تریان بۆچوون و قسەی جیاوازی هەیە.

(شێركۆ بێكەس) لەبارەی ڕۆڵی شاعیرانی دەرەوەی گروپی (ڕوانگە)، دەڵێت: ((نوێكردنەوە تەنها لە (ڕوانگە)دا نەبوو، بەڵكو لە نەوەی كەركوكیشدا هەبوو، ئێمە یەكترمان بینی و ویستمان بەیەكەوە بەیاننامەكە دەركەین، لەبیرمە من و (حسین عارف)، پێكەوە چووین بۆ كەركوک، (لەتیف حامد، لەتیف هەڵمەت)مان بینی، بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە، لەبەر چەند هۆیەک تا ئێستایش هەندێكیان نازانم چییوو)). (بەرزنجی، ۲۰۰۸، ٦۲).

(لەتیف هەڵمەت)، لەبارەی پەیوەندیان لەگەڵ شاعیرانی گروپی (ڕوانگە)دا، دەڵێت: ((ئەدیبانی (ڕوانگە)، كە لە ناویاندا (شێركۆ بێكەس، حسین عارف)، بوو هاتن بۆ كەركوک لەماڵی (عبدالعزیز خانەقا) كۆبونەوەیەكمان سازدا، لە گروپەكەی ئێمەش، (من، لەتیف حامد، سدرالدین عارف، عبدالعزیز خانەقا) ئامادەبووین، ئەوان ویستیان بە هاوبەشی بەیاننامەكە دەركەین، بەڵام ئێمە ڕێكنەكەوتین)). (بەرزنجی، ۲۰۰۸، ٦۳).

"گروپی ( كەركووک-كفری)یش بەیاننامەكەیان بەناوی (شێتەكان:سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە) هەبووە، هەرچەندە كاتی خۆی لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێكدا بڵاونەكراوەتەوە، بە بۆچوونی خۆیان ئەدیبانی (ڕوانگە) دەستیان بەسەر ڕۆژنامە و گۆڤارەكاندا گرتبوو، نەیانهێشتووە بڵاوبكرێتەوە، بەڵام لە كۆنگرەی یەكێتی نووسەراندا لە هەولێر لە ( ١٤-تەمووزی ١٩٧١) دا نووسخەی بەسەر ئامادەبواندا لێدابەشكراوە". (بەرزنجی، ۲۰۰۸، ٦۲).

سەربارەت بە كات و ناوەڕۆكی بەیاننامەی گروپی (كەركووک-كفری)، دەگەڕێتەوە بۆ مانگی (۷)ی ساڵی (١٩٧١)، لە بەیاننامەكەدا دەڵێن: ((هەڵبەستی كوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە، كە هەر لە منداڵییەوە كراوە بە ناسنامەی، كاتی ئەوە هاتووە، كە شۆڕشێک بەرپا بكەین بەسەر هەموو ئەو دەستوور و یاسا و ڕژێمانەدا، كە تاوەكو ئێستا هەڵبەستی كوردی شەتەک داوە، گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێت)). (بەرزنجی، ۲۰۰۸، ٦٤).

هەروەها لە خاڵێكی دیكەی بەیاننامەكەیاندا دەڵێن: ((دەسا با بەبێ ترس دانبەوەدا بنێین، كە هەر چیمان هەیە تەنها تاقیكردنەوەیەكی سەرنەكەوتووە، بۆیە ئێمەش كەلەپووری هۆنراوەییمان بە شێوەیەكی گشتی بەدواوە دەدەین و لێی یاخیدەبین و سزای پشكوێخستن و بەرەڵاكردنی بەسەردا دەدەین))، یان دەڵێن: ((هەستیاری ڕاستەقینە دەبێت شارەزاییەكی تەواوی هەبێت لە هەموو ڕۆشنبیری جیهاندا، لە پشكنینی دەروونی خۆیدا تاوەكو بتوانێت ئەو وێنەیەمان پێشكەش بكات كە دەیەوێت)) (بەرزنجی، ۲۰۰۸، ٦٤).

(عەلی تاهیر حسێن)، لە كتێبی ( كاریگەریی ڕوانگە لە نوێگەری شیعری كوردیدا)، سەبارەت بە ناوەڕۆكی بەیاننامەكەی گروپی (كەركووک-كفری)، دەڵێت: ((ناوەڕۆكی ئەم بەیاننامەیە گوتارێكی

توندڕەوانە باڵی کێشاوە بەسەریدا، خۆی لە گوتاری حەماسی و سیاسی نزیکدەکاتەوە، بە ڕاشکاوی داوای دابڕان لە کەلەپوور دەکات و پێدادەگرێت لەسەر سووتاندنی، لەبەر ئەوەی هەندێجار باسی (ڕوانگە) و گروپی (کەرکووک-کفری) تێکەڵاو یەکتردەبن، بۆیە تەنها نموونەی شیعری سەرقافڵەی ئەو کاروانە، کە دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت)ە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٥)، کەواتە سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم گروپە و کاریگەریی بەرهەمەکانیان لەو کاتەدا نکۆڵی ناکرێت، بۆ ئەو سەردەمە جێگەی بایەخبوون و لە کایە ڕۆشبیرییەکەدا جێکەوتەی تایبەتیان گرتووە.

(لەتیف هەڵمەت) لە ساڵی (١٩٧٠)، دیوانێکی شیعری بەناوی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) بڵاوکردەوە و سەدایەکی گەورەی بەرپاکرد، (شێرکۆ بێکەس)یش لەبارەی ئەم دیوانەوە دەڵێت:
((دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت)، یەکێک بوو لە بەرهەمە تازە و جوانەکانی ئەو وەختە)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٥).

(کەمال میراودەلی)یش دەڵێت: ((لەو دیوانەدا تازەییەکی سەیر و نائاسایی لە شیعری کوردیدا دەبینرێت، سەیری هەر ناوی دیوانەکە بکەن، (خواو شارە بچکۆلەکەمان)، ئەوە خۆی لە خۆیدا بۆ ئەو کایە ناونیشانێکی تازەبوو، دوایی سەیری ناونیشانی شیعرەکانی بکەین، (چرایەک لە شەپۆلی گەڕاودا، پەیکەرێک لە پشکۆ، لە باوەڵێکی کلیل ون بوودا، لقی هەتاو، وشە سووتاوەکان، ئەو کولەکانە ئەشکێنم)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٥).

(محەمەد ئەحمەد سعید)، دەربارەی تازەگەریی لە شیعری کوردیدا لە شاری (کەرکووک)دا دەڵێت:
((کەرکووکیش وەک شارەکانی  دیکەی کوردستان ئەو گەشە رۆشنبیرییەی گرتەوە و چەندین دام و دەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی تیایدا دامەزرا، وەک (یەکێتی نوسەرانی کورد)، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد)، هەروەها لە بەشێکی زۆری ناوچە کوردنشینەکانیدا خوێندن بوو بە کوردی، ئیتر ڕێگا والابوو بۆ نواندن و دەرکەوتنی چالاکیی هونەریی و ئەدەبیی بە گرتن و گیرانی کۆڕ و سیمینار و شیعر خوێندنەوە، بەم شێوەیە (کەرکووک) هەناسەیەکی بە بەراهاتەوە، بەرهەمە ئەدەبی و چالاکییە هونەرییەکان برەویانسەند، تەنانەت وایلێهات هەرچی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی کوردی (کەرکووک) هەبوون بە پەرۆشەوە بەشداری چالاکی ئەدەبی و هونەری و سیمینار و کۆڕە شیعرییەکانی شارەکانی دیکەی کوردستانیان دەکرد)). (کەساس جەباری، ٢٠١٦، ٣٨)، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤) کۆمەڵێک شاعیر هاتنە مەیدانەوە وەک شاعیرانی لاوی ئەو قۆناغە دەرکەوتن، بە بەرهەمەکانیان فەزایەکی شیعری ئەوتۆیان خولقاند، کە ناوەڕۆک و ڕوخساری شیعری گۆڕی، لە ناوەڕکدا پەیوەست و پابەندبوون بە کێشەی میللەت و ئایدیای مرۆڤایەتییەوە، هەروەها لادان لەو تەقلیدە باوەی سیستمی کلاسیزمی شاعیرانی پێش خۆیان، لەگەڵئەوەشدا و هەر لە ناوەڕۆکدا سیمایەکی دیاری یاخیبوون بە شیعرەکانیانەوە دەرکەوت، ئەگەرچی ئەو قۆناغە هۆکارێکی بەرەو گەشەسەندنی شیعری شاعیرانی لاو بوو. (کەساس جەباری، ٢٠١٦، ٣٨).

هۆکارێکی دیکە کە بۆ خودی شاعیرە پێشەنگەکانی ئەو قۆناغە دەگەڕێتەوە، لەوانە: ( لەتیف هەڵمەت، سەلاح شوانی، سەلام محەمەد، لەتیف حامید...هتد)، کە "جولانەوەیەکی شیعری دەگمەن و دیاریان بەرپاکرد، لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری ئەدەبی کوردی (کەرکووک) بێ وێنە بوو، بەدوایاندا چەندین شاعیری دیکە هاتنە مەیدانەوە، ئەو پەیامەیان تەواوکرد و بەردەوامیان پێدا، کۆبەندی هەموو ئەو بارودۆخە سەرهەڵدانی قۆناغێکی شیعری نوێی لێکەوتەوە، بووە ناسنامەی شیعریی و ئەدەبیی شاری کەرکووک". (کەساس جەباری، ٢٠١٦، ٣٨).

کەواتە دەتوانین سەبارەت بە پێشەنگی هەریەک لە گروپەکانی (ڕوانگە) و ( کەرکووک- کفری) بڵێین، کە گروپی (ڕوانگە) وەک گروپ و دەستەیەکی ڕێکخراو پێشتر لە گروپی ( کەرکووک- کفری) خۆیان بە دەوروبەر ناساند، ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە زۆرترین قسە و بۆچوون و تەنانەت هەنگاوی جیاوازیش بێنێتەکایەوە، کە یەکێک لەو بۆچوون و هەنگاوە جیاوازانە گروپی ( کەرکووک-کفری)یە، کە دەتوانین بڵێین ئەوەی پاڵنەری ئەوەبووە کە گروپی (کەرکووک-کفری) وەک گروپ خۆیان بناسێنن، ئەوە ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەی گروپی ( ڕوانگە) بووە، بەڵام ئەوەی وەک تاکەکەس ڕۆڵ و پێشەنگ بووە، ئەوە ( لەتیف هەڵمەت)ە، بە تایبەتی لە دیوانی ( خوا و شارە بچکۆلەکامان)دا، کە کەسانی دەرەوەی خۆیشان تەنانەت ڕوانگەییەکانیش نکۆڵی لەوە ناکەن، سەبارەت بە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعری هەریەک لە گروپەکاندا دەتوانین بڵێین لە گروپی (ڕوانگە)دا، چی شاعیرانی سەرەتای گروپەکە و لە ئەوانی دواتریش لەسەر ئەو گروپە دەژمێردرێن زیاتر دەبینرێت، ئەمەش بەشێکی بۆ پێشنەی شاعیرەکان و کارکردنیان لە بواری سیاسیدا دەگەڕێتەوە.

**٣/٢) نیشاندانی قۆناغی فیکری و پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی و دەستنیشانکردنی ئەنتۆلۆژیای شیعریی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر):**

پەیوەندی نێوان فیکر و شیعر پەیوەندییەکی قوڵ و فرە ڕەهەندە، پنت و بناغەی فیکریش لە وێستگەکانی ژیان و ژینگەی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات، دواتر بە پێی بەدواداچوون و خوێندنەوەی کەسەکە گەشە دەکات، یان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕوانین و دنیابینی کەسەکەی لەسەر دادەمەزرێت، دواجاریش ئەم ڕاوانین و دنیابینییە گفتار و کرداری کەسەکەی لەسەر دروست دەبێت، شاعیریش وەک مرۆڤێکی چالاک و بەرپرسیار ڕوانین و دنیابینی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم ڕوانین و دنیابینییەش لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، کە دواجار دەتوانین بڵێین گوتاری شیعریی گوتارێکی فیکرییە، واتە شیعرەکە لە هەر جۆریک بێت، چی شیعرێکی یاخی لە داب و نەریت و فیکرە باوەکان، یان هاوپەیمان و پاڵپشتی فیکر و سیستمی سەردەم و باو بێت، هەروەها شیعرێکی سادە و ئاسان لە ڕووی زمان و تێگەیشتنەوە، یان پڕ لە ڕاز و نیازی شاراوە لە ڕێگەی ڕەمز و خواستنەوە بێت، واتە لە هەر جۆرە شیعرێکدا فیکریش بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە ئایە بە شیعر هەموو شتێک دەوترێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش بۆچوونی جیاواز بە هەردوو ئاڕاستەکەدا هەیە.

(ئەحمەدی مەلا) دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت: ((من هەمیشە ڕەخنەم لەوانە گرتووە، کە هەموو شتێک هەر بە شیعر دەڵێن، ئەوانەی تەنها هەر بە شیعر وەڵامی دنیایان داوەتەوە، شیعری کرچوکاڵیان زۆرە ...، شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە وندەبێت کاتێک بمانەوێت (هۆشیارکردنەوە، سیاسی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی بۆ وڵات، کێشەی فیمینیزم، ڕازیکردنی حیزبی) هەر هەموو بە شیعر چارەسەر بکرێت)). (کاکەڕەش، ٢٠١٠ ،١٩٣ )، هەروەها (کەریم دەشتی)، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من پێموایە دروشم لە شیعردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خودی داگیرکەر نییە، هەر ئەو دروشم و دروشمکارییە بوو ساڵانێکی دوورودرێژ ئەدەب و شیعری کوردیی کوشت و تورِی هەڵدانە ناو مەرگ، خەباتکردن لە پێناو داهێنانی پووختی شیعریی سەختە وەکو خەبات لە پێناو ڕزگاربوون)). (کاکەڕەش، ٢٠١٠، ٢٢٩).

(بەختیار عەلی) لە وەڵامی چییەتی شیعرەدا دەڵێت: ((شیعر دووبارەکردنەوەی ماقووڵ بێت، نابێت بە شیعر... شیعر تەنیا لە ڕێگای سەروکارەوە لەگەڵ ناماقووڵدا بە شیعر دەبێت)). ( کاکەڕەش، ٢٠١٠، ٦٣)، واتە بۆچوونی جیاواز لە چییەتی و ئەرکی شیعر و ڕادەی پەیوەندی نێوان شاعیر و دەرەوەی شاعیر هەیە، بەڵام شاعیر وەکو مرۆڤ لەژێر کاریگەریی و کارتێکردنی دەوروبەریدایە، کەواتە بابەتکە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ململانێی نێوان مرۆڤ و دنیای دەرەوە.

گەورەترین هەڵەیەک فەلسەفەی کۆن تێیکەوت ئەوەبوو، کە خود و بابەتی وەک دوو شتی سەربەخۆ و بێ پەیوەندی دەبینی، لەکاتێکدا کە پەیوەندی نێوان ئەم دووانە پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر گوزەرانی مرۆڤ دەردەخات لەناو جەرگەی واقیعی کۆمەڵایەتیدا، واتە تێگەیشتنیش لە چۆنێتی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ، مەرجی سەرەکی و بنچنەیی بۆ تێگەیشتن لە داهێنانەکانی مرۆڤ دەبێت. (میسری، ٢٠٢١، ١٣٤).

کەواتە ئاگاداربوون لە چۆنێتی ژیان و دەوروبەری شاعیر یارمەتیدەرە، لە پێناو تێگەیشتنی باشتر لە دەقە شیعرییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە دەقەکاندا بەپێی قۆناغەکان هاتووەتە ئاراوە، بۆ ئەم مەبەستە تیشک دەخەینە سەر فیکری هەر سێ شاعیرەکە و ئەو وێستگەیەی ژیانیان کە جێکەوتەی بەسەر دەقەکانییانەوە هەیە.

**٣/٢-١) لەتیف هەڵمەت:**

(لەتیف هەڵمەت)[٥] ئەو شاعیرەی، کە ئەگەر ناوی یەکەم شاعیر لە بواری گۆڕانکاریی و نوێخوازیی لە شیعری کوردیدا نەبێت، ئەوا یەکێکە لەو شاعیرانەی سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، بە دیاریکراویی دوای (گۆران)، کە ڕۆڵی کاریگەریی لە نوێکردنەوە و جیاکردنەوەی نێوان دوو قۆناغی بەسەر شیعری کوردییەوە هەیە، بێگومان چۆنێتی ژیان و ژینگەی گەورەبوون و پێگەیشتنی هەر تاکێک، کاریگەریی و ڕۆڵی بەرچاوی بەسەر هزر و دەروونی ئەو کەسەوە هەیە، دواجاریش لە وتە و کردار و

[٥] (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((بە ناسنامە لەساڵی (١٩٤٧) لە کفری لە دایکبووم، بەڵام بەپێی بەڵگەنامەکان لە ساڵی (١٩٥١)دا لە دایکبووم)). (سلێمان، ٢٠١١، ١٣).

بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە بۆ نیشاندانی قۆناغی هزری و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی پێویستە ئاوڕێک لە ژیان و ژینگەی ئەم شاعیرە بدەینەوە.

(لەتیف هەڵمەت) دەربارەی چوونە بەر خوێندن دەڵێت: ((بناغەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی و شاعیریم لە ماڵەوە دەستپێکردووە، قەرزاری باوکم و کتێبخانەکەی بووم، لە کتێبخانەکەی باوکمدا کۆمەڵێک کتێبی ئەفسانەیی هەبوو وەک: ( شیرین و فەرهاد، خورشید و خاوەر، لەیلا و مەجنون، ڕۆستەم و زۆراب، ڕۆستەم و جیهانگیر، مەنیجە و بێژەن، غەزای بەدرلحونەین)، هەروەها (حەیدەرنامە)، کە باسی ئازایەتی ئیمامی عەلی دەکات، ئەمانە دنیایەکی ئەفسانەییان بۆ دروستکردم لە پاڵ کتێبی (ئەلف لەیلە وەلەیلە)، کە هەر لە کتێبخانەکەی باوکمدا هەبوو، جگە لەوەش هەندێک کۆواری کوردی وەکو (گەلاوێژ) ئەمە باسی شستەکان دەکەم ژمارە کۆنەکانی گەلاوێژم  لای باوکم دەبینی)). (سلێمان، ٢٠١١، ١٣)، کەواتە یەکەمین قوتابخانە و ژینگە، کە کاریگەریی بەرچاوی بەسەر (لەتیف هەڵمەت)ەوە هەیە، ئەوە ژینگەی ماڵەوەیان و کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەی باوکی دەبێت، ئەو کاریگەرییەش لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها دەربارەی خوێندنەوە و ئەو سەرچاوانەی شاعیر سودی لێبینیوە (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((تا ساڵانی حەفتاکان لە کفری بووین، دوای (کفری)مان بەرەو کەرکووک بە جێهێشت، لە کەرکووک نیشتەجێبووین، بەڵام ئارەزووم بۆ خوێندنەوە لە (کفری)یەوە دەرکەوت، من لە دوانزە ساڵیدا خوێندومەتەوە و لە پانزدە شانزدە ساڵیدا دیوانی (بەدر شاکر سەیاب، عەبدولوەهاب بەیاتی، بلند حەیدەری، ئەدۆنیس، کۆواری شیعری لوبنانیم) خوێندووەتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو سەفەرانەی کە بۆ ماڵە خزمەکانم بۆ کەرکووک دەمکردن)) .(سلێمان، ٢٠١١، ١٦).

سەبارەت بە کاریگەربوونی بە شیعری شاعیرانی دیکە (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((شیعری (بەدر شاکر سەیاب، عەبدولوەهاب بەیاتی)، شیعری ئەو قوتابخانە نوێگەرییەی عەرەبیم دەخوێندەوە، هەروەها (لوبنان)ییەکانی پێش (ئیلیاس ئەبووشەبەکە)، یان ئەوانەی تاراوگە وەکو (جەبران خەلیل جەبران)، (میخایل نیعمە)، (نەسیب عەریزە)، ئەمانە زۆر کاریگەریان لەسەرم هەبوو، سەرباری ئەوانەش (مستەفا لوتفی مەنفەلووت)ی (مستەفا سادق) (ڕافعی)، (تەها حوسێن)یش، بەتایبەتی (فی الادب الجاهیلی)م خوێندەوە زۆر کاری تێکردم)). (سلێمان، ٢٠١١، ١٨).

"(لەتیف هەڵمەت) یەکێکە لەو شاعیرانەی (کەرکووک) کە هەر لە سەرەتای شیعر نووسینیەوە لە (کفری) سەریدەرهێناوە، بەڵام بەشێکی ژیانی لە (کەرکووک) بووە، بەرهەمێکی زۆر و بە پێزی هەیە، لەوانە: (خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ئامادەبوون بۆ لە دایکبوونێکی تر، پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانم، ئەو شیعرانەی تەواو ئەبن و تەواو نابن، سرودی هەژاران و گەردەلولی سپی)، هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی قۆناغێکن لە قوناغەکانی ژیانی خۆی میللەتەکەی هەریەکەیان سیما و خاسییەتێکی تایبەتییان لە خۆگرتووە، لە کۆبەندی ئەو ناوەڕۆک و بابەتە نوێیانەدا وەک دیاردەیەکی نوێگەری چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی (کەرکووک)، کە خۆی لە چەندین خاسییەت و سیمادا دەبینێتەوە". (کەساس جەباری،٢٠١٦، ٤٤)، کەواتە پاشخانی ڕۆشبیری (لەتیف هەڵمەت) ڕۆشنبریی

عەرەبی و شاعیرە عەرەبەکانە، ئەمەش پەیوەندی بە ژیان لە کفری و هاتوچۆی بۆ کەرکووکەوە هەیە، هەر ئەم هۆکارەش بووەتە هۆی ئەوەی (لەتیف هەڵمەت)، لە دەستگەیشتن بەو سەرچاوانەدا، کەمێک پێش شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی بکەوێت.

(لەتیف هەڵمەت) دەربارەی کاریگەربوونی بە شیعری کوردی و بە تایبەتیش شیعری (مەولەوی) دەڵێت: ((لە ناوەندی شەستەکان لە سەفەرێک بۆ سلێمانی شیعرەکانی (مەولەوی)، ئەوەی (پیرەمێرد) کردبووی بە سۆرانی دەستکەوت، بەڵام نازانم سەرنجی منی ڕانەکێشا، من ڕۆمانسییانە بیرم نەدەکردەوە، من نوێگەرانە بیرمدەکردەوە، ئەگەرچی گەلێک نوێگەری لە شیعری (مەولەوی)دا هەیە و گەلێک ڕۆمانسییەت لە شیعری (مەولەوی)دا هەیە، بێگومان هەندێک شیعری کوردیم لا خۆشبووە، بەڵام من چیبکەم لەو بارودۆخەدا و ئێستاش لەو تەمەنەدا شیعری (مەولەوی) نەیبزواندبێتم، ئەمە شتێکی ئاساییە، زیاتر شیعری عەرەبی دەیبزواندم، من یەکسەر سەرچاوە عەرەبییەکانم دەخوێندەوە)). (سلێمان، ٢٠١١، ١٨).

(لەتیف هەڵمەت) دەربارەی کاری پێکەوەیی و هاوڕێیەتی دەڵێت: ((ئێمە لە (کفری)یدا (سێ) برادەر بووین، (من و فەرهاد شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی)، ئەو سیانە زۆر هۆگری خوێندنەوە و نوسین بووین، هەر هەرسێکمان پرۆژەی گروپی ( کەرکووک- کفری)مان دانا و دروستمان کرد)) (سلێمان، ٢٠١١، ٢٢).

سەبارەت بە پەیوەندی بە هەر حیزب و ڕێکخراوێکەوە (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((بێگومان هەموو قوتابییەک لەو سەردەمەدا پەیوەندی بە (یەکێتی قوتابیان)ەوە هەبوو، مەگەر خۆی بە کورد نەزانیبێت، باوەڕ ناکەم قوتابییەکی کورد هەبووبێت، پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانەوە نەبووبێت)). (سلێمان، ٢٠١١، ٢٣). کەواتە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هۆکاری ئەو بارودۆخەیە، کە بەگشتی میللەتی کوردی تێدا بووە، هەر تاکێک بەتایبەتی شاعیرێک، یان نوسەرێک لە بەرانبەر میللەتەکەیدا خۆی بە بەرپرسیار بزانێت.

(لەتیف هەڵمەت) دەربارەی دەرکردنی کۆواری (شەپۆلەکان)، دەڵێت: ((ئەو کۆوارە بە دەستنووس دەرماندەکرد، دوو ژمارەی لێدەرچوو، ژمارەی یەکەمی سێ نوسخە بوو))، هەروەها سەبارەت بە بیرۆکەی کۆوارەکە دەڵێت: ((کەنعان مەدحەت، عەلی عەبدوڵلا، فەیسەڵ سالار، لەتیف هەڵمەت) ئەمانە بابەتمان بڵاوکردەوە، ئەوەش بەگژداچونێکی ئەو نادادییە بوو، کە لە کفریدا ڕووبەڕوومان بووبووەوە، دەمانویست بەو کۆوارە بەرپەرچی ئەو چەوساندنەوەیە بدەینەوە))، (سلێمان، ٢٠١١، ٢٤)، هەروەها سەبارەت بە بۆچون و هەڵوێستیان لەو کاتەدا دەڵێت: ((من لەو کۆوارەدا وتارێکم نووسی بەناونیشانی (هونەر بۆ هونەرە، نەوەک بۆ گەل)، کە ئەوکات وای بۆ دەچووم، دروشمی بوونگەرایی و عەبەسی ئەوانە بوو، کە ئەدەبی لامەعقوولیان دەنووسی، جا ئێمە کتێبی (سارتەر، کامۆ، یۆجین یۆنیسکۆ، ژانژێنی)، شانۆنامە و ڕۆمان و چیرۆکی ئەو نووسەرانەمان دەخوێندەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری تردا، کە ئەو سەردەمە لەبەردەستدا بوو، کاریگەریی ئەوانەمان لەسەر بوو، بەتایبەتی من کاریگەریی ئەدەبی لامەعقوولم لەسەر بوو، هەر لەو ڕوانگەیەوە وتەی ژمارەی یەکەمم بەم شێوەیە نووسی، هونەر بۆ هونەرە نەوەک بۆ گەلە)). (سلێمان، ٢٠١١، ٢٤)، واتە هۆکاری ئەو بیرکردنەوە و

هەڵوێستە بەرانبەر بە ئەرکی ئەدەب، لەو کاتەدا لەلای (لەتیف هەڵمەت) بۆ ئاشنا بوون و کاریگەریی چەند نوسەر و ڕێبازێکی وەک (دادایزم سوریالیزم) دەگەڕێتەوە.

(لەتیف هەڵمەت)، لە تەمەنی لاوێتیدا خاوەنی کەسێتییەکی یاخیی و بزێو بوو، هەمیشە گەڕاوە بە شوێن ئەو کارانەی نامۆو شازن لە کۆمەڵگادا، تا ئەم ئەنجامیبدات، ئارەزووی شتە باوەکانی نەکردووە، بە شوێن داهێنان و نوێکاریدا گەڕاوە و دەڵێت: ((لەناو خێزانێکی ئاین پەروەردا گەورەبووم، بە جۆرێک پابەندبوون بە دابونەریتە ئایینییەکانەوە تا دەگەیشتە ئاستی خورافی، ئەم شێوازی پەروەردەکردنە پاڵپێوەنام یاخیبم لەم بازنە ئەفسانەیە و بە شوێن گەردوونێکی فراوانتر بۆ ژیان و نووسین و شیعر و تێڕامان بگەڕێم)). ( سەعید، ٢٠١٣، ٢٥٨).

کەواتە دوو هۆکاری سەرەکی، کە یەکەمیان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پابەندبوون بە دابوونەریتی کۆن لەو سەردەمدا، دووەمیش، لەبەرانبەریدا ئاشنابوونی (لەتیف هەڵمەت) بەو ڕێباز و نوسینی ئەو نوسەرانە، کە یاخیبوون لە ئاین، سیاسیەت، شێوازی ژیان و باری کۆمەڵایەتی، لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، هەرئەمەش بووەتە هۆی ڕەتکردنەوە و بەگژداچوونەوەی ئەو باردۆخەی ئەوکاتەی تێدابوون،

لەساڵی (١٩٧٠)دا، (لەتیف هەڵمەت) دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) بڵاودەکاتەوە، ئەم بەرهەمە بۆ ئەوکاتە بە بەرهەمێکی جیاواز و جیاکەرەوە لە سەردەمی پێشو دادەنرێت. هەروەک (شێرکۆ بێکەس) لەبارەی دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ەوە دەڵێت: ((بەبڕوای من (خوا شارە بچکۆلەکەمان) یەکێک بوو لە بەرهەمە تازە و جوانەکانی ئەو وەختە))، هەروەها (کەمال میراودەلی)یش دەڵیت: ((لەو دیوانەدا تازەییەکی سەیر و نائاسایی لە شیعری کوردیدا دەبینرێت، سەیری هەر ناوی دیوانەکە بکەن (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) ئەوە خۆی لە خۆیدا ناونیشانێکی تازە بوو بۆ ئەوکاتە)). (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٦).

یەکێک لە ناونیشانی شیعرەکانی دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان) بەناونیشانی (ئەو کوولەکانە ئەشکێنم، کە دەڵێت:

ئەم کوولەکانە ئەشکێنم
ئەمە باوەڕی منە
ئاگرەکەم ناتوێتەوە
تەمەنی من بلێسەیەکی
بێ خۆڵەمێشە
پەرستگاکان ئەڕوخێنم
وشەکانم ئامێتەی ڕەگی زەوی دەکەم
شینایی ئاسمان
وەک چڵی یادگار لەسەر دڵما ئەشکێنم
ئەمە باوەری منە

شەپۆلەکان وەستانی نییە
کەس لە زبانم ناگات...(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣١).

لەم شیعرەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەم، شاعیر گرنگی زۆری دواوە، بە نواندن و دەربڕینی هەست و سەرکەشی و هەڵچونەکانی، بەکارهێنانی ئەم زمانە نوێیە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە، لەکاتێکدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، شاعیر بەهۆی بارودۆخی ژیان و تایبەتی خۆی لە حاڵەتێکی تەواو بێزار نامۆ بەو واقیعەی تێدایە دەژی، لەهەمانکاتیشدا ئاشنابوونی بە بەرهەمەکانی سەر بە هەردوو ڕێبازەی (دادایزم و سوریالیزم)، ئەمە وای لێدەکات و ئەو زمانە یاخی سەرکەشەی پێدەبەخشێت، کە وەک خۆی وێنای دەکات، هەست و باوەڕی خۆی بە ئاگرێکی بڵێسەدار دەچوێنێت و هەموو بەند باوەکانی چواری دەوری دەشکێت و دەڕوخێنێت.

کەواتە لە دیوانی (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)دا، تەوای ئەو یاخیبوونەی (لەتیف هەڵمەت) ڕەنگدەداتەوە، هەروەک تەواوی شیعرەکانی ئەم دیوانە شیعرییە، لە ئاستێکی هونەریی بەرزدایە، کە بە لوتکەی بەرزی بەرهەمەکانی  دیکەی دەبینرێت. "ئاستی ئەدەبیی شێوازی شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت) لە قۆناغی یەکەمدا، واتە لە کۆتایی شەستەکان تا کۆتایی حەفتاکان، بەرز و بەرچاوە دەبینرێت". (سەجادی، ١٣٩٦ ،١٥٩)، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و هاتنەکایەی باری نالەبار و قوڵتربوونەوەی زام و کێشەکانی میللەت، ئەوا ئەو بارودۆخە لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگدەداتەوە، ئەو کات لە جیاتی گرنگیدان بە فۆرم، ناوەڕۆک گرنگی پێدەدرێت.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە نامەیەکدا بۆ (لەتیف هەڵمەت) بۆی دەنوسێت: ((شیعری ئەو لەو قۆناغەدا پڕە لە ڕیشەی داربەڕوو))  هەروەها داوایشی لێدەکات ((زۆرتر خەریکی فۆرمی هونەری بێت)).
( کەسنەزانی، ٢٠٠٤، ٣٧٣).

"بابەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی پانتاییەکی فراوان و بەرچاوی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا داگیرکردووە، سەبارەت بە نیشتمان وا ڕوانیوێتییە خاک و نیشتیمان خودی خۆی بە ڕەگ چواندووە، کە چۆن لە خاکدا ڕۆدەچێت و پێیەوە وابەستەبووە". (کەساس،٢٠١٦، ٥٦). هەروەک لە تێکستێکی دایەلۆگ ئامێزدا لە نێوان داربەڕوو و پەڵە هەورێکدا لە زمانی داربەڕووەوە دەڵێت:

داربەڕوویەکی تینوو بانگی پەڵە هەورێکی کرد
ئەی دارەکە وەرە بۆ لام خۆت بدەرە بەر شەستە بارانی وێڵم
وەرە بۆ لام لێم مەترسە خۆ من نە پاچم نە بێڵم
ئەی هەورەکە تۆ دووریت و ئاخر منیش
خۆ ئەگەر چی بشمکوژی
تینوێتی تاڵ و لێڵم
لەم خاکەدا ڕەگم هەیە و جێی ناهێڵم. (هەڵمەت،  ٢٠١٤، ٩٢).

لەم شیعرەدا، کە بە ناونیشانی (ڕەگ)، لە کۆمەڵەشیعری (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە)، کە لە ساڵی(١٩٧٧)دا بڵاوبووەتەوە، ئەمەش دەکەوێتە دوای هەڵگیرساندنەوەی شەڕ و

ئەو کارەساتانەی، کە بەسەر شۆڕش و میللەتدا هاتووە، هەر بۆیە زمانی شیعرەکە، سادە و ڕوون و خۆماڵیانەیە، شاعیر لەڕێگەی بەخشینی سیفەتی مرۆڤ بە هەور و داربەڕوو، لەڕێگەی نواندنی دیالۆگی ئەم کەسایەتییە خولقێنراوانەی دەستی شاعیر، دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت، ڕیشەی خۆی و میللەتەکەی بە ڕەگی داری داربەڕو دەچوێنێت.

(لەتیف هەڵمەت) بایەخێکی زۆری بە چەمکە سۆزدارییەکان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین دەقی بە پێزی نوسیوە، بەڵام لەگەڵئەمەشدا مەسەلەی جیهانگیری و بابەتە سەرسەختەکانی توانیویانە لە هەندێک دۆخدا گەمارۆی بدەن، ئەمیش وەک هەر شاعیر و هونەرمەندێکی ئایندەگەرایی، کەوتووەتە ژێر هەڕەشەی بابەتە تازەگەرایی و ئایندەگەراییەکانەوە، کە یەکێکە لەوانە تێڕوانینە هونەری و فەلسەفی و ئابوری و سیاسییەکانە، بە مانایەکی ڕونتر (لەتیف هەڵمەت) و هاوشێوەکانی بابەتەکانیان زیاتر لە بابەتە جیهانگیرییەکاندا خەستکردووەتەوە". (کریم، مەستی،٢٠١٨، ٣٠). وەک لە دەقی (لاوکی ئازادی)دا دەڵێت:

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
بەڵام توخوا بەرلەوەی کە بممرێنن
چنگی خۆڵی وڵاتەکەم
لەدڵەکەم بپرژێنن
هەرچیم هەیە لێم بسێنن
هەرچی یەسقان لە لەشمایە
یەکە یەکە
هەمووی بە گاز بەربهێنن
بەڵام توخوا
نەکەن هەرگیز
چڵی داری ئەم نیشتمانە بشکێنن. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤١٧)

وەک (کەمال میراودەلی) دەڵێت: ((چەند خاسییەتی شیعری (لەتیف هەڵمەت)، بەلای منەوە وەک دیاردەیەکی شیعری دەردەکەون، (تازەیی شێوە و ناوەڕۆک، یاخیبوون، ئەوپەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و سادەیی و ڕوونی)، بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی لە خوێندنەوەیاندا دەردەکەون کە جۆرە یاخیبوونێکی پێوەدیارە، یاخی لە بارودۆخ، لە دیاردە دزێوەکان، لە دەستەڵات، لە بیر و دیدی چەقبەستو دواکەوتووی کۆمەڵ و تاکەکان، لەگەڵئەمەشدا سیمایەکی دیکەی شیعرەکانی لە شێوە پەخشانە شیعردایە، کە لە کارتێکردنی شیعری عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەتی ڕەوتی (شیعر٦٩)ی (فازل عەزاوی) و هاوڕێکانی کە ئەوسا باو بوو)). (میراودەلی، ١٩٩٦، ٤).

(لەتیف هەڵمەت) ئەو شاعیرەیە، کە لە وشە زبرەکانیش شیعری جوان دروست دەکات، دڕک و زۆردار و ڕۆستەم و...هتد، لە نێو شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا زۆر جوانتر جێی خۆیان دەگرن، تا شاعیرێکی تر، ئەمەیان جیاوازییەکی دیاری (لەتیف هەڵمەت)ە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، (لەتیف هەڵمەت)،

شاعیری شۆڕش و کوردستان، بەردەوام بە شیعرەکانی بە ئێمەی گوتووە دەشێت مرۆڤ بەردەوام بێت، زۆرن ئەوانەی کە شیعری (لەتیف هەڵمەت) هانیداون، بۆ ئەوەی بیر لە مرۆڤبوونی خۆیان بکەنەوە، شاعیر ئەگەر بییەوێت دەتوانێت بە شیعری خۆی ئاگر بەربداتە دڵی هەزاران کەس، (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر کاتێک دەستی داوەتە قەڵەم هەر ئەمەی کردووە. (فەرەج، ٢٠١٢، ٤٩).

(لەتیف هەڵمەت)، لە شیعرەکانیدا بە تایبەتی نێوان هەرەس و ڕاپەڕین لە حەفتاکان و هەشتاکاندا، لە باسی نیشتمانی و بیر و ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتیدا، زۆرێک لە شیعرەکانی تام و بەرامەی یاخی بوونیان لەخۆگرتووە بەرانبەر هەموو دیاردە دزێوەکان، دەستەڵاتی ئەوسا و کۆمەڵگای کوردەواریدا دیمەن یان تابلۆیەکی لەو جۆرانە نییە پەیامێکی یاخیبوونی بۆ نەبێت لە هەموو شەقامێکدا لە هەموو شارێکدا هەموو شورایەکی شیعریدا هەستی یاخیبوونە، لە دڵییەوە دەچنە قەڵەمەکەی و لە دەرونییەوە هەڵدەڕژێتە سەر زمانی ڕەنگدەداتەوە. (سلێمان، ٢٠١١، ٢٤).

(عەتا قەرەداخی) دەربارەی ئەزموونی شیعری (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: ((ئەزموونی شیعری (لەتیف هەڵمەت) ئەزموونێکی دەوڵەمەندە و بە ئاشکرا لەسەر دوو پایە وەستاوە، کە یەکەمیان هەست و خەیاڵی فراوان و مەودا قوڵی ئەم شاعیرەیە، دووەمیان ئەوەی کە بە ئاشکرا بە ئەزموونی ئەم شاعیرەوە دیارە ئەوەیە، کە سەرباری ئەو خەیاڵ بارە خۆرسکییەی ئەم کە بۆ شیعر ڕسکاوە، ئەزموونی شیعری شاعیرانی دیاری جیهان و و ڕۆشنبیری هەمە لایەنەی خۆیی و ئاگاداربوونی دەوڵەمەندی لە ئەفسانە و فانتازیای کوردی و ئیسلامیی و جیهانی سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانی شیعرن لای ئەم شاعیرە، هەروەک گیانی لە ڕووداوەستان و یاخیبوونیش لە کەسێتی و ئەزموونی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا دەورێکی گرنگی هەیە)). (قەرەداغی،٢٠٠٩، ١٣٣). کەواتە خاڵی بەهێزی (لەتیف هەڵمەت)، پاشخان و ئاگاداربوونی لە ئەفسانە و ڕۆشبیری عەربی و جیهانییە، هەروەها شارەزابوونی لە بابەتە دینییەکان و بەگشتی دینی ئیسلام بەتایبەتی، هەروەها ئاشنابوونی قوڵی لە تەسەوف و تەسەوفی ئیسلامیی، ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەیەتی لەگەڵ شاعیرانی دیکە و خەیاڵی فراوان و داهێنەرانەی پێبەخشیوە.

(لەتیف هەڵمەت) ئەو شاعیرەیە، کە تاوەکو ئێستا لە بەخشش نەکەوتووە و لەگەڵ هەڵچوونی تەمەنیدا هەستی شیعری و خەیاڵی شیعری و جیهانبینی شیعری فراوانتر و فرە ڕەهەندتر دەبێت، بە تایبەتی لەو شیعرانەی کە لەم چەند ساڵەی دوایدا بڵاویکردونەتەوە، تەنانەت ئەم ماوەیەکی فراوانی لە نێوان شیعر و وەزیفەی شیعر و سیاسەت و حیزبایەتیدا داناوە و سەرباری ئەوەی شیعری ئەم ماوەیەکی دورودرێژ بووەتە پاڵنەری خۆڕاگرتن و خۆ بەدەستەوە نەدان و لە ڕوداوەستانی مرۆڤ بەرانبەر ئەوی داگیرکەر و جەلادا، بەڵام وەکو هەندێک شاعیر و نوسەری دیکە نەیویستووە سوود لەو ڕابردووەی خۆی وەربگرێت لەسەر حسابی داهێنانی ئێستای واتە (لەتیف هەڵمەت) ئەو شاعیرەیە، کە نایەوێت لەسەر ڕابردووی پیرۆزی خۆی بژی و بەردەوام بێت بەو ئەندازەی کە دەیەوێت شاعیرێکی ئەزموونگەر بێت و ئەزموونی نوێ شوناسی بەردەوامبوونی بۆ دەستەبەربکات. (قەرەداغی،٢٠٠٩، ١٣٣).

رۆژەکانی هەفتە
لە دووبارەکردنەوەی خۆیان
بێزاربوون
هەینی بڕیاری داوە
مۆڵەت لە مزگەوتەکان وەربگرێ و
ئەمساڵ بچێ
بۆ حەجی پیرۆز
جا ئیتر نازانم ئەم ماوەیە
چۆن نوێژی هەینی بکەین...(هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٧)

لەم شیعرەدا، کە ناونیشانی (چەند مەشقێکی دەروونیی بە وشە)یە، لە دیوانی (ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپییە)، کە بۆ دوای ساڵی (٢٠٠٠) دەگەڕێتەوە، شاعیر لەم شیعرەدا سەرەڕایی بەکارهێنانی وشەی سادە، بەڵام بارکراو بە خەیاڵێکی داهێنەرانەی جوان، کە لە ڕێگەی بەکەسیکردنی ڕۆژەکانی هەفتە، بێزاربوون تا ئاستی یاخیبوون ڕادەگەیەنێت، لەم بێزار بوونەشیدا زیاتر لەو ئەرکانە یاخیدەبێت، کە زیاتر بۆچوونە دینییەکان بە ڕۆژەکانی سپاردووە، ئەمەش زیاتر جۆرێکی دیکە لە پەیوەندی نێوان خوا و مرۆڤە، لەم بۆچونەدا سنوری نێوان دینەکان نامێنن، کە ئەمەش بۆچونیکی تەسەوفانەیە.

لە کۆتایدا دەتوانین سێ قۆناغی شیعریی (لەتیف هەڵمەت) دیاریبکەین، کە شیعرەکانی شاعیر لە هەر قوناغێکدا خەسڵەتێکی تایبەتی هەڵگرتووە، قۆناغی یەکەم لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان تا ناوەڕاستی حەفتاکان، قۆناغی دووەم، لە ناوەڕاستی حەفتاکان تا سەرەتای نەوەدەکان، قۆناغی سێیەم، لە سەرەتای نەوەدەکان تا ئێستای شاعیر دەگرێتەوە، لە هەریەک لەم قۆناغانەشدا شیعرەکان خەسڵەت و تایبەتمەندی هونەری خۆیان هەیە، لە قۆناغی یەکەمدا گرنگی زیاتر بە فۆرم دەدرێت، لەقۆناغی دووەمدا گرنگی زیاتر بە ناوەڕۆک دەدرێت و هەڵگری پەیامی بەرەنگاریی و مانەوەیە، لە قۆناغی سێیەمدا بەکارهێنانی وشەی سادە و بارکراو بە خەیاڵێکی داهێنەرانەیە.

**٢-٣/٢) عەبدوڵڵا پەشێو:**

(عەبدوڵڵا پەشێو)[٦] یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە ناوی لەگەڵ ئەو شاعیرانەی ڕۆڵیان هەبووە لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دێت، بۆ چۆنێتی بەشداری و ڕۆڵی (عەبدوڵڵا پەشێو)، هەروەها کاریگەربوونی بە ڕوداوە (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشبیریی) لە قۆناغە جیاوازەکاندا، پێویستە گوزەرێک بە ژیان و ژینگەی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا بکەین.

[٦] (عەبدوڵڵا پەشێو)، ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا کوڕی مەلا شێخ محەمەد عومەر بێرکۆتی)یە، باوکی مەلای گوندی (بێرکۆت) بووە، (بێرکۆت) گوندێکی نزیک شاری هەولێر بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٣)، بووەتە بەشێک لە نەخشەی شارەوانی هەولێر (مەولود،٢٠٠٢، ٧٥).

(عەبدوڵلا پەشێو) لە ساڵی (١٩٤٦) لەدایکبووە، بۆ خوێندن ڕووی لە شاری هەولێر کردووە، یەکەمجار لە قوتابخانەی (خالیدییە)ی سەرەتایی دەستی بە خوێندن کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیشی هەر لە (هەولێر) تەواو کردووە. (مەولود،٢٠٠٢، ٧٥)، هەروەها (عەبدوڵلا پەشێو) لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٨-١٩٦٩)دا بڕوانامەی پەیمانگای مامۆستایانی (هەولێر)ی بەدەستهێناوە، دوای تەواکردنی ئەو قۆناغەی خوێندن وەک مامۆستای سەرەتایی دامەزراوە، لە ساڵی (١٩٧٠) لە گوندی (کەندال)، وەک مامۆستا دەستبەکاربووە، پاشان لە گوندی (گەلیاوە) وانەی وتووەتەوە، دوای ساڵێک بۆ قوتابخانەی (هەردی) لە ناو شاری (هەولێر) دەگوازرێتەوە، دوایش لە قوتابخانەی (ڕوناکی) تا ساڵی (١٩٧٣) مامۆستا بووە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٣)دا، بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ سیاسەتی ڕژێمدا، بۆ خوێندن ڕوو لە (یەکێتی سۆڤیەت)ی پێشو دەکات. (مەولود،٢٠٠٢، ٧٥).

(عەبدوڵلا پەشێو) لە کۆتایی (١٩٧٣)دا ڕووی لە وڵاتی (یەکێتی سۆڤێتی) پێشوو کرد، لە ساڵی (١٩٧٩)دا بڕوانامەی ماستەری لە بواری وەرگێران (ئینگلیزی-ڕوسی) وەرگرتووە، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٣)یشدا لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەت لە مۆسکۆ دکتۆرای لە بواری ئەدەبی کوردیدا وەرگرتووە، تێزی دکتۆراکەشی لە سەر (پیرەمێرد)ی شاعیر بووە، دوای جێهێشتنی سۆڤییەت ڕوو لە وڵاتی (لیبیا) دەکات، بۆ ماوەی (پێنج) ساڵ وەک مامۆستایەک لە زانکۆی (الفاتح) وانە دەڵێتەوە، دوای ئەو پێنج ساڵە بۆ ڕوسیا دەگەڕێتەوە، لە (١٩٩٠-١٩٩٥)، لە ڕوسیا خەریکی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەبێت، لە ساڵی (١٩٩٥)دا (ڕوسیا)ی جێهێشتووە، بەرەو وڵاتی (فیللەندا) ڕۆشتووە، لە هەمان ساڵدا وەک پەنابەر لە (فیللەندا) وەرگیراوە). (عەزیز، ٢٠٠٦، ٤٥).

"سەرەتای دەستپێکردنی (عەبدوڵلا پەشێو) بە شیعر نوسین بۆ ساڵی (١٩٦١) دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکەم جار شیعری نوسیوە، بەڵام بڵاونەکراوەتەوە، یەکەم شیعری لە ساڵی (١٩٦٣)دا، لە دوا ژمارەی هەفتەنامەی (هەولێر)دا بڵاوکردووەتەوە". (مەولود،٢٠٠٢، ٧٥). دواتر یەکەم کۆمەڵەشیعری بە ناونیشانی (فرمێسک و زام)، لە ساڵی (١٩٦٧)دا بڵاوکراوەتەوە، ساڵی دواتر (١٩٦٨) کۆمەڵەشیعرێکی دیکەی بە ناونیشانی (بتی شکاو) لە چاپداوە، دوای لە چەندین کۆڕ و کۆبونەوە، کە لە (کەرکووک، هەولێر، کۆیە)دا سازدرابوون، شیعری خوێندووەتەوە، دیاریترینیان کۆمەڵەشیعری (دوانزە وانە بۆ منداڵان) بووە، کە لە میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی، لە ڕۆژانی (٢٢-٢٣) ی (٥)ی (١٩٧٢)، لە شاری (کەرکووک) سازدرابوو، خوێندووەتەوە، ئەم هەنگاوە (پەشێو)ی وەکو شاعیرێکی نوێخواز بە نێوەندی ئەدەبی کوردی ناساند). (عەزیز، ٢٠٠٦، ١٩).

(عەبدوڵلا پەشێو)، لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە (٢٣و٢٤-٦-١٩٧٠)دا، لە (بەغداد) سازدرابوو ئەندام بووە، هەروەها لە کۆنفراسی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەراندا، کە لە ڕۆژی (١٥-١-١٩٧١) سازدرابوو، خۆی هەڵبژاردبوو، بە دەنگێکی زۆر بە ئەندامی دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردرا. (عەزیز،٢٠٠٦، ١٩).

(عەبدوڵلا پەشێو)، وەک قوتابییەک بەشداریی لە جموجۆڵی سیاسیدا کردووە، لە ساڵی (١٩٦٣)دا پەیوەندی بە (یەکێتی قوتابیان)ەوە کردووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٤)دا کاتێک شۆڕشی ئەیلول درزی

تێدەکەوێت، ئەویش لە ڕێکخراوەکە دوور دەکەوێتەوە، پەیوەندی لەگەڵیاندا دەپچڕێنێت، هەربۆیە لەوە سەردەمەدا (عەبدوڵڵا پەشێو)، کە وەک ئەندامێکی چالاک و کادرێکی پێشکەوتوو لە کاری سیاسیدا بەردەوام دەبێت، هەروەک دەڵێت: ((لە ناوەڕاستی شەستەکاندا من بەرپرسێکی قوتابیان و کادرێکی پێشکەوتووی پارتی بووم، دەبوایە لە ئەوانەی چواردەورم زۆرتر بزانم، هەر لەبەرئەوەش کاتێک بەدەیان ناوی وەک ( کانت، دیکارت، نیتشە، ئەزرا، سارتەر، بۆدلێر، ڕامبۆ)، دەیانی دیکە لەسەر زاری (محمود زامدار)، دەبیست، هەناویان دەپساندم، ناچاربووم هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی هەولێر بکەم)). (مەولود، ٢٠٠٢ ،٧٦)، کەواتە (عەبدوڵڵا پەشێو) لەسەرەتاوە بەهۆی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتەی کوردستان، پەیوەندی و پابەندبوونی سیاسی هەبوو.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە دەستپێکی شیعر نووسیندا کاریگەریی شاعیرانی پێش خۆی لەسەر دیارە، بەتایبەتی شاعیرانی شاری سلێمانی، چونکە بەگشتی شاعیرانی نەوەی شەستەکانی هەولێر کاریگەریی ئەوانیان لەسەرە، لەو شاعیرانەش (گۆران)، (دیلان)، (هەردی)، بووە، لەم بارەیەوە (عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت: ((من شیعرێکی (هەردی و گۆران) بە هەموو دنیا نادەم، کاتی خۆی هەموو شیعرەکانی (ڕازی تەنیایی) (هەردی)م لەبەربوو))، جگە لەمانە تاڕادەیەکی زۆر بە (حاجی قادری کۆیی) کاریگەربووە، تەنانەت بزواندنی بیری نەتەوەیی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، (*عەبدوڵڵا پەشێو*) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من نەتەوەیم، بە شیعری (حاجی قادر) پەروەردە بووم)). (مەولود، ٢٠٠٢ ،٧٦)، کەواتە (عەبدوڵڵا پەشێو) وەک شاعیرانی سەردەمی خۆی بە شاعیرانی پێش خۆیان کاریگەربووە، ئەمەش بۆ کاریگەریی ژینگە سیاسی کلتورییەکەی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە.

دەربارەی کاریگەربوونی بە شاعیرانی نەتەوەکانی تر، (عەبدوڵڵا پەشێو) لە سەرەتای شیعر نوسینیدا بە شاعیرانی عەرەب وەک: ( نزار قەبانی)، (مەحمود دەروێش) کاریگەر بووە، هەروەها بە (ڕەسوڵ هەمزە تۆف)، (واڵت ویتمان)، (کازانتزاکی)، (پۆشکین) کاریگەربووە. (عەزیز، ٢٠٠٦، ٣٤).

(عەبدوڵڵا پەشێو)، لە کۆتایی شەستەکاندا و سەرەتای حەفتاکاندا، چوار کۆمەڵەشیعری بڵاوکردووەتەوە، ئەوانیش (فرمێسک و زام)، (بتی شکاو)، (شەونامەی شاعیرێکی تینو)، (دوانزە وانە بۆ منداڵان). (عەزیز، ٢٠٠٦، ٣٥).

(عەبدوڵڵا پەشێو) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە هەموو ئەو ڕووداو و کارەستانەی، کە بەسەر کوردستاندا هاتوون کاریان تێکردووە، چونکە شاعیر وەک قوتابییەک بەشداری لە جموجۆڵی سیاسیی کردووە، هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو)، بەردەوام لە ڕووداوەکان ئاگاداربووە و کاریگەری ڕووداوەکانی زیاتر بەسەرەوە دیار بووە. (عمر،٢٠١٩، ٦٧).

قۆناغی یەکەمی شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)، لە ناوەڕاسیتی شەستەکانەوە دەستپێدەکات، تا ناوەڕاستی حەفتاکان، چەند کۆمەڵەشیعرێکی بە ناوەکانی( فرمێسک و زام، بتی شکاو، شەونامەی شاعیرێکی تینوو، دوازدە وانە بۆ منالان، ڕۆژ نییە لێتان تورە نەبم) بڵاودەکرێتەوە، ئەم شیعرانە لە ڕووی فۆرمەوە سادە و لەڕووی ناوەڕکیشەوە دڵداری و بەرەنگاریی و سیاسین، هەروەک لە شیعرێک بە ناونیشانی (ڕێڕەوم) لە کۆمەڵەشیعری (بتی شکاو)دایە دەڵێت:

لە بەندیخانەی تاریک نووتەک،
گۆی پڕ لە دەنگی کەلەپچەی مەچەک،
پڕ بە ناخی دڵ،
زۆر گەرم و بە کوڵ،
گەر بتلێمەوەش
بەستەی ڕزگاری
هەر دەڵێمەوە دژی زۆرداری. (پەشێو، ٢٠١٤، ٩٩).

ئەم شیعرە سادە و ڕوون لەڕووی فۆرمەوە، ناوەڕۆکی شیعرەکەش بەرەنگاریی و سیاسییە، هەروەها لە شیعری (دەنگێک لە کوردستانەوە)، کە لە کۆمەڵە شیعری (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)دایە، دەڵێت:

چەند حەز دەکەم
منی کوردیش
ئادەمیزادێکی سەبەست بم،
بە چەلین و کەوشی کوردی
لە چیاکانی فەلەستینا چەکبەدەست بم؛
هێرش بەرم
بۆ سەر ئەو بووکەشووشانەی،
بۆ سەر ئەو داڵە تووشانەی
گۆشتی کۆرپەی ساوا دەخۆن،
مزگەوتەکان،
کڵێسەکا...
بە خۆێن دەشۆن. (پەشێو، ٢٠١٤، ١٧٦).

لەم شیعرەدا لە ڕووی فۆرمەوە سادە و ڕوونە و تێگەیشتینی ئاسانە و لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە سیاسییە.

(عەبدوڵلا پەشێو) لە هەندێک دەقیدا شاعیرێکی لێوان لێوە لە ڕۆمانسیزم و دەقەکانی خەرمانەیەکی بە پێز و پڕ سۆزی عەشق و خۆشی ناخۆش و ڕەشبینییە، شاعیرێکی یاخییە، یاخییە لە خود، یاخییە لە ژوان و عەشق و یار، یاخییە لە دەستەڵات و سیاسەت و کۆمەڵگە و دابونەریتی پاشاگەردانی و چەوساندنەوەی هەژاران و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ...هتد، (عەبدوڵلا پەشیو)، شیعرەکانی تێکەڵەیەکە لە عەشق و سیاسەت، عاشقێکی سەرسەخت و پڕە لە عەشق و ئەوین، یار و عیشقی نیشتمانە لە ڕاستیدا عەشق و سیاسەت دوو ناوەڕۆکی گرینگی شیعرەکانی (عەبدوڵلا پەشیو) پێکدەهێنێت. (عەبدوڵلا، ٢٠١٦، ٢٤٨).

قۆناغی دووەمی شیعری (پەشێو) لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، تا سەرەتای نەوەدەکا دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا چەند کۆمەڵەشیعرێکی بە ناوەکانی: ( شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم، بروسکە چاندن، بەرەو زەردەپەڕ) بڵاوکراوەتەوە، کە لەم شیعرانەدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەستی نەتەوایەتی بە ترۆپک دەگات، لە ڕووی فۆرم و ئیستاتیکایشەوە شیعرەکانی قۆناغی یەکەم تێدەپەڕێنن، وەک لە شیعری (سەربازی ون)دا، کە لە کۆمەڵەشیعری ( شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم)دا، دەڵێت:

کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،

بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،

تاجەگوڵینەیەک دێنێ،

ئەگەر سبەی

وەفدێک بێتە وڵاتی من،

لێم بپرسی:

کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟

دەڵێم:

گەورەم!

لە کەناری هەر جۆگەیێ،

لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،

لەبەر دەرگەی

هەر ماڵێ، هەر کڵێسەیێ،

هەر ئەشکەوتێ،

لەسەر گابەردی هەر شاخێ،

لەسەر درەختی هەر باخێ،

لەم وڵاتە:

لەسەر هەر بستە زەمینێ،

لەژێر هەر گەزە ئاسمانی،

مەترسە، کەمێک سەر داخە و

تاجەگوڵینەکەت دانێ. (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٥٠).

ئەم شیعرە بووەتە ناسنامەی پەشێو و شیعرێکی تەواو نیشتمانییە، نیشتیمان بە هەموو جیاوازییەکانییەوە، چونکە گەورەترین کێشەی بەردەم ئەوەی کە نیشتیمان هی هەموان بێت، نادادییە، بەڵام پەشێو لەم شیعرەدا نیشتیمان دەکاتە هی هەموان، هەموانیش بێ جیاوازی (شوێن، نەتەوە، دین...هتد)، بە سەربازی ونی دەچوێنێت و بە شیاوی بردنی تاجەگولینەی دادەنێت.

هەروەک (مارف خەزنەدار)، لە وەسفی ئەم شیعرەدا دەڵێت: ((بەڵگەی داهێنان لە شیعرەی پەشێودا زۆرە، هەر پارچە شیعرێک بۆن و بەرامەی خۆی هەیە، جەوهەرێکی ئەوتۆی تێدایە قسەی زۆر

هەڵدەگرێت، یەکێک لەو ئەفسانە و ئاواز و شاکارانە، (سەربازی ون)ی پەشێوە، گەلێک شیعری لەم بابەتەی هەیە، ساکار و ئاسان و مانا دیار، بەڵام داهێنانێکی ئیستێتیکی بەرزی تێدایە، گیانێکی شاعیریی بەهێزی لێدەبینرێت)). (خەزنەدار، ٢٠١٣، ١٢).

(عەبدوڵڵا پەشێو) بە پێی پێشکەوتنی ئاسۆیی ئەدەب هاتووەتە بەردەم دەرگای شیعر و گەشەی کردووە، ئەمە ڕەگی ڕێنیسانسە و لەسەر ئەم ڕەگە بووژاوەتەوە و وەک شاعیرێکی نەتەوەیی سەریهەڵداوە، نەک وەکو شاعیری حیزبێک یان شۆڕشێک، کورد چەندەها حیزب و شۆڕشی هەیە، بۆیە لەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە (پەشێو)، بەیەکەم شاعیری نەتەوەیی ئەم سەردەمەمان دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هۆکارە هەرە گرنگەکەی هەموو سەردەمێک، کە هۆکاری کاتە. (عاللایی ، ٢٠١٣، ٥٤).

قۆناغی سێیەم لە سەرەتای نەوەدەکانەوە تا ئێستای شاعیر دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا ئەم کۆمەڵە شیعرییانەی وەک (براکوژی، دیوانی سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور)، لەم قۆناغەدا بەهۆی بارودۆخی سیاسی و بێزاری و ڕازینەبوون لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی کوردستانەوە، شیعرەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە زیاتر سیاسی و ڕەخنەی سیاسییە، ئەمیش کاردەکاتە سەر ناوەڕۆکی شیعرەکان دەبێتە هۆی سادەی ناوەڕۆک و چەندین وشەی (تابۆ)[٧]بەکاردەهێنێت.

گەورەینە،
لە سایەتان
بەعس لەناو دەممماندا
زمانێکە و دەگەڕێ.
بەعس: کەڵەگایەکە،
سبەینان و ئێواران
لە ئاوەزمان دەپەڕێ!
کێ بێ بەعس نەناسێ؟
تا دوێنێ هەتیوێک بوو
زەلام کوژ، زلحوت، جرپن...
لە سای سەرتان هاتەوە
هاتەوە و کەس نایبینێ،
وەکو تارمایی مردن. (پەشێو،٢٠١٤، ٤٤٥).

لەم شیعرەدا لەڕووی ناوەڕۆکەوە ڕەخنە لە سیاسییە کاربەدەستەکان دەگرێت، هەرچەندە باسی دڕەندەیی بەعس دەکات، بەڵام دەڵێت ئێستا هەموو ئەو کردارە خراپانەی بەعس بەرانبەر هاوڵاتی ئەم نیشتیمانە ئەنجامی دەدات، هەموو خەبات و قوربانیمان لە پێناوی لابردنی ئەو ستەمەدا بوو، ئەوا ئێستا هەمان کرداری دزێو و نالەباری لێرە دەبینین، لەکاتێکیشدا بەعس وەک جەستە لێرە نییە، هەر بۆیە لە کۆپلەی دووەمدا دەڵێت:

لەناو مانشێتی ڕۆژنامەکاندا-

[٧] زاراوەی (تابۆ "Taboo ") بەم فۆرمەی، کە ئێستا لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت و بەرانبەرەکەی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە زاراوەی (نەشیاو/ قەدەغەکراو) ناوزەدبکرێت. ( فەرەج، ٢٠١٣، ١٢٤).

بەعس دەبینم.
لەناو مەوکیبی سەرکردەکاندا-
بەعس دەبینم
لە فیفتی فیفتی ناو پەرلەماندا-
بەعس دەبینم.
لە دیل کوشتن و بەرائەت پێدان-
لە زەنگ لێدانی نیوەشەواندا-
بەعس دەبینم.

کەواتە هەرچەند لەڕووی جەستەییەوە بەعس لێرە نییە، بەڵام تەواوی خراپەکانی لەناو کاروبارەکانی ئێوەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر ئەم ناوەڕۆکە ڕەخنەییە شێوازێک فۆرمی بەسەر شیعرەکەدا سەپاندووە، بووەتە هۆی ئەوەی چەندین وشەی تابۆی تێدا بەکاربێت.

(مارف خەزنەدار) دەربارەی (عەبدوڵڵا پەشێو) دەڵێت: ((شیعر بۆ ڕوداو نانوسێت، بە پێچەوانەوەی ئەم تیۆرییە ڕوداو بە شیعر دەکات، سەربڵندی لەوەدایە، بۆ دەستە و دایەرە و ڕێکخرا و سیاسەتی ڕۆژانە و چاوچنۆک و کاسەلێس و مەیمونەوان و سەماکەر و هەمزەئاغاکان نانوسێت، شیعر بەسەر کچی جوان و جریوەی ئەستێرە و تریفەی مانگە شەو و تیشکی ڕۆژ و بلبلی دڵدار و گوڵی دڵبەر و شەرابی کۆنە و هەنگوینی شانە و موشکی خەتا و هەناسەی ساردی هەژاری برسی و کوردی بێخاوەنی لێقەماو دەڵێت، لەم چەند ساڵەی دوایشدا توانی شیعری خۆی نەدۆڕێنێت، بەڵکو ئازا و جوامێرانە لە بەردەم کاری ناڕەوای ئەم ڕێکخراوە بەناو حیزبانەی ئێرە وەستا، تەنانەت گەیشتە ڕادەی جنێودان، شیعری (ماچ) و کۆمەڵەشیعری (براکوژی)، گەواهی ئەم ڕاستییەن)). (خەزنەدار، ۲۰۱۳،۱۰).

ڕۆژگار (پەشێو)ی هەڵدابێتە هەر قوژبنێکی ئەم دنیایەوە، ئەو بەرەو (بێرکوت) گەڕاوەتەوە و بە (هەولێر)دا گوزەری کردووە و لە (سلێمانی) کۆڕی بەستووە، بووەتە میوانی (سابڵاخ) و سەردانی (ئامەد)ی کردووە و سڵاوی بۆ (قامیشلی) ناردووە، (پەشێو) شاعیری خاک و نەتەوەیە، هەڵگری ئاڵا و ناسنامەی کورد و کوردستان و ڕابەری هەمیشە دیاری ئەم مەیدانەیە، هەرگیز نیشتیمان لە بیری (پەشێو) نەچووە و مەحاڵیشە لێیبزربێت، هەر لەسەرەتاشەوە وێڵی کوتە ئاڵایەکی سەربەخۆیی و ئازادییە بۆ نیشتیمان، بۆیە پەشێو لەم گۆشەنیگایەوە سەرنجی لەم چەمکانە داوە و لەم پێناوەدا گەلێک سەلیقە و کارامەیی شاعیرانەی بەرزی خەرجکردووە، (پەشێو) سیزیف ئاسا، تا ئێستا لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئەم چەمکانەدایە بۆ فەزای سەروەری و نەمری. (بەرزنجی، ۲۰۱۲، ۲۰).

(دڵشاد عەبدوڵڵا) لەبارەی (عەبدوڵڵا پەشێو)ەوە دەڵێت: ((پەشێو ڕووی دەمی لە کۆ بوو، بۆ کۆی دەینووسی، لەدەرەوەی خۆیدا دۆنکیخۆتە بوو، شمشێری لە ڕووی کۆمەڵایەتی هەڵکێشا بوو، لەڕێی موعاناتی عەشق و دڵدارییەوە گرفتەکانی لەگەڵ دەستەڵاتە باوەکان گەیشتبووە لوتکە، (پەشێو) شاعیرێکی یاخیبوو لە بەرامبەر ئەو زوڵمەی یەکەم جار لە خودی خۆی کرابوو، بارتەقای ئەو زوڵمە شیعری دەهۆنییەوە لای ئەو، هاوکێشەی (ژن- نیشتمان) فرە ڕەنگ و فرەواتا بوو، بەڵام کام ژن؟

کام نیشتیمان؟ ژنێک، کە پەشێو لە ژیانی خۆیدا وەفا و خیانەتەکانی دەبینیت، بێدەربەستی، هەڵخەڵەتاندن و ڕاستگۆییەکانی، پەشیمانبوونەوە و گەڕانەوەکانی... نیشتیمانش، بە هەمان شێوە هەر ئەو ئاڵایە نەبوو، کە بە دەستی شۆڕشگێڕێکەوە دەشەکایەوە، بەڵکو ئەو شمشێرەش بوو، کە بەسەر تەقی سەرەوە هەمیشە هەڕەشەی مردن دەکات، نیشتیمانیش پەیمان دەبەستێت و پەژێوانیش دەبێتەوە، ڕۆڵەکانی داڵدە دەدا و بێلانەیشیان دەکات، پەشێو هەمیشە وەکو گوڵەبەڕۆژە، ملی بەرەو لای ژن و نیشتیمان لار کردووەتەوە)). (عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ٢٠٥).

کەواتە لە کۆتایدا دەتوانین لەم سێ قۆناغدا بەپێی گۆڕانی بارودۆخە سیاسییەکان، ئەوهاش شیعرەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، لەگەڵ گۆڕانی ناوەڕۆکدا شیعرەکان لەڕووی فۆرمیشەو گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، هەروەک لە قۆناغی یەکەمدا ناوەڕۆکی شیعرەکان سیاسییە، لە ئاستی فۆرمیشدا سادەن، لە قۆناغی دووەمدا شیعرەکان نیشتمانی و نەتەوایەتییە، لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە شیعری قۆناغی یەکەم تێدەپەڕێنن، لە قۆناغی سێیەمیشدا ناوەڕۆکی شیعرەکان ڕەخنەی سیاسین، ئاستی شیعرەکانی لەڕووی فۆرمەوە لاواز کردووە.

**٣/٢-٣) ڕەفیق سابیر:**

(ڕەفیق سابیر)[٨]دەڵێت: ((دوای ئەوەی خوێندنی ئامادەییم تەواوکرد، بەهۆی شەڕ و دۆخی تایبەتی خۆمەوە، دوو ساڵ نەمتوانی بچمە زانکۆ، ئەو دوو ساڵە بۆ من لەڕوی خوێندنەوەی کوردییەوە، ساڵانێکی پڕ بەرهەم بوون، لە ساڵی (١٩٧٠) دوای بڵاوکردنەوەی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئازار لە نێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراقدا دەرفەت ڕەخسا، بۆ خوێندن بۆ بەغداد چووم، لە پایزی (١٩٧٠)، تا هاوینی (١٩٧٤) لە کۆلێژی ئاداب- بەشی کوردی خوێندکاربووم، لە بەغداد خولیای ئەدەبی مۆدێرن و نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووم)). (غەفور، ٢٠٢١، ٣٢).

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی خوێندنەوە دەڵیت: ((ئەو کاتەی لە (قەڵادزێ) لەناو ئەو لاوانەی لە ئێمە گەورەتربوون و هۆگری خوێندنەوە بوون، تاک و تەرایان ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، ئەوان لە ئێمە کەمتر بوون و تەنیا چەند کەسێکیان بەدوای خوێندنەوەی کتێبدا دەگەڕان، بەڵام قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق، ئەوکاتە زیاتربوون، زۆربەیان بایەخیان بە خوێندنەوە دەدا، لەوەش زیاتر لە کۆبونەوەکانی خۆماندا نامیلکە و کتێبیان بۆ دەهێناین و بۆیان باس دەکردین، کتێبەکان (مارکسی)یانە بوون، بەڵام بە زمانێکی سادە کە تێبگەین، بۆمان ڕوندەکرانەوە، یەکێک لەو نامیلکانە لەبارەی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بوو، کە وابزانم نووسەرێکی (سۆڤێت)ی نووسیبوی و کرابوو بە کوردی، بە پێی ئەو کتێبە سەرەتای مرۆڤایەتی لە

---

[٨] (ڕەفیق سابیر) لە ساڵی (١٩٥٠) لە شاری قەڵادزێ لە بنەماڵەیەکی خەڵکی کۆیە لە دایکبووە، خێزانێکی ئاسایی و بار و گوزەرانێکی تا ڕادەیەک مامناوەندیان هەبووە، بەڵام دوای ساڵی (١٩٦١)، کە شەڕ دەستیپێکرد، هەژاری و نەداری و دەربەدەربوون ڕووی لەوان و زۆرینەی خەڵکی قەڵادزێ و کوردستانی باشور کرد، لە ساڵی (١٩٥٦) دەستی بە خوێندن کردووە، لە قوتابخانەی (ئاسۆس)ی سەرەتایی لە قەڵادزێ دەستی بە خوێندن کردووە، هەروەها خوێندنی ناوەندی و ئامادەیشی هەر لە (قەڵادزێ) تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٧٠) بۆ خوێندن ڕوو لە بەغداد دەکات، تا هاوینی ساڵی (١٩٧٤) لە کۆلێژی ئاداب- بەشی کوردی خوێندکار بووە، لە هاوینی ساڵی (١٩٨٩) وەک پەنابەر ڕوو لە (سوید) دەکات. (غەفور، ٢٠٢١، ٢٣).

کۆمۆنی سەرەتایی، یان (کۆمۆنیزم) سەرەتاییەوە دەستی پێکردووە، دوایی گەشەی کردووە و چووەتە قۆناغی کۆیلایەتی، لەوێشەوە بەرەو دەرەبەگایەتی (فیودالیزم)، پاشان بە قۆناغی بۆرجوازی و سەرمایەداری گەیشتووە، دوای ئەوە بە قۆناغی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم) دەگات و ئیدی لەوێ بە ترۆپکی پێشکەوتنی خۆی دەگات)). (غەفور، ٢٠٢١، ٣٧).

دەربارەی ئاشنابوونی و تێکەڵاوی سیاسەت دەڵێت: ((ئێمە منداڵانی سەردەمی شەڕ بووین، کە چاومان کردەوە لە دۆخێکی سیاسی و پڕ لە شەڕ و وڵاتێکی داگیرکراودا خۆمان دیتەوە، ئێمە دەمانبینی کاتێک دوژمن دەستی پێمان ناگات فڕۆکەی جەنگی دەنێرێت، بۆ ئەوەی ماڵمان وێران بکات، یان بمانکوژێت ئەمە بۆ خۆی سەرەتای هۆشیارییەکی سیاسی لای ئێمە دروستکرد، بەڵام ئەوکاتە لە قەڵادزێ لە قۆناغی ناوەندی بووم، زۆربەی گەنجەکانی سەرووی تەمەنی خۆمان، کە چەند پۆلێک لە خوێندن لە پێش ئێمەوە بوون ئەندامی یەکێتی قوتابیانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق بوون، ئەو کاتەی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بووم چوومە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی عێراقەوە)). (غەفور، ٢٠٢١، ٣٥).

سەبارەت بە نزیکبوونەوەی لە حیزبی شیوعی بیروباوەڕی چەپ (ڕەفیق سابیر) دەڵێت: ((دەمەوێت بڵێم نزیکبوونەوەی من لە قوتابیانی حیزبی شیوعی هۆکارەکەی ئەوەبوو زۆربەی هاوڕێ و دۆستانم لەناو ئەو ڕێکخراوەدا بوون، جگە لەوەش ئەگەر کتێبت بویستایە و بەدوای خوێندنەوە و زانیاریی گشتیدا بگەڕابایت، زیاتر دەکەوتیتە ناو ئەو گروپەوە، چونکە زۆربەیان ئارەزوویان لە خوێندنەوە بوو، ڕاستییەکەی ئەو ماوەیە تاکو پۆلی پێنجی ئامادەیی لە ڕێکخراوی قوتابیاندا مامەوە و پەیوەندیم لەگەڵ حیزبی شیوعیدا هەبوو، پاشان دوای تەواکردنی خوێندنی ئامادەیی، هاوینی (١٩٨٦)، لەو جۆرە کارەنە دابڕام، زیاتر خەریکی خوێندنەوە بووم، کە هاتیشمە (بەغداد) کاری سیاسیم نەدەکرد، بەڵام لە هاوینی (١٩٧٢) کاتێک قوتابی ساڵی دووەمی زانکۆبووم، لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) دەستم بە کاری ڕۆژنامەنووسی کرد، بۆیە لەو ڕێگەیەوە جارێکی دی لە حیزبی شیوعی نزیک بوومەوە)). (غەفور، ٢٠٢١، ٣٧).

سەبارەت بە ئەو کەسانەی، کە لەڕۆژنامەی (بیری نوێ) کاریان دەکرد، (ڕەفیق سابیر) دەڵێت:
((مامۆستا (محەمەد کریم فەتحوڵڵا)، کە ڕوناکبیرێکی لێهاتوو بوو، کوردی و عەرەبی زۆر بە باشی دەزانێت، زیاتر وەک سەرنووسەر ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکەی لە ئەستۆ بوو، مامۆستا ( جەلال دەباغ) ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو، دکتۆر ( جەوهەر شاوەیس)، کە ئێستا لە ئەڵمانیایە، چەند ساڵێک وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لەگەڵمان کاریدەکرد، (هاشم کوچانی) گەنجێکی چالاک بوو، لە بەشی ئەرشیف و نووسین و وەرگێڕاندا کاری دەکرد، مامۆستا ( تەحسین محەمەد خەلیل)، کە ئێستا لە هەولێرە، (حسێن محەمەد سەعید)، گەنجێکی خانەقینی بوو، کە لە ڕوداوێکی زۆر تەماوی لە (بەغدا) بە ڕوداوی ئۆتۆمبیل شەهیدکرا، مامۆستایان (کەمال غەمبار)، (حەمەڕەشید هەورامی)، کە لە (بەغدا) مامۆستا بوون، دوای نیوەڕۆیان لە ڕۆژنامەکە چالاکانە کاریان دەکرد، هەروا کۆمەڵێک نووسەر، لە دەوری ڕۆژنامەکە، خۆبەخشانە هاوکارییان

دەکردین، لەوانە مامۆستایان (محەمەد مەلاکریم)، (عەبدولڕەزاق بیمار)، (عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، لەگەڵ هەندێک نووسەری تر، بێجگە لەوە ئێمە تۆڕیکی پەیوەندی باش و فراوانمان لەگەڵ نووسەراندا دروست کردبوو)). (غەفور، ٢٠٢١، ٤٥).

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی نوێبونەوەی شیعری کوردی دەڵێت: ((بەهۆی شەڕ و ئەنجامەکانییەوە، گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا هاتبوو، ئەو گۆڕانکارییە، لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگیدایەوە، لە بەهاری (١٩٧٠)دا پێنج نووسەر (حوسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزاکریم، کاکەمەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی)، بانگەوازێکی ئەدەبییان بڵاوکردەوە، کە دواتر بە بانگەوازی (ڕوانگە) ناسرا)). (غەفور، ٢٠٢١، ٦٢)، هەروەها (ڕەفیق سابیر) دەربارەی پێوەندی لەگەڵ گروپی ( ڕوانگەییەکان)دا دەڵێت: ((هەموومان برادەر و دۆستی یەکتر بووین، ئەوان گۆڤارێکیان بەناوی (ڕوانگە) دەرکرد، من لە ژمارەی دووەمیدا، بە هۆنراوەیەک بەشداریم تێیدا کرد، (بانگەوازی قەڵەمە نەترسەکان)، کە پێشتر باسم کرد، دەستپێشخەرێکی  دیکەی ئەو برادەرانە بوو، کە منیش بە پەرۆشەوە بەشداریمکردن)). (غەفور، ٢٠٢١، ٦٣).

سەبارەت بە نووسەران و شاعیران لەسالانی حەفتادا ( ڕەفیق سابیر) دەڵێت: ((ئەو کاتە بابەتێک هەموومانی کۆکردبووە ئەویش پەرۆشیبوو بۆ زمان و ئەدەبی کوردی، جۆرێک لە خەباتی کولتوری، لە ڕێگای زمان و ئەدەبیاتەوە، هەروا جێی شانازیمە کە نوسەرانی کورد، پێش ڕاپەڕین لە بەرەی گەلدا بوون، لەناو سەدان ڕوناکبیر و نووسەری ڕاستەقینەدا، تاک و تەرایان ڕازیبون هاوکاری حیزبی بەعس بکەن، ڕاستییەکی ئەوانەی هاوکاریی بەعسیان کرد، بۆ خۆیان نووسەری ئەوەندە داهێنەر و گرنگ نەبوون، بۆیە ئەوکاتە هەر دەرفەتێک برەخسایە ئەدیب و ڕوناکبیرانی کورد هەوڵیاندەدا خزمەتێک بە زمان و ئەدەبی کوردی بکەن، کارەکانی ئەوکاتەی (کۆڕی زانیاری کورد)، (یەکێتی نووسەران)، چالاکییەکانی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری)، کە دواتر حیزبی بەعس ویستی بە لاڕێیدا ببات، هەموویان نیشانەی ئەو پەرۆشییە بوون)). (غەفور، ٢٠٢١، ٦٩).

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی بەشداریکردنی لە بزوتنەوەی چەکداریدا دەڵێت: ((سەرەتا تا کۆتایی (١٩٧٩)، سەرقاڵی دروستکردنی مەفرەزە و ناساندنی ئامانجی بزوتنەوە چەکدارییەکەمان بە هاوڵاتی لادێکان بووین، من بەرپرسی ناوچەیەک بووم لەگەڵ مەفرەزەی پێشمەرگەدا بە گوندەکاندا دەگەڕاین، ئەو قوناغە بۆ ئێمە زیاتر قۆناغی پڕوپاگەندە و بێدارکردنەوەی هاوڵاتی بوو، دواتر لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٩) بڕیاردرا، وەک حیزبی شیوعی، کە دەست بە ڕێکخستنەوەی ڕاگەیاندن و دەرکردنی ڕۆژنامە بکرێت، بۆ ئەو کارە دەستەیەک لە (من، تەحسین محەمەد خەلیل)، هاوڕێیەکی دیکە (کاک نەجیب)، کە مەسیحی بوو، کوردی و عەرەبییەکی باشی دەزانی، پێکهێنرا و سەرقاڵی کارەکانی ڕاگەیاندن بووین، هەردوو بڵاوکراوەی ( ڕێگای کوردستان)، (ڕێبازی پێشمەرگەمان) بە کوردی عەرەبی دەردەکرد)). (غەفور، ٢٠٢١، ٧١).

(ڕەفیق سابیر) سەبارەت بە چوونە دەرەوەی و جێهێشتنی کوردستان و وازهێنانی لە حیزبی شیوعی دەڵێت: ((لەڕێگای تارانەوە چوومە سوریا و نزیکەی سێ مانگ لەوێ مامەوە، دوای ئەوە گەڕامەوە بولگارستان و دەستم کردەوە بە خوێندن، لەهەمانکاتدا نوێنەری حیزبی شیوعی بووم لە

بولگارستان، هاوینی ساڵی (١٩٨٧) خوێندنی دکتۆرام لە بەشی فەلسەفە تەواو کرد، نامەی دکتۆراکەیشم لەبارەی (ڕۆڵی کلتور لە پێکهێنانی هۆشیاری نەتەوەی کورد) نووسی، دواتر خێزانم پێکهێنا، لەبەرئەوەی خێزانەکەم هاوڵاتی جۆرجیا و شاری باتومییە بوو، بۆ ماوەی دوو مانگ لەوێ مامەوە، پاشان بۆ کاری سیاسی نێردرام بۆ ئەفغانستان، ئێمە لەوێ دەستەیەک بووین نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی (عێراق)مان دەکرد، من لە (مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٧ تا مانگی ٥ی ١٩٨٨) لەوێبووم، دواتر بۆ دیمەشق ڕۆیشتم، لەوێ نوێنەری حیزبی شیوعی لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی دەرەوەی وڵات بووم، لە هەمانکاتدا بەرپرسی گۆڤارێک بەناوی (ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) و ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزبی شیوعی بووم)). (غەفور، ٢٠٢١، ٧٧).

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی وازهێنانی لە حیزبی شیوعی دەڵێت: ((پاشان هەندێک درز کەوتە هزر و تێڕوانینی من و زۆر لە گەنجە ڕوناکبیرە کوردەکانی ناو حیزبی شیوعیی عێراق، ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە حیزبی سەرانسەری لە وڵاتی فرە نەتەوەدا ، کە نەتەوەی سەردەست و بندەستی تێدایە، ناتوانێت حیزبی هەردوو نەتەوەکە بێت، سەرنجام هەر وەک حیزبی نەتەوەی سەردەست دەمێنێتەوە، حیزبی شیوعیی عێراق، بە درێژایی مێژووی خۆی، لە ناوەڕۆکدا زیاتر حیزبی هاوڵاتی عەرەب بووە، بەرژەوەندی گەلی عەرەبی لە پێش بەرژەوەندی بەرژەوەندی گەلی کورد داناوە، بۆیە دواتر من و سەدان ئەندام و کادیری گەلی کورد وازمان لە حیزبی شیوعیی هێنا، لە هاوینی (١٩٨٩) ڕووم لە وڵاتی سوید کرد، لە سەرەتای (١٩٩١) لەگەڵ چەند نوسەرێکدا گۆڤارێکی کلتوریمان بەناوی (ڕابوون) دەرکرد، تا سەرەتای ساڵی (٢٠٠١) بەردەوام بوو، هەروەها کۆمەڵێک کتێبمان بەناوی (ڕابوون)ەوە بڵاوکردەوە)). (غەفور، ٢٠٢١، ٧٧).

(ڕەفیق سابیر)، سەبارەت بە ئەزمونی شیعر نوسین و جیاوازبوون لە دەنگە شیعرییەکانی تر، دەڵێت: ((من هەر لەسەرەتاوە پێموابووە، کە هەر شاعیرێک، ئەگەر خاوەنی شێواز و تایبەتمەندی شیعری خۆی نەبێت، ناتوانێت خۆی بێت، ئەگەر خۆیشی نەبێت ناتوانێت شتێکی گرنگ بخاتە سەر خەرمانی شیعر و تەنیا وەک زایەڵەیەکی شاعیرانی دیکە دەمێنێتەوە، بۆیە هەوڵدان بۆ جیاوازبوون لە شاعیرانی دیکە هەوڵدانە بۆ داهێنانی مانا و تەکنیکی نوێی شیعری و وێناکردنی جوانی، هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی جیهانێکی تایبەتی شیعری و خولقاندنی زمانێکی نوێ و جیاواز، ئەم جیاوازییە بە دڵنیاییەوە لە تێکڕای ئەزموون و شێوازی شاعیردا لە پێش هەر شتێکدا لە شێوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ زمان و جیاوازیی زماندا خۆی دەردەخات، جیاوازبوون بۆ من بەشێکە لە داهێنان خۆی لێیجیانابێتەوە. (فایەق، سوبحان،٢٠٠٩، ١١٢).

(ڕەفیق سابیر)، سەبارەت بە جیاوازی زۆر گۆرانکاری چی لە فۆرم و چی لە زماندا لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا دەڵێت: ((هەر لەسەرەتای ئەزموونی شیعریمەوە بەردەوام ترسی ئەوەم هەبووە، کە خۆم دووبارە و چەندبارە بکەمەوە، سەرەنجام شیعرەکانم تەنیا چەندایەتییەکی بێ چۆنایەتی بن، شیعر لای من، وەک مۆسیقا، پێش هەر شتێک چونایەتییە، چۆنایەتیش سنووری نییە و لە سات و

شوێنێکی دیاریکراودا و تەنیا بە بەراورد لەگەڵ شتێکی تردا، شێوەی خۆی و نرخ و کامڵبوونی ڕواڵەتییانەی خۆی دەردەخات)). (فایەق، سوبحان، ٢٠٠٩، ١١٢).

لە کۆتایدا دەتوانین سێ قۆناغی شیعریی (ڕەفیق سابیر) دیاریبکەین، کە قۆناغی یەکەم لە سەرەتای حەفتاکانەوە، تا ناوەڕاستی هەشتاکان دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا چەند کۆمەڵەشیعرییەکی تێدا بڵاوکراونەتەوە لەوانە: ( پشکۆکان دەگەشێنەوە، ڕێژنە، سووتان لەبەرباراندا) لەخۆ دەگرێت، لەم قۆناغەدا شیعرەکان ڕواڵەتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیان پێوە دیارە، ڕەنگدانەوەی واقیعی کوردستان و نیشاندانی باری نالەبار و نەهامەتییەکانی ئەو سەردەمەی لە کوردستاندا دەگوزەرا، هەروەک لە کۆمەڵە شیعریی (پشکۆکان دەگەشێنەوە)دا دەڵێت:

هۆ هاوڕێ گیان!
تۆ بە وێنەی داربەڕوویەکی سووتێندراو
تۆ بە وێنەی داربەڕوویەکی سەربڕاو
هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت
هەردەژیت و
هەر دەژیت و
دەژیتەوە.
خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ
جارێکی کەیش
سەد جاری کەیش
بەسەر ڕێگای سەربڕیندا دەچیتەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٨٠٧).

(ڕەفیق سابیر) یەکێکە لەو شاعیرانەی لە سەرەتای دەیەی حەفتاکاندا هاتە مەیدانی شیعر نوسینەوە، وەک مرۆڤێکی لایەنگیر و خەباتگێڕ مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان و دەوروبەری دەکات، بۆیە سەیر نییە، کە (خۆبەختکردن لە پێناوی ژیانێکی نوێدا) وەک لافیتەیەکی خۆسەپێنەر لە سەرانسەری بیرکردنەوەیدا خۆی دەنوێنێت، هاوشانی شاعیرانی (ڕوانگە)ش بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا، بەو هۆیەوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی دەنگی هەرە هەرە بڵند و داهێنەرانەی شیعری نیوەی دووەمی هەشتاکان و دواتریش بوو، ئەویش بەهۆی فیکری پێشکەوتووی شاعیر و خەمڵینی هونەریی شیعر لەلایەک، پەیوەستبونی بە شۆڕش و پێشمەرگایەتییەوە لەلایەکی دیکەوە بوو، (ڕەفیق سابیر) لە زەمینەیەکی پتەوی نەتەوایەتی دەدوێت، چونکە شاعیر هەرچەندە پەیوەندی دەروونی لەگەڵ ڕوداوەکان هەبێت، وێنەی زەقتر و چاکترمان نیشاندەدات، وەک لە (وەرزی سەهۆڵبەندان و لاوکی هەڵبجە)دا دەردەکەوێت. (خۆشناو، ٢٠٠٢، ١٣٥).

هەروەها لە کۆمەڵە شیعری (ڕێژنە)، لە شیعری (گەڕانەوە)دا دەڵێت:

هەموو شەوێ هاوڕێیەکەم
بە هێمنی سەر بە ماڵی برسی و هەژاراندا دەکات
لە سۆراخی گەورە و بچووکیان دەپرسێت

باسی ڕاستی
دادپەروەری
سۆسیالیزمیان بۆ دەکات. ( سابیر، ٢٠١٤، ٧٧٩).
هەروەها لە کۆمەڵە شیعری (سوتان لەبەر باراندا) لە شیعری (کۆڵان)دا دەڵێت:
کۆلان بە یاسای جەنگەڵ و خەمەکانی ڕاهاتووە.
لەنێو خەونە کاڵەکانیا پاڵکەوتووە
کۆڵان خووی بە کارەسات و
دیلی و
(منع التجول) و
خووی بە کاتەوە گرتووە.
کۆڵان وێنەی بەفری لاپاڵ
نسێی هەموو وەرزەکانی هەڵگرتووە.
هێشتا کۆڵان، بێجگە لە چەکی مۆدێرن و
فڕۆکەی جەنگ،
بەر ڕووناکیی سەدەی بیستەم نەکەوتووە. ( سابیر، ٢٠١٤، ٧١٩).
قۆناغی دووەم لە ناوەڕاستی هەشتاکان، تا سەرتای نەوەدەکان دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا هەر کۆمەڵەشیعری (وەرزی سەهۆڵبەندان، لاوکی هەڵەبجە، ڕاز و گومان، کاروانسەرا، وەرزە بەردینە، ئاوێنەو سێبەر، ژوانی ڕووناکی ) دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا شیعرەکان لەڕووی فۆرم ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی قۆناغی یەکەم تێدەپەڕینن، هەروەها لە شیعری ئەم قۆناغەدا لەڕووی فۆرمەوە زمان، وێنەی شیعری، تەکنیکی نوێ و جیاوازتر لە قۆناغی پێشو بەکارهاتووە، لەهەمانکاتدا گیانی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبونەوە هەستی پێدەکرێت، وەک لە (وەرزی سەهۆڵبەندان)دا دەڵێت:
سێوەخانێ!
ئەم شەو بروسکە زین دەکەم
هەڵت دەگرم.
بەسەر شانی دارستاندا سەردەکەوم
چرایەک بە لقی شەودا هەڵدەواسم
لە نێوانی دوو لوتکەدا
هەورێک دەکەم بە جۆلانە
تاوڵێکی بێ خاک و ئەستووند
ئەشکەوتێک
پەنا ددەوەنێک بە هێلانە.
بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ؟
بە شەوی باوبۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ. (سابیر، ٢٠١٤، ٧٤٣).

(ڕەفیق سابیر) دەربارەی گۆڕانکاری لە ئەزموونی شیعری خۆیدا دەڵێت، ((ڕەنگە هۆکارێکی دیکەی ئەم جیاوازییە، لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی دیکە لە فۆرم و زماندا، پەیوەندی بە ژیانی ناسەقامگیر و ئاوارەییەوە هەبێت)). (فایەق، سوبحان، ٢٠٠٩، ١١٢).

لە کۆمەڵەشیعری (ژوانی ڕووناکی)، لە شیعری (مێدیتاسیۆن)دا ئەزموونێکی جیاوازتر لە ئەزموونی شیعرەکانی پێشوتریدا دەبینرێت هەروەک دەڵێت:

ڕاکشاو لەناو سرەوتندا وەک سێبەر
بێدار وەک درەوشانەوەی ئاگر، دەڕوانم
یادەکان بروسکە ئاسا بە پرتاو ڕەت دەبن
دەروازەکانی ڕوانین ئاواڵە بە ڕووی غەیبدا
بە ڕووی ئەبەدییەتدا
کە وەک بەیان لە تافی لاویدایە
شوێن هەموو جێیەک و هیچ شوێنێک
فەزا: سارا
کات هەموو ساتێک و هیچ کاتێک.
من لە خۆمدا بۆ سێبەری بوون دەڕوانم
ڕیشەی خۆلەمێشی ڕابردوو دەپشکنم و
گوێ لە پەیڤینی ڕازەکان ڕادەگرم. (سابیر، ٢٠١٤، ٢١١).

لەم شیعرەدا ئەزمونێکی نوێ بەدیدەکرێت، کە ئەزمونێکی دەروونییە، ئەوەی ئەمجارە شاعیر بە دوایدا وێڵە لە دەرەوەی خۆیدا نییە، بەڵکو بوونی خۆیەتی، ئەم گەڕانەوە ناوەکییەش بە جۆرێک لە سۆفیگەریی دادەنرێت.

لە قۆناغی سێیەمدا کە لە سەرەتای دووهەزارەکانەوە، تا کۆتا بەرهەمی شاعیر دەگرێتەوە، کە ئەم بەرهەمانەی شاعیر دەگرێتەوە، وەک کۆمەڵەشیعری (ڕوونبوونەوە، لەژیان درێژتر، خەونێکی واڵا)، بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە لە ڕووی فۆرم ناوەڕۆکەوە بەرهەمەکانی قۆناغی دووەمی تێنەپەڕاندووە، وەک لە شیعری (بێ هیوا چۆن بژیم) لە کۆمەڵەشیعری (خەونێکی واڵا)دا دەڵێت:

تۆ نەبیت روح سارا
روح تەنیا
لە گەرمەی سوتانیا
دامرکاو
بەخۆیدا ڕۆدەچێت.
روح نەبێت
سەرداری روح نەبێت، کە خۆتی
من جەستەم بۆ چییە؟ (سابیر، ٢٠١٤، ٣٧).

کەواتە لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن ئەزموونی شیعریی (ڕەفیق سابیر) بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، ئاستی هونەریی شیعرەکانی قۆناغی دووەمی لە هەردوو قۆناغی یەکەم و سێیەم بەرزترە.`

## ٣) شیعری ئایدیۆلۆژییانەی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر):

شیعری شاعیرانی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە مێژووی نەتەوەیی و کلتووری ئەو نەتەوەیە، کە شاعیر لە نێویاندا هاتووتە بوون و تێیدا پەروەردەکراوە، ئەمە بێجگە لە هەندێک خەسڵەتی تایبەتی ئەو شاعیرە، کە وەک مرۆڤێک تایبەت بە خۆی هەیەتی تێکەڵ بەو بارودۆخە گشتییە دەبێت، بە جۆرێکی جیاوازتر لەوانی دیکە گوزارشت لە بارودۆخە گشتییەکە دەکات، کەواتە هەرسێ شاعیرەکە خاوەنی مێژوو و کلتووری نەتەوەیەکی هاوبەشن، بەڵام هەر یەکێکیش لەوان خەسڵەت و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە جۆرێکی جیاوازتر لەوانی دیکە دەردەکەوێت، بەپێی نزیکی مێژووی ئەزموونی شیعرییان، هەرسێکیان بەو بارودۆخە تایبەتییەی نەتەوەی کورد کاریگەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکێکیان ژیانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لە مانەوە لە وڵاتدا، یان ژیان لە ئاوارەیی و غوربەتدا، کە ئەمە دواجار شێوازێکی تایبەت بە خۆیانی لە گوزارشت کردن پێبەخشیون، لێرەشەوە ئەو خەسڵەتە تاکانەییە جۆرە جیاوازەکانی ئایدیۆلۆژیا دەهێنێتەکایەوە.

## ١/٣) جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا لە شیعری (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دا:

ئایدیۆلۆژیا دنیابینی مرۆڤەکانە، دنیابینیش بەپێی قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان گۆڕانکاری بەسەردادێت، بەپێی هەلومەرجە بابەتییەکان لەهەر بارودۆخێکدا یەکێک، یان پتر لەم جیهانبینیانە وەک ئایدیۆلۆژیای گشتی و باو دێنەکایەوە، بۆیە هەڵدەدەین جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هەرسێ شاعیرەکەدا دیاریبکەین:

### ١/٣-١) ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی:

هەستی نەتەوایەتیی بە جۆرێک لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا هەژماردەکرێت، زادەی کات و سەردەمێکی دیاریکراوە، ناسروشتییە، خۆشەویستی نەتەوە خۆشەویستییەکی سیاسییە، جیایە لە خۆشەویستی نیشتیمان، کە خۆشەویستییەکی سروشتییە، "خۆشەویستی نەتەوە فەلسەفەی شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی (١٧٨٩) بەدواوە بەرهەمیهێنا، کە شۆڕشی فەڕەنسی لەسەر بیروباوەڕی نەتەوەیی سەریگرت، دواتر لە وڵاتانی تریش کار بۆ نەتەوەپەروەریی کرا، دەنا تا ئەو مێژووە نیشتیمانپەروەریی لە ئارادا بوو، نەوەک نەتەوەپەروەریی". (عەبدوڵڵا، ٢٠١٧، ٦٦).

شاعیریش وەک هەر تاکێکی دیکە و زیاتریش هەست بە خۆشی، یان ئێش و ئازاری نەتەوەکەی دەکات، بەڵام جیاوازی شاعیر لەگەڵ خەڵکی ئاسایدا لەوەدا دەردەکەوێت، کە شاعیر لەڕێگەی شیعرەوە هەستی خۆی بەرانبەر ڕوداوە خۆش و ناخۆشەکان دەردەبڕێت، داگیرکەرانی کوردستان بەردەوام لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەوڵی سڕینەوەی نەتەوەی کوردیان داوە، هەربۆیە لەو کاتانەدا و لای شاعیرانی کورد بیری نەتەوایەتی سەرهەڵدەدات، بیری نەتەوایەتی لە شیعرەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا:**

(لەتیف هەڵمەت) "یەکێک لەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانی لە بەرانبەر داگیرکەراندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بوونەتە پاڵنەری خۆڕاگرتن و خۆبەدەستەوەنەدان". (قەرەداغی، ٢٠٠٩، ١٣٤).

دووەم هاتنی خانی لەپ زێڕین
هەموو ڕۆژێ شا عەباس
با دەیبا وەک پوش و پەڵاش
لەپزێڕینیش هەموو وەرزێ
لە ترۆپکی حەسارۆستدا.. دادەبەزێ
بنەڕەتی دمدمێ تر هەڵدەکەنێ
ئۆردووی شا عەباس ڕاودەنێ
شا عەباس لە خوێندا... دەگەوزێ..!
لەپزێڕین ئەم جارە وەک ڕمێ
وەک سەد ڕم
هەزار ڕم
ناو جەرگی شا عەباس دەسمێ
نەخشەی گەورەی یەکەم دمدم
لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵدەواسێ
ئاگرێکیش بەردەدات لە
وێنەی هەموو شا عەباسێ..!

قەڵا بەرزە.. قەڵا بەرزە
قەڵا سەختە
قەڵا بەرزە
نای رووخێنێ..
نە گڕکان و بومەلەرزە
نە هەرەسی بەفرو شەختە
قەڵا سەختە
قەڵا سەختە. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٩٠٥).

لەم شیعرەدا (لەتیف هەڵمەت) باس لە ڕوداوێکی مێژووی، کە هێمایە بۆ بەرگری نەتەوەیی و داگیرکاریی دوژمنان دەکات، شاعیر نەمری بە گیانبازانی نەتەوە دەبەخشێت، تیاچوونی داگیرکەران ڕادەگەیەنێت، نەبەزین و بەپێوە وەستان بۆ نەتەوە ڕادەگەیەنێت.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)دا:**

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەگەڵ شاعیرگەلێکی هاوتەمەنی خۆیدا، هاتە نێو کایەی شیعری کوردییەوە و ئەوانەیشی لەگەڵیدابوون، نەوەیەک بوون لەڕووی تەمەن و خەسڵەتی شیعرییەوە لەیەکەوە نزیکبوون، "ئەوان سەروەختێک دەستیانپێکرد باس باسی ئازادی و شۆڕش و خواست و ویستی گۆڕان هەموو کون و قوژبنێکی تەنیبوو". (ئاگری، ٢٠١٣،٥٩)، هەروەها "شاعیرانی کورد لەو کات و سەردەمەدا خواستیان گەورەتر و قورستربوو، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو، ئەوان خۆیان بۆ تێکڕای شۆڕشەکان: (نەتەوەیی، چنیایەتی، نێونەتەوەیی...هتد)، تەرخانکردبوو". (ئاگری، ٢٠١٣،٥٩).

وا ڤێتنامێ
بۆ ڤێتنامیان سەردادەنێن.
فەلەستینی دەمرن، دەژین،
بۆ هەر دلۆپەئاوێکی،
بۆ هەر بەردێکی فەلەستینی.
ئەگەر منیش داوا بکەم
سەربەست بژیم، وەکو پیاو،
لە کوردستانێکی ئازاد،
نەک لەتلەت و پێشێل کراو،
بۆ شۆڤێنی و خۆپەرستم؟
دەپێم بڵێ، خۆشەویستم،
بۆ شۆڤێنی و خۆپەرستم. (پەشێو، ٢٠١٤، ٢٣١).

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا بەمەبەستی بوژانەوەی هەست و گیانی نەتەوایەتی نموونەی گەلانی دیکەی وەک فەلەستین و ڤێتنام بۆ ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەهێنێتەوە، بەگژی ئەو بۆچوونەدا دەچێتەوە، کە داوای سەربەخۆیی بە شۆڤێنیزم دەزانێت.

هەروەها لە شیعری (سەردەکەوین)دا دەڵێت:

سەردەکەوین!
چونکە دوێنێ
تۆپە قوڕێکی دەستکردم
دایە دەست منداڵێکی کورد
ئەو، لەباتی بووکە شووشە
تفەنگێکی بچکۆلانەی لێ دروست کرد! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٣٤).

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا گەشبینی خۆی دەردەبڕێت، چونکە وا هەست دەکات ئەو هەستە نەتەوایەتییە لای منداڵەکانیش هەیە، لەپێناو ئەو هەستە نەتەوایەتییەدا دەستبەرداری سروشتی منداڵانەی خۆیان بوون.

**ڕەنگدانەوەی شیعری نەتەوەیی لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا:**

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (وەرزی سەهۆڵبەندان)دا دەڵێت:

لە کەرنەڤاڵی سوتاندا

ڕێژنە هەڵم دەکاتەوە

مەنفام لەبیر دەباتەوە

بەرەو بەردەقارەمان و

سلێمانی و

مەهاباد و

گۆمی وان و

کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە....( سابیر،٢٠١٤، ٦٠٩).

لەم شیعرەدا لەڕێگەی بەکارهێنانی هەریەک لە ناوەکانی (بەردەقارەمان، سلێمانی، مەهاباد، وان، قەڵادزێ)، کە هەریەکێک لەم جێگە و شارانە بەهۆی قوربانیدانیان لەخەباتی نەتەوایەتیدا، وەک ڕەمزی خەبات و بەرەنگاری دژی داگیرکەر و ستەمکاران دەبینرێت.

**٢-١/٣) ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی:**

"نیشتمان لە (خاک، خەڵک، ئاین، دابونەریت و شارستانییەتی وڵات) پێکدێت، نیشتیمانپەروەریی بریتییە لە خۆشەویستی هەموو ئەو شتانەی نیشتیمان، کە هۆکاری ئارامیی و دڵنەوایی و لێبڕان و بووژانەوەی هەمیشەیین، هەموو ئەوانە لە سروشتی مرۆڤدا هی وڵات و نیشتیمانی خۆی لە هی هەموو شوێنەکانی دیکەدا دڵگیرتر و شیرینترە، بۆیە هەموو کەسێک چەندەی دووربکەوێتەوە، هەر ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نیشتیمانی خۆی هەیە، ئەوەیش خۆشەویستییە سروشتییەکەیە، هەر بۆیە شیعر و چیرۆک و ئەدەبیاتێکی زۆری هەر لە کۆنەوە بۆ نوسراوە". (عەبدوڵلا، ٢٠١٧، ٦٤).

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نیشتمانی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا:**

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (جاڕدانی مەرگ)دا هەستی بەرانبەر بە نیشتیمان بەم شێوەیە دەردەبڕێت و دەڵێت:

ئەگەر نەخشەی هەموو جیهان

تێکدەنەوە

ئەگەر زەوی وەکو لۆکە

شیکەنەوە

کە سنووریان کێشایەوە

دووبارە

هەر دێمەوە بۆ ئەم شارە

هەر کوردستان

دەکەمەوە بە نیشتیمان...(هەڵمەت،٢٠١٤، ٣٤٢).

لەم شیعرەدا بابەتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕاستییەکە، کە مرۆڤ بۆ هەر کوێیەک بڕوات هەر بۆ نیشتیمانی خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە بەرد لە جێی خۆی سەنگینە و مرۆڤ لە نیشتیمانی خۆی نەبێت، نرخ و بەهای نابێت، پشوو نادات و ناتوانێت ئاسوودە بێت، بۆیە شاعیریش لە هەر کوێ بێت، هەر بۆ کوردستان دێتەوە.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نیشتمانی لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)دا:**

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (نەورۆز)دا لە حەسرەت و دووری لە نیشتیمانەکەی بەم جۆرە هەست و ئازار و غەریبی نیشتیمانەکەی دەردەبڕێت:

با تێر خەو بێ

سوێندم بە چیا خواردووە،

کە کوردستانە دوورەکەم

بە گەرمێن و کوێستانەوە

بگوازمەوە بۆ غەریبی- بۆ ژوورەکەم. (پەشێو،٢٠١٤ ٤٣٨).

لەم شیعرەدا (عەبدوڵڵا پەشێو)، تاسەی دووری تەواوی نیشتیمان دەکات، ئامادەیە بۆ شادبوونی دڵ و دەروونی، کوردستان بێ جیاوازی بە گەرمێن و کوێستانەوە بە گیان یاد بکاتەوە، چونکە تاسەی دووری بەوە نەبێت ناشکێت.

هەروەها لە شیعری (ترس)دا دەڵێت:

منیش زراوم ڕژاوە

دەترسم لە سەرەمەرگا

سییەکانم بزریکێنن

بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات

دەترسم، بمنێنە خاکێک

نە من ئاشنای بۆنی ئەو بم

نە زمانم ئەو تێی بگات! (پەشێو،٢٠١٤، ٧٥).

لەم شیعرەدا (عەبدوڵڵا پەشێو) ترسی لە مردنە، نەک لەبەرئەوەی ژیان کۆتایی دێت، بەڵکو دەترسێت دواهەمین هەناسەکانی لەسەرمەرگدا بە هەوای نیشتیمان نەبێت، لەناو خاکێکدا بینێژن، کە خاکی خۆی نەبێت، بۆنی خاکی خۆی لێنەیەت.

هەروەها لە شیعری (شەونوێژی نامۆیان)دا دەڵێت:

نیشتیمانم

تۆ وەک تانەی سەرچاوم

تۆ وەک تەمی

لە گشت لاوە دەورت داوم

تۆ ئاوێنەی

لەناو تۆدا
هەموو دنیا بەدی دەکەم
تۆ تەیمانی
بەهۆی تۆوە هیچ نابینم
نە کەل دەبینم نە زەوی
نە خوا دەبینم نە ئاسمان
جا نازانم
نە جیهان وەک تۆ بچووکە
نە تۆ گەورەی بەقەد جیهان
نیشتیمانەکەم-ک و ر د س ت ا ن! (پەشێو، ٢٠١٤،٤٩٥).

لێرەدا (عەبدوڵڵا پەشێو) باسی لە خۆشەویستیی نیشتیمان دەکات، کە بە جۆرێک ئەو خۆشەویستییە وێنا دەکات، کە هیچ شوێنێکی دیکە نابینێت، ئەگەر بێ نیشتیمان بیت، ئەوا هیچ زەوییەکی دیکە بۆ تۆ نابێتە نیشتیمان، ئەگەر بێ نیشتیمان بیت، تەنانەت پەیوەندیشت بە ئاسمانەوە نابێت،

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای نیشتمانی لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا:**

لە شیعری ( پشکۆکان دەگەشێنەوە)دا دەڵێت:

چاوم لێتە
پشکۆکان دەگەشێنەوە
بۆ منداڵە ئاوارەکان
لە دوورەوە چاوم لێتە
هەر چوار پەلی بڕاوەی خۆت لە کۆڵ ناوە و
شان دەدەیتە بەر کێوەکان. (سابیر، ٢٠١٤، ٨٠٧).

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) ڕووی لە نیشتیمانە، کە وشەی (چوار) ڕمزە بۆ هەر چوار بەشی کوردستان، کە داگیرکەران لە یەکتر دابڕیون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری هیوا و ئومێدە بۆ ئایندە و چاوی لە گەشانەوەیە.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە شیعری (ئەم مرۆڤە)دا دەڵێت:

ئەم مرۆڤەیش
شەیدای مۆسیقا و جوانییە
ئەم مرۆڤەیش
وەک تۆ ژیانی پێخۆشە
بەڵام کاتێک
کە دەبینێت نیشتیمانی

لەسەر شۆستەکان کەوتووە

نیشتیمانی

لەژێر سێبەری چەقۆدا پاڵکەوتووە

تادەتوانێت

دەرگای شار بەرد باران دەکات

تا دەتوانێت

نەفرەت لە پاشاکان دەکات. (سابیر، ٢٠١٤، ٢٢٢).

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) باسی پەیوەندی مرۆڤ و نیشتیمان دەکات، وا وێنای دەکات، کە کاتێک مرۆڤ لە نیشتیمان دوور بێت، ئەوا هیچ شتێکی دیکە و جۆرە ژیانێک ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ ناکاتەوە.

**٣-١/٣) ئایدیۆلۆژیای سیاسی:**

سیاسەت واتە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەستەڵات و هونەری حوکمڕانی ئەوەی پەیوەندی بە ڕێسا و ڕێکخستنی دەوڵەتەوە هەیە، یان دەستەڵات بە دەستەڵاتەکانی دەوروبەری خۆیەوە و پەیوەندی دەستەڵات بە دەوڵەتانی ترەوە هەیە، "ئەو شیعرەی پەیوەست بێت بە سیاسەتەوە، یان بۆنوبەرامەی سیاسەتی لێبێت، ئەوا شیعری سیاسییە، ئیتر پەیوەندی بە دەستەڵات و حوکمڕانی ناوخۆ، یان دەرەوە بێت، یان مەبەستی دەربڕینی سیاسەتی دەرەوە بۆ ئەو ڕژێمە بێت، لەناو ڕژێمەکانی تردا، پابەندی بێت و نوێنەری ئەو بۆچوون و ئەو دەستەڵاتە بێت و بەرگریی لێبکات، یان دژی بێت". (کەساس، ٢٠١٥، ٣٠).

"لە شیعری سیاسیدا مەرجیش نییە، هەموو مەبەستەکان بە دووروودرێژی دەرببڕێت و بیدابەدەستەوە، بەڵکو دەکرێت هێمایەک، یان ئاماژەیەک بێت، ئیدی ئەوانی دیکە بۆ خەڵکی بەجێدەهێڵێت، چونکە شیعر داهێنراوی سۆز و ئەندیشە و خەیاڵی شاعیرە". (کەساس، ٢٠١٥، ٣٠).

لەگەڵ ئەوەشدا مەرجیش نییە شیعری سیاسی تەعبیر لە سیاسەت بکات خراپ بێت، یان چاک، یان سەرچاوەکەی بیروباوەڕێکی شاعیر خۆی بێت، "بەڵکو دەشێت بۆ بەدەستهێنانی نان، بژێویی و سامان بێت، یان ترسان لە دەستەڵات و زۆرداران، یان پەیوەندی نێوان شاعیر و دەسەڵات، لە مەیاندا شاعیر وەک لایەنگرێکی ناڕەستەوخۆ دەبێت". (کەساس، ٢٠١٥، ٣١).

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا:**

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (لاوانەوەی باخچە هەڵواسراوەکانی بابیل)دا دەڵێت:

لە پاش ئەوەی

گشت سەنگەرەکانمان دۆڕان

لە پاش ئەوەی

گشت کوژراوەکانمان سووتان

گەڕاینەوە بێ ناونیشان

لە نێوانی هەموو مەم و زینێکدا

پردێکمان کرد لە گریان
لەپاش ئەوەی هەزار بارە
گلاینەوە
لەناو وردە شووشەی زامی
کۆن و نوێدا
تلاینەوە. ( هەڵمەت،٢٠٠٥، ٦٧٣).

هەروەها لە کۆپلەیەکی دیکەی شیعری (لاوانەوەی باخچە هەڵواسراوەکانی بابیل)دا دەڵێت:

گەڕاینەوە
بە کەساسی گەڕاینەوە
وەکو سواڵکەر پاڕاینەوە
لە پایتەختە سەهۆڵەکان
لە ڕووباری چڵک و کێما
سەری هەزار کوژراو جێما
کرا بە مۆم بۆ ئاهەنگی
شەوی پاشا داهۆڵەکان. (هەڵمەت،٢٠٠٥، ٦٧٤).

لەم شیعرەدا (لەتیف هەڵمەت) ڕەخنە لە سیاسەتی شۆڕشەکانی کورد دەگرێت و سەرئەنجامی هەموویان بە دۆڕان کۆتاییان دێت، پاش ئەو هەموو قوربانییانەی لەو پێناوەدا دروان، بەڵام بێجگە لە شین و زاری بۆیان هیچمان لەدەست نایەت، بۆ جارێکی تریش پەندو وانەی لێوەرناگرین، وەک ئەوەی هیچمان نەدیبی سەر لەنوێ دەسپێدەکەینەوە.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی لە شیعری (عەبدوڵڵا پەشێو)دا:**

(عەبدوڵڵا پەشێو) بە درێژایی تەمەنی دژی توندوتیژی دەستەڵاتدارانی و فەرمانڕەوای وڵاتەکەی بووە، بە تایبەتی ڕژێمی بەعس، بە شیعرە سیاسی و نیشتمانییەکان دژیان وەستاوە، بۆیە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی دەربڕی گیانی بەرەنگاربوونەوەیە، "وەستایانە دژی ڕژێمی داگیرکەر و سیاسەتە شۆڤێنییەکانی بە ئەرکی خۆی زانیوە، کە لە بنیاتنان و بە هێزکردنی هێزی بەرگریی لە لای جەماوەری گەلەکەیدا بەشداری بکات". (عەزیز، ٢٠٠٦، ١٠٣).

لە شیعری (ئۆتۆنۆمی)دا دەڵێت:

تا نەیکوشتووین،
وەرن، چنگی بە خوێن سووری پێ هەڵبڕین؛
بە شەق ڕووی پێ لە دیوار کەین؛
تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین؛
تفەنگی ئازادی سوار کەین؛
زرمە لە جەرگییەوە بێنین،

له بازرەقەی خوێنی ئەودا
یەکەم تیشکی ڕۆژ هەڵسێنین! (پەشێو،٢٠١٤، ١١٣).
هەروەها (پەشێو) لە کۆمەڵەشیعری (براکوژی)دا دەڵێت:
لەم نیشتیمانە چارەڕەشەدا
چیتان هێشتووە
دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟
هەر بە شەهیدان سەرمان بڵند بوو
ئەوانیشتان کرد بە پەزی خۆتان
ناوێرم قەڵەمێک هەڵگرم
ناوێرم کراسێک لەبەر کەم
ڕووتان ڕەش بێ
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد
بڵێم خوێندکار یان قوتابی؟
ژن یان ئافرەت؟
ڕووتان ڕەش بێ.
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد
دوو کەناری زێی جاویدانی
خانی و حاجی قادرتان بەش کرد. (پەشێو،٢٠١٤، ٤٤٢ ).

لەم شیعرەدا (عەبدوڵڵا پەشێو)، ڕەخنە ئاڕاستەی لایەنە سەرەکی و کاربەدەستەکانی ئەم دەستەڵاتە خۆماڵییە دەکات، بە دابەشکردنی هەموو شتێک بۆ خۆیان تۆمەتباریان دەکات، تەنانەت مێژوو و فەرهەنگ و کلتور و جوانییەکانی ئەم وڵاتەش دەکەن بە موڵکی خۆیان و لەنێوان خۆیاندا دابەشیدەکەن.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەشیعری (ماچەکانی بەهاری ١٩٩١)دا ڕەخنەی توندی سیاسی دەگرێت و دەڵێت:
ساڵەهای ساڵ
لە زیندانێکی تاردا بووین
شەشدەری قوڕقوشم و پۆڵا
هەڵایەک بووین دەچووین بە گژ ڕەشەبادا
جۆگەیەک بووین
هەڵدەشاخاین بە دەریادا
لە پڕ زیندان کونی تێبوو
دیوار قەڵشی
سەوزەڵانێک چەکەرەی کرد لە بن پێدا

دنیا بۆمان گوێچکەی هەڵخست

ئێمەش... بە ماچ...

پڕ بە دنیا جرتمان لێدا! (پەشێو،٢٠١٤، ٣٤٠).

لەم شیعرەدا (عەبدوڵلا پەشێو) باسی ئەو گیانی بەرگری و بەگژداچوونەوانە دەکات، کە میللەتی ئێمە لە کاتی داگیرکاریدا هەیبووە، بەڵام دوای هاتنەپێشەوەی هەل و دەرفەتێک لە دوای ڕزگاربوونمان ئێمە نموونەیەکی ناشیرینمان نیشانی دەوروبەر داوە.

هەروەها لە کۆمەڵە شیعری (براکوژی)دا دەڵێت:

ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نیە

بۆیە من بۆتان دێمە گۆ

بە زمانێکی یەکجار سادە

پێتان دەڵێم

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ

زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!

کە براکوژێک دەبینم

باوەڕکەن، ڕشانەوەم دێ

تا بەیانی هەدا نادەم

دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم

سەد قۆناغیش دوور کەومەوە

بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم. (پەشێو،٤٥٦،٢٠١٤).

لەم شیعرەدا (عەبدوڵلا پەشێو) لە بەرانبەر هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆدا، کە بە شەڕی براکوژی ناسێنراوە، ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ئەوانە دەکات، کە ئەو شەڕە ئەنجامدەدەن.

هەروەها لە شیعری (ئۆتۆنەمان)دا دەڵێت:

کورد مریشکە ڕەشەکەیە

بە تۆپیش ناجوڵێتەوە

نازام، ماوە یا مردووە

دەیان ساڵە

لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی کڕ کەوتووە. (پەشێو،٢٠١٤، ٢٨٥).

لەم شیعرەدا (عەبدڵلا پەشێو) ڕەخنەی توند ئاڕاستەی داواکاری (ئۆتۆنۆمی) دەکات، کە بە شایستەو لە ئاست قوربانییەکانی کە ئەم گەلەدا، کە داوێتی نییە و نازانێت.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای سیاسی لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا:**

(ڕەفیق سابیر)یش پرسیار لە گەلەکەی دەکات و پێیان دەڵێت: ((تاکەی بڕوا بەخۆتان ناکەن، کەی بە سەربەستی دەگەن، ئەمەش لە شیعری (سکاڵای ئەستێرەکانی تاساو)دا دەردەکەوێت))، (عەزیز،٢٠٠٦، ١٧٤). دەڵێت:

کەی تیشکی چاوی بڕواتان

دارستانی..

ناو زستانی..

پڕ بەستەڵەک، ئەسوتێنیێ؟

تۆڵە.. تۆڵەی

هەزار ساڵەی

چەوساوەکان.. لەسەرکردەی

سوپای شەوە زەنگ، ئەستێنیێ!

کەی بورکانی..

ئاگردانی..

ژێر کەلەپچە، لەناو دڵتان سەر دەر دێنیێ!

شورەی بەرزی.. تەلارەکان، ئەڕوخێنیێ. (سابیر، ١٩٧١، ١٠٦).

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر)، لەڕێگەی پرسیاکردنەوە ڕوو لە گەلەکەی دەکات و بۆ سەربەخۆیی هانیان دەدات، ناڕاستەوخۆ داوایان لێدەکات، کە ڕاپەڕن و خۆیان لە ژێر چەپۆک و زوڵم و ستەمی داگیرکەران ڕزگاربکەن.

**٤-١/٣) ئایدیۆلۆژیای حیزبی:**

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای حیزبی لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا:**

(ڕەفیق سابیر) لە شیعر (پشکۆکان دەگەشێنەوە)دا دەڵێت:

هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت

هەر دەژیت و هەر دەژیت و دەژیتەوە

خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ

جارێکی کەیش

سەد جاری کەیش

بەسەر ڕێگای سەربڕیندا دەچیتەوە. (سابیر،٢٠١٤، ٨١٠).

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) هەستی چینایەتی و ئایدیۆلۆژیای چەپ بەسەریدا زاڵە.

هەروەها لە شیعری (گەڕانەوە)دا دەڵێت:

هەموو شەوێک هاوڕێیەکەم

بە هێمنی سەرماڵی برسی و هەژاراندا دەکات

لە سۆراغی گەورە و بچووکیان دەپرسێت
باسی ڕاستی
دادپەروەری
سۆسیالیزمیان بۆ دەکات.
کە دەیگرن... ئەمجارەیان ملی بە پەتەوە ناکەن
لە کەناری ڕووبارێکدا دەیسووتێنن
خۆلەمێشە جوانەکەی دەدەن بە ئاودا
کەچی لە بەیانی ڕۆژی ئایندەدا
جارێکی دی
چەپکە تیشک دەچنێتەوە
بە دەستە چەپە بڕاوەکەی
نان و
گوڵ و
ئاڵایەکی سوور هەڵدەگرێت
بەرەو ئەم شارە دێتەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٧٧٩).

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) باسی کێشەی چینایەتی دەکات و سۆسیالیزمیش وەک تەنها ڕزگارکەر دەبینێت.

لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی (ڤیکتۆر گارا ) دەڵێت:
ڕووبار باوەشێک شەپۆلی هەڵگرتووە
هەور: باران
خوا: تەنیایی
گۆڕستان کپی سامناکی
تۆیش ئازاری چەوساوانی سەرزەمینت
هەڵگرتووە.
دەڵێی هەموو شەقامەکان
بەرگی خوێنیان لەبەردایە
ڕووبارەکان بوونە هەڵم و
خوێن جێگای گرتوونەتەوە
بەخت دادە!
تۆیش وەک شاری سانتیاگۆ
سەرپۆشی خوێن بەخۆت دادە
بەخۆت دادە...

بەخۆت دادە!
چاوەکانت سوژنەکان دەترسێنن
ژانەکانت جەللادەکان دەبەزێنن
دەستەکانت سەری چەقۆکان دەبڕن
وەکو زامێکی یاخی بوو
بەسەر گوێزاندا ڕادەکەیت
بەرەو قۆناغێک مل دەنێیت
شەهیدەکان چاویان بڕیوەتە ئاسۆ و
زامیان ڕووە و گوللە و نێزە
هەڵخستووە.
بەخۆت دادە
تۆیش بە وێنەی چەوساوەکانی شارەکەت
کراسی گوللە لەبەرکە و
سەرپۆشی خوێن بەخۆت دادە
بە خۆتدادە...
بەخۆت دادە! (سابیر، ٢٠١٤، ٨٢٠ ).

**٣/١-٥) ئایدیۆلۆژیای ئایینی:**

"دەقی ئایینی، ئەو دەقەیە، کە بابەتەکەی خۆی لە ئاین وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئایینی ئیسلام وەرگرین، ئەوا دەقەکە باسی بنەمایەکی عەقیدە دەکات، وەکو: خودا، پاکی و تەواوی بۆ خودا، پێغەمبەرەکان، کتیبە پیرۆزەکانی خودا، فریشتەکان، ڕۆژی دوایی، قەدەر بە خێر و شەڕییەوە)، یان باسی بنەمایەکی دینی ئیسلام وەکو: (ئیمان نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات)، یان باسی چەمکێکی ئایینی وەکو: (دادگەری، ڕاستگۆیی، خۆشەویستی، ئەمانەتپارێزی، دەستپاکی، دڵسۆزی...هتد". (عەبدوڵلا، ٢٠١٧، ٧١).

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا:**

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:
ئەی خوایە گیان
دانی پیادەنێم لەئەنجامدا
تۆم لەئاوێنەی
گوناحەکانی فەروغی فەروغزاددا
دۆزییەوە
نەک لەسەر بەرماڵەکەی
ڕابیعەی عەدەوییە

تەمەن چەند کورت
بەشی ئەوە ناکات
گوناهێکی پێبکەیت و
خوات بیربکەوەێتەوە
ئەوەی بەشەپۆلی گوناە
دەستنوێژی نوێژی
هەینی عەشق
نەشوا
خوا لە ئاوێنەی دڵی خۆیدا
نادۆزێتەوە
ئەی گوناە
ئەی ڕێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵداران و دەروێشان و شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە
ئەی سۆفیانی بە ڕۆژوو
بۆچی دەمرن
خۆ هێشتا زۆر ماچ ماوە
ڕۆژووی پێبشکێنن
خۆ هێشتا زۆر گوناح ماوە
لە خەڵوەتگاکاندا دەستەمۆی کەن و
دەستنوێژی پێبشۆن. (هەڵمەت،٢٠٠٥، ١٩٥).

لەم شیعرەدا (لەتیف هەڵمەت) بەهۆی بەکارهێنانی هەندێک وشە و دەستەواژە، هەروەها ئەو بیر و بۆچوونەی کە وێنای دەکات، شیعرەکە بە شیعرێکی سۆفیگەری و بواری تەسەوف دادەنرێت.

**ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیای ئایینی لە شیعری (ڕەفیق سابیر)دا:**

(ڕەفیق سابیر) لە کۆمەڵە شیعری (ژوانی ڕووناکی)، لە شیعری (مێدیتاسیۆن) دەڵێت:

ڕاکشاو لەناو سرەوتندا وەک سێبەر
بێدار وەک درەوشانەوەی ئاگر، دەڕوانم
یادەکان بروسکە ئاسا بە پرتاو ڕەت دەبن
دەروازەکانی ڕوانین ئاواڵە بە ڕووی غەیبدا
بە ڕووی ئەبەدییەتدا
کە وەک بەیان لە تافی لاویدایە
شوێن هەموو جێیەک و هیچ شوێنێک

فەزا: سارا
کات هەموو ساتێک و هیچ کاتێک.
من لە خۆمدا بۆ سێبەری بوون دەڕوانم
ڕیشەی خۆڵەمێشی ڕابردوو دەپشکنم و
گوێ لە پەیڤینی ڕازەکان ڕادەگرم.

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) بە هۆی بەخۆداچوونەوە و ڕۆچوونە ناو قوڵای ناخ و گەڕان بەدوای بوونی خۆیدا ئەزمونێکی دەروونی تاقیدەکاتەوە، ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکانی تەسەوف دادەنرێت.

**٦-١/٣) ئایدیۆلۆژیای مرۆڤدۆستی:**

"ئەو دەقەیە، کە پرس و کێشەیەکی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکات، سنوری مرۆڤی ناوچەیەک، یان وڵاتێکی دیاریکراو و سەردەمێک، یان سەدەیەکی دیاریکراو دەبەزێنێت، لەو دیو سنوور و زەمەنەکانیش هێشتا کاریگەری هەیە، تاکەکانی هەر نەتەوە و ڕۆژگارێک بیخوێننەوە، هێشتا وا دەزانن تازە گوتراوە و تایبەتە بە سەردەم و وڵاتی ئەوان نوسراوە". (عەبدوڵڵا، ٢٠١٧، ٨٧).

گەر دەیەوێ
نیوە شەوێ
پەنجەکانت نەقرتێنن
ڕووخسارەکەت بە تفی خەست نەخوسێنن
قاشت نەکەن وەک پەتاتە
مەپرسە بۆ لەم جیهانە بەرینەدا بۆ منالّی هەژارەکان گوڵ و نان و خەندە قاتە...(هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٤٥٠).

لەم شیعرەدا (لەتیف هەڵمەت) کێشەیەکی جیهانی دەوروژێنیت، باس لەو نادادییە، کە لە ئاستی جیهاندا هەیە دەکات، کە جۆرێک لە جۆرەکان هێزە دەستڕۆیشتووەکان لە جیهاندا لەسەری ڕێککەوتوون.

## ٢/٣) بابەتی فۆرم و ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدیۆلۆژی لە ڕووی هونەرییەوە:

فۆرم و ناوەڕۆک دووڕووی بەرهەمی ئەدەبین، کە هەریەکەیان ئەویتریان تەواو دەکەن، بە بێ یەکتر بوونیان نابێت، پەیوەندی ئەم دوو لایەنە بە یەکترییەوە لە ڕووی گرنگییێدانیان، یان پەسەندکردنی یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا هەر لە کۆنەوە بووەتە کێشەیەکی نەبڕاوە، لە نێوان ڕێبازە جۆربەجۆرەکان و بیرمەندەکاندا قسەی زۆری لەسەرکراوە.

"ئەدەب جوانی و مەعریفەیە، بنیاتی بیریی لە دەقدا ڕەگەزێکی ئامانجدارە، بەڵام ئەم ڕەگەزە لە کاری ئەدەبیدا، ئامانجی خۆی بە هۆی گێڕانەوەی ئاسایی ناپێکێت، بەڵکو بە هۆی تەکنیکی ئیستاتیکییەوە دەیپێکێت، بیرۆکەیەک لە دەرەوەی شیعردا بە پێی لۆژیک بڕیاری بەسەردا دەدەین، بەڵام کە دەچێتە ناو شیعر ناتوانین بەو شێوەیە تێیبڕوانین، بەڵکو بەهایەکی ئیستاتیکی وەردەگرێت و دەبێت لەو سنورەدا هەڵیبسەنگێنن، واتاکان بە تەنیا نابنە هۆی داهێنانی شیعر، واتە ناتوانین بڵێن ئەم

واتایە شیعرییە و ئەمەیان شیعریی نییە، بەڵکو شێوازی داڕشتنی زمانەکە، کە ڕەگەزە شیعرییەکانی وەک: (مۆسیقا، وێنەی شیعریی...هتد)، تێدا دەردەکەوێت، ئەوکات دەقی شیعریی بەرهەمدەهێنرێت". (حسێن، ٢٠٠٨، ٧٢).

کەواتە هەر دەقێک لە دوو لایەنی فۆرم و ناوەڕۆک پێکهاتووە، بۆ ئەوەی دەقەکە ببێتە دەقی هونەری پێویستە لایەنی ناوەڕۆکی دەقەکە لە چوارچێوەی فۆرمێکی هونەریدا بگەیەندرێت، هەرچەندە فۆرم لە دەقی شیعریدا لایەنێکی یەکلاکەرەوەی ئیستاتیکای دەقەکەیە، بەڵام ناتوانین ئاستی واتا فەرامۆش بکەین، کەواتە هەردوو جەمسەرەکە (دەنگیی، واتایی) بوونیان لە شیعردا پێویستە.

(جان کۆهن) هەردوو ئاستی (دەنگیی، واتایی) دەکاتە پێوەر سێ جۆر شیعر یاخود سێ فۆرمی شیعری دیاریدەکات، کە ئەمانەن:

١. (شیعری پەخشانی)، یان (شیعری واتایی)، کە تەنیا لە لایەنی واتاوە بەرهەمی هەیە، لایەنی دەنگیی فەرامۆش دەکات.
٢. هەڵبەست (نظم)، ئەمەیان بە پێچەوانەی یەکەمەوە، تەنیا لایەنی دەنگیی بەرهەم دەهێنێت و لایەنی واتایی فەرامۆش دەکات، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە جگە لە کێش و سەروا، لە هەموو بەها ئەدەبییەکانی دیکە بێ بەشە.
٣. ئەم جۆرەیان شیعری تەواوە، چونکە هەردوو پێویستییەکەی زمانی شیعریی دابین دەکات. (حسێن، ٢٠٠٨، ٧٢).

کەواتە بۆ ئەوەی شیعرێک لە ڕووی هونەرییەوە هەڵسەنگێنین و بڕیاری لەسەر بدەین، ئەوا پێویستە لە هەردوو ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە شیعرەکە شیبکەینەوە، فۆرم و ناوەڕۆک هەریەکەیان لە چەند ڕەگەزێک پێکهاتووە، بۆ نموونە لایەنی فۆرم ڕەگەزەکانی (کێش، قافییە، زمان...هتد) دەگرێتەوە، ڕووی ناوەڕۆک ڕەگەزەکانی (بیر، سۆز، ئەندێشە، بابەت...هتد) دەگرێتەوە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کارکردنی ئێمە لە شیعری هاوچەرخدایە، ئەوا لە ڕووی فۆرمەوە تەنها ڕەگەزی زمان وەردەگرین و شیعرەکان شیدەکەینەوە، چونکە لە شیعری هاوچەرخدا زمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت.

**٣/٢-١) زمان لە شیعرەکانی هەرسێ شاعیردا:**

(ڕۆمان یاکوبسن)، زماناناس و نوسەری ڕووسی (١٨٩٦-١٩٨٢)، دەڵێت: ((شیعر کارکردی جوانیناسانەی زمانە، یان هێرشێکی گەڵاڵەدار و وشیارە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە)). (یاکوبسن، ١٣٩٦، ٥٠).

هەروەها (یاکوبسن)، کاتێک لە دەلاقەی زمانەوە لە دنیای شیعر دەڕوانێت، دەڵێت: ((دەق دوو دەستەن)):

"دەستەی یەکەم، پەیام و مانایەکی تایبەت لە ڕێگای زمانێکی ساکار و بێگرێ و گۆڵەوە دەردەبڕن، بۆ خوێندنەوەی ئەو جۆرە دەقانە پێویست ناکات چاوی سەرنجمان لە زمانەکەی ببڕین، لەم جۆرە دەقانەدا زمان وەک ئاوێکی زوڵاڵ وایە، ئەوەی لە بنیدا بێت دەبینرێت، بە وتەیەکی دیکە زمان لەم چەشنە دەقاندا لەنێودەچێت، ئەوەی مەبەستە پەیام و مەبەستی دەقە، زمان هیچ نییە جگە لە کەرەستەیەک بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتنی پەیامی دەق، دەقی زانستی دەکەوێتە ڕیزی ئەم دەستەیەوە،

(ڕۆلان بارت)، ئەم زمانەی بە پەخشانی زانستی ناوبردووە". (یەعقوبی، ٢٠٠٥، ١٢٩)، کەواتە لەم دەستەیەدا گرنگی بە گەیاندنی پەیام دەدرێت، زمان وەک کەرەستەیەک بەکاردەهێنرێت، هەم لە دەقە زانستییەکان و هەمیش ئەو دەقانەی، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیان و شاعیر ئەوەندەی لە خەمی گەیاندنی پەیامەکەیدایە، ئەوەندە گرنگی بە ڕووی هونەری دەقەکە نادرێت.

"دەستەی دووەم، پەیام وابەستەی شێوەی دەربڕینە، لەم دەستەیەدا پێچ و پەنا و ڕاز و ڕەمز و زمان بە لایەنی باشی دەق ئەژماردەکرێت، ئەم دەقانە زمانێکی زیندویان هەیە، زمانێک کە دنەمان دەدات تێیبفکرین و لێیوردبینەوە، ئەم زمانە هەندێکجار نائاسایی و ئەستەم دەنوێنێت، لەوانەشە بڵێم لەمپەرێکە لەسەر ڕێگای تێگەیشتن، بەڵام لەم دەستەیەدا، زمان بۆ گەڵاڵە داڕشتن و تێگەیشتنی مانای بێئەژماری دەق ڕێخۆشدەکات، لە دەقی دەستەی یەکەمدا توانا و دەسەڵاتی خوێنەر بۆ خوڵقاندنی مانای تازە کوێردەبێتەوە، ئەوەندە نەبێت ئەگەر زانست و زانیاری خۆی بەگەڕبخات، لە واتا و مەبەستی دەق تێدەگات، کەچی لە دەقی دەستەی دوویەمدا، خوێنەر خۆی دەبێت لە ڕێگای بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە پێچ و پەناکانی زمان واتای دەق بخولقێنێت، وەک چۆن (یاکوبسن) دەڵێت: ((واتای ڕستەی ئەدەبی لە شێوەی دەربڕیندا کۆدەبێتەوە))". (یەعقوبی، ٢٠٠٥، ١٢٩)، کەواتە لەم دەستەیەدا لایەنی ناوەڕۆک لە چوارچێوەیەکی هونەریدا دەردەبڕێت، ئەمەش وا دەکات، کە دەقەکە لە دەقی زانستی و ئاسایی و ڕۆژانە جیابکرێتەوە.

شیوازی (یاکوبسن)، کاتێک لە دەلاقەی زمانەوە دەڕوانێتە دنیای شیعر، هەرگیز نکوڵی لە مانا و مەبەستی دەقی شیعری ناکات، (یاکوبسن) دەڵێت: ((بۆ پێزانین و لێزانینی مانای دەق، دەبێت لە زمانی شیعرەوە دەست پێبکەین نەک بە پێچەوانەوە، لایەنی شاعیرانەی دەق لەوەدایە، کە وشە هەروەک وشە بەکاربهێنرێت، نەک جێنشینێکی سادە بۆ شتێک، یان دەربڕینی هەستێک)). (یەعقوبی، ٢٠٠٥، ١٣٠).

(یاکوبسن) دەڵێت: ((بەرهە شاعیرانە ئاماژەیەکی مانایی تاقانەی هەیە، بونیادەکەی لێکاڵاناکرێتەوە... یەکەمین تایبەتمەندی دەلالەتی مانایی شیعر ئەوەیە، کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێک لەو زمانەی کە پێی نووسراوە قبووڵ ناکات، لە زمانی ناشاعیرانەدا بەپێچەوانەوە، شیعر هەر لەو چوارچێوەی، کە تێیدا نووسراوە بوونی هەیە، مانای شیعر تەنیا لە چوارچێوەی شێوەی دەربڕینی شیعردا بوونی هەیە، هەر کە شێوە و ڕواڵەتی ئەم شێوە دەربڕینە بگۆڕدرێت، ماناش تێدادەچێت و ئاسەواری نامێنێت، ئەو شتەی مانا بە شیعر دەدات ڕاست و ڕێک لەگەڵ ئەو زمانەدا کە شیعر هەیە تاق و جووتن ئالێردا دەردەکەوێت، کە بۆچی شیعر بەتەواوەتی بۆ وەرگێڕان ناشێت، چونکە بە قسەی (یاکوبسن)، لە وەرگێڕاندا ئەو تەئویلەی وەرگێڕ لە وشەی دەکات وەردەگێڕدرێتەوە نەک خودی وشەکە)). (یەعقوبی، ٢٠٠٥، ١٣٠). واتە زمانی شیعر بەکاری خوڵقاندنی ماناگەلی چەند لایەنە دێت، گواستنەوەی گشت ئەم مانایەش لە ڕێگای وەرگێڕانەوە بۆ زمان، یان شێوە دەربڕینێیکی نوێ ناگونجێت، کەواتە شاعیر لە ڕێگای شیعر نووسینەوە بەردەوام هەلی نوێبوونەوە بۆ زمان دەرەخسێنێت و لەم ڕێگایەشەوە مانای سوا و کۆن و ڕزیوی واژە فڕێ دەدات، گیانێکی مانای توورت و تازە بە بەر واژە و

دەستەواژە و بەگشتی زماندا دەکات، هەروەها ئەوەی سەبارەت بە بونیات و پێکهاتنی شیعر پێویستە پێی لەسەردابگیرێت، ئەو تایبەتمەندییەیە، کە بۆ پتربوونی شیعرییەتی بەشدارە.

"زمانی شیعریی تێکستێکی بە داهێنان بارگاوی کراو، لە زمانی قەسیدەیەکی جیاواز لەوی پێشتر جیادەکاتەوە، کە تەنیا ئامانجی سەرەکی گەیاندنە، بەڵام شیعری تازەگەریی داهێنەرانە بەناو ڕایەڵەکانی جوانکاریی دەق و ناوەندەکانی داهێناندا شۆڕ دەبێتەوە، بەهۆی زمانی شیعرەوە گوزارشت و دەربڕین لە شتە شاراوەکان دەکات". (مەحموود، ٢٠٠٩، ١٥٣).

"بەکارهێنانی زمان لە شیعردا بە شێوەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە ڕووگە ئاساییەکەی زمان لادەدات، جا لادانی دەق لە ڕووگە ئاساییەکەی بۆ کارە ئیستاتیکییەکەی، بە یەکەم کاری شیعرییەت دادەنرێت، ئەم کردەیە (یاکوبسۆن) بە پێشێلکردنێکی بە ئەنقەستی بنەما و دەستورەکانی زمانە ئاساییەکەی وەسف دەکات". (قادر، ٢٠١٢، ٩٢).

"(ئین خەلدون) لە شیعردا چۆنێتی هەڵبژاردنی وشەکان بە کاری بیناکردن دەچوێنێت، کاتێک کە شاعیر کەرەستەی خۆی دەدۆزێتەوە کە واژە و داڕشتنەکانن لە فەرهەنگی زمان و لەسەر زمانی خەڵکی و لەناو کتێبەکان، هەروەکو چۆن بیناساز بەردی بیناکەی لە سروشت دەدۆزێتەوە و دەیانهێنێت، جا لێرەدا کاری گرنگی (مهمة)ی شاعیر، یان بڵێن نهێنی و پەنهانییەکەی شاعیر لە هەڵبژاردنی وشە و داڕشتنە گونجاو شیاوەکانی بۆ بیرە دەربڕاوەکەیدا، هەروەها لە ڕێکخستن و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتردایە و لەگەڵ پوخت کردنیان لەناو دەربڕینی نوێ کە مۆرکی خاوەنەکەی هەڵگرتووە، هەروەکو چۆن ئەو کارەی کە بیناسازەکە لە هەڵبژاردنی بەردەکانی و چۆنێتی ڕیزکردنیان لە تەلار و ئاپارتمانێکی هونەری جواندا دەیکات". (قادر، ٢٠١٢، ١٨٧).

سەبارەت بە زمانی شیعر بۆ مەبەستی داهێنان و بەخشینی شیعرییەت بە شیعر، دەسەڵاتی زمان چەند دیاردەیەکی هونەری و پێکهاتەیی لە شیعردا هێناوەتە کایەوە، هەوڵدەدەین چەند لایەنێک لەم دیاردانە لە شیعرەکاندا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئاستی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعرەکاندا دیاریبکەین، کەواتە بۆ پێڕەویکردنی هەر یەکێک لەو دیاردانە ڕاستەوخۆ کار لەسەر وشەکان دەکرێت، دواجار لەسەر هەڵبژاردنی وشەکان و پێڕەویکردنی ئەو هونەرانەی، کە شیعرییەت بە شیعرەکە دەبەخشن شیعرەکە هەڵدەسەنگێندرێت، هەروەها لایەنی ئەو بیر و ئایدیای کە شاعیرەکە دەیەوێت بیگەیەنێت، ئەوە بڕیاردەدات  کام جۆر لە وشە و پێڕەویکردنی کام لە هونەرەکان جێبەجێ بکات، واتە بەپێی جۆری بیر و ئایدیای شاعیرەکە کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی وشەکان و پێڕەویکردنی هونەرەکان دەبێت، هەر لەوێشەوە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا بەسەر شیعرەکەوە دەردەکەێت و بەو ئەندازەیەش کار لە شیعرییەتی شیعرەکە دەکات، واتە کاریگەرییەکە بە ئاڕاستەی پێچەوانە کار دەکات، بە ئەندازەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیاکە، ئەوا بەو ئەندازەیەش شیعرییەتی شیعرەکە پاشەکشە دەکات، هەروەها بە پێی جۆری بیر و ئایدیۆلۆژیاکەش باڵادەستییەکە دەگۆڕێت، هەر ئایدیۆلۆژیایەک بازنەیەکی هەیە، بە پێی جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا مەودای بازنەکەش دەگۆڕێت، تا بازنەکە مەودایەکی فراوانی هەبێت ئەوا باڵادەستیێکە کەمتر دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە.

لەم تەوەرەدا چەند شیعرێکی هەرسێ شاعیرەکە، لە ڕووی فورم ناوەڕۆکەوە بە پێی جۆری ئایدیۆلۆژیاکەی هەڵدەسەنگێنین.

**٢/٣-١-أ) ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی:**

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (ڕەگ و خاک)دا دەڵێت:

من دەتوانم هەموو شینایی ئاسمان
دلۆپ دلۆپ بلێسمەوە بە زمانم
درێژترین هۆنراوەی پێ بنووسم بۆ:
نیشتیمان. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٢٢).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا باس لە توانای خۆی و کەرەستەی بێشوماری بەردەستی بۆ نوسینی شیعر بۆ نیشتیمان دەکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو هەست و سۆزە خۆڕسک و قوڵەی، کە شاعیر بۆ نیشتیمان هەیەتی، واتە شاعیر بۆ شیعری نیشتیمانی لەڕووی فۆرمەوە بێ زۆر لەخۆکردن وشە و کەرەستەی پێویستی لەبەردەستدایە.

هەروەها (لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (لاوکی ئازادی)دا دەڵێت:

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
بەڵام توخوا بەر لەوەی کە بممرێنن
چنگی خۆڵی وڵاتەکەم
لە دڵەکەم بپڕژێنن

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
هەرچی یەسقان لە لەشمایە
یەکە یەکە
هەمووی بە گاز دەربهێنن
بەڵام توخوا
نەکەن هەرگیز
چڵی داری ئەم نیشتیمانە بشکێنن

هەرچیم هەیە لێم بسێنن
مووی لەشی خۆم
وەکو گوریسێک بیچنن و
بمخنکێنن
بەڵام نەکەن
توخوا نەکەن

یەک بەردێکی

ئەم وڵاتە بسووتێنن. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٦٢٦).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا هەست و سۆزێکی قوڵی بەرانبەر بە نیشتیمان هەیە، واتە شیعرەکە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی نیشتیمانییە، لەڕووی فۆرمیشەوە (هەرچیم هەیە لێم بسێنن) لە هەرسێ کۆپلەی شیعرەکەدا دووبارەکراوەتەوە، شاعیر لە هەرسێ کۆپلەی شیعرەکە لە بەرانبەر (خۆڵ، دار، بەرد)ی نیشتیمانەکەیدا ئامادەی گیانبەخشینە، ناسکی و ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکە بۆ ڕاستگۆی شاعیر لە پەیامە نیشتیمانییەکەدا دەگەڕێتەوە، کە بێ زۆر لەخۆکردن ڕیتم مۆسیقایەکی ناسکی بە شیعرەکە بەخشیوە.

(عەبدوڵڵا پەشێو)، لە شیعری (سەربازی ون)دا ، بە بەکارهێنانی وشەی سادە و ساکار و مانادار، لە هەمانکاتدا داهێنانێکی ئیستاتیکی بەرزی تێدایە، هەروەها ئەم شیعرە شیعرێکی نیشتیمانییە، جۆرێکە لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا، بەڵام لە هەناوی شیعرەکەدا جۆرێک دژە ئایدیۆلۆژیای هەڵگرتووە، بە تایبەتی لە سنوری ئەو خاکەی کە ناوی نیشتیمانە، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا هەستی پێدەکرێت، ئەمەش جوانی و نەمری بە شیعرەکە دەبەخشێت.

هەر لە ناونیشانی شیعرەکەوە دەستپێبکەین (سەربازی ون)، کە بەتەواوەتی هەڵگری ڕەتکردنەوەی یەک سەرکردە و هەر ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕ و ئاینێکە، ناونیشانەکە لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیادا بوونی هەیە، لە زمانی ئینگلیزیدا (unknown soldier) سەرتای دروستبوونی دەستەواژەکە بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی (١٩٢٣)، دەگەڕێتەوە، بەرانبەر ئەو سەربازانە بەکارهات، کە لە جەنگەکەدا کوژران، بەهۆی زۆری کوژراوەکانەوە ناسین و ناوهێنانیان ئاسان نەبووە، هەر هەمان دەستەواژە وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی دیکە، کە لە زۆربەی بوارەکاندا هەمان مەبەست و واتای هەیە، بۆ هەر کەسێکی ماندوو و ئیشکەر و خۆنەویست بەکاردێت، کە ناو و ناونیشانی لا مەبەست نییە، لە زمانی عەربیدا بۆ (الجندی المجهول)، لە زمانی فارسیدا (سرباز گمنام)، لە زمانی کوردیدا (سەربازی ون)، وەرگێڕدراوە.

کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،

بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،

تاجەگوڵینەیەک دێنێ. (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٥٠).

لێرەدا و لەسەرەتادا باسی شوێنێکی دیاریکراو نییە، شاعیر وەک هەر کارێکی ئاسایی و دووبارەبووە باسیدەکات، کە میوانێک یان هەر کەسێکی بیانی سەردانی شوێنێک دەکات، بۆ ڕێزلێگرتن تاجەگوڵینە لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ گروپێکی تایبەت دادەنێت، لەپای ئەو خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانە، کە لە پێناو چاکەی گشتی و هەمواندا دراوە.

ئەگەر سبەی

وەفدێ بێتە وڵاتی من،

لێم بپرسی:

کوانی گۆڕی سەربازی ون؟ (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٥١).

بەڵام لە دواتردا دەڵێت: ئەگەر ئەم وەفدە بۆ ئەم مەبەستە بێتە وڵاتی من و پرسیارم دەربارەی ئەم تێکۆشەر و ماندوونەناسانە لێبکات، کە خۆیان لە پێناو چاکەی گشتیدا بە قوربانیکرد، ئەوا شاعیر ئەمە دەکاتە دەرفەتێک و زمینە خۆشدەکات بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ و ئایدیای خۆی دەربارەی دیاریکردن و ناوهێنانی ئەم تێکۆشەر و قوربانیدەرانە و دەڵێت:

دەڵێم:
گەورەم!
لە کەناری هەر جۆگەیێ،
لەسەر سەکۆی هەر مزگەتێ،
لەبەر دەرگەی
هەرماڵێ، هەر کڵێسەیێ،
هەر ئەشکەوتێ،
لەسەر گابەردی هەر شاخێ،
لەسەر درەختی هەر باخێ، (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٥١).

شاعیر لە وەڵامی وەفدەکەدا سەبارەت بەو پرسیارەی کە بۆ گۆڕی سەربازی ون لێدەکرێت، بێ دوودڵی و ڕاوەستان، تەوای نیشتیمان لەڕووی جوگرافییەوە بە شیاو دادەنێت، کە تاجەگوڵینەکەی تێدا دابنێت، هەربۆیە پێیوایە لە (کەناری هەر جۆگەیێ، گابەردی هەر شاخێ، درەختی هەر باخێ)، بۆ ئەو ڕێزلێنانە گونجاوە، لەڕووی ئایینیشەوە نە ئاین دەکاتە دەرەوە نە یەک ئایینیش زاڵ دەکات و دەکرێتە ناسنامە، کە دەڵێت: لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ، لەبەر دەرگەی هەر کڵێسەیێ، ئەمەش بە ئاشکرایی ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئایدیۆلۆژیایەکە، کە نیشتیمانی پارچە پارچە کردبێت، یان ئایدیۆلۆژیایەکی دینی و دژە دینیش.

لە کۆتایدا زیاتر بۆچونەکەی چڕدەکاتەوە، وەک ئەوەی ئەو ناو هێنانانەی پێشتر تەواو بۆچونەکەی ئەویان نەگەیاندبێت، بۆ ئەوەی تەواو خۆی دڵنیابکاتەوە، دەڵێت:

لەم وڵاتە:
لەسەر هەر بستە زەمینێ،
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،
مەترسە، کەمێک سەرداخە و
تاجەگوڵینەکەت دانێ! (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٥٢).

بۆیە وەک ئەوەی بەو وشانەی پێشتر تەواو دڵنیایی لە یەک پارچەیی و ڕەتکردنەوەی ناوچەیەک بەسەر ناوچەیەکی دیکە و ئایدیۆلۆژیایەک بەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی دیکەی وەرنەگرتبێت، ئەوا لەکۆتایدا بە وشەکانی هەر (بستە زەمینێ، هەر گەزە ئاسمانێ)، خۆی دڵنیادەکاتەوە.

کەواتە شاعیر لەم شیعرەدا بە زمانێکی تەواو سادە و بە بەکارهێنانی وشەی ئاسایی بێ بەکارهێنانی هەر جۆرە لادانێک، شیعرەکەی بنیاتناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی نەمریی و داهێنانی تێدایە، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی، کە شیعرەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خاوەنی بیرێکی نیشتیمانییە، لەهەمانکاتدا لە سنوری نیشتیماندا هەموو جۆرەکانی دیکەی ئایدیۆلۆژیا ڕەتدەکاتەوە.

هەروەها (عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (ئەگەر ئەمجارە بێمەوە) دەڵێت:

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

بەیانییان، وەک بەرخۆلەیەکی ساوا،

لەناو قەرسیلی پاراوا

تل دەخۆم و

گیایەکی تفت تێرتێر دەجووم،

تا کفت دەبم،

پێ و بەلەکم

لە شەونمی سارد هەڵدەسووم! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٥٦).

سەرەتا ناونیشانی شیعرەکە ئاماژەیە بۆ خەم و دووری لە نیشتیمان، تاسەی خەم و دووری بە ڕوونی دیارە, سۆز و هەستی نیشتیمان وا لە شاعیر دەکات, ئەگەر ئەمجارە هاتەوە دار و بەردی نیشتیمان ماچ بکات و تاسەی دووری نیشتیمانی لە یادبکات، شاعیر هەریەک لەو وشە و زاراوانەی بەکاریهێناون سادە و ڕوونن لە هێنانەدی واتا و مەبەستدا، ئەو وشانەی شاعیر بە کاریهێناون لە ڕووی واتاوە ڕوون و قوڵ و کاریگەر و بەهێزن، چونکە شاعیر ئەو وشانە لە ناو شیعرەکەدا بە تەنها بەکاریان ناهێنێت، بەڵکو لەڕێگەی چنینی وشەکانەوە بە تام و چێژی زیاتر و ئاوازی جوانتر دەیانڕازێنێتەوە.

ئەم شیعرە شیعرێکە بۆ نیشتیمان وتراوە، کەواتە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا، بەڵام لەم جۆرە شیعرەدا شاعیر بێ زۆر لەخۆکردن بە سانایی و وشەی سادە و باو دەتوانێت لەڕێگەی هەڵچوونی هەست و سۆز و دەروونی خۆیەوە، خەم و ناسۆری دووری لە نیشتیمان بهێنێتە بەرهەم، لەڕێگەی زمانیشەوە ئەو هەست و سۆز و هەڵچوونە بۆ گوێگر بگوازێتەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوە هەستی خۆشەویستی و دووری نیشتیمانە، لەم جۆرە وشانەی خواستووە، کە جوان و ئاوازدار و گەشاوەن، چونکە ئەو واتایەی کە وشەکە دەیگەیەنێت، ئەوا بڕیار لەسەر جوانی ناشیرینی وشەکە دەدات، لێرەشدا وشەکانی (ساوا، قەرسیل، پاراو، شەونم) ڕاستەوخۆ واتایەکی جوان بە گوێگر یان خوێنەر دەگەیەنن، هەر ئەم وشانەش جۆرە ئاواز و هارمۆنیایەکیان دروستکردووە.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

سەرەنج دەدەم،

گوڵەگەنم چۆن زەرد دەبێ،

هەنار و سێو چۆن پێدەگەن،
قەتییەکان
هێلانەیان چۆن چێ دەکەن!
سەرنج دەدەم،
زەرنەقوتە چۆن باڵدەگرێ،
پەڕەسێلکە کۆچەرەکان،
لەسەر تێلی کارەبای ڕێ،
چۆن ڕیز سەبن،
جۆگەلەکان لە کوێوە دێن،
بۆ کوێ دەچن! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٥٨).

شاعیر تاسەی دووری و خەم و ژانێکی وا بە ڕوونی دیارە، بۆیە ئەگەر ئەمجارە هاتەوە، لێناگەڕێت هەروا بەسانایی و بێ وردبوونەوەیەکی قوڵ ڕووداوەکان بەسەریدا تێپەڕن، بۆیە سەرنج لە پرۆسەی زەردبوونی گوڵەگەنم و پێگەینی هەنار و سێو دروستکردنی هێلانە و باڵگرتنی زەرنەقوتە و ئاراستە و جوڵەی پەڕەسێلکە و جۆگەلەکان دەدات و لێیان ورددەبێتەوە و چێژیان لێوەردەگرێت، هەربۆیە هەریەک لە وشەکانی (گوڵەگەنم، هەنار، سێو، هێلانە، زەرنەقوتە، پەڕەسێلکە، جۆگەلە) ئەو وشانەن کە شاعیر لە ڕێگەیانەوە هەست و سۆزی دەگەیەنێت، کە هەست سۆزیشی لە هەڵچون و خەم و ناسۆری دووری لە نیشتیمانەوە دروستبووە.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:
لە گۆی مەمکی هەر کانییەک
قومەئاوێک دەخۆمەوە،
گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم.
لە هەر ئەشکەوتێکا شەوێک
سەر بە گاشەبەردێک دەکەم،
گشتیان دەکەم بە لانکی خۆم. (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٥٩).

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەیدا لە ڕێگەی کۆمەڵە وشە و دەستەواژەیەکی وەک: (گۆی مەمک، قومەئاو، دایکی خۆم، ئەشکەوت، شەو، لانک) بە تەواوی بەرجەستەکەری ئەو وێنەیە کە نیشتیمانی بە دایک چواندووە، سەرەڕای ناسکی و دیقەت لە هەڵبژاردنی وشەکاندا شاعیر هەست و سۆزێکی ناسکی پێبەخشیوون و وایلێکردوون، کە هەست و سۆز و هەڵچونەکەی خۆی بە ئاسانی و بێ زۆر لەخۆکردن بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، لەکاتی خوێندنەوەیدا هەمان هەست لای خوێنەر دروست بکات.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:
زمانی گڕ دەهێنمەوە بۆ لاڵەکان.
شاپەڕی گڕ دەهێنمەوە

فڕنده بێباڵەکان!
ئەگەر ئەمجاره بێمەوه:
ناهێڵم لاوان گوڵ بچنن
بۆ گوڵدانی مردووی سەر مێز.
فێریان دەکەم،
که چوونه ژوان
له بەرۆکی کچانی دەن،
ئەوسا بیانگرنه ئامێز! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٥٩).

شاعیر لێرەدا له ڕێگەی وشەکانی: (لاوان، گوڵچنین، گوڵدان، ژوان، کچان، ئامێز)ەوه تاسه و ئاهـ و حەسرەتی بۆ سروشت و ژینگه و دار و بەرد و کانی و ئەشکەوتی نیشتیمانەکەی دەگوازێتەوه بۆ مرۆڤەکانی نیشتیمانەکەی و لاوان و کچانیش به تایبەتی، ئەمەش دوای چوونه دەرەوەی و ژیان له تاراوگەدا، بینین و ئەزموون کردنی ژیانی ئەوانی دیکه لەوێشەوه ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێت، که له نیشتیمانەکەی ئەودا چۆن مرۆڤەکان هەر وەک چۆن کەمتەرخەمن بەرانبەر به ژینگه و سروشتی خۆیان بەو ڕادەیەش زیاتر کەمتەرخەمن بەرانبەر به لاوان به تایبەتیش کچان، هەربۆیه شاعیر بەڵێنی ئەوه دەدات، ئەگەر ئەمجاره بێتەوه، بەرانبەر بەو کەمتەرخەمییه بێدەنگ نابێت، لاوان فێری ڕێزلێگرتن و له ئامێزگرتنی کچان دەکات.

ئەگەر ئەمجاره بێمەوه:
-مناڵانی مۆسکۆی چاوشین
فێریان کردووم-
بێ شیرینی
سەر ناکەم به هیچ ماڵێکا،
زۆر جۆلانه نەرم و ساده
بۆ مناڵان هەڵدەبەستم،
له جەژنی لەدایکبوونیانا
-که نییانه-
بەشدار دەبم...
لەباتی مۆم
دادەگیرسێنم ئەنگوستم.
گڕ بەردەدەم
له گلێنەی چاوەکانم،
له ساواترین هەڵبەستم.
ئەگەر ئەمجاره بێمەوه:

هەر بێشکەیێک بێتە ڕێگەم،
بە شێنەیی
بەسەریا دەنووشتێمەوە.
ئاخ، منالآن،
ئاخ، بەس ئەمجارە بێمەوە! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٦٠).

لە کۆتا کۆپلەی شیعرەکەدا شاعیر ڕاستەوخۆ ئەوە دەردەبڕێت، کە لە منالآنی مۆسکۆوە فێربووە، کە چۆن ڕێز لە منالآن بگرێت، لەوانەوە ئەوە فێربووە، کە لە نیشتیمانەکەی ئەودا کە چۆن منالآن فەرامۆش کراون، بەڵێنی ئەوە دەدات، کە ئەو بێهەستییە، کە بەرانبەر منالآن لەلایەن گەورەکانەوە هەیە کۆتایی پێبێنێت، ئەوەش بە پێدانی شیرینی پێیان و دروستکردنی جۆلانە و ئاهەنگێڕان بۆ جەژنی لە دایکبوونیان، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر شیعرەکانی لە خزمەتی ئەو بوارەوە بەکاردەهێنێت.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دەڵێت:

بە تەنیا جێی مەهێڵن
ئەمشەو زریان دەیچێنێت
تەمومژ دایدەپۆشێت
مانگەشەو دەیفڕێنیت

گەرووی بە گزنگ تەڕکەن
زامەکانی بە شیلان
بە گۆرانی داپۆشن
یان بە سەوزیی دارستان

سەری بە شەپۆلان کەن
با ئەم شەو ڕایژێنێت
باڵای لە هەور بگرن
بروسکە و – با – دەچێنێت

بە تەنیا جێی مەهێڵن
منداڵێکی لاسارە
شار بەردەبارەن دەکات
مانگ دەکات بە کۆلارە

سوارە، چی شۆڕەسوارێک

ئەسپی هەتاو زین دەکات
بە گۆرانی و تیشک و ماچ
سەرزەمین بەرین دەکات

با کەژاوەی لە گوڵ بێت
یان لە پەلکەزێرینە
زەماوەندی خوێن دەگرێت
ئەمشەو پاشای ئەڤینە

ئاشقێکی لاسارە
بروسکە و –با – دەچێنێت
بە تەنیا جێی مەهێڵن
مانگەشەو دەیفڕێنێت. (سابیر، ٢٠١٤، ٥٣٥).

شیعری (لاوکی هەڵەبجە)، هەرچەندە ئەم شیعرە بۆ بۆنەیەکی تایبەت وتراوە، کە کیمیایی بارانکردنی شاری هەڵەبجەیە وەک وتراویشە، کە شیعری بۆنە بەگشتی زوو لە یاد دەچنەوە، چونکە زۆربەیان بەرهەمی پەلەکردن و هەڵچوون، یان توڕەبوونێکی کاتیین و لە ڕووی هونەریی و ئیستاتیکییەوە دەشێت لاواز و ناکامڵ بن، بەڵام هۆکاری بەخشینی مانەوە و نەمری بە شیعرەکە، پەیوەندی بە پیشاندانی تراژیدیاییەکی مرۆییە، کە فراوانترە لە نەتەوەیەکی دیاریکراو، واتە سەرەڕای هەبوونی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی، هەستی مرۆیی بەسەریدا زاڵە، ئەمەش بۆ هۆکاری گەورەی کارەساتەکە لەسەر دڵ و هەستی شاعیر دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی لە ناونیشان و دەسپێک و سەرەتای شیعرەکەدا، شاعیر بە هۆی گەورەیی کارەساتەکە و کاریگەریی زۆری بۆ سەر هەست و ویژدانی جۆرێک لە ئاواز و مۆسیقای تایبەت بە ماتەمینی دروست دەبێت، دەسپێک و سەرەتای شیعرەکە جۆرێکە لە لاواندنەوە، ئەمەش لەڕێگەی وشەکانی وەک:( زریان، تەمومژ، مانگەشەو، گەروو، گزنگ، زامەکانی، شیلان، گۆرانی، سەوزیی، هەور، بروسکە، منداڵ، لاسار، بەردەباران، مانگ، کۆلارە، ئەسپ، هەتاو، تیشک، ماچ، کەژاوە، گوڵ، پەلکەزێڕینە، زەماوەند، پاشای ئەڤین، ئاشقێکی لاسار)، هەم جۆرێک لە لاواندنەوە و هەم هەست بە هەبوونی زوڵمێکی گەورە دەکات، ئەم وشانە بە درێژایی شیعرەکە و چەندجار دووبارە دەبنەوە.

**٢/٣-١-ب) ئایدیۆلۆژیای نەتەوایەتی:**

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

خاڵە حاجی هەرچی ساتێ دەرباز بوویت و
پەڕیتەوە لە ئاراس
بە شاعیرە ترسنۆک و مەست و خەساوەکان بڵێ:

هەوری شیعر سواری پشتی هەڵگورد دەبێ
ناخزێتە سووچ و میچی باڕەکانی ئەبو نەواس
دەنگێکی دوور: شاعیرەکان هەر شاعیرێ
گەر ڕووباری شیعرەکانی
بۆنی خوێنی خۆی لێ نەهات
پڕی بکەن لە تف و بەرد
لە گەنوو گوو
دڵسۆز نیە
نە بۆ مرۆڤ نە بۆ وڵات. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٥٥).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا لە ڕێگەی خواستنی ناوی (حاجی قادری کۆیی)یەوە، کە شاعیرێکە شیعرەکانی لە خزمەت نەتەوەکەیدا بووە، ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو شاعیرانە دەکات، کە شیعرەکانیان خەم و ناسۆر و مەینەتییەکانی میللەتەکەی هەڵنەگرێت، ئیتر ئەوا ئەو شاعیرانە دڵسۆز نین و شیعرەکانیشیان شیعر نییە، شاعیر لێرەدا تەنها ئەو شیعرانە بە شیعر دەزانێت، کە پەیامێکی نەتەوەییان هەڵگرتووە و سوودێکیان هەیە، لایەنی فۆرمی شیعرەکەی فەرامۆشکردووە.

(لەتیف هەڵمەت) لە کۆمەڵە شیعری ( ئامادەبوون بۆ لە دایک بوونێکی تر) لە شیعری (بۆ ئەو ڕۆژەی کە هاڵی ئەکشێ)دا  دەڵێت:

وشەکانم پاپۆڕێکە، گشت ئاوارەکان هەڵ ئەگرێ
ژانی هەموو هەستیارەکان هەڵئەگرێ
بێ پاسەپۆرت بێ ناوەکان هەڵ ئەگرێ
سەری هەموو بێ ناوەکان هەڵ ئەگرێ
چۆن نەتەرات لە باراندا ئەڕژێتە خوار
چۆن ڤیتامین ئەڕژێتە ناو بەری دار
خۆشەیستی ئەم ووڵاتە
مێژووی پەستی ئەم ووڵاتە
تۆڵەی سەربەستی ئەم وڵاتە
ئاوا ڕژایە گیانم
گڕێکی نوێی بەخشی بە هۆنراوەکانم
گڕێک هەرگیز دانامرکێ
کوردایەتی لێ ئەتکێ. ( هەڵمەت، ٢٠٠٥، ١٠٤).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا وەسفی شیعرەکانی خۆی دەکات، شانازی دەکات، کە شیعرەکانی خاوەن پەیامن و خەمی وڵات و سەربەستی و بینەواکانی دەخوات، خۆشەویستی وڵات و مێژووە پڕ لە کارەساتبارەکانی وای لێدەکات، کە شیعرەکانی کوردایەتییان لێبتکێت، ئەمیش وای لە شیعرەکە

کردووە زیاتر گرنگی بە گەیاندنی پەیامی شیعرەکە بدرێت، کەمتر کاری لەسەر فۆرمی شیعرەکە کردووە.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا دەڵێت:

لە دایک بن، هەڵگرانی چرای زەردەشت،
پەریزادە و شۆڕەسواری دێ و شاری کورد.
لە دایک بن!
ژەنگی مێژوو دابشۆرن،
با گوێی دنیا بئەنگێوی بڕیاری کورد. (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٦).

کەواتە لێرەدا بەهۆی هەڵگرتنی بیری نەتەوایەتی، کە بیرێکی بە بەراورد بە نیشتیمانی و مرۆڤدۆستی، سنوردارە، بەو ڕادەیەش کاریگەریی بۆ مانەوە و نەمری دەقەکە هەیە.

هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (بۆ ئینتەرناسیۆنالیستێک)دا دەڵێت:

سەرکۆنەم مەکە
منیش وەکو تۆ گۆی زەوی ماڵمە
ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە
وەک تۆ خواکردم
وەک تۆش دەمەوێ تا سەر خواکرد بم
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم! (پەشێو، ٢٠١٤، ١٣٤).

لەم شیعرەدا شاعیر بۆ وەڵامی ئەو کەسانەی، کە هەڵگری بیرباوەڕێکی نێونەتەوەین دەدوێت و وەڵامیاندەداتەوە، وەک ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێت: ( تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە)، شاعیر پێیوایە میللەت و گەلی خۆمان لەپێشترە، بۆیە دەبێت کاری بۆ بکەین، کەواتە شیعرەکە هەڵگری بیرێکی نەتەوەییە، بەئەندازەی زیاتر گرنگیدان بە ناوەڕۆکی شیعرەکەش، ئەوا لە بەرانبەردا بەلای فورمی شیعرەکەدا لاسەنگ دەبێت.

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

لە کەرنەڤاڵی سوتاندا
ڕێژنە هەڵم دەکاتەوە
مەنفام لەبیر دەباتەوە
بەرەو بەردەقارەمان و
سلێمانی و
مەهاباد و
گۆمی وان و
کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە....( سابیر،٢٠١٤، ٦٠٩).

لێرەدا ڕەفیق سابیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ناوی چەند شارێک، کە هەریەکێک لەم شارانە، خاوەنی زۆرترین قوربانیدانن لە خەباتی نەتەوایەتیدا، ئەو ستەم نادادییەی کە بەرانبەر گەلی کورد کراوە دەخاتەڕوو.

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

فریشتەکەم!

لە برینی تینووی خوێنی تۆڵەتدا

دەستی خوێناوی سەدەها مێروەسواری

وەک (نارامسین) وەکو (هۆلاکۆ) دەبینم

سەدانی وەک باوکی (ئاوێستا)ش دەبینم

هاوار دەکات:

بۆ منتان کوشت؟

بۆچی شمشێری ژەنگاویی بێگانەتان

بە خوێنم شوشت؟

بۆ منتان کوشت؟ بۆ منتان کوشت؟(سابیر،٢٠١٤، ٨٥٥ ،).

لێرەدا ڕەفیق سابیر لەڕێگەی هەردوو ڕەمزی (نارامسین و هۆلاکۆ)، کە ڕەمزن بۆ زوڵم و ستەم داگیرکاری باسی ئەو مەینەتی نەهامەتیانە دەکات، کە گەلی کوردستان بەسەریدا هاتووە، هەروەها باسکردنی (ئاوێستا)، ڕەمزێکە بۆ مەزلومێت و هەماهەنگی داگیرکەران لە لایەن بەشێک لە خۆمان.

کەواتە دەتوانین بڵێین لە شیعری نەتەوەییدا گرنگی زیاتر بە ناوەڕۆک دەدرێت، بەو ئەندازەیەش لایەنی فۆرمی شیعرەکە بە بەراورد بە شیعری نیشتمانی لاوازتر دەردەکەوێت.

**٢/٣-١-پ) ئایدیۆلۆژیای سیاسی:**

لەم جۆرە لە ئایدیۆلۆژیادا، کە ئایدیۆلۆژیای سیاسییە جۆرێک لە وشە و زاراوە دێنێتەکایەوە، بە بەراورد بە جۆرەکانی  دیکەی ئایدیۆلۆژیا وشە و زاراوەی سوا و باو و سارد و سڕن، هەروەها لەڕووی واتاشەوە سادە و ساکارن، هەندێجاریش پێچەوانەی بیر و باوەڕ و تێڕوانینەکانی پێشوتری شاعیر دەبێتەوە.

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعرێکدا دەڵێت:

نیشتیمان درۆو دەلەسەی سیاسییەکانە...

نیشتیمان گوڵە بەڕۆژەی پیاسەی ئێوارانی

لای سەهۆڵەکەی و شەقامی مووزەفەرییەی

کچە برژوازییەکانە...

نیشتیمان شەترەنجی پاشا شێتەکانە...

مرۆڤی عاشق... شتێکی نییە ناوی نشتمان بێ...

من بە منداڵی نشتمانەکەیان

وەکو بووکە شووشەیەک لێ دزیم
(نازانم لێیان دزیم... یا لە پەنجەرەی شەمەندەفەرێکەوە
لەدەستم کەوتە خوارەوە)
لە بڕی نشتمان لە دڵی کچێکدا گۆڕێکی بچکۆڵەم
بۆ خۆم هەڵبژارد... (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٢٢٨).

لەم شیعرەدا شاعیر ئەو نیشتمانەی، کە پێشر گیانی لە پێناو خاک و دار و بەردی دەبەخشێت، بە درۆ و دەلەسەی سیاسییەکانی دەزانێت، واتە شاعیر بە هۆی هەڵەی سیاسییەکانەوە لە نیشتمان بێزارە، واتە شیعرەکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە پەیامێکی سیاسی هەڵگرتووە، بەهۆکاری پەیامە سیاسییەکەی شاعیر شەش جار وشەی (نیشتمان) دووبارە کردووەتەوە، وشەکانی وەک (درۆو دەلەسە، سیاسییەکان، شێتەکان، شەترەنج، لێیان دزیم...،) هاتوون، کە زیاتر بۆ گەیاندنی پەیامەکەیەتی و لایەنی فۆرمی شیعرەکەی گرنگی پێنەدراوە.

هەروەها لە شیعرێکدا بە ناوی (نیشتمان) دەڵێت:
نیشتمان لەشەڕی براکوژی بێزاربووە
دەیەوێ بڕوا بۆ هەندەران
(ئەمە شیعرە، ڕاپۆرتە هەواڵی ئاژانسی دەنگ و باسی هیچ وڵاتێک نیە)
دوێنێ بەچاوی خۆم دیم
پارەی دەکرد بە دۆلار
بەڵام دەیوت: نازانم کێ
ئەم جانتا زل زلانەم بۆ هەڵبگرێ
کەناویان ناوە: دارستان و چیاو ڕووبار...( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٩٢٧).

هەروەها لەم شیعرەیشدا شاعیر لە سیاسییەکان بێزارە، بەهۆی شەڕی براکوژییەوە نیشتمانیش لێیانبێزارە، بۆیە تەواوی نیشتمان دەیەوێت سەفەر بکات.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری ( ماچەکانی بەهاری ١٩٩١)دا دەڵێت:
ساڵەهای ساڵ
لە زیندانێکی تاردا بووین
شەشدەری قوڕقوشم و پۆڵا
هەڵایەک بووین دەچووین بە گژ ڕەشەبادا
جۆگەیەک بووین
هەڵدەشاخاین بە دەریادا

لێرەدا وشە و دەستەواژەکانی وەک: (ساڵەهای ساڵ، زیندان، قوڕقوشم و پۆڵا، هەڵایەک، بەگژ، ڕەشەبا، هەڵدەشاخاین)، لەو وشەو دەستەواژانەن کە جۆری ئایدیۆلۆژیاکە خواستوونی، جگە لە سادە و ساکاری وشەکانیش وشە و دەستەواژەی کەم ئاواز و بێ ئاهەنگن، هەروەها لەڕووی

واتاشەوە کاریگەریی جۆری ئایدیۆلۆژیاکە بە ڕوونی دیارە، کە جۆرێک لە خۆ بچوکردنەوە و خۆ بەکەمزانینی و هیچ لەباردانەبوونی وەک نەتەوە تێدا بەدیدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە گەورە زانینی بەرانبەر و دوژمنەکانی تێدا بەدیدەکرێت.

لە کۆپلەیەکی  دیکەی  هەمان شیعردا دەڵێت:

لە پڕ زیندان کونی تێبوو

دیوار قەڵشی

سەوزەڵانێک چەکەرەی کرد لە بن پێدا

دنیا بۆمان گوێچکەی هەڵخست

ئێمەش... بە ماچ...

پڕ بە دنیا جرتمان لێدا

دیسان لەم بەشەی شیعرەکەیشدا شاعیر بۆ گەیاندنی پەیامە توند و ڕەخنە سیاسییەکەی پەنا بۆ چەند وشە و دەستەواژەی سادە و بێ ئاواز و تەنانەت (تابۆ)ش دەبات، هەروەها لەڕووی واتاشەوە سەیرکردنی ئەو ئەزموون و ڕاپەڕینە بە ڕێککەوت زانین، لەپڕ ڕودانی و نەخوێندنەوەی هەوڵ و کۆشش و لە بەرچاونەگرتنی قوربانییەکان لەو پێناوەدا دەبینرێت.

هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) لە کۆمەڵەشیعری (براکوژی)دا دەڵێت:

ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە

بۆیە من بۆتان دێمە گۆ

بە زمانێکی یەکجار سادە

پێتان دەڵێم

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ

زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!

کە براکوژێک دەبینم

باوەڕکەن، ڕشانەوەم دێ

تا بەیانی هەدا نادەم

دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم

سەد قۆناغیش دوور کەومەوە

بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم

بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم. (پەشێو ٢٠١٤، ٤٥٦).

کاتێک ئایدیۆلۆژیاکە دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی تەواو سیاسی و حیزبی ڕاستەوخۆ بەرانبەر زمان و شیعرییەتی شیعرەکە کاریگەریی پێچەوانە دروستدەکات، بەئەندازەی سیاسەتکردن و حیزبی بوون، لە زمانی شیعریی دووردەکەوێتەوە.

هەربۆیە شاعیر لەسەر ئەم دیوانەی کە بەناوی (براکوژی) ناو نراوە، لە چەند پەیڤێکدا لەسەر شیعرەکانی ناو ئەم دیوانە دەڵێت: ((ئەوەی بەردەستت پێش ئەوەی شیعر بێت هەڵوێستە))، (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٣٠). هەروەها لەناو شیعرەکەدا شاعیر دووپاتیدەکاتەوە، کە ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە، ئەم ئەرکە بە زمانی شیعری دەرنابڕدرێت، بۆیە دەڵێت بەزمانێکی سادە دیمەگۆ، بۆیە ئەم هەڵوێستە سیاسییە توندەی لەڕێگەی وشەکانی (زۆڵ، تەرەس، گەواد، ڕشانەوە، لاک، ماکەری تۆپیو)، دەردەبڕێت.

(عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (لە ڕوخساری شیعر گەڕین)دا دەڵێت:

کاتێ هەستام، چ ببینم؟ تەراتێنە!
تەراتێنی گۆڕهەڵکەنە و کەمتیاری کوردا!
نەکرمم بچمە ژێر زەوی،
نە باڵدارم بچمە ئاسمان،
ئەدی چیبکەم، کردگاری کورد؟
دەکشێمەوە- تەوری تکریت چاوەڕێمە،
دەڕۆمە پێش- ڕەببانی و حیککمەتیاری کورد. (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٧٧).

لەم شیعرەدا ئەگەر لە ناونیشانی دەقەکەوە سەیرکەین، شاعیر دەزانێت، کە ئەوەی مەبەستییەتی بیلێت، لەهەمانکاتدا ناتوانێت دەستبەرداری فۆرمە هونەرییەکەی نەبێت، هەربۆیە ناونیشانەکە (لە ڕوخساری شیعر گەڕێن)ە، گرنگی بە گەیاندنی مەبەست و بیرەکەی دەدات، کە بیرێکی نەتەوەییە لە ڕووی فۆرمیشەوە بەتایبەتی زمانی دەقەکە، ناچاری هێنانی چەند وشەیەکی وەک: (گۆڕهەڵکەن، کەمیار، تکریت، ڕەببانی، حیکمەتیار...).

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (ڕێگاکان ناپاکترین دەلیلن)دا دەڵێت:

لە ڕۆژهەڵاتێکی وێرانە کە بە زەبری ئەسپێرین
نزا
هیرۆیین
ئایدۆلۆجیا و
بە زەبری خۆکوشتن ڕاگیراوە.
منی سیما ڕۆژهەڵاتیش گومان بکەم: لە بوون
لە خۆم
لە خودا و
لە داهاتووی بێ داهاتووم.
دەزانم من خەمبارترین شەهیدم و
ڕێگاکانیش ناپاکترین دەلیل،
ڕێگاکان نامبەنەوە بۆ ساتی
هەڵبوونی جەستە و گیان
تا بۆ چەندەمین جار بە گوێی یەکتریدا بچرپێنین:

{خوایە گیان!
خوایە گیان!
بۆ بە تەنیا بە جێت هێشتم!}. (سابیر، ٢٠١٤، ٣٨٣).

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا ڕەخنە لەو سیاسەتە دەگرێت، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیڕەو دەکرێت، کە هیچ یاسا و ڕێسا و بناغەیەکی مرۆڤدۆستانەی نییە، کە دەرمان و نزا و ئایدیۆلۆژیا ڕایگرتووە، ئێمە وەک گەلی کورد لەم ناوچەیەدا خۆمان بە نامۆ دەزانین و ڕابردوومان پڕە لە کارەسات و لە ئێستاش ڕازی نین و گومان لە داهاتووشمان دەکەین، کەواتە شیعرەکە پەیامێکی سیاسی هەڵگرتووە، لە ڕووی فۆرمیشەو وشەکانی ( ئەسپێرین، نزا، هیرۆیین، ئایدیۆلۆژیا، ....) بەکارهێناوە، کە بە شیعرەکە و لەڕووی ڕیتم مۆسیقاوە دیارە.

**٢/٣-١-ت) ئایدیۆلۆژیای ئایینی:**

ئایدیۆلۆژیای ئایینی جۆرێکە لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا، ئەمجۆرەش بەسەر چەند جۆردا دابەش دەبێت، سەرەکیترینیان بابەتی تەسەوف و بابەتی ستایش و پیەهەڵدانە، کە جۆری دووەمیان، وەک هەر جۆرێکی  دیکەی ئایدیۆلۆژیا لە سادەیی و بەکارهێنانی وشەی باودا هاوبەشن، بەڵام ئەو شیعرانەی کە بابەتی تەسەوفن، بە هۆی ئەوەی کە زیاتر قوڵبوونەوەی گیانی و دەروونییە، ئەمەش هۆکارە بۆ هەبوونی خەیاڵی فراوان، لێرەشەوە جۆرێک لە وشە و دەستەواژە و زاراوەی ناباو دێنێتە کایەوە و جۆرێک لە یاخیبونیش خۆی نمایشدەکات.

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (چەند مەشقێکی دەروونیی بە وشە)دا لە بەرانبەر هەندێک دیاردەدا یاخیدەبێت، سەرەتا لە ناونیشانەکەوە دەستپێبکەین، چونکە ناونیشان لە شیعردا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ڕەگەزێکی بنچینەییە و بە فەرامۆشکردنی ناتەواوی دەخاتە بۆتەی دەقەکەوە، بایەخی ناونیشان لای (گۆڵدمان) وەکو ((چراخانی دەقە)). (لەتیف، ١٣٩٩، ١٧).

کەواتە بە سەرنجدانی ناونیشانەکە دەتوانین دیوی قوڵی دەقەکە ببینین، کە ئەویش سەرەتا لە وشەی (مەشق)، دوایش وشەی (دەروون)، کە ئاماژەیە بۆ ڕاهێنانی دەروون و پاکردنەوەی لە چەقبەستووی و خۆ دووبارەکردنەوە، کەرەستەی مەشق و ڕاهێنانەکەش بە (وشە) دەکات، کە هەرچەندە شیعرەکە بەهۆی هەبوونی خەیاڵی فراوانەوە زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت، بەڵام ناونیشانی دەقەکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خەیاڵ و ڕاونینی خوێنەر بۆ ئاڕاستەیەکی گونجاو ئاڕاستە بکات، تیشک و ڕوناکی بخاتە سەر تەواوی دەقەکە، هەرکات جۆرێک لە ئاستەنگ و سەرلێشێواوی ڕوویکردە خوێنەر بە گەڕانەوە بۆ ناونیشانی دەقەکە ڕووندەبێتەوە.

ڕۆژەکانی هەفتە
لە دووبارەکردنەوەی خۆیان
بێزاربوون. ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٧).

جیاواز لە هەر جۆرێکی  دیکەی ئایدیۆلۆژیا، ئەم جۆرە دەرفەتی باش و زمینەی گونجاوی هەیە، بۆ بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ناباو و سودبینین لە وشە و زاراوەی ئایینی، بەتایبەتی لە بواری تەسەوفدا، بەڵام شاعیر لەم شیعرەدا زیاتر وشەی سادەی بەکارهێناوە، هەرچەندە وشەکان

هەڵگری بیرباوەڕ و تێگەیشتنی ئایینین، بەڵام لەناو کۆمەڵگای موسڵماندا ناسراو ئاساین، شاعیر سیفەتی مرۆڤی بە ڕۆژەکانی هەفتە بەخشیوە، لێرەشەوە هۆکاری ناڕازیبوونی شاعیر دەردەکەوێت.

هەینی بڕیاری داوە

مۆڵەت لە مزگەوتەکان وەربگرێ و

ئەمساڵ بچێ

بۆ حەجی پیرۆز

جا ئیتر نازانم ئەم ماوەیە

چۆن نوێژی هەینی بکەین.... ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٧).

هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە بەهۆی وشەکانی (هەینی، مزگەوت، حەجی پیرۆز، نوێژی هەینی)، سەرچاوەی ناڕەزایی شاعیر و دواجار یاخیبوونی ئاشکرا دەبێت، کە ئەم پەرستش و نزایانە بونەتە ڕۆتین و لە لایەنی دەروونی گیانی خاڵیبوونەتەوە، هیچ بە بکەرەکانیان نابەخشن، ئەمەش تەواو بۆچونێکی سۆفیانەیە، کە جیاواز لە کەسێکی ئاسایی پابەند بەم پەرستشانەوە بۆ لایەنی دەروونی گیانی دەڕوانێت.

هەروەها شەممە

بە پاسپۆرتێکی ساختە

دەڕوا بۆ ئیسرائیل و

لەوێ دەبێ بە پەنابەر... لەوانەشە ببێ بە

بە کتێبفرۆش. ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٧).

دیسان لەم بەشەی شیعرەکەشدا شاعیر ناڕەزایی تا ڕادەی یاخیبوونی خۆی لە یەکێکی دیکە لە ڕۆژەکانی هەفتە بار دەکات و لەوێوە بۆچونی خۆی دەردەبڕێت، ناوهێنانی شەممە، بۆ ئیسرائیل سەفەرکردنی پەیوەندی بەو تێگەشتنە باوەی موسڵمانانەوە هەیە، کە شەممە ڕۆژی جولەکەکانە، ئەمەش ئەو تێگەیشتنەیە، کە شاعیر لێی یاخیدەبێت، چونکە لە تێگەیشتنی قوڵی سۆفیگەریدا نەک ڕۆژەکان تەنانەت دینەکانیش یەک سەرچاوەیان هەیە، ئەم ماڵ جیاییە هۆکاری قوڵ نەبوونەوە و بەکارهێنانی ئاینە وەک ئامڕاز لە ململانییە مادییەکاندا، تەنها لە ڕوکەش و ڕواڵەتەوە سەیری ئاین دەکەن و پابەندی دەبن.

یەک شەممە بڕیاری داوە

بە پێ بچێ بۆ فاتیکان و لەگەڵ پاپادا

چارەسەرێک بۆ کێشەی نێوانی موسڵمان و

مەسیحییەکان.. بدۆزێتەوە. ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٧).

لێرەشدا تێگەیشتنەکە تێگەیشتنێکی دینییە، لەو ڕوانگەیەوە سەیری ڕۆژی یەکشەممە دەکرێت، کە ڕۆژی یەکشەممە ڕۆژێکی پیرۆز و تایبەتە بە مەسیحییەکانەوە، بەکارهێنانی وشەکانی وەک (فاتیکان، پاپا، موسڵمان، مەسیحی)، لەو وشانەن، کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

دوو شەممەش سواری پاسکیلێک بووەو
بەرەو ئوستralیا دەڕواو لەوێ دەبێ
بە ئەندامی پەرلەمان و
ڕاوە کەنغەر دەکات. ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٨).

دیسان شاعیر خاسیەتی مرۆڤ بە دووشەممە دەبەخشێت، بەوەی کە بە سواری پاسکیل بۆ ئوستralیا سەفەر دەکات، ئەو مرۆڤەش مرۆڤی وڵات و کلتوری ئێمەیە، ئەم سەفەرەش جۆرێکە لە نیشتیمان دوورکەوتنەوە، سەبارەت بە پیشەی ئەندام پەرلەمان و دیارکردنی کارێک بۆی وەک ڕاوە کەنغەر، لێرەدا یاخیبوونە بۆ پیشەی ئەندام پەرلەمانی و بەگژداچوونەوەیەتی.

سێ شەممە عاشقی یاری تۆپی پێ بووەو
دەچێ بۆ مەکسیک
دەبێ بە گۆڵچی
چوار شەممە دەمانچەیەکی لە (کەلار) کڕیووەو
دەڵێ دەبم بە چەتەی فیلمی کاوبۆو
لە سەهۆڵبەندانی ئەسکیمۆدا ڕاوە کەرکەدەن دەکەم...
پێنج شەممەش خۆی مینرێژ کردووەو
دەڵێ ئەگەر پەرلەمان نەمکات
بە پشووی فەرمی
خۆم دەتەقێنمەوە... ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٣١٨).

بێجگە لە ڕۆژەکانی هەینی و شەممە و یەکشەممە، کە شاعیر خاسیەتی مرۆڤیان پێدەبەخشێت و لەو ڕێگەیەوە یاخیدەبێت لەو ئەرک و ڕوانینەی کە خەڵکی ئاسایی پێدەسپێرن و لێدەڕوانن، بەڵام لە ڕۆژەکانی (دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە)دا شاعیر دوای ئەوەی کە خاسیەتی مرۆڤ بە ڕۆژەکان دەبەخشێت، لەو ڕێگەیەوە لە چەند باوەڕ و تێڕوانینێکی دیکەی یاخی دەبێت، کە ئەوانیش، سەیرکردنی بەرپرسیارێتی وەک دەستکەوت، خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، کلتوری تەمبەڵی و حازرخۆرییە.

هەروەها لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

ئەی خوایەگیان
دانی پیادەنێم لە ئەنجامدا
تۆم لە ئاوێنەی
گوناهەکانی فەروغی فەرغزاددا
دۆزییەوە
نەک لەسەر بەرماڵەکەی
ڕابیعەی عەدەوییە.

ئەوەی بەشەپۆلی گوناه
دەستنوێژی هەینی عەشق
نەشوا
خوا لە ئاوێنەی دڵی خۆیدا
نادۆزێتەوە
ئەی گوناه
ئەی ڕێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵداران و دەروێشان و شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٣٠١).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا وێنەیەکی جیاوازتر لەو وێنە باوەی کە بۆ دینداری هەیە نیشاندەدات، ئەو بۆچونە پێچەوانە دەکاتەوە، کە باوە و پێیانوایە، کە مرۆڤ بە گوناهکردن لە خوا دووردەکەوێتەوە، لەم شیعرانەدا (لەتیف هەڵمەت) خەیاڵێکی فراوانی پێشکەشکردووە، هەر ئەم خەیاڵەش لایەنێکی بەهێزی شیعرەکەیە.

یاخود دەڵێت:

ئەی سۆفییانی بەڕۆژوو
بۆچی دەمرن..
خۆ هێشتا زۆر ماچ ماوە
ڕۆژووی پێبشکێنن..
خۆ هێشتا زۆر گوناه ماوە
لە خەڵوەتگاکاندا دەستەمۆی کەن و
دەستنوێژی پێبشۆن. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٣٠٤).

شاعیر لەم شیعرەدا پێچەوانەی بۆچوون و تێگەیشتنی زۆرینەی مرۆڤەکان لە ئاینەکەیان دەوەستێتەوە، ئەم پێیوایە ئەو گوناه کردنە فێری خواناسینی زیاتر و باشترمان دەکات، وەک لە فەرمودەیەکیدا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت (كل بنى آدم خطاء وخير الخطائين التوابون).

یاخود لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی ( بارودۆخ)دا دەڵێت:

من سۆفییەکی سەرخۆشم
کە حاڵی عەشق دەمگرێ
جلەکانم دەسووتێت و
خۆم بە گەڵاو گوڵی گوناح دادەپۆشم..( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٣١).

هەروەها لە شیعری (ڕێگاکان)دا دەڵێت:

ڕێگەی مەیخانە لەکوێ یە

له سۆفییەک بپرسن؟
ڕێگای خانەقا لە کوێیە
لەبەد کەسێک بپرسن
ڕێگای نیشتیمان لە کوێیە
لە ناپاکێک بپرسن
ڕێگای هەندەران لەکوێیە!
ئیتر پرسیار قەدەغەیە بێدەنگ بن..( هەڵمەت، ٢٠١٤ ، ٨٣٢ ).

لە شیعری (عەشقێکی کلاسیکی لە سەردەمی هیپپیزمدا) دەڵێت:
من دەرویێشیم نەکردووە
من خواناسێکی سەرەڕۆم
ڕۆژی شەیدای ڕاستیم و
ڕۆژی وێڵی دوای درۆم. (هەڵمەت، ١٣١٦،٢٠١٤).

شاعیر لەم شیعرانەدا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە تێگەیشتنی باو یاخیدەبێت و دژی دەوەستێتەوە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکان ناوەڕۆکێکی تەسەوف و عیرفانی و خەیاڵێکی فراوانی هەیە، ئەمیش لەڕووی فۆرمەوە بەتایبەتی زمانەوە کاریگەر دەبێت.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (مێدیتاسیۆن)دا دەڵێت:
من سەفەرم لە وەستاندا
درەوشانەوەی هەقیقەتم لە گوماندا.
من پشتم کردۆتە سەردەمی لێکدابڕانی
جەستە و گیان
ڕێگای خۆم وەک خاچەکەم هەڵگرتووە
پشتم کردۆتە هەرێمێک کە بێباکانە
زەمانی خۆی دەدۆڕێنێت
دوانەهاتن نیازمە و
سێبەرەکەم بە سەر شتەکاندا ڕاخستووە.
من کۆژانەوەم هەڵبوونە
زایەڵەیە بێدەنگیم
بوونم جەوهەری بوونە
من پارسەنگی شتەکانم بە هارمۆنیای ڕۆح ڕاگرتووە.

لەم شیعرەدا (ڕەفیق سابیر) ئەزمونێکی گیانی و دەروونی لە گەڕان بەدوای بوونی خۆیدا تاقیدەکاتەوە، واتە دەقەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری بیرێکە، کە لە بابەتی تەسەوف و عیرفان

نزیکدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەخشینی فۆرمێک، کە بە زمانی سادە بەڵام هەڵگری چەندین دوالیزمی لێکدژیی لە دەقەکەدا، ئەمیش جوانییەک بە دەقەکە دەبەخشێت.

**٢/٣-١-ج) ئایدیۆلۆژیای حیزبی:**

لە شیعرێکدا کە ڕواڵەتێکی سیاسی ئایدیۆلۆژی بەسەردا زاڵە، بەتایبەتیش ئایدیۆلۆژیای حیزبی، ئەو پەیامەی کە شاعیر دەیەوێت بگەیەنێت، پەیامی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتە، هەریەک لەم ئایدیۆلۆژیا تایبەتانە لەلایەک گەورەترە و سنوری نەتەوەیەک و گەل و نیشتمانێک دەبەزێنێت، لەلایەکی ترەوە نابێتە خەمی هەموو نەتەوەیەک و تەواوی گەل و سنوری نیشتمانێک ناگرێتەوە، هەروەها گرفتێکی دیکەی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیا لەڕووی زەمەنەوەیە، کە ناتوانن لەڕووی کات و سەردەمەوە بەردەوامیان هەبێت و بەسەردەچن، یان لانی کەم ئەو هێز و تەوژمەی سەرەتایان نامێنێت. هۆکاری ئەم لایەنەش زیادەڕوی کردنە لە وەسفی فیکر و بیر و بۆچونێکی تایبەت، یان کەس و کەسایەتیەک تاڕادەی پیرۆزکردنی.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (پشکۆکان دەگەشێنەوە)دا دەڵێت:

هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت
هەر دەژیت و هەر دەژیت و دەژیتەوە
خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ
جارێکی کەیش
سەد جاری کەیش
بەسەر ڕێگای سەربڕیندا دەچیتەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٨٠٧ ).

لەو کۆپلەی سەرەوەدا شاعیر نەمری بە ئایدیایەکی دەبەخشێت و مانەوەی بە خاک و خۆشەویست و هەتاوەوە گرێدەدات، بۆیە زیادەڕەوی دەکات و لە دێڕی دووەمدا وشەکانی (هەر دەژیت و هەر دەژیت و دەژیتەوە) بەکاردەهێنێت، لە دێڕی دواتردا باس لە هەڵگرتنی خەمە چینایەتییەکان دەکات و دیسان زیادەڕەوی تێدا دەکات و وشەکانی ( جارێکی کەیش، سەد جاریکەیش)، بەکاردەهێنێت.

تۆڵە... تۆڵەی
هەزار ساڵەی
چەوساوەکان لە سەرکردەی
سوپای شەوەزەنگ دەستێنێت؟
کەی بورکانی ژێر کەلەپچە
لەدڵتاندا سەر دەردێنێت؟
شورەی بەرزی تەلارەکان دەرووخێنێت
نەورۆزێکی ڕاست و ڕەوان
بۆ کوردستان بە دەست دێنێت. (سابیر، ٢٠١٤، ٨٦ ٤).

یاخود دەڵێت:

نووسیم ناوی

ئەو بڕوایەی وەکو خۆری بەربەیانە

کڵپەی زامی پڕ شاڵاوی

نەوا دەروونی چەوساوانە

تاکە چەکی ئازادبوونی کوردستانە. (سابیر، ٢٠١٤،٨٧٠).

لەم شیعرانەی (ڕەفیق سابیر)دا، ڕواڵەتێکی سیاسی ئایدیۆلۆژیان پێوەدیارە، ئەمەش بە ئەندازەی باڵادەستی ئایدیۆلۆژیاکە کاریگەریی لە شیعرییەتی شیعرەکە دەکات، چونکە بەکارهێنانی دروشم و دەستەواژە و بیر و بۆچونە حیزبی ئایدیۆلۆژیاکانیش پەیوەست بە ڕادەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیاکە.

**٢/٣-١-چ) ئایدیۆلۆژیای مرۆڤدۆستی:**

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (سوورەتی باران و ماتماتیک)دا، دەڵێت:

ئێمە زۆر سەیرین

کاتەکانمان

بە کاتژمێر دەسپێرین

ئێمە زۆر سەیرین

دەریا هاوڕێمانەو

نامەیەکی بۆ نانێرین

ئێمە زۆر سەیرین

هەور دایکمانەو

جارێک هەواڵی ناپرسین. (هەڵمەت،٢٠١٤، ١٤٢٠).

لەم شیعرەدا (لەتیف هەڵمەت) گوزارشت لە کێشەیەکی مرۆیی دەکات، کە ئەویش بەسەرچوونی تەمەنیان و سەرقاڵییان بەجۆرێک کە جوانییەکانی دەوروبەریان چی لە زەوی و چی لە ئاسمان نابینن، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری خەمێکی مرۆڤانەیە، لەڕووی فۆرمیشەوە بە بەکارهێنانی وشەی سادەیە.

## ٣/٣) ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدیۆلۆژی:

سەرەتا بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدیۆلۆژیی لە ڕووی ئیستاتیکییەوە، بە پێویستی دەزانین هەڵوێستەیەک لەسەر پێوەر و بەها ئیستاتیکییەکان بکەین، پێوەر و بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێن، چونکە پێویستیی و ئارەزوو و دنیابینی مرۆڤەکان گۆڕانیان بەسەردادێت. "ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییە بۆ زانستێک بەکاردەهێنریت، کە لە مەرجەکانی جوانی و پێوانەکانی لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بە شوێنەوارە هونەرییەکانەوە، هەروەها لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە

دەکۆڵێتەوە". (مستەفا، ٢٠٠٩، ٢٠). کەواتە ئیستاتیکا گرنگی بە کاری هونەری لە ناوخۆیدا و ئەو پەیوەندییەیشی بە ژینگەی دەرەوە هەیە دەدات.

دەربارەی وشەی ئیستاتیکا (Aesthetic ) "بۆ یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی (ئەلیکساندەر بۆمگارتنAlexander Baumgarten) (١٧١٤-١٧٦٢) لە ساڵی (١٧٣٥) لە کتێبی (Aesthetic)دا بەکارهاتووە". (حسێن، ٢٠٠٨، ١٧). "ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان و لە وشەی (ئیسیزیس Aisthesis) وەرگیراوە، ئەم وشەیە بە چەند واتایەک لێکدراوەتەوە، لەوانە: (هەستکردن یاخود تیۆری هەستکردن، یان هەستکردنی ویژدانی، یاخود زانینی هەستی زانین بەهۆی هەستەوە)، کە زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان ئەم واتایەی دوایی پەسەند دەکەن". (مستەفا، ٢٠٠٩، ٢١).

ئەوەی کە لەم تەوەرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە بەهای ئیستاتیکییە، کە ڕۆڵێکی گرنگ و چالاکی لە شیعردا هەیە، هەروەها کاتێک ئێمە باسی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعردا دەکەین، پێویستە بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر بخەینەڕوو، چونکە بە ئەندازەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیاکە بەها ئیستاتیکییەکانیش پاشەکشەدەکەن، هەربۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین گرنگترین بەها ئیستاتیکییەکانی شیعری بخەینەڕوو کە بریتین لە:

١. مۆسیقای شیعریی
٢. زمانی شیعریی
٣. ڕەمز
٤. وێنەی شیعریی

**١-٣/٣) مۆسیقای شیعریی:**

مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر، "مۆسیقای شیعر هەر شتێکە لە شیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێت و خاوەن کاریگەریی ئیستاتیکی یان گوزارشتی بێت". (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٠٧).

لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا لە جیاتی ئەو مۆسیقایەی بە هۆی کێشی عەرووزی، یان کێشی پەنجەیی یەکسان لە هەموو لەتە دێڕەکاندا و سەروای یەکگرتوو و جووت سەروا لە شیعری کلاسیکی و کۆندا بەدیدەهات، گرنگییان خستۆتە سەر مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە.

"هەموو دەقێکی شیعری تەواو، ڕیتمێکی ناوەوەی تایبەت بە خۆی هەیە، گەڕان بە دوای ئەم ڕیتمەدا، تێگەیشتن و هەستکردن بە ئیستاتیکای دەقەکە قووڵدەکاتەوە، مەبەستیش لە مۆسیقای ناوەوە هەستکردنە بە ئیستاتیکای زمان و بەهای دەنگیی و ڕۆنانی، بەڵکو لە ڕێگەی چەند دیاردە و بنەما و تەکنیکێکی تایبەتییەوە دێتە کایەوە". (حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨ ).

هەر بۆیەش ئەو شاعیرانەی لە سنوری کارەکەی ئێمەدان دەکەونە ناو ئەدەبی هاوچەرخەوە، لەبەرئەوە تەنها ئاماژە بە بنیاتی مۆسیقای ناوەوە دەکەین.

**٣/٣-١-١) مۆسیقای ناوەوەی شیعر:**

مۆسیقای ناوەوەی شیعر، کە ڕیتمی شیعر پێکدەهێنێت لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە...، "مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعر و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات و بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێکجار لە مۆسیقای دەرەوە کاریگەرترە". (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٣٠).

ئەگەر بنەماکانی مۆسیقای دەرەکی گشتی بن و زۆربەی شاعیران پێڕەویان بکەن، "ئەوا بنەماکانی بنیاتی مۆسیقای ناوەوە دیاریکراو نین، هەر شاعیرێک بە سەربەستی بەکاریان دێنێت، تا ڕادەیەکی زۆریش تایبەتییەتی و شێوازی شاعیرێکی پێجیادەکرێتەوە". (حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨).

کەواتە بنەمای مۆسیقای ناوەوەی شیعر پشت بە بەهای دەنگی و ڕۆنانی دەبەستێت، ئەمەش بە چەند شێوازێک دروست دەبێت، لەوانە: (لادان، دووبارەکردنەوە، دوالیزمی دژیەک، هاوواتایی...)، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەدا (دووبارەکردنەوە، دوالیزمی دژیەک) وەردەگرین، کە زیاتر لە شیعری ئایدیۆلۆژیادا بەپێی جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا کەمی و زۆری و گرنگی پێدانیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

١. دوالیزمی دژیەک.
٢. دووبارەکردنەوە.

**٣/٣-١-١-أ) دوالیزمی دژیەک:**

بەگشتی (دوالیزمی دژیەک) ڕەوشی چۆنێتی لێکۆڵینەوەی (سۆسێر)ە لە زمان، سەرەتا لە پێناسەی زماندا پێیوایە، کە "سیستێمکی هێماییە، هێماکان یەکتر تەواو دەکەن و ڕووندەکەنەوە، بەها لە یەکتر وەردەگرن، پەیوەندی نێوان ( هێما) و (واتا)کەی ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتییە، یەکتری تەواو دەکەن واتە واتا و ڕۆڵ بۆ یەکتری تەواو دەکەن، لە کۆتایدا دەڵێت: بەها لە یەکتر وەردەگرن، واتە کاتێک دەڵێن ( چاک)، بۆ ئەوەیە جیایبکەینەوە لە ( خراپ)، یاخود ( ڕەش ) بۆ ئەوەیە جیایبکەینەوە لە (سپی) و ڕەنگەکانی دیکە، کە ئەمەش هەمان دوالیزمی دژیەکە، واتە هێنانی وشەیەکە بۆ جیاکردنەوەی لە بەرانبەرەکەی، یاخود دژەکەی". ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ١٢١ ).

دوالیزمی دژیەک، سیستمێکی زمانەوانی و فیکرییە، زادەی دژیەک بوونە بە شێوەیەکی تیۆری و ئامانج لێی دەرخستن و ڕونکردنەوەی دژیەکێکە بەرانبەر دژەکەی. ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٤ ).

بەیانیان سۆفییەکی نورانییە
ئێوارانیش جلی ( بارق ) و ( حەجاج) ی
لەبەردایە ( بێکەس، ٢٠١١، ١٥٩).

"لێرەدا هەردوو وشەی (بەیانیان) و ( ئێواران)، بەهەردووکیان دوالیزمی زەمەنی ناو دەقەکە پێکدەهێنن، کە ئەمەش زیاتر لە پرەنسیپەکانی میتۆدی بونیادگەرییەوە نزیکە، نەک میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، چونکە پرەنسیپەکانی ئەمان بەزۆری خۆیان لە دوالیزم بە دوور دەگرن، وشەکانی ( سۆفییەکی نورانی) بەرانبەر ( بارق) و ( حەلاج)، هاودژیی و ناتەبایی دروستکردووە، نەک ڕێککەوتن". (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٥٧).

دەخیل بیم وە نوتق خەمان لاڵ کەردەم
لالام جە خەیاڵ خەم غارەت بەردەم. (مەولەوی، ٢٠٠٤، ٢٣٥)

لێرەدا ( نوتق): واتە دەنگ و قسەکردن، کە لەجیاتی ( زمان) هاتووە وەکو هاوواتایەک و لە هەمانکاتدا (خوازە)ی بەرەڵایە و پەیوەندییەکی لازم و مەلزومی یەکترییە، (مەولەوی) دەڵێت: ((کە نامەکەت هات دەسەوداوینی (زمان)م بووم، کە خەم لاڵی کردبوو، هەروەها لالامەوە لە خەیاڵم، کە خەم بە تالان بردبووی، کەواتە لێرەدا (نوتق) بە واتای دەنگلێهاتن، کە خوازەیە و لەبری (زمان) هاتووە، دوالیزمی دژیەک دروست دەکات لەگەڵ ( لاڵبون)، بە هێنانەدی وشە بنەڕەتییەکە، کە ( زمان) لابردنی ( نوتق) کە دژی ( لاڵ)یە، دژیەک بوونەکە نامایێنێت)). ( عەبدلڕەحمان، ٢٠١٤، ١٦١).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەمە نەفرەتی گومانە یان یەقین؟
کە وێنەی لێڵ و سەرەوخواری خۆم
ڕواڵەتی بوونمە
کە بیرچوونەوە ڕووناکترین هەقیقەتە
هۆشیارییش: ئەفسانە. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨٨ ).

لێرەدا وشەکانی (گومان، یەقین)، (بیرچوونەوە، هۆشیاری)، دوالیزمی دژیەکن، (گومان) لە ئایندای تەسەوفدا چاکترین ئامرازە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت، یان بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستییە ڕواڵەتییەکان ئاشکرا بکرێن، هەرچەندە لەڕواڵەتدا دوالیزمی دژیەکن، بەڵام هاتنیان پێکەوە تەواوکارییە، گومان ڕێگە ڕاستەکەی گەیشتن بە یەقینە، (بیرچوونەوە)یش، واتە وازهێنان و لە بیرکردنی ڕواڵەت و گەڕانەوە بۆ ناخ و دەروون، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ خۆدۆزینەوە و ڕۆشنکردنەوەی دەروون و دواجار کەسەکە بە هۆشیارییەکی شایستە بە مرۆڤ دەگات.

هەروەها (لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەی گوناه
ئەی ڕێگا پاکیزەکە
تۆ نەبای
دڵداران و دەروێشان و شاعیران
چۆن خوایان بدۆزیبایەتەوە. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٨٨).

لێرەدا هەردوو وشەی (گوناه، پاکیزە) دوالیزمی دژیەکن، دیسان شاعیر بۆ گەیشتن بە پاکیی و پاکیزەیی (گوناه) بە تاقە ڕێگا دەزانێت، وەک چۆن ئەگەر تاریکی نەبوایە، لەزەتی ڕوناکی هەستی پێنەدەکرا، ئەگەریش (گوناه) نەبوایە چۆن خوامان بدۆزیایەتەوە.

هەروەها لە شیعری (مەیموون)دا دەڵێت:

دارستان چ دڕندەیەکی میهرەبانە
دارستان نەبێ
کێ تابووت
بە مردووەکانمان دەبەخشێت. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨٢٨).

لەم شیعرەدا (میهرەبانی، دڕەندەیی) دوالیزمی دژیەکن، لە ڕووڵەتدا هەر کردارێک میهرەبانی تێدابوو، ئەوا دڕندانە نییە، بە پێچەوانەیشەوە، بەڵام لێرەدا هۆکاری هاتنی ئەم دوالیزمە دژیەکە پێکەوە، بۆ تێگەیشتن لە مردن دەگەڕێتەوە، کە دوو بۆچوون دەربارەی هەیە، بۆچوونێکیان بە

کارەسات و بۆچونێکیشیان، کە بۆچوونی دینییە، مردن بە ڕزگاربوون لە دنیا کە خراپە، بۆ لای خودا گەڕانەوە بردنەوەیە.

یاخود دەڵێت:

من لەتیف هەڵمەتم
خەو بە جەنگی ئاشتی یەوە دەبینم. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٣٣ ).

لێرەدا کۆکردنەوەی دوو دژیەکی وەک (جەنگ، ئاشتی)، بۆ مرۆڤ لە هەردوو دنیای دەرەوە و ناوەکییدا، (جەنگ)، ئەو مۆتەکەیە کە هیچ کات یەخەی مرۆڤی بەرنەداوە و لە کۆڵی نەبوووەتەوە، بۆیە (ئاشتی) تەنها ئەو ئومێدەیە کە مرۆڤ لە جەنگ ڕزگار بکات، هەربۆیە جەنگ بە هەموو خراپەکانیشیەوە، ئەگەر لە پێناو ئاشتیدا بکرێت ڕەوایە.

هەروەها دەڵێت:

بۆنی خوێن دێ
خوێنێکی سپی... سپی
سپی وەک پشکۆ
منم..منم
لە قوڵایی دەریایەکی وشک و زڕدا
خەریکی ماسی گرتنم. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٠٥ ).

لێرەدا (خوێن، ڕەنگی سپی)، (ڕەنگی سپی، پشکۆ)، لەگەڵ (دەریا، وشک و زڕ)دا دوالیزمی دژیەکن، هەموویان پێکەوە گوزارشت لە بارودۆخێکی خراپ و ناهەموار دەکەن، دواجار دۆخەکە بە دەریایەکی وشکی بێ ئاو دەبینێت، بەڵام ئەمە شاعیر بێ ئومێد ناکات، ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات.

یاخود دەڵێت:

چەمی مەییو توایەوە
باسی زامی دیلێتی خۆی
بۆ کەنار و دارەکانی گێڕایەوە

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت)، لەڕێگەی هەر دوو وشەی (مەییو، توایەوە)، کە دژیەکن دەیەوێت باس لەو ئازارە بکات، کە نەک هەر مرۆڤەکان، بەڵکو تەواوی خاک و ئاو و سروشتیشی گرتۆتەوە.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا دەڵێت:

بەیانی بوو وەک ئیستا
نە هەتاو بوو نە سێبەر
نە بێدەنگی، نە پەیڤین
نە کۆتایی دیاربوو نە سەرەتا. (سابیر، ٢٠١٤، ٥٠٢).

لێرەدا وشەکانی (هەتاو، سێبەر)، (بێدەنگی، پەیڤین)، (کۆتایی، سەرەتا)، دوالیزمی دژیەکن، شاعیر لەڕێگەی ئەم دوالیزمە دژیەکانەوە وەسفی کاتێک لە ڕۆژ دەکات، کە بەیانییە، جۆرێکیش مۆسیقای ناوەکی بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) دەڵێت:

من لە بێداریدا تەنیابوم

وێنەی ئاگرێکی تاریک داگیرسابوم. (سابیر، ٢٠١٤، ٥٠٢).

لێرەدا شاعیر بە لێکدانی هەردوو وشەی (ئاگر، تاریک)، کە لەڕووی واتاوە دژ یەکن و یەکتر ڕەتدەکەنەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ نیشاندانی گەورەیی و بە تینی ئاگرەکەیە، واتە لە بە تینی و جۆش و خرۆشی سوتانیدا ڕەش داگیرساوە و تاریک بووە.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە شیعری (مێدیتاسیۆن)دا دەڵێت:

بەنیازی خۆ ڕووناک کردنەوە بە قووڵایی

تاریکیدا ڕۆدەچووم

لە ناخی بەستەڵەکدا

خۆم گەرم دەکردەوە. (سابیر،٢٠١٤، ٢٢٣).

لەم شیعرەدا وشەکانی (ڕوناکی، تاریکی)، هەروەها (بەستەڵەک، گەرمکردنەوە) دوالیزمی دژیەکن، بەهای ئیستاتیکی شیعرەکە بەرزدەکەنەوە، پاکردنەوەی دەروون بابەتێکی تەسەوفە، هەروەها لە کۆپلەیەکی دیکەدا دەڵێت:

تۆ شتێکت لەگەڵ خۆت هێناوە نە لە بەیان دەچێت

نە لە شێوان،

نە لە بوون دەچێت

نە لە نەبوون.

زەریا کەناری خۆی دەخولقێنێت

تۆیش سەرەتای زەمانی من. (سابیر،٢٠١٤ ،٢٢٦).

لێرەشدا وشەکانی(بەیان، شێوان)، (بوون، نەبوون)، (تۆ، من) دوالیزمی دژیەکن.

(عەبدوڵلا پەشێو) لە کۆمەڵەشیعری (شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم)، لە شیعری (شەو نییە خەو بە چیاوە نەبینم)دا دەڵێت:

بەندییەک تاسەر حوکم درابێ،

سندم لە پێی بێ و کەلەپچە لە دەست،

لە زیندانێکی تەنک ئاخنرابێ.

چەند سوارچاکانە

خەو بە ئەسپی شێ و باوە دەبینێ،

چەند مناڵانە

خەو بە ئەستێرە و گیاوە دەبینێ،

منیش شەو نییە،

وەک ئەو بەندییە،

خەو بە هێزێکی واوە نەبینم

من بۆ چیا ببا... یا چیام بۆ بێنێ. (پەشێو،٢٠١٤، ٤٢٤).

لەم شیعرەدا شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی هەر دوو دەستەواژەی (سوارچاکانە، مناڵانە)وە، کە لە ڕووی واتاییەوە دژیەکن، هەوڵدەدات هەر دوو لایەنی مرۆیی، کە لایەنی شەڕ و ئاشتییە دەرخات،

زاڵبوونی هەر لایەنێک لە شەڕ یان ئاشتی، لە تۆڵەکردنەوە یان لێبوردەیی، پەیوەندی بە ژینگە و ژیانی مرۆڤەوە هەیە.
هەروەها (عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (خۆڕا عەیامێک)دا دەڵێت:
خۆڕا عەیامێک چەنەی خۆم شل کرد!
لەگەڵ تاپۆدا جاڕی جەنگم دا و
تیخی مووکاری زمانم کول کرد. (پەشێو، ٢٠١٤، ٥٠٢).
لێرەدا لە نیوە دێڕی سێیەمدا هەردوو وشەی (مووکار، کول) دوالیزمی دژیەکن، بە هاتنیان پێکەوە شاعیر گوزارشت لە کارێک دەکات، کە پێیوایە باشی نەکردووە و پەشێمانی دەردەبڕێت. هەروەها دەڵێت:
ئێستا حاڵیم!
ئەو گەورانەی لە گەڵیاندا شەڕم جاڕدا
دەیان ساڵە
فیرعەونی مۆمیاکراوی... تابووت زێڕن،
گورگی دووپێی نێزیک و دوور
چواردەستەکی بە شاراندا دەیانگێڕن.
لەم کۆپلەدا لە نیوەدێڕی پێش کۆتایی هەردوو وشەی (نێزیک، دوور) دوالیزمی دژیەکن، مەبەست دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەی خۆمانە.
کەواتە دوالیزمی دژیەک یەکێکە لە بنەما ئیستاتیکییەکان و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە بەخشینی شیعرییەت بە دەقی شیعریی، بەڵام ڕەنگدانەوەیی و هاتنی لەڕووی کەمی و زۆرییەوە بەپێی جۆر و ئاستی شیعرەکە گۆڕانکاریی بەسەردادێت، لە کۆتایی ئەم بابەتەدا ئەوەمان بۆ ڕونبووەتەوە، کە دوالیزمی دژیەک لە ئایدیۆلۆژیای ئایینی و بەتایبەتی لە بابەتی تەسەوف و عیرفاندا لە هەموو جۆرەکانی دیکە زیاتر بوونی هەیە، ئەمەش بۆ دوو حاڵەت دەگەڕێتەوە، یەکەمیان، ئەو گیانی یاخیبوونەیە کە لە عیرفان بەگشتی و ئەدەبیاتی عیرفانیدا بوونی هەیە، بەرانبەر بە ژیان بەگشی و تەرز و جۆرە دینداریییەکی باو و ڕووکەشی، دووەم، بۆ ڕونکردنەوە و دەربازبوونە لە جیهانی پەنهان شاراوەی دەروون و نمایشکردنی بە دنیای دەرەوە و نیشاندانییەتی.
**٣/٣-١-١-ب) دووبارەکردنەوە:**
دووبارەکردنەوە لە شیعری ئایدیۆلۆژیدا زیاتر بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر و جەختکردنە بۆ وشەیەک، گوزارشتێک، ڕستەیەک، هەندێکجاریش بە دووبارەکردنەوەی چەند جارەی کۆپلەیەک، ئەمەش بۆ گەیاندن و جەختکردنەوەیە لەسەر پەیامێک، کە شاعیر دەیەوێت بیگەیەنێت.
"دووبارەکردنەوە لە شیعردا دوو مەبەست دەپێکێت، یەکەم: (چێژبەخشین، کە مەبەستێکی ئیستاتیکی ڕووتە، دووەم، سەرنجراکێشانی خوێنەرە بۆ ئەو (وشە، گوزارشت، ڕستە...)ی دووبارە دەکرێتەوە". (حسێن، ٢٠٠٨، ٢٠٧).
(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:
تۆ کۆمەڵێ بەفری

بەفری ژەنگن

بەفری کرماوی

بەفری گڵاو

تەنانەت دڵیشت

خوا لە بەفر دروستی کردوە

بەفری ڕق و کینە

بەفری بێ خەون

بەفری (ڕەش) ڕەش...ڕەش

وەک (کۆشکی) ئەمریکا..!. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٣٣)

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت)، شەش جار وشەی (بەفری) دووبارەکردووەتەوە، زیاتر بۆ پیشاندانی دیوە دزێو و لایەن نەرێنییەکانی مرۆڤە.

یاخود دەڵێت:

بازنە گەلێک کە دڵ سیخناخ دەکەن

لە پەپولەی خەمی کارەبایی

بازنەی خوایی

بازنە دەسکرد

بازنەی خۆماڵی

بازنەی حیزبایەتی

بازنەی بەڕەڵایی

بازنەی لۆکی بیانی

بازنەی ئایینی

بازنەی کۆمەڵایەتی

بازنەی ڕامیاری

بازنەی سەربازی

بازنەی سێکسی

بازنەی ماتماتیکی و

فیزیایی و جوگرافی و شێوەکاری. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٦٩).

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی (بازنەی)، توانج ڕەخنەی ئاڕاستەی هەموو ئەو بازنانە دەکات، کە مرۆڤ لە خۆی دوور دەخاتەوە، جا ئەو بازنانەی کە مرۆیین و تەنانەت سنور و بازنەیەکیش، کە بە ناوی خواوە کێشراوە.

هەروەها لەم شیعرەدا کە بە ناونیشانی (مەرگ)ە، دەڵێت:

هەموو کەسێ دەمرێ

هەندێ کەس بە نەخۆشی
هەندێ کەس لە ترسا
هەندێ کەس بە ئوتۆمبیل
هەندێ کەس لە خۆشیا
هەندێ کەس لە برسا
هەندێ بە لافاو
هەندێ کەس بە گوللە
هەندێ کەس لە بەندیخانەدا
هەندێ کەس لە شەڕدا
هەندێ کەس بە ژەهر
بەڵام من
عەشقی تۆ دەمکوژێ
ئەی نیشتیمان..! (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٧٠).

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت) لەڕێگەی (هەندێ کەس)، کە (دە) جار دووبارەکراوەتەوە، چەندین هۆکاری مردنی ئاماژە پێداوە، دەیەوێت پێمان بڵێت، کە سەرئەنجام و دواجار هەموو کەسێک دەمرێت، کەواتە لەوەدا وەک یەکین، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە، کە چۆن دەمرین، لە کۆتایشدا باشترین و شیاوترین مردنی لایەق بە مرۆڤ  بە مردن لە پێناو نیشتیماندا دیاریدەکات.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (تا نیوەی ڕێگە هاتووین)دا دەڵێت:

تا نیوەی ڕێگە هاتووین
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!
ها گوللە، لێی بپرسن،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها وشە، لێی بپرسن،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟
ها جۆگە، لێی بپرسن،
کە بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ

قەت ئاوڕ دەداتەوە؟ (پەشێو، ٢٠١٤،١٣)

(عەبدوڵلا پەشێو)، لەم شیعرەدا بە ناوی (تا نیوەی ڕێگا هاتووین)، کە هەریەک لە وشە و دەستەواژەکانی بۆ چەندین جار دووبارەکردووەتەوە، بەم شێوەیە (ها)، (سێ) جار، (لێی بپرسن)، (سێ) جار، (قەت ئاوڕ دەداتەوە؟)، (سێ) جار، لەم ڕێگەوە شاعیر سێ نموونە دێنێتەوە، کە (گولله، وشە، جۆگە)ن هەریەک لەمانە هەم لە خێرایی و هەم لە بەردەوامیدا ڕێگە دەبڕن و ناوەستن، هەربۆیە شاعیر لەو سۆنگەیەوە دەیەوێت پێمانبڵێت، کە دەبێت شۆڕشێکی درێژخایەن بێت و بیر لە پاشەکشە و وەستان نوچدان نەکاتەوە، چونکە گەلی کورد بەشێک لە ڕێگەکەی بڕیوە، بەردەوامی و کۆڵنەدان تەنها ڕێگەی سەرکەوتنە.

ئاگربارانە

ئاگربارابە

کامیان هەڵگرم؟

کامیان دەربازکەم؟

ئەویان نەخۆشە و نۆبەرەمانە

ئەوی دی تازە پێڕەوکە بووە، چاو پڕ بیبیلە، دەم پر زمانە!

دوو دەستم هەبوون

یەک دوژمن بردی، یەکێکم ماون.

کامیان هەڵگرم؟

کامیان دەربازکەم؟

ئەویان بەندی دڵ

ئەوەی تریشیان گلێنەی چاوە! (پەشێو، ٢٠١٤ ، ١٥٨).

لێرەدا (عەبدوڵلا پەشێو)، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی (ئاگر بارانە)، لە سەرەتاوە وێنەی ئەو بارودۆخە نالەبار و سەخت و دژوارەمان بۆ دروست دەکات، کە میللەتەکامان تێدا دەژی، هەروەها لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی (کامیان هەڵگرم، کامیان دەربازکەم)، کە هەریەکەیان دووجار دووبارە بووەتەوە، ئەوەمان پێدەڵێت، کە لەم بارودۆخە تاڵ و پڕ لە ناسۆر و کارەساتاوییەدا، کەسانی دەوروبەر و خۆشەویستانمان سەلامەت نین، هەر چییەک بکەین ناتوانین ڕزگاریان بکەین.

بارکەن بڕۆن!

زەویی ئێمە

دانی ئێوەی لێ شین نابێ

مێرگەکانمان

لە ژێر پێی گاڕانەکانتان وەک ئاگرن

تا دارتووشمان یاخی دەبن

جۆلانەیەک بۆ منالّتان ڕاناگرن

باربکەن بڕۆن!
باربکەن بڕۆن!
میوەی درەختەکانمان تاڵە
ئاومان سوێرە
هەنگوینمان بە دەمتان کاڵە
بارکەن بڕۆن!
بارکەن بڕۆن! (پەشێو،٢٠١٤ ، ٢٧٢).

لێرەدا شاعیر (پێنج) جار دەستەواژەی (بارکەن بڕۆن)ی دووبارە کردووەتەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە، بۆ سیاسەتی بە عەرەبکردن (تەعریب)، کە ڕژیمی بەعسی عەرەبی لە بەرانبەر گەلی کورد و دانیشتوانی چەندین ناوچەدا پەیڕەوی دەکرد، لەم ڕێگەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە کوردستان ئێوە لەخۆ ناگرێت و هیچ شتێکی ئێوەی لێ شین نابێت، هەموو شتێکی نیشتیمان بۆ ئێوە مایەی ناڕەحەتی و تاڵیی دەبێت.

(ڕەفیق سابیر) لە کۆمەڵە شیعری (لاوکی هەڵەبجە)دا دەڵێت:
ئەمجارەشیان چارەنووسمان بە خەتی درشت
لەسەر هەور و –با– نووسییەوە
چارەنووسمان وەکو میرات
بەسەر خێڵی گورگ و چەقەڵدا بەشییەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٥٥٣).

لێرەدا دووبارەکردنەوەی وشەی (چارەنووسمان)، لە هەردوو بەیتەکەدا، بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە لە بارودۆخی خراپ و پێشبینی ئایندەیەکی خراپ، واتە دووبارەکردنەوەکە ئەوەندەی مەبەستی گەیاندنی پەیامێکە، ئەوەندە بۆ چێژبەخشین و مەبەستێکی ئیستاتیکی نییە.

هەروەها دەڵێت:
هەتا خاک و خۆشەویستی و هەتاو مابێت
هەر دەژیت و هەر دەژیت و دەژیتەوە
خەمە چینایەتییەکانت دەکەیتە کۆڵ
جارێکی کەیش
سەد جاری کەیش
بەسەر ڕێگای سەربڕیندا دەچیتەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٨١٠).

لێرەدا شاعیر بە دووبارەکردنەوەی وشەی (هەر دەژیت)، مەبەستی گەیاندنی بیر و ئایدیایەکە، کە جۆرێک لە نەمری پێدەخشێت، هەربۆیە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (سەد جاری کەیش)، لەدوای (جارێکی کەیش)، بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە.

ڕابە ڕۆڵە نەبەردەکەم!
ڕابە شارە شەهیدەکەم!
ڕابە هاوار و فرمێسکی خۆڵەمێشی
کۆرپەکانت بشۆرەوە

ڕابە ویژدان و جوامێری

بەسەر ئەم دنیا دونەدا ببەشەوە. (سابیر، ٢٠١٤، ٤٢١).

لەم کۆپلەیەدا شاعیر (چوار) جار وشەی (ڕابە)ی دووبارە کردووەتەوە، ئەم دووبارە کردنەوەیە، کە بە کاری داخوازی و لەسەرەتای ڕستەکەدا دایناوە، زیاتر بۆ گەیاندنی پەیامی شاعیرە، کە لە ئاگادارکردنەوە و خۆکۆکردنەوەی گەلەکەیدا خۆی دەنوێنێت.

چاوم لێتە

پشکۆکان دەگەشێنەوە

بۆ مندالە ئاوارەکان

لە دوورەوە چاوم لێتە

هەر چوار پەلی بڕاوەی خۆت لە کۆڵ ناوە و

شان دەدەیتە بەر کێوەکان. (سابیر، ٢٠١٤، ٣٨٠).

لێرەدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (چاوم لێتە)، بۆ زیاتر جەختکردنەوە و نیشاندانی بارودۆخی نالەباری نیشتیمانە، واتە هەر چوار پارچەی کوردستان دەگرێتەوە.

کەواتە دیاردەی (دووبارەکردنەوە) لە شیعری ئایدیۆلۆژیدا دیاردەیەکی باو و گرنگە، بەتایبەتیش لە جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیای (نەتەوایەتی، سیاسی، حیزبی)دا زیاتر دەردەکەێت، ئەمەش بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە، نەک لایەنی ئیستاتیکی، کە کاریگەریی نەرێنی بۆ سەر لایەنی هونەریی و بەهای ئیستاتیکی شیعرەکە هەیە.

**٢-٣/٣) زمانی شیعریی:**

بێگومان زمان یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتی و کاریگەرەکان، کە شیعر لە وتە و گفتوگۆی ئاسایی، تەنانەت لە ژانرەکانی  دیکەی ئەدەبیش جیادەکاتەوە.

"زمان کەرەستەی ئەدەبە، زمان لە پەیوەندیدا بە ئەدەبەوە وەک کەرەستەیەکی سەرەتاییە، وەک ڕەنگ لە نیگارکێشان، بەرد لە پەیکەرتاشی و دەنگ لە مۆسیقادا وایە". (محەمەد، ٢٠١٩، ٤٦). شیعر ئەو شتانە دەردەخات، کە لەناو زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە، لێرەوە شیعر توانای ناولێنان دەردەخات، "شیعر ناولێنانێکی بنەڕەتی بوونەوەر و جەوهەری گشت شتەکانە، شیعر وا لە زمان دەکات ئەو زمانە بە دەربڕینە جۆراوجۆرەکانییەوە هەمیشە زمانێکی مومکین بێت، ئەمە دەستەڵاتی ناولێنان و سەلماندنی زمانی شیعرییە". (مستەفا، ٢٠٠٩، ٨٤).

بێگومان جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ئاسایی بەهۆی وشە و زاراوە و دەستەواژەکانەوە نییە، کە لە زمانی ئاسایی یاخود لە زمانی شیعردا بەکاردەهێنرێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بەکارهێنان و ڕێکخستنی وشەکان لە ناو سیاقی ڕستەدا، شاعیر هەوڵدەدات واتایەکی قووڵ و تایبەتی بداتە وشەکانی ناو شیعرەکەی و بەهۆیەوە ئاستی شیعرەکەی بەرەو ئاستی باڵا دەبات.

"لە دەقی شیعریدا  زمان شێوازێکی گرنگی دەربڕینی هونەرییە، ئەم گرنگییەش لە تایبەتمەندی زمانەوە دێت، وەک ئەوەی زمان مادەیەکی بنەڕەتی دەق پێکدەهێنێت، ئەوکاتەی زمان دەچێتە ناو سنعەتی دەقەوە ئەوسا بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت". (مستەفا، ٢٠٠٩، ٨٤).

"شاعیر لە ڕێگای زمانەوە بنیاتی شیعریی دادەمەزرێنێت، بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی  دیکەی شیعر وەک (مۆسیقا و وێنەی شیعریی)، بەهۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێن، بۆ نموونە وشە کەرەستەی سەرەکی شیعرە و یەکێکە لە هۆکارەکانی جوانی و کاریگەریی لە شیعردا، چونکە مۆسیقا و ئاوازی شیعریش پەیوەستن بەو وشانەی شاعیر بەکاریان دێنێت، لەم ڕوانگەوە دەتوانین شیعر بەوە بناسێنین، کە چالاکییەکی زمانییە، هەوڵی پێکهێنانی جوانی دەدات، کە ئاماژە بۆ واتای دەروونی و بیریی و کۆمەڵایەتی... دەکات". ( حسێن، ٢٠٠٨، ٨٩).

هەربۆیە هەوڵدەین کاریگەریی و جێکەوتەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە زمانی شیعریی شاعیرانی باسەکەماندا باس بکەین، بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵدەدەین هەردوو جۆری زمانی سادە و ڕوون، زمانی لێڵی واتایی ئاماژە پێبکەین:

**٣/٣-٢-أ) زمانی ئاسایی:**

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری ( داستانی برایەتی دوو ڕووبار)دا دەڵێت:

کەس ناتوانێ یەکێتی ئەم
دوو ڕوبارە لاواز بکات
یەکێتی ئەم دوو ڕوبارە
گوڵە بۆ ئەم نیشتیمانە
چقڵی گلارەی زۆردارە
کەس ناتوانێ گۆرانی ئەم
دوو ڕوبارە بکات بە تەم
گۆرانی ئەم دوو ڕوبارە
هەتاوی نەمری شارە
گوللەی جەرگی ستەمکارە...!
ئەوە فورات.. ئەوە دیجلە
دێن دێن خێرا زۆر بە پەلە
ئەوەتا دێن لە دووندەوە
لە هەزاران دێ و گوندەوە
ئەوەتا دێن داستانی
مەم و زینەکەی مام خانی
هەزاران گۆرانی دەگمەن
لاوک...حەیران... ئەڵلاوەیسی

بۆ ساوا چاو ڕەشەکانی
کەربەلاو کوت و فاو دەبەن...! ( هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٩٥).

لێرەدا (لەتیف هەڵمەت)، لەڕێگەی وشەی سادەوە هەست و سۆزێکی قووڵ بەرانبەر بە نیشتمان و باس لە برایەتی و پێکەوەیی لە نێوان میللەتی کورد و عەرەب دەکات، شاعیر بڕوای بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئەم دوو گەلە هەیە، لەم شیعرەدا شاعیر لەڕێگەی زمانێکی ڕوونەوە پێماندەڵێت، کە ئەم دوو میللەتە مێژوویەکی دوور و درێژ و لە پێشینەیان هەیە، کەواتە ئەم برایەتییە ڕەهەندێکی قوڵی هەیە، هەرچەندە شاعیر لەڕێگەی بەکارهێنانی داستانی (مەم و زین)، هونەرەکانی (لاوک، حەیران، ئەڵلاوەیسی)، دەیەوێت بنیاتی زمانی شیعرەکە پتەوتر بکات، بەڵام هێشا پەیامەکەی زاڵترە و ناتوانرێت هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ بکرێت، بە تێپەڕینی کات و بەسەرچوونی پەیامەکە، ئەوا شیعرەکەش بە نەمریی نامێنێتەوە.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا کە لە کۆمەڵەشیعری (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم)دا هاتووە دەڵێت:

ئەی دایە گیان!
لە یادمە، کە مناڵ بووم،
ئەشقی تامی تفت و تاڵ بووم:
گڵم دەخوارد،
قوڕم دەجوی،
تۆش زللەیەکت لێ دەدام،
هەمووت پێ توورِ فڕێ دەدام،

ئەی دایە گیان!
ئێستا گەورەم و مناڵ نیم،
ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم،
کەچی ئەگەر ئەو جارەشیان
ڕێم بکەوێتەوە بێرکۆت
لێشم بدەی،
لێشم حەرام کەی شیری خۆت،
من بە تەشیەکەی مناڵی دەڕێسمەوە:
دار، بەرد، قوڕ...
چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە! (پەشێو، ٢٠١٤، ٣٦٤).

لێرەدا (عبدوڵڵا پەشێو)، بە زمانێکی ئاسایی شیعرەکەی داڕشتووە، زمانێکی تەواو پەتی بەکارهێناوە، هەروەها چەندین وشە و زاراوەی سادەی لە شیعرەکەدا بەکارهێناوە، شاعیر دوو

قۆناغی ژیانی باسدەکات، کە یەکەمیان، سەردەمی منداڵییە و لە گوندەکەی خۆیاندا دەژی و دووەمیان، سەردەمی ئاوارەیی و دووره وڵاتییه، ئەم سادەییە تێگەیشتنی شیعرەکەی ئاسانکردووە، لێرەدا شاعیر بۆ گەیاندنی هەستێکی قوڵی پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی بەرانبەر بە نیشتمان و زێدی خۆی وایلێدەکات، کە بە زمانێکی سادە و ڕوون ئەم هەستە قوڵەی بخاتەڕوو و دەردەبڕێت، لەم شیعرەدا زمانی شیعرەکە لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەدا لە زمانی ڕۆژانە و ئاسایی نزیکبووەتەوە.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (بە بێدەنگی دێت و دەڕوات)دا دەڵێت:

نیشتیمانم

بە هەر خاکێکدا تێپەڕم

بە هەر کێوێکدا سەرکەوم

لە هەر ڕووبار و دەریایەک بپەڕمەوە

بە حەرفی گڕ ناوەکەی تۆی لێ دەنووسم

کاتێک بۆ لای تۆیش دێمەوە

داستانی

خاک و کێو و ڕووبارەکان

لەسەر لوتکەی کەژانت

دەنووسمەوە. ( سابیر، ٢٠١٤، ٧٥٣).

لێرەدا (ڕەفیق سابیر) بە زمانێکی سادە و ڕوون هەستی خۆشەویستی بەرانبەر بە نیشتیمانەکەی دەردەبڕێت، لێرەدا شاعیر دەیەوێت بڵێت، کە هەرچەندە دووربکەوێتەوە، چەندین کێو و ڕووبار و دەریاش بکەوێتە بەینی ئەو و نیشتیمانەوە، بەڵام هێشتاش ناتوانێت نیشتیمان لە بیربکات، کەواتە ئەوەندی شاعیر مەبەستێتی ئەو هەستە دەربربڕێت و پەیامەکەی کە خۆشەویستی نیشتیمانە بگەیەنێت، ئەوەندەش زمانی شیعرەکە لە زمانی ئاسایی نزیک دەکاتەوە.

**٣/٣-٢-ب) لێڵی لە واتای زمانی شیعریدا:**

گومان لەوەدا نییە، کە زمان سەرەکیترین جیاوازی نێوان شیعر و پەخشانە، ئەگەرچی زۆربەی وشە و زاراوەکانی شاعیر بەکاریاندەهێنێت، وشە و زاراوەی ئاساییین، بەڵام کە شاعیر لە شیعردا بەکاریاندەهێنێت شێواز و واتای نوێیان پێدەبەخشێت، لە واتای فەرهەنگی و ئاساییەکەی دادەبڕێت، ئەمەش لێلی لە واتادا دروست دەکات.

"لێڵی لە ڕووی فەرهەنگەوە تەمومژی واتایی دەگەیەنێت، هاودژی ڕوونییە، دیاردەیەکی زمانییە لە ڕێگای داڕشتنی دەستورەکانی زمان لە ئاستەکانی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسدا دروستدەبێت، هۆکاری بوونیشی بۆ دوو جەمسەری ( Contradiction) واتا لە وشە، یان ڕستەدا دەگەڕێتەوە". (محمود، ٢٠٠٩، ١٨١).

"(ئیمبسۆن)، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا: (حەوت تەرزە شێواز لە لێڵیدا- Seven Types of Ambiguity ) لێڵی بە ناوەڕۆکی شیعرییەت و بە پێوەری توێژینەوە و شرۆڤەکردنی شیعر دادەنێت". (محمود، ٢٠٠٩، ١٨١).

(ابن الاثير) دەڵێت: ((بەهادارترین شیعر ئەو شیعرەیە، کە لێڵ و شاراوە بێت، بە جۆرێک دوای هێنان و بردنێکی چاک نەبێت واتا و مەبەستەکەیت پێ نەدات، دەستخستنی واتا دوای هەوڵدان و ڕەنجدانیش چێژ و خۆشی دۆزینەوەیە (اکتشاف)ە، زیاترە کە دەستکەوتێکی ئاسایی بێت، هەندێکجار لەنێوان (سادەیی-البساطة) و (ئاڵۆزی-التعقید) و (لێڵی-الغموض) جیاوازی بەدیناکرێت، دەبێت بەر لە هەموو شت ئاگاداری ئەوە بین، کە سادەیی شتێکە و دەربڕینی لاوازیش شتێکی ترە، ئەگەر شیعرەکە واتا و مەبەستی کاریگەر و سەرنجڕاکێش نەگەیەنن، ئەوە دیاردەی ئاشکرایی و ڕوونیش لە دیاردە لاوازەکانی شیعر لە قەڵەم دەدرێت، چونکە بەر لە هەموو شت مەبەستی شیعر کاریگەرییە، نەک ئاشکرایی)). (قادر، ٢٠١٢، ٢٤٤).

"ڕەخنەگرە کۆنەکان لەو باوەڕەدان کە شیعری بەرز (فاخر) ئەو شیعرەیە کە بە ئاسانی و بە خێرایی واتا و مەبەستی خۆی بەدەستەوە نەدات، بۆیە لە ڕوانگەیەوە ڕەنگە ئاشکرایی لە شیعر بە خاڵێکی لاواز بخوێنرێتەوە، سەبارەت بە بابەتی لێڵی دەتوانین بڵێین، کە ئەگەر پشتی بە (ئیحا- ئیما) بەستبێت لە جیاتی شێوازی ڕاپۆرتدان (تقریری) و ڕاستەوخۆیی (التقریر و المباشرة) و مەیلی شاردنەوەی هەبێت لە جیاتی ئاشکرایی و دەرخستن". (قادر، ٢٠١٢، ٢٤٤)، "بەڵام ئەگەر گەیشتە ڕادەی ئاڵۆزی و شێواویی و نەگەیشتن بە واتا و مەبەستی دیاریکراو، کە لە ئەنجامی هێنانەوەی هەندێک واژەی نامۆ و غەریب، لە ئەنجامی خەریکبوونی لە ڕادە بەدەری شاعیر بە سنعەتەکە، یان لاوازی بیرەکە، یان نەشارەزایی لە شێوازەکانی زمان، ئەوا ئەوسا ئەو (لێڵی) و (ئاڵۆزی)یە بە دیارەدەیەکی لاواز و کەمکورتی و نەنگی دەژمێردرێت". (قادر، ٢٠١٢، ٢٤٤).

کەواتە بوونی لێڵی لە شیعردا هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر لە واتایەک بگەیەنێت، دەقەکە زیاد لە خوێندنەوەیک هەڵدەگرێت، ئێمەش شیعرەکان بە پێی جۆرەکانی ئایدیۆلۆژیا بەپێی ئەم پێوەرە هەڵدەسەنگێنن، ئەوکات بڕیار لەسەر ڕادەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لەسەر شیعرەکە دەدەین.

(لەتیف هەڵمەت) لە شیعری ( چرایەک لە شەپۆلی گەرداوا) دەڵێت:

دڵی پەپوولەی کڵۆی هەوێنم

شەیدای جوانی ئەم خاک و خۆڵەیە

گەردەلوولی ناو گەرداوی خوێنم

پڕە لە بارووت و کڵپەی تۆڵەیە. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٧).

یاخود دەڵێت:

خۆم ئەخزێنمە منداڵدانی بەهارەوە

لقی خۆر ئەکەم بە شنەی بەستەکانم

لێرەدا ( لەتیف هەڵمەت) لەڕێگەی ڕیزکردنی وشەی ئاساییەوە بەڵام بەشێوەکی نوێ، کە واتای وشەکان لە واتا فەرهەنگییەکەی دوور دەکەوێتەوە و واتایەکی دیکە دەگەیەنێت، یان هەندێجاریش زیاتر لە خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت.

یاخود دەڵێت:

لافاوێک دێ.. لافاوێ تاریک پڕە لە زام
لە مەرگ.. لە نەخۆشی لە ماری خەم لە کرمی گڕ. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٢٦٦).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا بەهۆی بەکارهێنانی (دێ)، کە کردارە و ئاماژەیە بۆ ڕودانی کارێک لە داهاتوودا، لەڕێگەی وشەکانی (لافاو، تاریک، زام، مەرگ، نەخۆشی، مار، کرمی گڕ)، ئەو کارەی کە پێشبینی دەکات ڕوندەکاتەوە، کە کارێکی خەمهێنەر و کارەساتبارە.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (زەنگ)دا دەڵێت:

بۆ بێدەنگی،
ئەی قەڵەمە دەنووک سوورە ئاتەشییەکەم؟!
ئامان! پەنام هێنا بەرت:
قیژەیێ، تەکانێ، گوڕێ...
با زەردەشتمان لەخەو ڕابێ،
ئاهورامان سەر هەڵبڕێ...
ئەمانە چین لەسەر ملمان هەڵتۆقیون؟
سەری مرۆن؟
یا ملیۆنان گۆی بەر قاشۆی چەند سیخوڕێ؟! (پەشێو، ٢٠١٤، ٤٨٩ )

لە شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا بە هۆکاری زاڵبوونی پەیامە ( نەتەوایەتی، نیشتیمانی، ڕەخنەی سیاسی...هتد)، زمانی شیعرەکانی ڕوون و لە تێگەیشتندا ئاسان دەبن، بەڵام لە هەندێک شیعریدا بەهۆی بەکارهێنانی ڕەمز و خواستن و بەکارهێنانی  وشە و دەستەواژەی ناوچەییەوە، شیعرەکە لە ڕووی بنیاتی زمانەوە بتەو دەبێت.

(ڕەفیق سابیر) لە کۆمەڵەشیعری (وەرزەبەردینە)دا دەڵێت:

من بە مێژوودا دەچمەوە
دارستانی شمشێر دەبڕم
ڕەنگی ژەنگ و مس و جەنگ و
ڕەنگی جەللادەکەم دەگرم
لە ژێر هەرەسی مێژوودا هەڵدەستمەوە
سەری ماندووم لەسەر سێدارە دادەگرم
جارێکی دی
بەرەو لای تۆ ڕێگە دەبڕم
ڕێگە دەبڕم. ( سابیر، ٢٠١٤، ٤٢٨).

یاخود دەڵێت:

سەراپا شار وەکو بزەم
بزەی هیوای نەپشکتووم
لەژێر پێی بەفری تاریکا ئەتلێتەوە

لەم شیعرانەدا وشەکان بە واتای فەرهەنگی بەکارنەهێنراون و بەهۆی خواستنی زۆرەوە زمانی شیعرەکە لەڕووی واتاییەوە لێل دەبێت، هەرچەندە وشەکان سادەن، بەڵام بەهۆی شێوەی ڕێزکردنیان زمانی شیعرەکە لە زمانی ئاسایی دوور دەخاتەوە، وەکو (دارستانی شمشێر، ڕەنگی ژەنگ و مس و جەنگ...، بزەی هیوا، لەژێر پێی بەفری تاریکا،...)، ئەم زمانەش هەندێکجار بۆشاییەک لە نێوان شاعیر و خوێنەردا دروست دەکات، ئەمەش باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیاکە کەم دەکاتەوە.

**٣-٣/٣) ڕەمز:**

ڕەمز بەهایەکی ئیستاتیکی دیکەی شیعرە و ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادی شیعردا هەیە، زاراوەی ڕەمز (Symbol) لە بنەڕەتدا لە کاری (Symballeein)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە.

ڕەمز بە شێوەیەکی گشتی دوو چەمکی هەیە:

١. هێنانەوەی شتێک لەجیاتی شتێکی تر، یاخود ئاماژە بۆ شتێکی دیکە دەکات.
٢. ڕەمز کارلێککردنی نێوان دوو شتە یەکێکیان ئاشکرا و ئەوی تریان نهێنی.

لە شیعری ئایدیۆلۆژیدا بەپێی جۆری بابەتەکە مەبەستی بەکارهێنانی ڕەمزەکەش دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە شیعرێکی نەتەوایەتیدا جۆری ڕەمزەکەش بۆ مەبەستی نەتەوایەتی بەکاردێت، هەرچەندە ڕەمزەکەیش ڕەمزێکی ئایینی بێت.

(لەتیف هەڵمەت)، لە شیعری (گۆرانی پاشەڕۆش یان بەیاننامەی شاعیرە شێتەکە)دا دەڵێت:

من فەرهادم. بەڵام دڵدارەکەم شیرین

نییە

دڵدارەکەم وڵاتەکەمە و وڵاتەکەم

من فەرهادم بەڵام ئەمجارە بێستون

هەڵناکۆڵم. نەخشەی زەوی دەگۆڕم. (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٧٤٤).

لێرەدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕەمزی (شیرین، فەرهاد)ەوە شاعیر شیرین وەک ڕەمزی نیشتیمان بەکاردەهێنێت، شاعیر خۆی وەک فەرهاد دەچوێنێت، ئامادەیە لە پێناوی نیشتیمانە بێ ناونیشانەکەیدا نەخشەی زەوی بگۆڕێت.

یاخود دەڵێت:

شارەکەی من یەکەم شانۆی تارانە

جەردە یاسای بەدەستە

پێغەمبەر دیلی زیندانە

حەلاج نوقمی خوێنی خەستە

ئەبوولەهەب خاوەنی ئینجیل و قورئانە

لەم شارەدا.. لەم شارەدا

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا (پێغەمبەر، حەلاج، ئەبوولەهەب، ئینجیل، قورئان)ی وەک ڕەمز بەکارهێناوە، لەپێناو نیشاندانی ئەو زوڵم و ستەم و نادادییەی، کە لە چواردەوریدا دەگوزەرێت، وا نیشانی دەدات کە بابەتەکان ئاوەژوو بوونەتەوە.

(عەبدوڵڵا پەشێو)، لە شیعری (دووبەرەکی)دا دەڵێت:

شەو لە خەوما،
ئارامگەی حاجیم دیتەوە.
چۆکم دادا، سوژدەم برد بۆی.
گوتم: حاجی، پەرێشانین!
سەری کز کرد،
دەستی دانا سەر دڵی خۆی.
گوتی: "مەرد بە، زیندووم کەوە!"
گوتم: گەورەم،
من عیسا نیم،
چۆن زیندووت کەمەوە، بێژە؟"
گوتی:" لێرە دەرم بێنە،
دووبەرەکی
لە شوێنەکەی من بنێژە!"(پەشێو، ٢٠١٤، ١٣٥).

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا باس لە دەردێکی لە مێژینەی نەتەوەکەی دەکات، کە دووبەرەکی و خۆخۆرییە، کە بۆ هەموو نەهامەتی و گوزەرانی خراپی ئەم گەلە ئەم دەردە بە هۆکار دەزانێت، شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دوو ڕەمزی نەتەوەیی ئایینییەوە مانای فراوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، چونکە بەکارهێنانی ڕەمز بیری خوێنەر دەوروژێنێت، (حاجی) وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی بە پێشەنگ و سەرمەشق لە باسکردن و دانانی چارەسەر بۆ دەردی دووبەرەکی دەزانرێت، (عیسا) وەک ڕەمزێکی ئایینی کە خوا توانای مردوو زیندکردنەوەی پێبەخشیوە، هەرچەندە وشەکان سادە و ئاسان ڕوونن، بەڵام لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم دوو ڕەمزەوە بنیاتی شیعرەکەی بتەو کردووە.

یاخود (عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (ماچ)دا دەڵێت:

ئەوەی گوشیت دەست نەبوو

ئەژدیهایەکی پێنجسەر بوو

ئەوەی ماچت کرد ڕوو نەبوو

تۆماری قانوونی جەنگەڵ

شوورەی بەرلین، سمی کەر بوو. (پەشێو، ٢٠١٤، ١٤٧).

لێرەدا بابەتی شیعرەکە سیاسییە و شاعیر ڕەخنەی توند لە سەرکردەکان دەگرێت، لە کاتێکدا کە شاندی دەستەڵاتی کوردی سەردانی بەغداد دەکەن، دەست و دەموچاوی دەستەڵاتدارانی بەغداد لەڕێگەی چەند ڕەمزێکەوە بە: (ئەژدیها، جەنگەڵ، شوورەی بەرلین، سمی کەر) دەچوێنێت.

یاخود دەڵێت:

تۆ، لە سەردەمی کورتە بالآیان

بالآی بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟

تۆ، لەسەردەمی قاتی نەهاتا،

وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟

لەبەر خرینگەی

شیر و ... زرینگەی

ئاڵتوونی قورەیش

چۆن گوێت لە ناڵە و نرکەی عەلی بوو؟

چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان

گوێت لە سکاڵای ماریەی قیبتی بوو؟ (پەشێو، ٢٠١٤، ١٧٠)

(عەبدوڵڵا پەشێو) ئەم شیعرەی بۆ (هادی عەلەوی) نووسیووە، (هادی عەلەوی) ئەو بیرمەندە و نووسەرە دەگمەنانەی عەرەبە، کە لە کاتی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە دەستبەردار و نکۆڵی لە ناسنامەی عەرەبی خۆی کرد و سەربەخۆیی کوردستانی بە ڕەوا زانی، شاعیر لەم شیعرەدا (قورەیش، عەلی، ئایشە، حەفسە، ماریەی قیبتی) وەک ڕەمز بەکارهێناوە، هەریەک لەمانە دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام، شاعیر بۆ نرخاندنی ئەو هەڵوێستەی (هادی عەلەوی)، هەڵوێستەکە تێکەڵ بە ئەو ڕوداو و بەسەرهاتنەی سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام، کە لە پێناو بیرباوەڕەکەیاندا، بە گیان و ماڵیان قوربانییانداوە.

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

من شەوانە

بە ناڵەت بێداردەبمەوە

لەگەڵ هەموو شەهیدێکتا

دەکوژرێم و ڕادەبمەوە

من حەللاجی وڵاتێکی وێرانەم و

دڵم تژی نوری خوایە

پەیامەکەم: سەرکەشی مەوجی دەریایە

من مەسیحی زەمانەم و

خاچەکەم ژانی ئاسیایە (سابیر، ٢٠١٤، ٣٣٤).

یاخود دەڵێت:

هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە

هەڵەبجە درەختی خوێنە

خۆڵ دەیدێرێت

سەری بڕوای (حوسەین)ە

بە وڵاتاندا دەیگێڕن

چریکەیەکی زامدارە

ئەم هەرێمە دەهەژێنێت

زەوی بێدار دەکاتەوە

لوتکە و بنار ڕادەژێنێت...(سابیر، ٢٠١٤، ٤٢٤).

لەم شیعرەدا شاعیر ڕەمزێکی ئایینی بۆ بابەتێکی نەتەوەیی بەکارهێناوە، (حوسەین) ڕەمزێکی ئایینییە و ئاماژەیە بۆ قوربانیدان و زوڵم و بە ناحەق شەهیدکردن، لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە گەورەیی و کارەساتی بە ناحەق ژەهربارانکردنی هەڵەبجە دەردەخات.

هەروەها (ڕەفیق سابیر) لە شیعری (سێ نامە)دا دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە لاشەی ساوات

ئەستێرەی گەشی پڕ هیوات

بە دوکەڵی سەدان چرای

سووتاوی ناو هەر (چوار چرا)ی چاوەکانت

دەخنکێنن وەکو ئەمڕو

وەکو ئەمڕۆ. (سابیر، ٢٠١٤، ٨٥٤ )

شاعیر لەم شیعرەدا (چوار چرا)ی وەک ڕەمزێکی نەتەوەیی و زوڵم و ستەم لە گەلی کورد و بە داراکردنی پێشەوا (قازی محەمەد) بەکارهێناوە، بۆ نیشاندانی هەموو ئەو زوڵم و ستەمەی، کە لە ڕابردوو و لە ئێستایشدا بەرانبەر بە مرۆڤەکان دەکرێت.

یاخود دەڵێت:

من شەوانە
بە ناڵەت بێداردەبمەوە
لەگەڵ هەموو شەهیدێکتا
دەکوژرێم و یادەبمەوە
من حەللاجی وڵاتێکی وێرانەم و
دڵم تژی نوری خوایە
پەیامەکەم: سەرکەشی مەوجی دەریایە
من مەسیحی زەمانەم و
خاچەکەم ژانی ئاسیایە. (سابیر،٢٠١٤، ٧٧٦)

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا نەهامەتی و وێرانکردن و کارەساتە جەرگبڕەکانی نیشتیمانەکەی لەڕێگەی دوو ڕەمزی ئایینییەوە نمایشدەکات، کە ئەوانیش (حەللاج، مەسیح)ن، کە ڕەمزن بۆ بوونە قوربانی لە پێناو گەیاندنی پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی، بە دەوروبەریان و ئاگادارکردنەوەیان، بەکارهێنانی وشەی (ئاسیا)یش ئاوڕدانەوەیە لە خەمی مرۆڤایەتی ئەو ئازار و زوڵم و زۆری، کە لەڕێگەی زاڵمانەوە لێیان دەکرێت، کەواتە بەکارهێنانی ئەم ڕەمزانە لەڕووی واتاوە ناساندن و بە پیرۆزکردنی کێشەی نەتەوەکەیەتی، لەهەمانکاتیشدا لەڕووی بنیات و زمانی شیعرەکەوە شیعرییەتی پێبەخشیوە.

کەواتە ڕەمز بەگشتی بەهای ئیستاتیکی بە شیعر دەبەخشێت، لەم شیعرانەی کە وەرمانگرتووە شاعیران ڕەمزەکانیان زیاتر بۆ مەبەستی سیاسی و نەتەوەیی بەکارهێناوە، لەناو جۆرەکانی ڕەمزدا ڕەمزی ئایینی بە ئاستێکی بەرز دەبینرێت، ڕەمزە ئایینییەکان بە بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی ڕەمز بۆ بەخشینی شیعرییەت بە شیعرەکە کاریگەرترە، ئەمیش بۆ ئەو ئاستە قوڵەی کاریگەریی ئەو بەسەرهات و ڕوداوە ئایینیانەیە لە هەست و نەستی مرۆڤی کوردا هەیە، دەگەڕێتەوە.

**٤-٣/٣) وێنەی شیعری:**

وێنەی شیعری لەپاڵ زمان و مۆسیقادا پایەیەکی گرنگی دەقی شیعرییە، کە بێگومان لە مێژووی گەشەسەندنی شیعریی لە هەر زمانێکدا وێنەی شیعریش گۆڕانی بەسەردا دێت، (سی دی لویس) دەڵێت: ((وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروست دەکەن)). ( مستەفا، ٢٠٠٩، ١٣٨). (ئەزرا پاوەند) دەربارەی وێنەی شیعری دەڵێت: ((ڕواڵەتێکە لە تێکەڵکردنی سۆز و هۆش لە ساتێک لە ساتەکانی ژیاندا)) (مستەفا، ٢٠٠٩، ١١٥)، هەروەها (محەمەد غنێمی هیلال) وێنەی شیعری بە گرنگترین هۆکاری گواستنەوەی ئەزموونەکانی شاعیر دادەنێت و

دەڵێت: ((هۆکاری جەوهەری هونەری بۆ گواستنەوەی ئەزموون وێنەیە لە هەردوو واتای (بەشی و گشتی)دا، ئەزموونی شیعریی بە تێکڕا وێنەکی گەورەی هەمەلایەنە)). (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٥٨). هەربۆیە هەوڵدەدەین وێنەی شیعریی تەنها وێنەی (لێکچواندن و خواستن)، لە شیعری شاعیرانی باسەکەماندا باسبکەین.

**٣/٣-٤-أ) لێکچواندن:**

لێکچواندن، بەو شێوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە: "لە چوواندنی شتێک بە شتێکی دیکەوە لەبەر هەبوونی خەسڵەتێک، یان زیاتر لە خەسڵەتێکی هاوبەش بێ بەکارهێنانی ئەوزار و ڕووی لێکچوون، هەشیانە بەسوود وەرگرتن لە ئەوزار و ڕووی لێکچوون، جا لە هەردووکیان، یان لە یەکیان بێت". (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٤٦).

"لێکچوون ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و جوانی بە دەق دەبەخشێت، زیاتر لە تێگەیشتن نزیکیدەکاتەوە، ڕەگەزێکی پێویستییە بۆ گەیاندنی مەبەست، چونکە لە لێکچووندا نواندنی وێنەکە و سەلماندنی بیرۆکەکان و وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی دەروونی هەیە". (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦، ٤٤٩).

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

دوێنێمان ماسی یەکی دڕندە بوو

پێمان ڕوا نەکرا

ئەمڕۆشمان ماسی یەکی بچکۆلەیە

کەسمان تێر ناکات

بەوەش ناخۆم کە جادوگەرەکە دەڵێ

سبەینێمان ماسی یەکی گەورەیە (هەڵمەت، ٢٠٠٥، ٤٧٧).

شاعیر لەم شیعرەدا (کات)ی بە (ماسی) چواندووە، باس لە کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش دەکات، لە باسی ڕابردوودا وەک کاتێکی لەدەستچوو سەیریدەکات، بەو شێوە وێنای دەکات، کە سوودی لێنەبینراوە، لە باسی کاتی ئێستاشدا وەک پێویست ناگوزەرێت و سودی لێنابینین، بۆ داهاتووش لای ڕوون نییە و نائومێدە، بە قسەی جادووگەر نابێت و فاڵگرتنەوە بێکەڵکە، داهاتوومان بەندە بەوەی، کە هەڵەکانی ڕابردوومان دووبارە نەکەینەوە و سوود لە ئێستامان ببینین، کە ئێستاش وەک پێویست نەبێت، کەواتە داهاتوومان باش نابێت.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا دەڵێت:

کورد: مریشکە ڕەشەکەیە

بە تۆپیش ناجوڵێتەوە

نازانم ماوە یا مردووە

دەیان ساڵە

لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی کڕکەوتووە (پەشێو، ٢٠١٤، ٢٦٢).

کورد--- لێچووە

مریشک---لەوچووە

ڕازیبوون و کڕکەوتن و بێ دەنگی---ڕووی لێکچوواندنە

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا سەرکردایەتی کوردی بەهۆی بێدەنگی ڕازیبوونی بە ئۆتۆنۆمی، بە مریشکی کڕکەوتوو چواندووە، چونکە مریشک لەو کاتەدا بێ دەنگە و کەم دەجوڵێت.

(ڕەفیق سابیر) لە شیعری (شەوی کریستاڵ)دا دەڵێت:

شەمەندەنەفەر وەک بروسکە

بەناو تاریکترین تاریکیدا تێدەپەڕێت

لە هەر وێستگایەک بە پەلە دەوەستێت

ژیان بەرەو (ئاوشویتز) هەڵدەگرێت......(سابیر، ٢٠١٤، ٢٥١).

شەمەندەنەفەر--- لێچوو

بروسکە--- لەوچوو

تاریکی--- ڕووی لێکچوون

وەک--- ئەوزار

شاعیر لەم شیعرەدا (شەمەندەنەفەر)ی بە (بروسکە) چواندووە، کە باس لەو شەوانە دەکات نازییەکانی ئەڵمانیا بڕیاری لەنێوبردنی جولەکەکانیان دا، جولەکەکانیان کۆدەکردەوە و بە شەمەندەنەفەر بۆ (ئاوشویتز) دەیانگواستنەوە بۆ لەنێوبردنیان.

**٣/٣-٤-ب) خواستن:**

خواستن ڕۆڵێکی چالاکی لە پێکهاتە و داهێنانی وێنەی شیعریدا هەیە، جیاوازی لەگەڵ لێکچووندا لەوەدایە، کە لە لێکچووندا (لێچوو، لەوچوو) بوونیان هەیە، بەڵام لە (خواستن)دا تەنها یەکێک لەو دووانە دێت، ئەوەیش شیعرییەتی زیاتر بە دەقە شیعرییەکە دەبەخشێت.

(لەتیف هەڵمەت) لەم شیعرەدا دەڵێت:

لافاوێک دێ.. لافاوێ تاریک پڕە لە زام

لەمەرگ.. لە نەخۆشی لە ماری خەم لە کرمی

گڕ...(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٣٣).

لێرەدا (لافاو) خواستنە بۆ هێرش و پەلاماری دوژمن، دوژمن لە سیفەتدا لە لافاو دەچێت، لافاو زەرەر و زیانێکی گیانی و مادیی لە مرۆڤ دەدات، ئەمەش مەبەستی شاعیرە، کە گەلەکەمان بەر هێرش و پەلاماری دوژمنان دەکەوێت، شاعیر ڕاستەوخۆ ئەمەی نەوتووە، بەڵکو لەڕێگەی خواستنەوە ناڕاستەوخۆ پێشبینی پەلاماری دوژمنان دەکات و بەوەش کارەسات وماڵوێرانی ڕوو لە هاوڵاتی دەکات.

(عەبدوڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا دەڵێت:

ئەوسا... بڕۆم

تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمان گەشا

نەک هەر لەوێ،

لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤییەتناما،

لە ئەفریقای قولە ڕەشا

لە ئێرتیریای بێ بەهارە

لە هەر خاکێک دۆلار بژی

بژیێنمەوە سەد گیڤارا

(عەبدڵڵا پەشێو) لەم شیعرەدا بیری چەپ وەک تەنها ئایدیۆلۆژیا، بۆ ڕزگارکەری گەلانی ژێر دەستی سەرمایەداری دەبینێت، دیارە لەو زەمەنەدا دیاردەی ئەنتێرناسیونالیستی چەپ و شۆڕشی دژی سەرمایەداری بابەتە نەتەوەییەکانی پەراوێز خستبوو، باس لە چەمکی ناسیۆنالیزم مۆرکی دواکەوتوویی پێوە دەلکێنرا، شاعیر لەم شیعرە (دۆلار)ی بۆ سیستمی سەرمایەداری خواستووە، (گیڤارا)یش بۆ بیری چەپی شۆڕشگێڕی خواستووە.

(ڕەفیق سابیر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

پەڵە هەورێک دادەدڕم و

لە ئاسمانی ڕۆژەکانما

وەک کۆلارە هەڵی دەدەم

نەء وەک وڵاتە دوورەکەم بۆ ڕۆح دەیکەم بە جۆلانە. (سابیر، ٢٠١٤، ١٢١).

شاعیر لەم شیعرەدا (پەڵەهەور)ی بۆ کەرەستەیەک، کە دادڕینی بۆ بەکاردێت خواستووە، ئەمیش بۆ کەرەستەیەک بەکارهاتووە کە لەگەڵیدا ناگونجێت، ئەم نەگونجانەش شیعرییەتی زیاتر بە دەقی شیعرەکە دەبەخشێت.

کەواتە هەردوو شێوازی (لێکچواندن، خواستن) دوو شێوازی گرنگی پێکهاتەی دروستکردنی وێنەی شیعرین، بە ئەندازەی هاتن و ڕنگدانەوەیان لە دەقی شیعریدا بەهای شیعرەکە لە ڕووی شیعرییەتەوە بەرز دەکەنەوە.

# ئەنجام

**لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەگەینە ئەوەی کە:**

١. دەقی شیعری هەر شاعیرێک دەنگ و زایەڵەی سەدە و سەردەمی خۆیەتی، واتە ژیانی تایبەت و بارودۆخە گشتییەکەی ئەو سەدە و سەردەمە کاریگەریی بەسەر ژیری و دەروونی شاعیرەوە دەبێت، دواجار لە ئەنجامی ئەم کاریگەرییە دید و دنیابینی تایبەتی بۆ دروست دەبێت، ئەو دید و دنیابینییە لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

٢. جیاوازی لە نێوان دید و دنیابینی وەک خەیاڵ و بەرهەمی ژیری تاکەکەس و ئایدیۆلۆژیا وەک گروپی ڕێکخراو و پارتی سیاسی لەوەدایە، کە ئایدیۆلۆژیا دەبێتە چوارچێوەیەکی فیکریی و ئامانجدار بۆ گەیشتنە لوتکەی دەسەڵات، لەو کاتەدا هەموو شتێک بە شیعریشەوە دەخرێتە خزمەتی ئایدیۆلۆژیاکە، لێرەوە شیعری پابەند دروست دەبێت، باڵادەستیی لەم جۆرە شیعرەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت.

٣. باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعردا بەپێی جۆری ئایدیۆلۆژیاکە دەگۆڕێت، واتە بەپێی جۆری ئایدیۆلۆژیاکە فراوانی و تەسکی مەودا و بازنەی ئایدیۆلۆژیاکە دیاریدەکرێت، کەواتە تا مەوداو بازنەی ئایدیۆلۆژیاکە فراوان بێت، ئەوا باڵادەستییەکە کەمتر دەبێتەوە، بەپێچەوانەیشەوە تا مەودا و بازنەی ئایدیۆلۆژیاکە تەسکتر بێت، ئەوا باڵادەستییەکە زۆرتر دەبێت، بۆ نموونە مەودا و بازنەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی لە ئایدیۆلۆژیای حیزبی فراوانترە، بەڵام مەودا و بازنەی ئایدیۆلۆژیای نیشتیمانی لە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییش فراوانترە، کەواتە لە شیعری سیاسی و حیزبیدا باڵادەستییەکە دەگاتە لوتکە، بەڵام لە شیعری نیشتیمانی و مرۆڤدۆستیدا باڵادەستییەکە بۆ کەمترین ئاست دادەبەزێت.

٤. بەپێی ئاستی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە شیعرەکەدا ئاستی شیعرییەتی شیعرەکە دەگۆڕێت، تا ئاستی باڵادەستییەکە زیاتر بێت، ئەوا شیعرییەتی شیعرەکە پاشەکشە دەکات، بەپێچەوانەشەوە، تا ئاستی باڵادەستییەکە کەمتر بێت، ئەوا شیعرییەتی شیعرەکە بەرزتر دەبێت، لە شیعری ئایدیۆلۆژیدا (دوالیزمی دژیەک) لەڕووی هونەرییەوە شیعرەکە بەهێز دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی (دووبارەکردنەوە)ی وشە و ڕستە و دەستەواژەش زیاتر بۆ جەختکردنەوەیە، بۆ ئەو بیر و ئایدیۆلۆژیایەی کە شاعیر هەیەتی، ئەمەش لەڕووی هونەرییەوە شیعرەکە لاواز دەکات.

٥. ( دوالیزمی دژیەک) لە شیعری ئایینی بەتایبەتی بابەتی تەسەوف و عیرفاندا زیاتر بەکاردێت، تا جۆرەکانی دیکەی ئایدیۆلۆژیا، ئەمەش بۆ قوڵبوونەوە و گەڕانەوە بۆ ناو دنیای ناوەوە و قوڵبوونەوەی دەروونی شاعیرەکە دەگەڕێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی (لێکچواندن، ڕەمز، خواستن)، لە شیعری ئایدیۆلۆژیادا بە هەموو جۆرەکانییەوە بەکاردێت، بەڵام (ڕەمز و

خواستن)ە ئایینییەکان کاریگەرن و شیعرییەت بە شیعرەکە دەبەخشن، ئەمەش بۆ زانیاری دەربارەی ئەو پاشخانە ئایینییە دەگەڕێتەوە، کە لە دەروون و ژێری مرۆڤی کوردا هەیە.

٦. لە جۆرەکانی شیعری ئایدیۆلۆژیادا، شیعری نیشتیمانی و مرۆڤدۆستی و شیعرێک کە بابەتی تەسەوف بێت، ئەگەری مانەوەی زیاترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شاعیر لە شیعری نیشتیمانی و مرۆڤدۆستیدا بە بێ زۆر لە خۆکردن کەرەستەی لەبەردەستدایە، لە بابەتی تەسەوفیشدا بە هۆی گەڕانەوە و قوڵبوونەوە بۆ خود و دەروون ئاماژەی نوێ و هاوبەش لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە دێنێتە ناو دەق.

٧. قۆناغی شیعریی (لەتیف هەڵمەت)، سەرەتا بە یاخیبوون لە دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد، دەستپێدەکات و دواتر لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا بابەتی نەتەوایەتی و نیشتیمانی لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، دواجار بەرەو بابەتی تەسەوف هەنگاو دەنێت، کەواتە باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە قۆناغی یەکەمدا کەمترە و لە قۆناغی دووەمیدا دەگاتە لوتکە، پاشان لە گەڕانەوەی بۆ خود، باڵادەستییەکە لاوازتر دەردەکەوێت، هەربۆیە لەم قۆناغەیدا لەڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەی بێ سنوورەوە شیعرییەتی زیاتری بە شیعرەکانی بەخشیوە.

٨. (عەبدوڵڵا پەشێو) لە قۆناغی یەکەمدا بابەتی شیعرەکانی زیاتر بابەتی نیشتیمانی و نەتەوایەتییە، لە قۆناغی دواتردا ڕەخنەی سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو و فراوان لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە باڵادەستییەکە لە قۆناغی یەکەمیدا لاوازتر دەردەکەوێت، بەڵام لە قۆناغی دووەمیدا باڵادەستییەکە دەگاتە لوتکە، ئەمەش کاریگەریی بۆ سەر ڕوخسار و شیعرییەتی شیعرەکانی دەبێت.

٩. (ڕەفیق سابیر) لە قۆناغی یەکەمدا بیری چەپ دەبێتە بابەتی شیعرەکانی و دواتر بابەتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لە شیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە، واتە لەڕووی هونەرییەوە شیعرەکانی قۆناغی دواتری لە پێشترن و قۆناغی یەکەم تێدەپەڕێنن، کەواتە لە قۆناغی یەکەمیدا بەهۆی گرنگیدان بە بابەتی شیعرەکە شیعرییەتی شیعرەکان فەرامۆش دەکرێت، ئەمەش بۆ تەسکی مەودا و بازنەی ئایدیۆلۆژیای حیزبی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دیکەیدا، بابەتی شیعرەکانی داهێنان و بەخشینی شیعرییەت بە شیعرەکانی لەبیر نەبردووەتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان


- قورئانی پیرۆز

## ١) بە زمانی کوردی

### أ. کتێب

- ئاگری، نزار، (٢٠١٣)، شیعر بەهانەیە، وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
- ئاگرین، عەبدوڵڵا، (١٩٩٩)، کاریگەریی بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٠، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- ئیسکارپیت، رۆبێر، (٢٠١٨)، کۆمەڵناسی ئەدەب، و. هیمداد، سەنگەر، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- ئەسوەد، نەوزاد، (٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنوس.
- ئەسوەد، نەوزاد، (٢٠٠٨)، گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیس، چاپی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ئەفلاتون، (٢٠٠٦)، کۆمار، و. سۆران عومەر حەمە، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای وەرگێڕان.
- بابایی، غولامەرزا، (٢٠٠٣)، فەرهەنگی سیاسی ئارەش، و. زاهیر محەمەدی، یاسین حاجی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- بەرزنجی، عومەر، (٢٠٠٦)، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- بەرزنجی، عەلی، (٢٠٠٨)، "کاریگەریی ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا"، سلێمانی خانە و چاپی بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
- بەرزنجی، هەڵۆ، (٢٠٠٥)،"پرسیارەکان هێشتا تینوی وەڵامن"، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- پیربال، فەرهاد، (٢٠١٩)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، هەولێر، ماڵی وەفایی.
- پیربال، فەرهاد، (٢٠٠٥)، شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨-١٩٥٨، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان.
- تاڵەبانی، شێخ ڕەزا، (٢٠٠٣)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوەی، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە.
- تاڵەبانی، موکەڕەم، (٢٠١٨)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی (ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەڕی و شیعری)، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

- تۆماس سپراکێنز، (٢٠٠٥)، تیگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان، و. فەرشید شەریفی، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
- تێری ئیگڵتن، (٢٠٠٨)، مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی، و. عبدالخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- تێری ئیگڵتن، (٢٠١٦)، تیۆری ئەدەبی، و. عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، تاران، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- تێری ئیگڵتن، (٢٠١٦)، لە پۆلیسەوە بۆ پۆستمۆدێرنیزم، و. پێشڕەو محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام.
- تێری ئیگڵتن، (٢٠١٧)، مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و. هاوڕێ یوسفی، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- جان فریفیل، (٢٠١٩)، تێزەکانی مارکس- ئەنگلس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە، و. فوئاد مەجید میسری، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی توێژینەوە و هزریی شەهید ئارام.
- جۆرج، ئیمری، ( ٢٠٠٤)، جۆرج لۆکاش، و. مەنسور تەیفوری، چاپی یەکەم، سلێمانی. بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
- جۆناسان، کالەر، (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی، و. سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم. هەولیر، ناوەندی فێربوون.
- حوسێن، نازم، هیمداد، سەنگەر، (٢٠٢٠)، ئەدەبی جیهانی چەمک و مێژوو و ئارێشەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.
- حوسێن، هیمداد، (٢٠١٤)، ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ناوەندی ڕۆژهەڵات.
- حوسێن، هیمداد، (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.
- حوسێن، هیمداد، (٢٠٢٠)، ئەدەبی نوێی کوردی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی پراکتیکی)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر.
- حەسەن، ناڵە، ( ٢٠٢٠)، ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشبیری، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.
- خۆشناو، ئەبوبەکر، (٢٠٠٢)، شیعری بەرەنگاری کوردی (١٩٧٥-١٩٩١)، چاپی یەکەم، هەولێر.
- دەروێش، مەحمود، (٢٠٠٦)، هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت، و. جەمال غەمبار، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- ڕەسوڵ، شوکریە، (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ڕۆشنبیریی ئاوێر.
- ڕەسول، ڕێبین، (٢٠٠٣)، سیستمی سیاسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشبیری.
- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، (٢٠١٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی.
- ڕەسوڵ، فاتح، (٢٠٠٥)، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- ڕەئوف، لوقمان، (٢٠٠٩)، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- سابیر، ڕەفیق، (٢٠٠٨)، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- سارتەر، ژان پۆڵ، (٢٠١٥)، ئاشنابوون بە سارتەر، ئامادەکردنی کۆمەڵێک نووسەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە.
- سارتەر، ژان پۆل، (٢٠٢٠)، ئەدەب چییە، و. مستەفا غەفور، چاپی دووەم، هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی کلتور بۆ چالاکیی ئەدەبی و فەرهەنگی.
- ساڵح، ئاوارە، (٢٠١٢)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ساڵەیی، موعتەسەم، (٢٠٠٧)، ئەدەب و هونەر، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی، سلێمانی، دەزگای ڕۆناکبیری.
- سەجادی، عەلائەددین، (١٣٧٨)، مێژووی ئەدەبی کوردی، سنە، انتشارات کردستان.
- سەلاحی، مەلەک یەحیا، (٢٠٠٨)، هزرە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا، و. هیوا مەجید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، دەزگای موکریانی.
- شەریعەتی، عەلی، (٢٠١٧)، زاراوەناسی، چاپی دووەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- فەرەج، شاخەوان، (٢٠١٣)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- شەمیسا، سیروس، (٢٠١٨)، ڕێبازە ئەدەبییەکان، هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاوێر.
- عبدالخالق، مەسعود، ( ٢٠١٤)، ناسنامەی حیزبە کوردستانییەکان، چاپی دووەم. هەولێر، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی.

- عمر، محەمەد، (٢٠١٩)، سیاسەت لە شیعرەکانی عەبدڵلا پەشێو، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی سارا .
- عوسمان، هەرێم، (٢٠١٣)، کورد و فەلسەفە، بەرگی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- عومەرکاکی، حەمەنووری، (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠-١٩٧٠، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- عەبدوڵلا، سۆران، (٢٠١٦)، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا- بەنموونەی شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو، ئەنوەر قادر، سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- عەبدوڵلا، محەمەد ئەمین، (٢٠٠٨)، بوون لە شیعری مەحویدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- عەلی، بەختیار، ( ٢٠١٩)، ئایدیۆلۆژیست، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.
- عەلی، جەعفەر، (٢٠٠٤)، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- فاتح، محەمەد، (٢٠٠٩)، ڕامان لە ئایدیۆلۆژیاکان، چاپی یەکەم، کەرکوک، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوک.
- قادر، خانزاد، (٢٠١٢)، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
- قادر، عەباس، (٢٠٠٠)، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلز، (٢٠١٧)، ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، و. عومەر ڕەسوڵ- شینکی، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای دواڕۆژ.
- کاکەڕەش، حەمە، (٢٠١٠)، کۆڕامانێک لە شیعر، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- کامیل، مەجدی، (٢٠١٩)، ژان پۆل سارتەر فەیلەسوفی بونگەرا، و.سەلاح سەعدی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر.
- کەسنەزانی، بوشرا، (٢٠٠٤)، ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
- کەمال، محەمەد، (٢٠١٩)، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، سلێمانی ناوەندی ڕەهەند.

- کەمال، محەمەد، (٢٠١٦)، لۆجیکی هیگڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- گایتانۆ مۆسکا، گاستۆن بۆتۆ، (٢٠١٢)، مێژووی ئەندێشە و قوتابخانە سیاسییەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، و. فەرشید شەریفی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- گوڵەدین، ئازاد، (٢٠١٦)، ناسیۆنالیزم و هەستی نەتەوایەتی لای مەولانا خالیدی نەقشبەندی، چاپی یەکەم،  سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- گۆران، نەبەز، (٢٠١٩)، بەعس و ئایدیۆلۆژیا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندیشە.
- لاشۆن، ڕەیدار، (١٩٩٩)، گەلەئایدیۆلۆژیای سیاسی هاوچەرخ، و.ئاسۆس کەمال، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، کتێبی هەرزان.
- مارکس، کارل، (٢٠٠٩). کۆمەڵناسی ئەدەبیات، و. هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، سلێمانی. بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
- مایکڵ فردین، ( ٢٠١٢) دەروازەیەک بۆ ئایدیۆلۆژیا. و. کارزان کاوسێن، چاپی یەکەم. چاپخانەی هێڤی، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان.
- محەمەد، سمکۆ، (٢٠١٨)، ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا، چاپی یەکەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە.
- محەمەد، عبدالقادر، (٢٠١٢)، ئەدەب و ڕێبازەکانی ئەوروپی- کوردی. چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- مستەفا، حەسەن، (٢٠١٧)، پرەنسیپە گشتییەکانی سیستەمە سیاسییەکان، چاپی دووەم. سۆران، کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی.
- مستەفا، عرفان، (٢٠١١)، بوونی نەتەوەیی کورد لەنێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولیر، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- مۆریس کرانستۆن، (٢٠٠٨)، سارتەر لەنێوان فەلسەفە و ئەدەبدا، و. سامان عەلی حامید، چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- میسری، فوئاد، ( ٢٠٠٨)، شیعر و فەلسەفە، چاپی دووەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
- مەتەر، ئەمیر حیلمی، (٢٠١٩)، ئێستێتیکا فەلسەفەی جوانی، و. ڕەمەزان حەمەدەمین، چاپی یەکەم، کۆیە، کتێبخانەی سۆفیا.
- مەحفوز، مەهدی، (٢٠١٣)، ڕێبازەکانی هزری سیاسی لەسەردەمی مۆدێرندا، و. شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

- مەحموود، ئازاد، (٢٠٠٩)، بنیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ١٩٨٥-٢٠٠٥، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
- مەعروف، کەمال، (٢٠٠٣)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە.
- مەلا، ئەحمەدی، (٢٠١٣)، مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا، چاپی دووەم، ، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.
- مەلازادە، ڕێبوار، (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی، چاپی یەکەم، هەولیر، ناوەندی ئاوێر.
- مەلاکەریم، محەمەد، (٢٠٠٨)، دوو بابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، چاپی دووەم، هەولێر، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
- هاڵبێرگ، پێتەر، (٢٠١٨)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، و. ئەنوەر قادر محەمەد، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە.
- هیگڵ، جۆرج ویلهێلم، (٢٠١٦)، فینۆمینۆلۆجیی هۆش، و. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ی.م. لۆتمان، (٢٠١٩)، شیکاری دەقی شیعری، و. ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنووس.
- یاسین، عوسمان، (٢٠٠٧)، هیگڵ و دوو لە قوتابییانی، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.
- یەعقوبی، عەبدولخالق، (٢٠٠٥)، دەنگی بلورینی دەق، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە.

## ب. دیوانەکان:

- بێسارانی، مەلا مستەفا، (١٣٧٥)، دیوانی بێسارانی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (حکیم مەلا ساڵح)، چاپی یەکەم، سنە، چاپخانەی میهن.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، (٢٠١٤)، کۆمەڵەشیعری پشت لە نەواو و ڕوو لە کرێوە، چاپی چوارەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، (٢٠١٤)، کۆمەڵەشیعری هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی چوارەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، (٢٠١٩)، کۆمەڵەشیعری سەوڵم پۆڵا و کەناریش دوور، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- جزیری، ئەحمەد، (٢٠٠٥)، دیوانی مەلای جزیری، چاپی دووەم، کۆکردنەوەی (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- حەمدی، ئەحمەد بەگ، (٢٠١٣)، دیوانی حەمدی، ساغکردنەوە و ڕێکخستنی (عەبدوڵڵا خدر مەولود)، چاپی پێنجەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- ڕەسوول، عیزەدین، (٢٠٠٨)، دیوانی ئەحمەدی خانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
- سابیر، ڕەفیق، (٢٠١٤) دیوانی ڕەفیق سابیر، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنووس.
- قازی زادە، مستەفا شەوقی، (١٣٨٤)، بەشێک لە بەرهەمەکانی مستەفا شەوقی زادە، کۆکردنەوەی. ئەحمەد شەریفی، چاپی یەکەم، مەهاباد، لەیزێر مەهاباد.
- کۆیی، حاجی قادر، (٢٠٠٧) دیوانی حاجی قادر، لێکۆڵینەوەی سەردار حەمید و کەریم مستەفا شارەزا، چاپی یەکەم، سنە، شارە کتێبی میدیا.
- گۆران، عەبدوڵڵا، (١٩٨٠)، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەدی مەلاکریم، بەرگی یەکەم، بەغداد، یەکێتی نووسەرانی کورد.
- مودەڕیس، عبدولکریم، (١٣٧٨)، دیوانی مەولەوی، چاپی یەکەم، سنە، بڵاوکەرەوەی کوردستان.
- هەڵمەت، لەتیف، (٢٠٠٥)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- هەڵمەت، لەتیف، (٢٠١٤)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، تاران، ناوەندی غەزەلنووس.

## ت. نامەی زانکۆیی:

- نوری ئەمین، محەمەد ئەمین، ( ٢٠٠٤)، شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا ١٩٠٠-١٩٧٥، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- حەوێز، سروشت، (٢٠١٥)، پابەندبوون لە شیعری کوردیدا- کرمانجی خواروو ١٩٥٠-١٩٧٥، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- ڕەسول، حەمەد رەسول، (٢٠١٣)، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- مستەفا، سەرحەد، (٢٠١٥)، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی (کامەران موکری)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

## پ. گۆڤار:

- ئەمین، هاشم، ( ٢٠١٨)، زمانی گێڕانەوەی چیرۆک و زمانی ئایدیۆلۆژیا، گ. کۆنتێکست، ژ.٢-٣، ٢٠٨.
- جۆرج لیختنهایم، (٢٠١٨)، جۆرج لۆکاش کێیە، گ. ئایدیا، ژ. ٢، ٧.
- پیرداودی، ستاری، (٢٠٠٣)، کلتور وەک کوتلەیەک لە ئایدیۆلۆژیا، ، گ، کاروان. ژ.١٧٣.
- حەسەن، محەمەد، (٢٠١٧)، ئایدیۆلۆژیا و گوتاری چیرۆکی کوردی (چیرۆکی ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٩) بە نموونە، گ. گەلاوێژ، ژ. ٢٠.
- حەسەن، ناڵە، (٢٠١١)، دەنیزلێڤەرتۆڤ و شیعری سیاسی، هەنار، ژ.٦٧، ٧.
- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، (١٩٨٩)، ڕیالیزمی نوێی و ئەدەبیاتی کوردی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ١٢٢، ١١١.

- سەجادی، بەختیار، (١٣٩٦)، " لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری: بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت"، گ. پژوهشنامە ادبیات کردی، ساڵی سێیەم، ژ. ٤.
- عەلی، بەختیار، (٢٠٠٢)، "گەڕان بۆ ماناکانی  دیکەی  شیعر"، گ. ڕامان، ژ. ٧٢.
- قانیع، مەریوان، (٢٠٠٠)، ناسۆنالیزمی دوور مەودا، گ. ڕەهەند، ژ. (٩-١٠).
- قەرەداغی، ئەکرەم، (٢٠٠٦)، پابەندبوون لە ئەدەبدا، گ. ئایندە، ژ. ٦٩ ، ١٩.
- کەریمی، حەمەی کەریمی،(٢٠١٣)، نوێخوازی و دەرکەوتەکانی لە شیعری نوێی، گ. هەنار، ژ.٩٢، ٧.
- گەرمیانی، عادل، (٢٠١٣)، خەسڵەتەکانی شیعری کوردیی هاوچەرخ، ، گ. هەنار، ژ.٩١، ١٢.
- محەمەد، محەمەد دلێر، (٢٠٠٦)، دەنگی ئەدەبی کوردی لە (گۆڤاری ڕزگاری)دا، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ. ١٨، ١٣٧.
- میراودەلی، کەمال، (١٩٩٦)" لەتیف هەڵمەت وەک دیاردەیەکی شیعری نوێ سەرنجێک لەسەر خوا و شارە بچکۆلەکەمان، ڕ. هەتاوی ئەدەبی، ژ. ٥، ٤.
- مەلا کریم، محەمەد، (٢٠١٢)، قوتابخانەی شیعری گۆران و شێرکۆ دوو قوتابخانەی لێک جیاوازن، گ. نەوشەفەق، ژ. ٨٨، ٧٦.
- مەولود، محەمەد، (٢٠٠٢)، دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشێو، گ، ڕامان، ژ. ٨٧ ، هەولێر.
- هەڵمەت، لەتیف، (٢٠١٣)، سەرەتایەک دەربارەی بوونگەری و بوونگەریتی، گ. هەنار، ژ. ٩٦، ٧.
- هەڵوەدا، کامەران، (٢٠١٢)، شیعر وەک چەک، گ. هەنار،  ژ. ٧٤، ٢٩.

### ج. پێگەی ئەلکترۆنی:

- سەمەد، نەبەز، (٢٠١٨) گەرەکە چۆن پێناسەی ئایدیۆلۆژیا بکەین، کلتور مەگەزین، ٨. http://cultureproject.org.uk/kurdish/ideology-smad-nebez/
- گلی، حیسامەددین، (٢٠١٦)، ئایدیۆلۆژیا لە ڕوانگەی ( یۆرگن هابرماس)ەوە، پێنوس، ٥. ٢٠١٨http://www.penus.krd/index.php/ckb/item/٣٣-١١-١٩-٠٢-٠٤-٢٠١٨-٢٦٧-٠٩-٠٢-١٨-٥٦-٣٨

## ٢) بە زمانی عەرەبی:

### کتێب:

- البیطار، د. الندیم، (٢٠٠٠)، الایدیولوجیه الانقلابیه، بیروت، داربیان للنشر والتوزیع.
- الحسن، د. احسان، (١٩٩٩) ، المعجم النقدی- لعلم الاجتماع، الدار العربیه للموسوعات.
- العروی، عبدالله، (١٩٩٣)، مفهوم الایدلوجیا،  بیروت، المرکز الثقافی العربی.
- بکری، خلیل، (٢٠٠٢)، الایدیولوجیا و المعرفه، عمان، دار الشروق والتوزیع.

- ريكور،بول، (٢٠٠٢)، محاضرات فى الايديولوجيا واليوتوبيا، تحرير و تقديم: جورج تايلور، ترجمه: فلاح رحيم، بيروت، دار الكتاب الجديد المتحده.
- شاتليه، فرانسوا، ( ١٩٩٧)، تاريخ الايديولوجيات المعرفة والسلطة من القرن الثامن عشر الى القرن العشرين، ترجمه الدكتور انطون صمصى، الجزء الثالث، السورية، منشورات وزارة الثقافة.
- لوكاش، جورج، (١٩٨٢)، التاريخ والوعى الطبيعى، ترجمه الدكتور حنا الشاعر، الطبعة، بيروت، دار الاندلس للطباعة والتوزيع.
- هلال، محمد غنيمى، (١٩٧٧)، الادب المقارن، الطبعة الثالث، القاهرة، دار نهضة مصر.

## ٣) به زمانی فارسی:

### كتێب:

- اندروهی وود، (١٣٨٧ هەتاوی)، در امدی بر ایدەئولوژی های سیاسی، ترجمه محمد رفیعی مهر ابادی، چاپ اول، ایران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت اموز خارجه.
- سروش، عبدالكريم، (١٣٨٦هـەتاوی)، فر بەتر از ایدئولوژی، چاپ هشتم، ایران، مؤسسه صراط.
- شمیسا، سیروس، ( ١٣٥٤ هەتاوی)، رهنمای ادبیات معاصر، نوبت چاپ ٢، تهران، نشر قطره.
- رایگان، حسن، (١٣٦٣هـەتاوی)، فرهنگ فارسی عمید، تهران، مؤسسه انتشارات امیرکبیر.
- قائد، محەمەد، (١٣٧٥هەتاوی)، مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی، چاپ اول، تهران، نشرمرکز.
- معین، محەمەد، (١٣٨١ هەتاوی)، فرهنگ معین، چاپ چهارم، تهران، انتشارات ادنا.

## ٤) به زمانی ئینگلیزی:

### كتێب:

- Eagleton, Terry, (1993), Ideologie , Stuttgart.
- Marx, Karl, and Engeles, Friedrich(1955), Manifest der Kommunistischen Partei, Berlin.
  Moscow, 1956,n8,p.141.
- Traduit de V.jdanov,some recent soviet studes in literature soviet literature.

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوە لەژێر ناونیشانی: باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا لە ئەزموونی شیعریی (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دا، لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیش بۆ سێ تەوەر دابەش کراوە:

**بەشی یەکەم:**

لەم بەشەدا ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و ئەو پەیوەندییەی کە هەیانە، لە ڕوانگەی بۆچوونە جیاوازەکانەوە باسکراوە، بەشەکەش بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا چەمک و پێناسەی ئایدیۆلۆژیا خراوەتەڕوو، هەروەها لە هەردوو ڕەهەندی سیاسی و فەلسەفییەوە باسی ئایدیۆلۆژیا کراوە، لە تەوەری دووەمدا پەیوەندی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا و ئەدەب لە ڕوانگەی ڕیالیست و پەرناسەکان خراوەتەڕوو، لە کۆتای ئەم تەوەرەشدا ئەو بۆچوونەش خراوەتەڕوو، کە ڕوانگەیەکی جیا لە (ڕیالیستەکان و پەرناسەکان) هەیە، کە بە بۆچوونێکی نێوەندگیر ئەژمار دەکرێت، لە تەوەری سێیەمدا ڕوانگەی چەند بیرمەندێکی وەک: (هیگڵ، مارکس، سارتەر، تێری ئیگڵتۆن، لوکاش)، دەرباری پەیوەندی ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا باسکراوە.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا لەژێر ناونیشانی ( ئەدەبیاتی مۆدێرن وەک پەنای ئایدیۆلۆژیا)، باسی بارودۆخی تایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دەکات، کە ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا زیاتر لەیەکتر نزیک دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشەکە بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا لەژێر ناونیشانی ( ئەدەبی نوێ و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا)، بە کورتی باس لە ئەدەبی جیهانی و ئەدەبی نەتەوەکانی وەک: ( ئینگلیزی، ڕوسی، تورکی، عەرەبی، فارسی) کراوە، لە تەوەری دووەمدا باس لە پەیوەندی ئەدەبی نوێی کوردی و ئایدیۆلۆژیا کراوە، هەروەها باسی گروپەکانی (ڕوانگە، کەرکووک-کفری) کراوە، لەم تەوەری سێیەمیشدا نیشاندانی فیکر و قۆناغە شیعرییەکانی هەریەک لە ( لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر) خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:**

لە بەشی سێیەمدا لەژێر ناونیشانی شیعری ئایدیۆلۆژییانەی ( لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەفیق سابیر)دا سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا باسی جۆرەکانی شیعری ئایدیۆلۆژیا وەک شیعری ( نەتەوایەتی، نیشتیمانی، سیاسی، حیزبی، ئایینی، مرۆڤدۆستی) کراوە، لە تەوەری دووەمدا باسی بابەتی فۆرم و ناوەڕۆک و هەڵسەنگاندنی شیعری ئایدیۆلۆژی لەڕووی هونەرییەوە کراوە، بۆ ئەمەش بەپێی جۆرەکانی شیعری ئایدیۆلۆژیا هەڵسەنگاندنەکە کراوە، لە تەوەری سێیەمدا بە ناونیشانی ( ئیستاتیکییەتی شیعری ئایدیۆلۆژی)، شیعرەکان لەڕووی (مۆسیقای شیعری، زمانی شیعری، ڕەمز، خواستن)ەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.

**ملخص البحث**

**هذا البحث بعنوان : سيادة الأيدولوجيا في شعر ( لطيف هلمت ، عبدالله بَشيو ، رفيق صابر ) مكون من مقدمة و ثلاثة فصول رئيسية مع النتيجة ، و كل فصل مقسم الى ثلاث مطالب:**

**الفصل الأول :**

**في هذا الفصل ذُكر كل من الأدب و الأيدولوجيا مع علاقتهم مع بعضهم البعض من الرؤى المختلفة ، و تم تقسيم الفصل الى ثلاث مطالب ، في المطلب الأول أُبرز مفهوم و تعريف الأيدولوجيا ، كما ذُكر عن الأيدولوجيا من حيث البُعد السياسي و البُعد الفلسفي . و في المطلب الثاني أُبرز علاقة الأدب و الأيدولوجيا و الأدب من وجهة نظر مذهب الواقعية و المذهب البرناسية. و في ختام هذا المطلب أُبرز الرأي بأنه هناك وجهة نظر مخالف لـ ( الواقعية و البرناسي ) ، تُحتسب رأيٌ وسطي . و في المطلب الثالث ذُكر وجهة نظر عدة مفكرين أمثال : ( ماركس ، سارتر ، هيجل ، تيرى إيغلتون ، جورج لوكاش ) حول الأدب و الأيدولوجيا .**

**الفصل الثاني :**

**هذا الفصل بعنوان ( الأدبيات المعاصرة كمأوى للأيدولوجيا ) يتحدث عن الظروف الخاصة بعد الحرب العالمية الأولى ، و التي يقترب فيها ألأدب و الأيدولوجيا أكثر . و لهذا الغرض تم تقسيم الفصل الى ثلاث مطالب، في المطلب الأول ذُكر بإختصار الأدب العالمي بعنوان ( الأدب الحديث و انعكاس الأيدولوجيا ) و التي يتحدث عن الأدب العالمي و أدب القوميات الأخرى مثل : ( الإنكليز ، الروس ، الترك ، العرب ، الفرس ) . و في المطلب الثاني ذُكر علاقة الأدب الكوردي الحديث و الأيدولوجيا . كما ذُكر مجموعات ( روانكة ، كركوك ، كفري ) ، و في المطلب الثالث ابرز ألأفكار و المراحل الشعرية لكل من ( لطيف هلمت ، عبدالله بَشيو ، رفيق صابر ).**

**الفصل الثالث :**

**في الفصل الثالث بعنوان : الشعر الأيدولوجي لـ ( لطيف هلمت ، عبدالله بَشيو ، رفيق صابر ) في ثلاث مطالب . في المطلب الأول ذكر أنواع الشعر الأيدولوجي مثل الشعر ( القومي ، الوطني ، السياسي ، الحزبي ، الديني ، الإنساني ) . و في المطلب الثاني تم التحدث عن موضوع الشكل و المضمون و تقييم الشعر الأيدولوجي مِن الناحية الفنية ، و تم إجراء التقييم حسب أنواع الشعر الأيدولوجي، و في المطلب الثالث بعنوان ( جمالية الشعر الأيدولوجي ) ، تم تقييم الأشعار من ناحية ( الموسيقى الشعري ، لغة الشعر ، الرمز ، الإستعارة ) .**

**Abstract**

This research is entitled : The Sovereignty of Ideology in the Poetry of ( Latif Helmet, Abdullah Pashiw , Rafeeq Saber) consisting of an introduction and three main chapters with the result, and each chapter is divided into three demands :

Chapter One :

In this chapter, literature and ideology are mentioned with their relationship with each other from different visions, and the chapter was divided into three demands. In the first requirement, the concept and definition of ideology was highlighted, as it was mentioned about ideology in terms of the political dimension and the philosophical dimension. In the second requirement, he highlighted the relationship of literature, ideology and literature from the point of view of the doctrine of realism and the Parnassian doctrine. At the conclusion of this demand, the opinion was highlighted that there is a view that is contrary to ( realism and Parnassian ), and an average opinion is considered. And in the third requirement, the viewpoint of several thinkers was mentioned, such as : ( Marx, Sartre, Hegel, Terry Eagleton, George Lukasz ) abut literature and ideology.

Chapter Two :

In this chapter entitled ( Contemporary literature as a shelter for ideology ), is talks about the special circumstances after the First World War, in which literature and ideology come closer. For this purpose, the chapter was divided into three demands. In the first requirement, the world literature was briefly mentioned under the title (Modern Literature and Ideology Reflection ) Which talks about world literature and the literature of other nationalities such as: (the English, the Russians, the Turks, the Arabs, the Persians ). In the second requirement, the relationship of modern Kurdish literature and ideology was mentioned. The groups ( Rawanga , Kirkuk , Kifri ) were also mentioned, and in the third demand, the most prominent ideas and poetic stages of each of ( Latif Helmet , Abdullah Pashiw , Rafiq Saber ) .

Chapter Three :

In the third chapter entitled: The Ideological Poetry of ( Lateef Helmet , Abdullah Pashiw , Rafeeq Saber ) in three demands. In the first requirement, he mentioned the types of ideological poetry such as poetry (national, patriotic, political, partisan, religious, humanitarian ). In the second requirement, the subject of form and content was talked about and the evaluation of ideological poetry from the technical point of view was conducted, and the evaluation was conducted according to the types of ideological poetry, and in the third requirement entitled (The Aesthetics of Ideological Poetry ), the poems were evaluated in terms of ( poetic music, language of poetry, symbol, metaphor. )